تێگەیشتن لە بنەماکانی سیستەمی سیاسی وئابووری هەرەم دەتوانێت یارمەتی خەڵکی کرێکار و کارمەند و کەم دەرامەتی کوردستان بدات لە دەستنیشانکردنی کەشە ئاستەکانی ئەم جۆرە لە دەسەات ، وە هەروەها لە دژینەوەی بدیل و جگرەوەیەکی ئیداری و سیاسی و ئابووری کە بتوانێت شوێنی ئەم سیستمی دەسەاتدارێتەی یەکێتی و پارتی بگرێتەوە بە جۆرێک کە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکار و کارمەند و زەحمەتکەشانی کوردستان مسۆگەر بکات ؟ . لەڕاشەوە دەتوانین بزانین کە خەپیشاندانەکانی ئێستا دەتوانێ بەرەوکۆبوەات ، وە چۆن خەباتێکی سەرتاسەری بە گەینی بنەماکانی ئەم سیستەمە بە قازانج و بەرژەوەندی گشتی خەڵکی بیگەێ ؟. گرنگیەکی تری ئەم بابەتە لەوەدایە کە یارمەتی دەدات کە چۆن بە ستراتیژ و تاکتیکی جەماوەری و سیاسی خەڵکی بتوانن نێک هەر ئەم سیستەمە هەڵوەشێننەوە ، بەڵکو ڕێگە نەدەن لە کاتی گەانکاری شەشگەانەدا هیچ حیزب و دەستە و گروپێک جارێکی کە سیستەمی لەم جۆرە بە دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی بونیاد بنێنەوە.
زەر گرنگە کە خەڵک بزانن کە ئەم سیستەمە سیاسی و ئابووری یەی پارتی ویەکێتی و هاوپەیمانەکانیان چۆن کار دەکات ؟ ؛ بۆچی گەشتەکانی ئەم ڕادیۆ ی ئێستا لە ناکۆکی ؟ بۆچی خەڵکی دەبەت باجی قەیرانە ئابوریەکانی بدات لە کاتێکدا سەرانی ئەو حیزبانە دەوەمەند تر دەبن ؟ ئەم ناکۆکیە لە کوێدایە ؟ مان و نامانی ئەم

سیستەمی دەسەلاتە لە بەرژەوەندی و لە دژی کێ یە ؟
ئەمە لێرەدا دەمانەوێت بە سادەیی باس لەم خاڵە گرنگە بکەین بە و ئامانجی کە بەشداریەک بکەین لە پرسەی دروستکردنی هوشیاریەکی گشتی و چینایەتی سەبارەت بە تێگەشتن لە ئابووری سیاسی کوردستان .
بە ئەم تێگەشتنە لە دەسەلاتی پارتی ویەکێتی وا پێوسیت دەکات کە بچینەوە سەر بنەماکانی دامەزراندن و سەقامگیر بوونی ئەم دەسەلاتیان . لێرەدا بوار نیە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەست پێ بکەینەوە ، بەڵێ ئاستەخێ دەچینە سەر دەورانی دوای ٢٠٠٣. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە بنەماکانی دەسەلاتی یەکێتی و پارتی لە هەرەمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە سەقامگیرتر بوون و ڕەسمیەتێکی نێو دەوڵەتیان پەیدا کرد ، ئەمەش لە بەرئەنجامی ئەو فرسەتانەی کە بەیان هەڵکەوت لە دوای ئەو گرانکاریە عەسکەری و سیاسی و ئابووریانەی دوای داگیرکاری ئەمریکا و ڕووخاندنی حکومەتی بەعس.
کەواتە با بزانین ئەو فرسەتانە چی بوون :
دروست بوونی دەوڵەتی ترانس ناشنال
کوردستان لە ٢٠٠٣ وە بە فەرمی بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی فیدرالی عێراق. ئەم دەوڵەتە ئەمریکا و ئیدارەی بوش بە ڕاوێژکاری لەگەڵ کەسانی وەک تەنی بلەر و نیولیبرالەکانی ڕۆژاوا نەخشەیەکی سیاسی و ئابووری تەواویان بۆ چوارچیوەی عێراقێکی فیدرالی سیکتاریستی و بەش بەش کراو دوای سەدام حسێن دانابوو. کوردستانیش بوو بەشدار لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی لاوازی " ترانسناشنال" کە تیایدا چیتر یەک بەرژەوەندی "نیشتمانی" سەرانی ئەو دەوڵەتە کۆناکاتەوە ، بەڵکو شتێک بە ناوی بەرژەوەندی گشتی نامێنێت ، وە جێگا و ڕێگا و بەرژەوەندی ماددی هەر سەکست و ئێتنیکێک (وەک کورد) پێویست دەبێت بە پارسەنگی هێز و ڕادەی هێزی میلیشیایی و مادی و سیاسی ئەو حیزب و کەمپانیا بازرگانیانەی کە "نوێنەرایەتی"یان دەکەن .
ئەم هاوکێشە سیاسی یە لەلایەک مەترسی گەورەی بە سەر ژیان و سەلامەتی وئەمنیەتی خەڵکی عێراق و کوردستان لەگەڵ خۆی هێنا ، و تا زەمەنێکی نادیار تووشی شڵەژێکی نەبەاوی مەزهەبی و تایفی کردوون؛ لە لایەکی کەوە بە ئەوانەی کە ڕەنگ ڕەژو پلاندانەری ئەم جۆرە لە دەسەڵات بوون بە هەمان زەمەن بەتە خێر وبەرەکەتێکی زۆری کەکرنەوە و بەگەڕخستنی سەرمایە ، تاڵان و بڕی سەروەتە سروشتیەکان و بەتایبەت نەوت ، هەروەها دابەشکردنی داهات و پارەی قەرز و فریاگوزاری دەزگا نێو دەوڵەتیەکان و بەشکردنی تەندەر و کەنتراکتی کەمپانیا جیهانیەکان کە سەریان گرتبوو بە دووبارە دروست کردنەوەی عێراق لە داهاتێک کە ئەمریکا لە نەوت بردبووی وبە ملیارەها دۆلار مەزندە دەکرێت .

واتە دەوڵەتی عێراق لەو مەبەستەی "دەوڵەتی نەتەوە" ی بەعسەوە گەڕا بۆ دەوڵەتێک کە سەرکی بەستراوە بە بڕژەوەندی کۆمپانیا جیهانیەکان و دەوڵەتانی ناوچە کە نیازی ئابووری و سیاسی گەورەیان هەبوو لە عێراق . لێرەدا دەوری تورکیا و ئێران و ئەمریکا و ڕووسیا و چین و ..هتد ، وە هاددی دەستوەردانیان لە عێراق چەندە پەیوەندی بە هەژموونی دەسەلاتی سیاسیانەوە هەیە لە ناوچەکەدا ، سەرکی تری وا بە بڕژەوندی ئابووری گەورە و ناوچەیی لە بواری نەوت و گاز و ئاو و کارەبا و بازرگانی و کالا ساغکردنەوە لە بازاڕەکانی عێراق و کوردستان و ،،هتد .

ئەم دەوڵەتە ترانسناشنالە جەرکی تایبەت لە سیاسەتکردنی لەگەڵ خۆیدا هێنا . سیاسەت کردن لە عێراق ، سەرباری ئیدعاکانی وەک سیاسەتکی ' دژە دیکتاتەری ، دیموکراتی ، مافی کۆمەنەتوەکان ، مافی ژنان و فرەیی و ..هتد " ، لە ڕاستیدا بە هەر هەڵکی سیاسی بەشدار بوو بچوک بوونەوە بە هاوکێشەیکی سادە کە بریتی یە لە شکستکردن بە مسۆگەر کردنی گەورەترین بەش لە سامان و داهاتی عێراق بە حیزبەکەی یان گروپەکەی خۆی . هەروەها مسۆگەر کردنی دەسەڵاتی یاسایی لە ناوچە و جێگای خۆیدا بەسەر دابەش کردنی زەوی و زار و سەرچاوەکانی کارەبا و ئاو و سامانسروشتیەکانی تر . بەم پێ یە سیاسەت بەکارهێنرا و دەهێنرێت بۆ پرسەی کڵکەی سەرمایە هەم بە چینی سەرمایەدارانی ناوخۆ و هەم بە کۆمپانیا جیهانی و ئیمپریالیستیەکان .

ئەم کڵکەی سەرمایەیش لە ڕگەی داهاتی نەوت و سامانە سروشتیەکان و ئابووری بەکار دان، وە لە دەستبەسەردا گرتن و دابەشکردنی زەوی زار، و هەم لە دەستبەسەداگرتنی سەد و بەنداو و خاڵە سنوریەکان تا ئێستاش بەردەوامە. دابەشکردنی ئەم سەرچاوانەی سامان و سەرمایە پاڵنەر وبابەتی سەرکی سەدان کێبونەوەی پەرلەمان ، وە شکۆ و ئاشتی لایەنەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە بەردەوامی . ئەم جەرە لە سیاسەت کردن گەشتە هاددیەک کە لەم سالانەی ڕابردوودا ئەو پەستە وزاری و گرنگانەی کە کۆنترڵی هەیە بەسەر زەرترین سەرچاوەی داهاتدا ، نرخی تایبەتی لەسەر بەت بە فرۆشتنەوە ؛ وە شکۆی گەورە هەمیشە بە دەوری سە پەستە گەورەکەدایە کە سەرکی کۆمار و سەرکی وەزیران و سەرکی پەرلەمانە .

فرسەت لە بواری سیاسی

دەسەڵاتی یەکگرتی و پارتی لەم ماوەیدا لە ڕسمیەت دان بە دام و دەزگاکانی ، ناوبانگ و کردەی لە دنیای نەودەوڵەتیدا ، بەشداری لە پرسەی گرانکاری سیاسی و ئابووری لە عێراقدا و ڕسمیەت دان بە دەسەلاتیان لە کۆمەڵگەی نیو دەوڵەتیدا وەک بەشک لە فدراڵیەتی

عێراق دەرگای بە خرایە سەرپشت و بۆپێی دەستور ئەم مافانەی حزبەکانیان و پێستە وەزاریەکان و دەسەڵاتی هێزەکانی خۆیان بەسەر کوردستاندا هەسمیەت پێدا.
لە ئاستی ناوخۆی کوردستاندا ئەم دەستکەوتە حزبیانەیان لەگەڵ خیتابیکی ناسیونالیستی سەربەخۆیی کوردستان ئاوێندە بەهێز و حەماسی پێچرابووە کە خەڵک پێی وابوو کە لاپەڕەیەکی تازە هەڵدەدرێتەوە و دنیا دەگۆڕێت و لەگەڵیدا پارتی وێکەتی دەگۆڕێن و ژیان بە هەموو لایەک باشتر دەبێت لە کوردستاندا.
لەسەرتاوە پارتی وێکیتی تا فەری چەنێتی ئەم دابەشبوونە لە دەوڵەتی ترانس ناشناڵدا بوون پۆیستیان بەوبوو کە پێکەوە فراکسێن دروست بکەن و یەکگرتووبن ؛ دواتر نەک هەر ئاوان ، بەڵکو بزوتنەوەی گۆران و نەوەی نوێش فەر بوون کە ئاوە " کورد بوون" نی یە لەم دەوڵەتە نوە یەی عێراقدا کە پاێنتری سەرکی پێکەوە کارکردن و دەنگهەڵبەین بێت ؛ بەڵکو گرنگ ئاویە کە دەست بە کە هەڵئەبەی و دەنگ بە چی دەدەیت و ئاو دەنگدانە چ قازانجێک بە خێت و گروپەسیاسیەکەت بەدی دەنێی ؛ تەنانەت هەندێک لە ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی نەو ئەنجومەنی عێراق ئاوێندە فەری ئەم هونەرە سیاسی یە بوون کە زەر ئاسایی سەربەخۆ کاردەکەن و مامەڵەی جەرا جەر بە پلە و پێستەکانیانەوە دەکەن لە گەڵ هەر لایەنێکی نەو پەرلەمانی عێراقدا کە نرخێکی زیاتریان لەسەر دانە . هەربۆیە دەبینین کە ئەم حیزبە کوردیانە کە کورداێتی بە خەڵکی کوردستان دەفرۆشنەوە کەی پۆیستیان بوو، خۆیان زەر مەسەلە نیە لە لایان و تەنها بە چاواشکردنی خەڵکی ئاو خیتابە بکار دەنن .
گرنگترین شت کە پیویستە بیزانین ئاویە کە سیاسەت بە تەواوی لە خزمەتی بەرژاوەندی ئابووری حیزبەکان و هێزەکانی نیو پەرلەماندا بکار هێنراوە . بەڵام بەرژاوەندی حیزبەکان و لایەنەکان بە تەنها خۆیان دیاری ناکەن ، بەڵکو کۆمپانیا جیهانیەکان دەستێکی باڵایان هەیە لە ئاراستە کردن وکەنترۆڵکردنی بەرژاوەندیەکانی هەر لایەنێکدا . حکومەتی هەرێمیش خۆی بوە باشترین نمونەی ئەم دەوڵەتی ترانس ناشناڵ و فرە کۆمپانیایە . لەرەدا دەوری تورکیا و ئێران و ئەمریکا..هتد ، وە ئادەی دەستاوەردانیان لە کوردستان چەندە پێیوەندی بە دەسەلاتی سیاسیاوە هەیە ، سەرکی وا بە بەرژاوەندی ئابووری ناوچەیی بەتایبەت لە بواری نەوت و گاز دا . پەرلەمانی کوردستانیش بوە بە ئاو دەزگایەی کە مەر بدات لەو یاسایانەی کە دەرگا ئاواڵا دەکات بە مامەڵە و بازرگانی نەوان کۆمپانیا ترانس ناشناڵیکان لەگەڵ کۆمپانیا حیزبی و بنەماڵەییەکانی یەکەتی و پارتی و بەم دواییانەش گۆران ؛ هەر ئەم حیزبانەش ئەم کەڵکەی

سەرمایە یە بە خەیان بە ناوی دەستکەوتی نیشتمانی و سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیەوە دەفرۆشنەوە بە خەڵک ، بە بە ئەوەی هیچ جۆرە بوژاندنەوەیەکی ئابووری و دەستکەوتێکی ماددی ئەوتۆ یان لەوە بەدەست هاتبێ بە قازانجی خەڵك.

فرسەت لە بواری ئابووری

ئەو فرسەتانە چی بوون کە لە باری ئابووریە وە بە پارتی ویەکێتی هەکەوت و ئێستاش بە گەڕان و ئەوانی دی و کاریان پێ دەکەن .

١- ١٠٠ بلیارە بە ناوبانگەکەی پێ بەهەر بە نیولیبرال کردنی ئابووری عێراق ؛ لەوانە ئازاد کردنی بازرگانی لەگەڵ کەمپانیا جیهانیەکان ؛ داخستن و پشتگوێخستنی ٢٠٠ دەزگای کەرتی گشتی و دامەزراوەی حکومەتیەکان ؛ پێکخستنی بانکی نیشتمانی و بلیاردان لەسەر ئازادی هات وچۆی پارە ؛ لابردنی باج لەسەر بازرگانی جیهانی و ئەمانە و چەندینی تر …

٢- فەندی بونیاد نانەوەی عێراق و تەندەری شەریکات و کەمپانیاکان ؛ ئەم فەندە لە و ساڵەی کە بریەمەر حاکمی عێراق بوو بریتی بوو لە دەیان ملیار دۆلار ؛ کاتێ بریەمەر لە کۆتایی ساڵەکەدا دەوڕەی حوکمی تەواو بوو ، تەنها سەرفکردنی ٤ ملیاری ئەم پارەیە دیار بوو بە کوێ چووە . بریەمەر زۆرێک لە تەندەرکانی دا بە کەمپانیا جیهانیەکان و تەنها بەشکی کەمیان بەرشەریکاتی عێراقی کەوتن .. تالان و بڕەی ئەم فەندە بە وێنە بووە .

٣- حیزب و کەمپانیا و بنەماڵەکان : سەردەم سەردەمی دروست کردنی کەمپانیا و تەندەر و شەریکاتی بازرگانی و ..هتد ؛ بەکارهێنانی پێگەی سیاسی هەم لە هەرەم و هەم لە عێراق بە بەرژەوەندی تایبەتی حیزب و بنەماڵە نەک خەڵک ، نیشتمان و هەرەم وە مافی گشتی .

٤- کەڵکەی سەرمایە لە پێگەی بەتاڵان بردن و کردنی زەوی بە موڵکی تایبەتی ؛ بەکار هێنانی پێگەی سیاسی ، پەرلەمان و دەزگای دادوەری بە دابەشکردن وبەتاڵان فرۆشتنی زەوی زاری کوردستان ، لە شارەکان و لە دەرەوەدا؛ بەم جۆرە بە هەزاران دۆنم زەوی لە موڵکی گشتی وە بوون بە موڵکی تایبەت و موڵکی بنەماڵەکانی نێو هەردوو حیزب .

٥- ئەو کەمپانیایانەی کە دەیانویست کاریا بکەنە کوردستانەوە دەبوو لە کوردستان کەمپانیا هەبێت دابەشی کالایان بە بکات ؛ یان بیفرۆشێ و ساغی کاتەوە ؛ یان ئەگەر سەرمایەیان هەبوایە دەبوونە شەریک ؛ ئەم چەند ساڵە کات کاتی دامەزراندنی کەمپانیا و شەریکاتی بازرگانی و عەقار و خانووبەرەوە بوو . زۆربەی کەمپانیاکان هی بەرپرسەکانە و لە ێگەی کەس و کاری نێو حکومەت و پەرلەمان و وەزیر و بەڕێوبەرەکانەوە تەندەر و کۆنتراکتەکانیان دابەش دەکردەوە بەسەر خەیاندا . دروست کردنی شەریکاتی وەهمی و پشتی

پەردە و وەرگرتنی عقود لە حکومەت خزم و کەس و بنەماڵەی خەیان . کەلەکەی سەرمایە پرسیارکی دوور و درێژ و هەندێک جار ئازار بەخش ؛ خەڵک زۆرن کە زۆیان داگیر کراوە یان فیڵیان لی کراوە یان بە زۆر ئیمزای فرۆشتنی زۆیە و ماڵەکەیان پی کراوە ، بە تایبەت لە ناوچە ستراتیچی و گرنگەکانی شارەکان و شارۆچکە سنوریەکان .
لە کوردستان حیزب ئامرازی مانەوەیە لە دەسەڵاتدا ؛ دەسەڵات بریتی یە لە قەرخی جوڵەی ئابووری ؛ واتە وەبەرهینان و بازرگانی ؛ وە هەروەها بوونی میلیشیای چەکدار بە پاراستنی موڵکی بنەماڵەکان ؛ ئەمە دوو کۆڵەکەی دەسەڵاتن ؛ بەڵێ بە تەنها دەنگ نەدان بەم حیزبانە نایانکاتە دەروەی دەسەڵات ؛ بەڵکو دەبێت هەزی چەکدار هەبێت لە بەرامبەر بە هەڕەشکانیان . وەیان ئامرازی تر هەبێت کە خەڵک بکاری بەنێت بە تەک شکاندنی ئەم تۆڕە کە پارێزەری لە بەرژەوەندی چەند بنەماڵەیەک دەکات و ٩٩٪ ی خەڵکی وکوردستانی کردەتە قوربانی .
بەشێک لە دەرئەنجامەکانی نیو لیبرازە کردنی عێراق و کوردستان شان خاڵی کردنەوە دەسەلات بوو لە پەیدا کردن یان دابین کردنی کار بە دەرچوانی تازە ؛ بە بە کاران ؛ بە تالان فرۆشتنی دەیان دامەزراوەو کارگەی کەرتی گشتی و کردنیان بەموڵکی تایبەت ؛ بە کالا کردنی سەرچاوەی کارەبایی و ئا و و مەوادی بینا و ئەمانە . ئیستا هەریەک لەم کایانە کە موڵکی گشتین ووردە ووردە بوونەتە ئامرازی فرۆشتن و قازانج پەیدا کردن بە بنەماڵەیەک یان بەرپرسێک یان چەند دانیەکیان پیکەوە . چونکە لە یەگەی بە تایبەتی کردنی ئەم بوارانە دەیفرۆشەوە بە نرخی زۆر هەرزان بە خەیان ؛ دواتریش هەر لە بودجەی گشتی فەندیان دەدەنی بە پیشخستن و کەینی ئامێر و دابین کردنی بە خەڵک ؛ وە دواتریش خەڵک دەبێت پارە بدات بە بەدەستهێنانیان .
بانکی جیهانی ماوەی ٣ ساڵی بە حکومەتی هەرێم دەست نیشانکرد بوو لە ٢٠١٧وە بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە واتە تا ٢٠٢٠ ، بەڵام لە ئاپرتەکیان دا دەڵێن کە حکومەتی هەرێم توشی سەرسوڕمانی کردوین کە "هەنگاوی خێرای وای ناوە لەیەکسانی ئابردودا کە ٣٧% سەرفیاتی کەمکردەتەوە لە یەگەی کەمکردنەوەی موچە و ریفەرمی پشتیوانی نرخ و خزمەتگوزاریەکان (واتە گرانکردنیان).*١
بواری عەسکەری
دەوڵەتی پە لە ناکۆکی و بەرژەوەندی جیا جیا ی ترانس ناشناڵ لە عێراقدا پەیستی بە هەشتنەوەی میلیشیاکانی یەکەتی و پارتی بوو ، هەربەیە وەک بەشێک لە هێزی سەربازی عێراق قبوڵ کران. ئەمەش هێزی چەکداری ئەم دوو حزبەی کردە کۆکەی بەهێزی هەشتنەوە و پاوان

کردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەرکوتی هەر جۆرە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و ئاپۆینەک لە بەرامبەریان .
لە دوای چەند ساڵێک ، لە لایەک شکستی ئەمریکا لە عێراق و زیاتر میلیشیایی بوونی دەسەڵات لەعێراقدا و ململانێی فیدرالی ، وە دواتر شەڕی داعش و کێشە لەسەر ناوچە ناکۆکەکان و بەردەوام دەستوەردانی سەربازی تورکیا و ئێران ، هەموو ئەمانە کوردستانی وەک ئیدارەیەکی سەربازی هێشتەوە و بیانووی داوەتە دەستی پارتی وێکڕای کە ئەم هێزە میلیشیانەیان نەک بەرامبەر بەو هێزە دەرکیانە و بە پاراستنی خێکی کوردستان بەکار بێنن ، بەڵکو بەرامبەر بە خێک و بە سەرکوتی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بەکاریان بێنن.
هەربۆیە دەبینین کە ڕێژەی بودجەی هەرێمی چەکدار و حزبی ئەم حزبانە لەسەرووی هەموو بەشەکانی تری حکومەتی هەرێمەوەیە و بریتیە لە نیوەی بودجەی هەرێمی کوردستان. ئاگرتنی ئەم هێزە نیوملیۆنی یە لە ناوچەیەکی ٥ ملیۆنیدا ، پایەیەکی بەهێزی ئەم دەسەڵاتەی لەناو خێکدا دروست کردوە ، بەوەی کە بەشێک لەم خێکەی کردۆتە ئامرازی سەرکوتی خەیان تەنیا لەبەرئەوەی بژێوی ژیانیان لەسەر کاری سەرکوتگەری و وەلائی سیاسی بە ئەم دوو حزبەیە. هەر ئەمەش هەکاری موچەی بن دیواری زۆروزەندی حزبیە.
قەیرانی ئەستای ئەم سیستەمە
قەیرانەکانی ئەم سیستەمە ، وەک پێش ٢٠٠٣ ، تەنیا پێویست نیە بە کێشەی نەوخەی ناسیونالیزمی کورد لە نەبوونی ئاسایەک بە یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتدارێتیان لە هەرەمدا، چونکە ئەم کێشەیە لە نێو دوو تەکی پێ ململانێ ، فیدرالی ترانس ناشنال و میلیشیایدا بووەتە سیمایەکی ئاسایی سیاسەت کردن ؛ وەک ئەوەی پێویستیەکی سەرەکی کێشە و ململانێ دەسەڵات بێت لە عێراقدا.
بەڵکو قەیرانی ئابوری لە هەرەمدا ئیتر بووەتە سەرچاوەی قەیرانەکی فراوانتر کە هەمیشە قەیرانی سیاسی و ئیدارییش بەدوای خۆیدا دێنێ. هەکارەکی سەرەکی ئەمش بەستراوەی ئابوری کوردستانە بە بەرزونزمی نرخی نەوتدا، چالاکی و ئاستی کەمپانیا مانپاڵکان ، بە تێکەوتنی نەوتی لەگەڵ تورکیا و کێشەی بودجەی فیدرالی ، ئەمانە هەمووی پێکەوە خەریکە حکومەت و دەسەڵاتی ئابوری یەکێتی و پارتی بەردەوام لە ژێر فشاری شکستی گەورەی ئابوریدا دادەنێ. لەم کاتی کەرنایەدا کە ئابوری جیهانی هەمووی تووشی قەیرانی گەورە بووە ، ئەوا هەموو ئەو سەرچاوە و فاکتەرە ئابوریانەی سەرەوە حکومەتی هەرەمی توشی بە پارەیی کردوە.
ئەگەر ووڵاتانی ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی تری سەرمایەداری بەناچاری لەم کاتەدا لە سەرمایەی کەمکەبووی چینی دەسەڵاتدار خەریکن

یارمەتی حکومەتەکانیان بدەن و دەوری حکومەت بە پێچەوانەی سیاسەتی نیولیبرالیزمەوە زیاتر بکەن لە سوانەوەی سەرمایە و دابین کردنی پێویستی یە دارایی و خەرجی یە تەندروستیەکانی خەڵکی ، ئەوا حکومەتی هەرێم بە هیچ جۆرێک نایەوێ هیچ پارێیەکی کەمکەبووی ١٥ ساڵی ڕابردوو کە لە بانکەکانی دەرەوە و ژێر زەمینەکانی ناوخۆی بنەماڵە و سەرکردەی حزبەکانیدا بنێتە دەرەوە و موچە و پێویستی تەندروستی بە ڕووبونەوەی کۆرۆنا و خزمەتگوزاریەکانی بە خەڵکی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەتی کوردستانی پێ دابین بکا.
بگرە بە پێچەوانەوە ئێم حکومەتە لێم کاتدا خریکە فرسەت دێنە بە بە تایبەتی کردنی خزمەتگوزاریەکان ، لەوانەش تەندروستی بە فریاکەوتنی تووشبوانی کۆرۆنا ، چەک کردن و پشتگوێخستنی خستەخانە گشتیەکان ، بەینی مووچە و بە هەموو شێوەیەک خریکی تاڵان و بڕ و تەکاندنی گیرفانی بەتاڵی خەڵکی کەم دەرامەتە. بەیە خەڵک لە بە مووچەیی و هەژاری مەرگ بە کۆرۆنا و بێکاری و نەبونی پێداویستیەکانی ژیاندا بە جێ هێڵراوە ، وە هیچ ڕێگایەکی بە نەماوەتەوە جگە لە خۆپیشاندان و پێلاماردانی ئێم حکومەتە نەبە .
ڕێگا چارە چیە؟
ڕێگاچارەی بەردەم خەڵکی کوردستان لە ئێستادا تەنها فشارهێنانە بە ئێم دەسەڵاتە، کە تاکو ئێو سەرمایەیەی کەمکەی چەند ساڵەی بێکاری بێنە بە دابینکردنی پێویستیەکانی ژیانێکی شایستە و چارەسەری کۆرۆنا و دابین کردنی موچە و خزمەتگوزاریەکانە سەرکیەکان، نێک بە کەمکەکردنی لە بانکەکانی دەرەوە و لە ژێر زەمینەکان و لە پێژە تایبەتەکانی ئێم حزبە سەرمایەدارانەدا.
بەڵام چۆنیەتی کارکردن و مانەوەی ئێو سیستەمە ئابوری و سیاسی و میلیشیایی یەی باسمان کرد نیشانمان دەدا کە بەچی سەرەڕای ئێم دەخە قەیران گرتوی ئێستا زەربەی خەڵکی کوردستان ڕووبەڕوی بەین و نەمانی موچە و دامەزراندن و بێکاری و سەرکوت دەکاتەوە ؟ لێم قەیرانەشدا توندکردنەوەی سەرکوتی سیاسی و دەسەڵاتی بنەماڵەیی و ئەشیرەتگەری لە هەموو کات زیاتر پێویستە وەک سەرخانێکی سیاسی بە پاراستنی ئێم ژێرخانە ئابوری نیولیبرالی سەرمایەداری کە پشتی بەستووە بە ئابوریەکی ڕیعی نەوت و هەرزان ڕاگرتنی هێزی کاری کرێکار و فەرمانبەران و لە خوارەوە ڕاگرتنی ئاستی گوزەرانی زەربەی خەڵک.
پێوەندی دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەیی لەگەڵ کەمکەکردنی سەرمایە بە کۆمایەتیەکی حزبی و هەژارکردنی زەربەی خەڵک، ئێو پێوەندیەیە کە هەموو حزبە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنە بورژوازیەکان وەک یەک ناچار دەکا کە دەبە مل کەچی بن. ئەمانە پێداویستیەکانی

ئەو سیستەمە سەرمایەداریە نیولیبرالە و ترانس ناشنالیە کە ئەمە لە کوردستان و عیراقدا باڵادەستە.
کەواتە هانا بردن بۆ ئەمریکا یان بۆ فشاری تر لە پێناوهێنانی دیموکراسی زیاتر ، یان پەرلەمانێک کە هەموو حزبەکان تیایدا بەشداربن و دەسەاتی بنەماییی نەهێ و یاسا سەروەر بێ، شتێکی ئەوتە ناگونجێ لەم بەرنامە نیولیبرالیەی کە بانکی جیهانی دیکتاتۆریەت بەرقەرار بێت لە عیراق و کوردستان . هەربۆیشە گەیشتنی ئەم سەرخانە میلیشیایی و بنەماییە لە هیچ پشتیوانیەکی نێودەوەتی بورژوازی بەهرەمەند نی یە وەک ئەوەی گەیانخوازەکانی پێشوو و نوێی نوێکانی ئێستا بانگەشەی بۆ دەکەن.
دوای تجروبەی ١٧ ساڵ لە دەوری ئەمریکا و نەخشەی چاکسازی دیموکراتی لە عیراق و کوردستاندا ، ئاشکرایە کە هەموو ئەم چاکسازی یە دیموکراتیانە هەشتا هەر دەبێ ملکەچی سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بێت لە چوارچیوەی وڵاتێکی ژێردەستەی کەمپانیا ترانس ناشنالەکانی ئەمریکا و تورکیا و ئێران و چین و ..هتد . هەربۆیە دوای ١٠ ساڵ لەم بەرنامەی چاکسازیەی حزبەکانی دەسەات و ئۆپۆزسیۆنە جەراوجەرەکان، خەڵکی ناڕازی ئێستا ئیتر دروشمی نا بۆ ئۆپۆزسیۆنی ساختەی بەرزکردۆتەوە ، وە لەمەش زیاتر هوشیاری خەڵک بۆ جەرگ چوونە سەر کە بەدیلی پەرلەمانی بورژوازیش بە کارتۆنی لەقەڵەن دەدەن. ئەمانە هەنگاوێکن بۆ پێشەوە.
دروشمی نا بۆ پەرلەمانی کارتۆنی نیشانەی تجروبەیەی ١٠ ساڵی ڕابردووی خەڵکە لە کوردستان بۆ ئومێد بەستن بەوەی ئەم پەرلەمانە و ئۆپۆزسیۆن ئەم سیستمەی بۆ بگۆڕێ. بەڵام دەرکەوت کە مەسەلەکە تەنیا ڕێژەی کورسیەکانی یەکێتی و پارتی نیە، بەڵکو دەورەکە کە پەرلەمان لەم سیستمە سیاسی وئابووریەی یەکێتی و پارتیدا هەیەتی.
ئەم پەرلەمانە خەریکی سازکردنی ئەو یاسایانەیە کە سیاسەتی ئابوری و بەرژەوەندی سیاسی و دەسەاتی سەرکوتی ئەم دوو حزبە پۆیستیەتی . هەر حزبێکی تری وەک گۆران و ئیسلامیەکان و نەوەی نوێ تەنها دەتوانن لەژێر سایەی ئەم سیاسەت و یاسایانەدا داوای بەشی خۆیان بکەن. بە تجروبەش دەرکەوت کە ئەم ئۆپۆزسیۆنەش لە پەرلەمان وەک کارتی فشارێک بۆ ئەم بەشە لە ئیدارە و داهات شۆڕەکا و هەر کات ئەم بەشانەیان پێ درا ئەوا دەبنەوە بە بەشێک لە سیستمی دەسەاتداریەتی و پێستی حکومی وەردەگرن.
ئەگەر لە جیاتی بنەماڕەی حزبێکی مەدەنی ، و لە جیاتی وەزیرە حزبیەکان تەکنەکراتەکان حکومەت بەڕیوە بەرن ، هیچ لە بەرنامەی حکومەت و چۆنیەتی دابەشکردنی موچە و خزمەتگوزارە گشتیەکان ناگۆڕێ ، وە هەمووپان لەسەر ئەو بەرنامە نیولیبرالیەی هەڵبژاردنی

هەژارەکان کەکن ، وە ئەمەیان بە کردەوە پیادە کردوە هەر کاتێک بوونەتە بەشێک لە دەسەلات. هەرچەن بینیمان کە وەزیرەکانی گەلان و ئیسلامیەکان لە پیش یەکەتی و پارتیەوە بوون بە سەپاندنی پاشکەوتی موچە.

لەبردا خەڵک گەیشتنە ئەو جێگایەی کە بەدوای بەدیلێکی تردا دەگەڕێ لەدەرەوەی پەشنیارەکانی ئەپەزسیۆنی ئێستا، کە هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو پێشەوە لە ناڕەزایەتیەکانی ئێستادا. بۆ نمونە، ناڕەزایەتیەکانی شاری هانیە داوای دروشمی " لەپرسینەوە لە کاربەدەستانی ئەو دەقەر" بەرزدەکاتەوە لەبەرامبەر گەندەڵی و نەبونی خزمەتگوزاری . لە بواری تەندروستیشدا دەنگی ناڕەزایەتی لەدژی تایبەتی کردن و بازرگانی کردنی دەسەلات بە بودجەی دەرمانەوە بەرز بۆتەوە ، و خواستی دروستکردنی بەردی نەخۆشخانە گشتیەکان هەر لە کارەندانی تەندروستی بەرز کراوەتەوە . ئەمانە هەموو نیشانە سەرەتاییەکانن بە دەرکەوتنی بەدیلێکی جەماوەری دژ بە دام ودەزگاکانی ئەم سیستەمە ئابوری و سیاسی و سەربازیەی ئێستای کوردستان. ئەم هەوڵانە خاڵی هاوبەشیان بریتیە لە دروستبونی هێزیکی تر لە دەرەوەی ئەم سیستەمە دەسەڵاتدارەی ئێستا و دامودەزگا سیاسی و حزبیەکانی و پەرلەمانەکەشی.

ئەم هوشیاریەی جەماوەری ناڕازی بەوە دەگاتە ئاستێکی باڵاتر کاتێک خەڵکی ناڕازی بروای بە بەدیلی خۆی هەبێت کە داواکاریەکانی بە بەدی بێنێ، نەک بە هێزێکی سیاسی دەرەوەی خۆی. ئەم چینە ناڕازیە لە کرێکاران، فەرمانبەران، مامۆستایان و لاوان و خانەنشینان و هتد ، لە تێجروبەی خیانەوە بیان دەرکەوتوە کە دابینکردنی موچە و خزمەتگوزاری و دامەزراندن و ئازادی سیاسی لە هێگای ئەم حزب و پەرلەمان و ئەپەزسیۆنانەوە دابین نابێ، وە بە ناچاری هەست بە پێویستی دروستبوونی هێزی یەکخراوی خیان دەکەن کە بێتە مەیدان و فشار دروست بکات بە بەدەستهێنانی هەریەک لەم پەداویستیە سەرەتاییانە.

هەنگاوی لەپرسینەوەی جەماوەری لە دامودەزگا لەکاییەکان دەتوانێ هەنگاوێکی پیشەوانە بێت، وە بەرەو چاودێری فراوانی جەماوەری بچێ لەسەر دەسەلات و دەزگا کانی تاکو لەم هێگایەوە خەڵک بتوانن لەیان بپرسنەوە و فشارێکی بەردەوام بن لەسەریان. دروستکردنی چاودێری جەماوەری دروشمێکە کە دەتوانێ هێزی ناڕازی ئێستا لە هەموو دامودەزگا و لە ناو مەیدانەکانی ناڕەزایەتیەکاندا کۆبکاتەوە و ئاراستەی بکات بەرەو ئاوەی ناڕەزایەتیەکان یەکخراو بکا. دروستکردنی دەستەی چاودێری جەماوەری لە هەموو ئاستێکی لەکاڵ لە شار و شارۆچکەکان و لە فەرمانگە و کارگە و نەخۆشخانە و

خوێندگاکان دەتوانێ حکومەتێکی سەبەر دروست بکا و فشاری بەردەوام بخاتە سەر دەسەلات بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان.
داواکارییەکان کە ئێستا لە دەوری موچە و دابینکردنی تەندروستی لە ئارادایە دەتوانێ هێزی جەماوەری ناڕازی کۆبکاتەوە و لە یەکەی ئەم دەستە چاودێرە جەماوەریانەوە بەرەو گۆڕینی ئەم دۆخە بچێ. ئەم دەستە ناڕازیانە دەتوانن داوای هێزاردنی هەموو بەڕێوەبەر و بڕپرسانی شار و دامودەزگاکان و وەزیرەکان و سەرۆکی حکومەت بکەن و لەم قۆناغەوە نوێنەرانی خەیان بخەنە جێگای نوێنەرانی دەسەلات.
ئەم ستراتیژیەی کە لە ئێستادا خێکی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت لە هەموو شوێنکەدا چاودێرین بەسەر دام و دەزگای و حکومەتی هەرێمەوە لە کاتی هەر دزیەک کە لە نەوتدا دەکرێ، لەهەر سەرکوتێک لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا، لەهەر پڕۆژەیەکی کەرتی تایبەت کە لە بودجەی گشتی دەدزرێ، لەهەر نەدان و بەیندکی موچەدا، وە لە دروستکردنی بڕد و یەکخراوەی جەماوەری بۆ تەنگ هەڵچنین و لابردنی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری گشتی و وەزیر و کابینەی حکومەت و سەرکی حکومەتدا، دەتوانێ سەئەنجام هێزی جەماوەر بکاتە حکومەتی سەبەر بەسەر ئەم دەسەلاتدا، وەک دەسەلاتێک دەربکەوێت لە بەرامبەر بە دامودەزگا فەرمیکانی حکومەتدا وەستاوەتەوە و ڕێگری لە دەکا و فشاری دەخاتە سەر، تا کاتێک کە دەسەلاتی جەماوەری ئامادەیە کە دەسەلاتی ئیستا وسیستمێکی بە یەکجاری و بەشێوەیەکی شۆشگێڕانە بگۆڕێ.
ئەمانە دەتوانن ڕێگای جەراو جێی جێبەجێکردنی ئەو دروشمی "نا" یەبن کە بە دەسەلات و پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن بەرزکراوەتەوە . وە نیشاندانەری هەبوونی بەدیل و ئالتەرناتیڤی جەماوەری ناڕازی یە لە بەرامبەر دەسەلات و دامودەزگاکانی ئێستادا. بەدیلی سیاسی و ئابوری و ئیداری خێکی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت لەم هەنگاوانەدا دەست پێدەکا کە لە هەموو شوێنک دژی ئەو بەرژەوەندی و سیاسەتانەی دەسەلات بوەستنەوە و ڕێگای پێ نەدەن کە ژیان و بەرژەوەندی ٩٩٪ خێکی کوردستان بکاتە قوربانی کێکەی سەرمایە و پاوانکردنی دەسەلات لای ١٪ کەمەگێ.

گۆنا سعید و ئاسۆ کمال

شیعر/ نامەبوون … کاوە عوسمان عومەر

پچڕانی ڕێگەک لە دارێک،
لە تۆک لە شارێك،،
بەجێ هێشتنی ترسێک، شارێژنەبوونی…
بریتی دەمامککراوەی پەنجەرەیەک،،
بەسەر ڕووەکانی بیرچوونەك،،
زەنگیك، لە بەشایی خەوننێک،،
ماڵەکان بەڵەمی بە سەوڵن، مانگ..
بە چرپەیەکەوە گیرسایەوە، ،
هاکا کۆتە زەنگاوی بیرچوونەوە، کوپە…
قاوەی ژاوە شەو،،
بەسەر مێزی نوسراوە،،
پەرش و بڵاوە کانی ئەوارە،،
ئێستا لە سەر شەقامەکە،،
ئافرەتێک بەدوای دەڵە خەیدا وەڕێ،،
بە باو بارانەوە ، کۆرانە دەستی…
بەسەوک لە نائومێدی برد،،
کە فریادڕەسی هەموو ڕێبوارەکانی شەقامەکانە،،
سبەینێ زایەڵەی تریشقەی کاتە،،
بنوسەتەوە پەخشانی لەتبوون،،
بتاشە پەیکەری بەڕەنزی نامەبوون،،
لە ژێر تەرزەی چاوەڕوانیی…
هەر پارچەیەکی بوونت ،،
لە دنیایەکی ترسناکا،،
کەناکرێتەوە جارێکی تر،،
هەر پارچەیەکت شیعرێکی بوهێمی جازی غوربەتە،،
لە باخچەیەکا، لە ویستگەیەکا ، لە کەنارەکا، لە شارەکا..
لەوانەشە پارچەکان،،
بیریان نەمابە چیرەکی پچڕانی یەکەمین ڕێگ،،
بەڕام چاوەکان مەمی خامۆشن..
بەسەر جێستەی ئەو کچانەی…
باهێزی جەنگە کان بردنی و نەیهێنانەوە،،
بە مەرگی ژوان لە ژێر مانگەکی ماندوو…

لە ژماردنی پەیکەرە سەرهەڵگرتوەکان،،
کە بە خوێنی گەردووەنی دروست کردبێ؟
کە تەرزی بە مانیایی هەر ڕۆژێکی…
لە پلاتفۆرمی کام شەمەندەفەری بەهودەیا نوسیبێ؟،،
تێگەیشتن لە کەدی بەیەکگەیشتنی دڵە بریندارەکان،،
شتێکی نامەیە بۆ کوکوختیەی لەوانیە…
لە ڕۆژنە بارانی هاوینێکی تەمەنا،،
لەسەر گۆمان بخوێنە،،
بەڵام ڕێگاکان ژیانی تازەنین ، ئاوە بزانە،،
ئاوێش بدیتوە لە ئابردوو، ،
هیچ لە سەمەرەی کوتنە خوارەوەی..
تەپی ڕەشی چارەنوست،،
بە نۆو گەمی قووڵی هەڵهاتن ناگەڕێ،،
ژیانی ئاو مندااڵنەی ،،،
لە هاتنخوارەوەی فرمێسکا هاتنە دنیا،،
دیواری ناو دڵ لە ئاوێ ،،
کەچی دەرەوە مس و ژەهرە،،
ئاسێیک لە خەرهەاتنک،،
وەک ئەندێشە،،
خەزگە لە شنە بایەکەوە،،
بە تاوە ئەهات،،
کەچەرکان بیریان …
لە بازی ئاتوونی دەربازبوون کردوە،،
بەڵام تەلبەندی عیشق ناهەڕێ کەم بژین،،
زووش باوەش بە چادوگەری مەرگا بکەین،،
زەر شت هەیە بیەڕین،
زەر شوێن هەیە بچین،،
زەر شوێن هەیە بێ هەبێن،،
بەڵام ستەمە درککردن بە تەمی نامەبوون،،
کە هەموو ڕوخسارمانی تەنیوە،،
بە زەردەیەکەوە تە ووتت،،
با دواهەمین جگەرەش داگیرسێنین،،
گەر تەمتومانی نامەبوونیش ،،
گەیشتە نۆو چاوان،،
هەڵهاتن لە شاری تازە،،
هەڵهاتن بەرەو شاری کێن،،
کەشتی ڕەحیش دوای سەرابوونی نیشتمان..

کەن و ژەنگاوی بووە،
گیتاریی با، لە قەراغ جگەکەی…
دونەکان، بروسکەی چاوی..
شیعرە سیحریەکان،،
بەهام باشترین شت لە نامەبوونا،،
خەخزانە نەو سیمفەنیای فەنابوونە،،
سووتانە بە نەفرەتی…
دەزەخی ناو ەح خەی،،
چیای سپی بەرائەت لەنەو چنگە…
ووشەی زیندووی بریسکاوە،،
وەک ئەستەرە سەماکەرە خەسووتنەرکانە ،،
بەهام ئەفسووس،، پاکەتی وەرزی منداەی ..
ەووت لە خەم و پە لە جەنەت،،
لەگەە پەلە نەورەس سپیەکانا تەپەەی،،
دوای هاوینی بەرد، کەژی وونبوونە،،
هییچ خونچەیەک نابینم،،
بە لەوی دەە سیحریەکانەوە پشکوتوبە،،
سەیرە، هەشتا نەسیمی دووری دورخەکانی…
حەقیقەتی شاراوەی نەو دە،،
هەر خومارمان ئەکا،،
دەنگی سوەسکە تەنیا نامەکەش،،
لەم دەقەری پەرادیسی دریە،،
هەر دەە فەنە،،
شە قامەک لە نامەیی بە من،،
شەقامەکیش لە تەنیایی بە تە،
هییچمان فریادەەسی بەرد و مەرگ و جنارەکانیش نین، ،
گەر شەرابی خەشبەختیش چەەکی مابە،،
لە نامەیی جوانی خەم و خەتا با ووونبین،،
دورخە هەور و، ،
سەزی سەناتای ەحسوتانیش،،
با پەرادیسی چەند ساتە وەختی بە.

وەنەکە کارەکی هونەری فەتەگرافەری پەلەندی/
CZU-CZU-PL
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خەی وەرگیراوە.

خۆندنەوەیەك بۆ لوتكە سەقڵیەكەی ئوردون … عەبدوڵا ساڵح

دوێنێ 25 / 8 / 2020 ، عەبدوڵای دووەم پاشای ئوردون لەگەڵ هەر یەك لە عەبدولفەتتاح سیسی سەرۆكی میسر و مستەفا كازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە ئوردون كۆبوونەوە، لە بەیاننامەی كۆتایی كۆبوونەوەكە باس لە باشترین میكانیزم كرا بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندیە ئیستراتیجیەكان لە مەیدانی واقعدا، بەتایبەت پەیوەندیە ئابوریەكان، وەك بەستنەوەی تێی كارەبا وپێژەكانی ووزە ……..

ئەم كۆبونەوەیە لەكاتێكدا ئەنجام دەدرێ كە مایك پێمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریكا سەردانی ناوچەكە دەكا بەمەبەستی هاندانی ووڵاتانی عەرەبی بۆ گرتنەبەری هەمان سیاسەتی دەوڵەتی ئیمارات لەمەڕ دامەزراندنی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل، لەهەمانكاتدا دڵمینیایی لێ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سەردانی ئیسرائیل و فەلەستینیەكانی كرد بەمەبەستی هاندانیان بۆ گەڕانەوە سەر مێزی گفتوگۆ بەرەو چارەسەری كێشەی فەلەستین لە چواچێوەی پێكهێنانی دوو دەوڵەتدا ، جیا لەوەش، ئیمانوێل مكرۆن سەرۆكی فەرەنسا نیازی سەردانی ناوچەكەی هەیە لە سەرەتای سێپتەمبەری ئەمساڵدا .

ئەم جموجۆڵە گەرمە، مەركی سیاسی بوونی لوتكە سەقڵیەكە نیشاندەدا بەڵام لە قاوغێكی ئابوریدا، هەروەها نیشاندەری ئەوەیە كە ئەمریكا وهاوپەیمانە ڕۆژئاوایەكانی دووبارە بەگەرمی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان خستۆتەوە بازنەی گرنگیپێدانیان، بەتایبەت داوی ڕێكەوتنەكەی ئیمارات وئیسرائیل كە بەئاشكرا نیشانی دا مەسەلەی فەلەستین لەوە دەچووە مەسەلەیەكی ستراتیچی پلە یەك بۆ ووڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی ئەوانەی كەنداو، وە لە ئێستادا ئێران مەترسیەگەورەكەیە بۆیان ، هەر بۆیە چالاك كردنەوەی میحوەری (ووڵاتانی كەنداو / میسر) كە ئوردونیش دەگرێتە خۆی، لەمڕۆدا، گرنگی خۆی هەیە . هەوڵی هاتنە ناوەوەی عێراق بۆ ئەم میحوەرە

یەکێکە لە ئامانجەکانی بەستنی ئەم لوتکەیە، بەتایبەت کە عێراق دوای هاتنە سەرکاری مستەفا کازمی، سیاسەتەکانی بەئاشکرا داشکانە بەلای ووڵاتانی پڕئەمریکاییدا وهەوڵی دەستکێتاکردنی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێرانە بەمەبەستی کەمکردنەوەی هەژمونی ئێران بەسەر عێراقدا. هەربۆیە هەوڵی دەرخستنی کەسایەتی مستەفا کازمی لەلایەن میسر وئوردون و ووڵاتانی کەنداو وەك سیاسەتمەدارێکی ووریا و بەهێزو بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی ئاوادا و پشتگیری کردنی لەم بارو دۆخەدا، گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە و تین و تاوێکە بۆی بەمەبەستی وەستانەوەی بەووی نەیارانی لە ناوخۆی عێراقدا .

چالاك کردنی ئەم میحوەرە، بەپشتیوانی ئەمریکا ، پەیامێکی ڕاستەو خۆیە بۆ هەر یەکە لە، ئێران کە هەڕەشە وچاوسوور کردنەوە لە ووڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی کەنداو، باجی خۆی هەیە، هەروەها پەیامە بۆ میحوەری (تورکیا / قەتەر)، بە پشتیوانی ووڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا، بەتایبەتی فەرەنسا وئەڵمانیا، کە جم وجۆڵەکانتان لەناوچەی ناوەڕاستدا جێگەی نیگەرانی ئێمەیە! ئەمە لەکاتێکدا کە تورکیا چەندین پێگەی سەربازی لە کوردستانی عێراقدا هەیە و بەبەردەوامی لە هەوڵی زیاد کردن وپتەوکردنی ئەو پێگەیەدایە ئەوەش لە هەل ومەرجێکدا کە یەکێك لە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان (پارتی) زەمینەی ئەو کارەی بۆ تورکیا باشتر فەراهەم کردوە، هەروەها لە باکوری سوریاش چەندین شار وشارۆچکەی داگیر کردوە و پەلیشی کوتاوە بۆ لیبیا، بەجۆرێك ئەگەر سوپای میسر نەهاتبایە سەر هێڵی وەستانەوە بەوێدا، نیازی بوو ناوچەی (سیرت)، کە گەورەترین چاڵەنەوتەکانی باکوری ئەفریقیا لە خۆ دەگرێ، داگیر بکا و بەرەو خەونی زیندووکردنەوەی خەلافەتی عوسمانی هەنگاو بنێ . ئەمە جگە لە جم وجۆڵی لە دەریای سپی ناوەڕاست بەوی یۆنان و قیبرس.

ئەوەی جێگای سەرنجە هەندێك لە نوسەرو لێکۆڵەرەوە سیاسەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب بەستنی ئەم لوتکەیەیان وەك هەنگاوی دەستپێکی زیندوو کردنەوە ((عوروبە)) و گەانەوەی عێراق بۆ باوەشە عەرەبیەکەی هەژمار کرد!! بۆخەبەر لەوەی کە پەراوێزکردنی کێشەی فەلەستین لەلایەك و ڕیزبەستن و پەلەکردنی هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل، دوابەدوای ئیمارات، لەلایەکی تر، بەمانای یەکێك لەو دوا بزمارانەیە کە لە تابوتەکەی ((عوروبە)) دەدرێ ! باوەشی عەرەبیش

لە خەون وخەیاڵ بەولاوە تێپەڕناکاو وەك کوردایەتیەکەی لای خۆمان زەمانی بەسەرچوە وکەس بەو تەپڵەی سەماناکا!!

مژوو چەندین بار سەلماندویەتی کە نە ئەمریکاو هاوپەیمانە ژئاوایەکانی و نە ووڵاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە ونە ئێرانی ئیسلامی ونە تورکیای هەگەزپەرست وعوسمانی، سیاسەتی هیچکامیان ژڵك لەژان نەك تەنیا لەبەرژەوەندی جەماوەری ناوچەکە نەبووە، بگرە هەردەم شەو ئاژاوەوهەژاری وبرسیەتی ماڵ وێرانی بەدواوە بووە ، هەر بۆیە تێگەیشتن لەو ڕاستیە هاندەرە بۆ وەستانەوە وپوچەکردنەوەی ئەم سیاسەتانەیان کە نیازیانە وەك تەونی جاجاکە ناوچەکەی تێبهاننن و هەرچی زیاتر شەو ئاژاوە و کوشت وکوشتاری بەسەردا بسەپێنن، کە لەدو شیکردنەوەدا باجەکەی تەنیا و تەتیا خەڵکی کرێکار وزەحمەتکەش وجەماوەری بەزەر برسی کراو کەم دەرامەد دەبۆ بیدا و کوردستانیش لەونەوەدا پشکی خۆی بەردەکەوێ.

٢٠٢٠ / ٨ / ٢٦

دوربینێکی ئاسایی و جوانترین دیمەنی ڕووی مانگ ! … هەرەم عمر کاکل

ئیمەی تاکی کورد تاکو ئێستاکە هەوڵمان نەداوە کە بتوانین تەنانەت جارێکیش لە ِرووی مانگ بِروانین. بەهۆی نەبوونی ئەو ئامێرانەی کە تایبەتن بۆ بواری فەلەکناسی وەك (تەلسکۆب و کامیرای پێشکەوتوو) بەهۆی ئەو بارودۆخەی هەیە لە هەرێمی کوردستان , کە ەنگە ئەستەم بێت بتوانیت تەلسکۆبێك پەیدابکەیت و بتوانیت سەیری ئاسمان و بۆشایی و مانگ و هەسارەکان بکەیت .
بەڵام ئەمجارەیان دەتوانیت بە ئامیرە فەلەکیەکان نا بەکو بەیارمەتی دووربینیکەوە هەول بدەین ئاراستەی ڕانگە کردنمان بەرەو مانگ بڕوانین . هەوڵ بدە بە دووربینێنکی ئاسایی و سادە بڕوانیتە مانگ ئەوا جوانترین و سەرنج ڕاکێشترین دیمەنی رووی مانگ ت بۆ دەبینرێت وەك (چاڵە نیزەکیەکان و بەرز وی ونزمی خاکەکە) .

بەلام دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە سەیر کردنی مانگ بەدووربین و بەدەست هینانی جوانترین دیمەنی ئەو ساتانە دەبیت کە مانك نیوەی ووناکە چونکە ئەو کاتە دەتوانرێت دیمەنی چالە نیزەکەکان بەجوانترین شیوە ببینرێت . کەوایە هەول بدە بۆ ئەوەی بۆ یەکەمین جار جوانترین دیمەنی سەر رووی مانگ ببینیت دووربینیِك پەیدا بکەیت و لە ووی مانگ بروانیت !!!!!!
هەندیك زانیاری لەسەر مانگ /

- دووری مانگ لە هەسارەی زەوی 398 هەزارکم
- خولانەوەی بەدەوری خۆیدا 29.53 ڕۆژە
- سورانەوەی بەدەوری زەوی 27.32 ڕۆژە , بەم شێوەیە رووی مانگ بەبەردوامی لایەکی دەبینین و هەرگیز ووەکەی تر نابینرێت .
- پلەی گەرمی رووەکەی , ئەو رووی دەکەوێتە رووناکی 200 پلەی سەدیە , رووە تاریکەکەی -175 سەدی.
- ئەمریکیەکان لە 16/7/1969 دا یەکەمین هەنگاوبنێن و توانیان گالیسکەی بشایی(ابوللو11) هەبدەن کەتوانی 386 هەزار کم ببڕێت بە سەرکەوتوویی کە سێ بشایگەری هەگرتبوو ئەوانیش (مایکل کولنز _ ادوین الدرین _ نیل ارمسترونگ) بوو , هەر دوای چوار ڕۆژ لە هەدانی لە 20/7/1969 یەکەم پگەی پی مرۆڤ لەسەر ووی مانگ لەلایەن(ارمسترونگ) بنەخشێنرێت .

هەڕم عمر کاکل

هاوارێک لەشقامی نازی ئانێ بۆ: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

ئەمە وێک نوێنرایەتی خێپشاندەرانی نازی کەلەئستادا لەلایەن ئاسایشی یەکێتی نزیکەی 50کەسی چالاکمان دەستگیرکراوە بۆ بەیاری دادگا لەکاتکدا دانیشتوانی سنوری پارێزگای سلەمانی شانازییان دەکرد بەهەبوونی هەوایەکی ئازادی بڕێام خەریکە ئەو هەوایش قەتیس دەکرێت ئەمە بەم بەیاننامەیە مڕێتی 72 کاتژمێر دەدەینە سەرکردایەتی و مکتبی سیاسی یەکێتی و ئیدارەی ئاپڕین و ئاسایشی ئاپڕین،.

1- ئازادکردنی سەرجەم گیراوان بە بە مەرج،.
2- دانانی هیچ بەرپرسێک بەشێوەی کاتی،.
3- گۆڕین و لادانی سەرپەرشتیاری ئیدارەی ئاپۆین و بڵاوبوونەوەی ئاسایش و پۆلیس،.
4- لادان و سزادانی بڵاوبوونەوەی گشتی شارەوانیەکانی ئاپۆین،.
5- دانانی کەسانی لێهاتوو تەکنەکەات لەپەستی بڵاوبوونەوەرایەتیەکانی شار،.
6- بەشداری کردنی ژنان لەوەرگرتنی پەستە باکانی ئیدارەی ئاپۆین،.
7- جێبەجێکردنی سەرجەم خاڵەکانی بەیاننامەی یەکەممان کە14خاڵ بوو،.
8- جارێکی تر ئایدگەیەنین کە تەنیا 72 کاتژمێر چاوەڕوان دەبین لەئۆگەری هەر کاردانەوەیەک و تەکدانی ئاسایشی شار ئەمە بەرپرس نین.

وەنەیەک بۆ:-
1- هاوسەرکایەتی یەکێتی
2- مەکتەبی سیاسی یەکێتی
3- پارت و لایەنە سیاسیەکانی سنوری ئاپۆین
4- جەگری سەرەک وەزیرانی هەرێم
5- بریکاری وەزیری ناوخۆی هەرێم
6- پارێزگاری سلێمانی
7- سەرجەم پەرلەمانتارانی سنوری ئاپۆین
چاوەڕوانی وەڵامین
نوێنەرایەتی خێپیشاندەرانی ناڕازی لەڵانیە و دەوروبەری
2020-8-27
ڵانیە

کوردبـــــوون، هەر قومـــــاشێ

نەژادپەرستی کۆن ... کامیار ساپیر

کەمتەرخەمی عێراقیی، فالح عبدالجبار کە خوێندکاری ئێنتێرنێتی سمیث بوو، لەسەر مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی و نەتەوەسازیی، پێیوایە بە ئەمەی عێراقیی، بابەتێکە پڕ لە غەم و ناسەرپێیە، چونکە سەیسەلۆجیای نەتەوەیی و سەیسەلۆجیای بنیاتنانی نەتەوە، لە زانکۆ عێراقیی و عەرەبییەکاندا، قەطعەن ناخوێنرێن، لە کاتێکدا لە ئێران و لە تورکیا، دەخوێنرێن. ئەو سەیسەلۆجیا نەتەوەییەی عەبدولجەبار باسی دەکات، ئاگەر ئێنتڕپەلۆجیای نەتەوەییشی بخوێندبا سەر، ئەوە ئەوەندەی تر، قوڵی دەبێتەوە. خەستتریش دەبێتەوە کاتێک سەیری تێکستی کەمەڵ ئەکادیمیستی کورد دەکەیت، لە وەتانی ڕۆژئاوایی، خوێندنی باڵایان، خوێندووە، ئەو دوو ڕشتەیان خوێندووە، کۆچیی فاشیزمی نەتەوەیی و ڕاسیزمی نەژادیی، سەری فیکر و بنی عەقڵی بچووکیانە. بە واتایەکی تر، بە تەنیا هەر پەوەندیی بە خوێندن و پەداگۆجییەوە(مەنهەجی پەروەردە) نییە، بەڵکو پەوەندیی بە فیکر، مەنتاڵیتیی سیاسیی و عوقدەی نەژادیشەوە، هەیە. مەعقوڵە لە هەڵاند و ئوستراڵیا، لە بریتانیا و ئەمەریکا، بە ئەکادیمیی ئەو ڕشتانەت خوێندبێت، کۆچیی ئاستی فیکریی و مەعریفییەت لەگەڵ ئەو کادیرانەی پارتیی، یەکێتیی، گۆران و یەکگرتوو، جیاوازییان نەبێت کە پێچەوسەبەرکانی سەشیاڵ مەدیای ئەو حیزبانە، بەڵێوە دەبێن؟ مەعقوڵە تێکستەکانیان، بیرکردنەوەکانیان و ئێکتێ سیاسییەکانیان، فاشیزمی نەتەوەیی،غوبنی نەژادیی و حیقدی طائیفیی-سوننیی، لە بچێتەوە؟ مەگەر ئەم جارە کوردبوونە، هەر فاشیزمەکەی کورداێتیی، نییە؟

ئەمەی کورد، ئەکادیمستەکانمان لە بەسوادەکانمان، خراپتر شتەکان تێکەڵ دەکەن! بە نموونە عەباس وەلیی، وەڵای ئەوەی هەندە بچوونی جەرییانە و باشی هەیە، بەڵام کاتێ دێتە سەر وردەکارییەکان، کوردییەت (کە کورداێتییە) لەگەڵ کوردبوونداا، تێکەڵ دەکات و وەکو هاومورادیفیش، ڕیزیان دەکات. هەروەها ناسیۆنالیزم و ئێثنیسیتی، وەکو دە و دەشاو تێکەڵ دەکات، بەڵام ئەم تێکەڵکردنەی دوایی دروستە، چونکە بە ناسیۆنالیزمی کوردیی، ڕەگ و بناغەکەی نەژادییە و دواتر طائیفییە(طەریقەتی نەقشبەندیی)، بەڵام وەلیی، بە ناسیۆنالیزمی کوردیی(کورداێتیی) ناڵێت ناسیۆنالیزمی نەژادیی، بەڵکو پێنا بە چەمکێکی تر دەبات کە گوایە ناسیۆنالیزمی کوردیی، ناسیۆنالیزمەکە ناوەڕۆکەکەی دەمەکراتییە! ئەو لە دوایین

چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنییدا کە زیاتر لەوە دەچێ بە ئاوە ڕەکخرابێت کە وەڵامی ئاو نامهێربانییانە بداتەوە کە بە قەولی خۆی، هەندە لە کوردە ئێرانییەکان، نامیهربانییان بڕامبەری کردووە و ئیرادیان لێی گرتووە. وەلیی، بەو هەموو تێجروبە ئەکادیمییەی(Academic expertise) هەیەتی و بە مەژووی نزیک بە صەد ساڵی ناسیۆنالیزمی کوردیی(دیارە بە فەرمە سەرتاییەکان)، چونکە لایەنە فیکریی و مەعریفییەکەی ناسیۆنالیزمی نەژادیی بە گرنگ نییە، دێت ئیراد لە سمکۆی شکاک دەگرێ و بە ناسیۆنالیستی نازانێ، چونکە لەبەر بەرژەوەندیی عەشیرەتیی، دوو جار، شارە کوردییەکانیانی تاڵان کردووە! و ئاغای وەلیی، نیگەرانە لەوەی شکاک، بە ناسیۆنالیست، بزانرێت!

دەی بە هەمان میکانیزم، میژەد و ستاندارد‌ێک کە وەلیی، شکاکی پێ موحاسەبە دەکات، دەبێ شێخ مەحمودی سەرسەریی(پیشەیەکی موخابەراتیی و ئیداریی بوو) عوثمانییەکان و دواتر مورتەزیقەی کەمال ئەتاتەرک، لە مەژووی ناسیۆنالیزمی کوردیی بهێنرێتە دەرەوە. بە دەنیاییەوە دەبێ مەلا موصتەفای پیاوی موخابەراتێ ئیقلیمیی و جیهانییەکا و حیزبەکەی و کۆمەکانیشی، بەهەمان دەردی شکاک و شێخ مەحمود، بچن، چونکە ئەمان لە هەموو بنەماڵە سیاسییەکان، زیاتر ناسیۆنالیزمیان بە ئاجندا عەشیرەتییەکانی خۆیان بەکار هێناوە و بگرە هەژموونی بنەماڵەیی خۆیان، بەتەواویی بەسەر پارتییشدا، فەرز کردووە. ئەم پێوانەیەی وەلیی، بە تاڵبانیی، قاسملێ و نەوشیروان موصتەفایش دروستە، چونکە ئەمانەش ئەوەندەی غەمی ژیانی شەخصیی خۆیان و بنەماڵەکانیان بوونە، ئەوەندەی پەوەندیی موخابەراتییان هەبووە، شتێکی ئەو تۆیان بە عەشیرەتێکی گەورەی کورد نەکردووە کە وەلیی بە نەتەوەی کوردی ئەژمارد دەکات؟ دەی گرفتەکە و خەڵڵە فیکرییەکە لەڕدایە، ئەوانەی ڕەخنە لە پارتیی و یەکێتیی، لە دەمکراتەکان و کەمەکان، دەگرن و دەڵێن ئەمانە ناسیۆنالیزمیان ناشیرین کردووە، یان هەندێکیان دەڵێن ئەصڵەن ئەمانە ناسیۆنالیست نەبوون و بە تەمای ئەوەن، پاش صەد ساڵ لە فەشەلی ڕەهەندە فاشییەکانی ناسیۆنالیزم بە گشتیی لە ناوچەکەدا و نزیک بە هەشتا ساڵی فاشیزمی کوردایەتییش، دەیانەوێ ناسیۆنالیزمێکی تری کوردیی بەسەر پێ بخەن بە ماسکی ئەفەندیی-مەدەنیی-ئەکادیمیی و توەهاتی نوخبەویی، بەتەام بە مەغز هەمان فاشیزمە نەژادییەکە بێت. کەمیدیای ئەکادیمیی و مەعریفیی ئەمانە، ئەوەیە کە هەشتا، باسی خورافێی ناسیۆنالیزمی مەدەنیی و ناسیۆنالیزمی پەکەوتیان(کە مەهزەلەی ئەکادیمییە) و ناسیۆنالیزمی نوخبە! دەکەن.

کوردیەت و کوردبوون، لای عەباس وەلیی کە ئەو تەکنیان دەکات، هەوەستی سیاسیە، بەڵام بە ئێثنیسیتی(نەژادیی-عرقي) نازانێت. رەنگە بەشی هەوەستە سیاسیەکە، پەیوەندیی بە ماک و نەژادی کوردەوە نەبێت، چونکە بە دەیان هەزار کەسی تر، لە نەژادەکانی تر لەگەڵ قەضیەی کورددا (بە تایبەت لە تورکیا و سوریا)، هاوسەزن و کوردیش نیین، بەڵام گومانی تێدا نیە، کوردبوون، فەرهەنگی ئێثنیتیکیە(جواناسیە) دراوە بە کورداێتیی و بە ناسیۆنالیزمی نەژادیی کوردیی، ئەوانەی لەناو کورددا ئەم دەکەن، بە فوگری(فقر) ی فیکریی و سیاسییان دەگەڕێتەوە، هاوکات، جەرگەکە لە فەم و درکەردن لەگەڵ خوددا کە لە رووبان نایەت، راستەوخۆ، داکۆکیی لە ئیستیحماری کورداێتیی و ناسیۆنالیزمە نەژادیی و طائیفیەکەی کورداێتیی، بکەن. چەند ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ چەند نووسەر و گەنجێکدا، چەندین وتار و توێژینەمان لەسەر ئەم دەردی کوردبوون و کورداێتیە ،لەسەر جیاوازیەکان و لێکچوونەکانیان نووسیوە، وەکو پوختەیەک لەو باسانە، مرۆڤ باس لە فیکر بکات، زەر عەیبە لە پەنای سەنگەری نەژادیەوە، باسی فیکر و ئەکادیمیا و سیاسەتی مەدیرن بکات؟

بیکە بە عەرەبیی و ئینگلیزیی، باشتر ئەم مەفهومە نەژادیەی کوردبوون، رووتر دەبێتەوە. وەکو لە قورئاندا هاتووە { يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ } [الحجرات 13]، مەبەست لەوەی فەان عەرەبە، یان کورد یان فەانسیی و ئامانیە، بە تەرمە دیینییەکە(جعلناكم) بەکارهاتووە! بە واتایەکی تر، خودا مرۆڤکانی بە گەل و قەبیلە و گرووپ و زمانی جودا دروست کردووە… کەواتە کوردبوون و عەرەببوون، لە جوغزە دیینییەکەوە، لە ئیرادەی من و تەدا نیە، ماکێکی لاهووتیە و قەدەرێکە لە دەرەوەی ئیرادەی ئەو مندانەی لەناو ئەو هەز و خەە و گرووپانەدا لە دایک دەبن. بیکە بە ئینگلیزیی، being a Kurd، نەک هەر مانایەکی ئیستیدلالیی سیاسیی و کەمەایەتیی ناگەیەنێت، بەڵکو لە تەرجەمەی گووگلیی دەچێت. لە ئەدەبی ئینگلیزیی، عەرەبیی و فارسییدا، کاتە باس لە نەژادی نەتەوە و گرووپەکان دەکرێت، یان باس لە مەظلومییەت و چەوساندنەوەی ئەو گرووپە نەژادییانە دەکرێت، چەمکی ئێثنیسیتی(العرقية و قوميت) بەکاردەهێنرێت، نەک رەگە دیینیی یان سروشتیەکەی، بە واتایەکی تر چەمکە ئیلاهیەکە(ئەگەر موتەدەین بیت) یان چەمکە سروشتیەکە(

ئاگر مولحید بیت)، بەکارناهێنرێت، چونکە لە باری فیکریی و مەعریفییەوە، زۆر وڕانیە و مەگەر بەس مێنتالیتییەی نژادپەرستییەکەی ڕەشنبیری کورد و ئینتەلەجێنسیای نەرجسیی کوردی تاراوگە، بتوانێت، غەزەلی سیاسیی پێوە بکات. هەر بە فیعلییش، عارەکی فیکریی و زمانیی گۆڕیە، ئەکادیمیستی کورد، بە خەدزیینەوە لە بەکارهێنانی ناسیۆنالیزمی نژادیی-کوردایەتیی، چەمکی کوردبوونی پێ لە ئێتنیسیتی، بەکاربهێنێت؟

ئەماس ئەریکسن، لە کتێبی ئێتنیسیتی و ناسیۆنالیزمدا 2002، پێیوایە کە چەمکی نژاد و ناسیۆنالیزم، بە تایبەتییش بڕیەکەوتنە نژادییەکان لە شوێنە جیاوازەکانی سەرزەمیندا، لە هەشتاکان و نەوەدەکانی صەدەی ڕابردوودا، ڕۆژی ئەو سکەلارانەی لەسەر ناسیۆنالیزمی نژادیی قسەیان کردووە، بەرەو زەربوون بردووە. هەموو ئەمانیش، ڕاستەوخۆ، پەیوەندییان بە زانستی سیاسیی، مێژوو، سوسیۆلۆجی و ئینتڕپۆلۆجیای کەمایەتیی گرووپە ئێتنیکییەکانەوە هەیە و هەموویشیان، سەر بە ئاقارە نژادییەکانی ناسیۆنالیزم دەکوتن. بە گشتیەوە بە بچوونەکەی عەبدولجەبار، ئەم پێنابردنە بە جوانکردنی چەمکی نژادیی لەبن بنچکی"کوردبوون"دا، هەر گشتیەوە بە ناسیۆنالیزمە نژادییەکە و لەڕشەدا، بە دیاریکراویی بە کوردایەتییە موقییتەکە (abhorrent) . بەهەوای ناسیۆنالیزمەوە، بە سەربەخۆشیی و بە حەماسەوە، ئەم نژادییانەی کورد، بە تایبەتیی مەریوانی وریا قانع، پێیانوانە کە چەن تورک، وەکو کورد پێلارمان دەدەن، دەبە ئەمەیش وەکو کورد دیفاع لە خەمان بکەین؟ بە زمانەکی خاکیی، دەڵێن، پێویستە شتەکە بکەین بە شتەی نژادیی و بکەوینە قەکردنی تورکەکانەوە!

لە واقیعدا، ئەوانەی پێیانوایە کە هەندە نووسەر و گەنجانی کوردستان، خودنەفرەتییان لە کورد هەیە و خەیان بەکەم دەزانن، ئەوە بییرکردنەوەی کۆشەیی و ستەریەتاپیانەیStereotype خەیانە و لە جوغزی عەقڵە نژادییەکەی خەیانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ناوەوە، حیقد و بوغزی نژادییان تێدایە و هەست بە ننگیی نژادیی Ethnic Stigma خەیان دەکەن و زەرجار ، روو بە دەرەوە، ئەم ننگییە بە تەحقیر contempt بەرامبەر نەتەوە و نژاد و گرووپە کەمایەتییەکانی دراوسێی کورد، دەردەبڕن. ناسیۆنالیزمی دایسپۆڕی کوردی کوردستانی عێراق و ئێران، پە پێیەتی لەم توخم و مەعدەنە نژادییانە.

ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە جەعل و بوونی تە ئەوەیە کە

کوردیت و زمانت کوردیی(بە دڕ لەوی کورد، بووە بە خاوەنی چەند زمانی لە یەک جودا، نەک چەند دایالێکتێکی سەر بە یەک زمان)، بونیاد و ستراکتەرت کوردیی، ئیتر تەی کورد، موعارەزی بە ئەوی لەسەر زمانەکەت، یان نەژادەکەت، یاخود گرووپە کەمەایەتییەکەت، بەر حوکمی سیاسەوە بکەویت لە کوردستانی عێراقدا! ئەمە وەڵای ئەوی دڕیەکی زەر گەورەی مەژووییە، وەڵای ئەوی ئاوکردنە لە ئاشی چەتگەرییەکەی کوردایەتیی و بیزنسە دیان میلیارد دۆلارییەکانی رائیدەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە نەژادیی-طائیفییە کوردییە، لە هەمان کاتیشدا، جەختکردنەوەیە لەو تەحەییوزە نەژادییە(ئێتنۆسەنتریزم- Ethnocentrism) ی هەندە نووسەری نەرجسیی کورد، بە دەردەدیی بییرکردنەوە شاعیریی و نەژادییەکانی خیان، هەمیشە خیان دەخەنەوە و لە ناوەوە، زیاتر خیان کڵەر دەکەن و عاقیبەتیش، بە ناوی یەکییزیی، کوردبوون، خوێنی کورد،ڕەنگی کورد ، ئەندامی نەرینە و مەینەی کورد و صەدای کوردەوە، هەمیشە، بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، داکەکیی لە مانەوی قەوارەی ئەم دزە گەورانەی کوردایەتیی دەکەن و سەنگەربەندیی ئێتنۆسەنتریزم لە گەلان و نەژادەکانی تر دەگرن. ئێتنۆسەنتریزمەک کە هەمیشە پەوەندییەکی ئەرگانیی و ئولفەتێکی توندی بە راسیزم و فاشیزمی نەتەوەییەوە هەیە.

ئەمەی سەرەوە، بەشی سێیەم و کۆتایی بوو لە زنجیرە وتاری(کوردبوون و کوردایەتیی، چەشتی مجۆری نوخبە نەژادییەکان)

Erikson, T.H,(2002) Ethnicity and Nationalism,2nd .edn. London: Pluto Press

---

هەرەمی کوردستان: لە نێوان قەیران و شەشدا … ئازاد ئارمان

حکومەتی عێراق و هەرەمی کوردستان بە قەیرانێکی قووڵی سیاسی، ئابووری و ئیداریدا تێپەردەبێت. ئەم قەیرانە تەواوی جوگمەکانی

کۆمەڵگای عێراق و کوردستانی گرتۆتەوە. لە سەکتەری تەندروستی بگرە تاوەکو خزمەت گوزارییەکانی وەکو ئاو، کارەبا پێوەردە ....هتد. سەرەرای ئەمانەی سەرەوەش کە چەندین ساڵە بەردەکی بەر کۆمەڵانی خۆکی کرێکار و زەحمەتکێش گرتووە. ئەم ئەزمەیە تەواوی کۆمەڵگای لە لێواری هەژاریەکی بێ وێنە و مەرگ و کارەساتی هەموو رۆژە بردووە. هاتنی پەتای قایرەسی کۆرۆناش ئەزمەکەی چەندین بەرابەر قوولتر کردۆتەوە و حکومەتی هەرێم بە بنبەستی تەواو گەیشتووە و هیچ جوڵەیەکی نەماوە تەنها دەزگا سەرکوتکار و چۆسێنەرەکانی چالاکن لە دژی جەماوەری نارازیی.

لە بەرامبەر ئەم هەلومەرجە نالەبارو کارەستبارەدا کە کۆمەڵگای کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت. دوو تێروانین و دیدگای سەرەکی لە بەرامبەر ئەم ئەزمەیەدا دەبینرێت و زۆق خۆی نیشان دەدات. تێروانینێک پێی وایە مادام بێکاری رۆژێکی بەرزی وەرگرتووە و تەواوی کرێکاران و کارمەندان موچەبراوکراون و خزمەتگوزارییەکان لە سفر نزیک بوونەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی بەرژوازی کۆلۆنی تێکۆتووە و ...هتد.. ئەم ئەزمەیە راستەوخۆ بەرەو شەش و ڕاپەرینی جەماوەری دەچێت و دەبێت ئەرکەکانی خەمان بێ ووەدانی ئەم شەشە ئامادە بکەین. ئەم دیدگایە تەنها تایبەتمەندی کورستان نییە و بەڵکو لە ئاستی جیهانیشدا لە دوای شەشی فەرەنسییەوە تاوەکو ئەمڕۆ وجودی هەیە بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ئەزمانە لە هەندێک دەورانی مێژوویدا نێک بەرەو شەش هەنگای نەناوە بەڵکو لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا بووە هۆی هاتنە سەر کاری چەندین دەسەڵات و رژێمی فاشیست لە ئەوروپا. بە کارەساتی مرۆیی کۆتایی هاتووە. هەکارەکەشی نەبوونی ئەلتەرناتیفێکی شەشگێرانە و کارساز بووە لە مەیدانی عەمەلیدا.
دیدگای بەرامبەر یاخۆد تێروانینی دووەمیش پێی وایە سنوربەندییەکی تەواو هەیە لە نێوان قۆیران و شەشدا و هەمیشە پێداگری دەکات لە سەر داخوازییە ئابووریی و سیاسیەکان لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا. ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەزمە و قۆیرانەکانی سەرمایەداری چەگەلە بەبستەت بەرەو شەش و ڕاپەرین.
هەڵەی ئەم تیۆر و تێروانینەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت تەنها ئەم لایەنەی ئەزمەی سەرمایەداری دەبینێت کە کە لە سەرەوە نموونە گەلێکمان هێنایەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەزموونی سەد ساڵی ڕابردوو ئەوەشی نیشانداوە کاتێ سەرمایەداری دەکەوێتە ئەزمەو و قۆیرانەوە هەموو جارێک بە سەلامەتی لەم ئەزمەیە ڕزگاری نابێت. قۆیرانە تازەکانی ئەم دوایانەی ڕژێمە سەرمایەدارییەکانی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو تونس و میسر لیبیا و سوریا … هتد. نیشانی داوە کەمەڕگا هەموو کات ناتوانێ ریفەرم و چاکسازیی لە چوار چێوەی هەمان دەسەڵاتدا قبوول بکات. و داوا و پراکتیکی گەلانی شۆشگێڕانەی دەوڵەت. ئەگەر بە کەنکریتیش قسە بکەین لە سەر ئەم قۆناغەی لە کوردستان لە ئارادایە. دەبینین باڵە بەرژوازییەکان بە ناسیونالیست و ئایینی و نیولیبرالییەوە بە ڕەگرتن لە قولبوونەوەی ئەم قۆناغە چەندین بەربەست دەخەنە پێش گەلانکاریی بنچینەییەکانی جەماوەری نارازیی لەوانە: گەرانەوە بە بەغدا، هەڵبژاردنی پێشوەخت، کەنگرەی نیشتیمانی و شۆڕشی سپی و چەندینی تر.

ئەڵتەرناتیڤی بەڕەی کرێکاران و جەماوەری ملیانی لە خوارەوە دەتوانێ ئەم قۆناغانە بە قازانجی بەڕەی کرێکاران بشکێنێتەوە و تورەیی و نارەزایەتی جەماور بەرەو هەڵکشان ببات و هەنگاو بە هەنگاو سەنگەر لە دەسەڵاتدارن بگرێت و هێزمووندی شۆشگێڕانە لە ناو جەماوەری نارازیی پەرە پێبدات لە خۆپیشاندانی سەرانسەریەوە هەنگاو بنێت بە مانگرتنی گشتی و تاوەکو وەلانان و ئامالینی ئەم دەسەڵاتە بگرن و بنەماڵەیی یە. نابێت تەنها تەکەشانی بەرتەسک بکاتەوە لە چوارچێوەی خەباتی ئابووری و داخوازییە هەنوکەییەکان، بەڵکو گرنگە دەبێت وەکو بزووتنەوەیەکی شۆشگێڕانەی سیاسی دەرکەوێت و هەست نەستی جەماوەر بەرەو لای خۆی ڕاکێشت هەنگاو بە هەنگاو لە گەل جەماوەری نارازیی بێت زەر لە پێشیانەوە نەبێت لە بزووتنەوەکە دوورکەوێتەوە. لە هەمان کاتدا پایەکانی دەسەڵاتداریی دیموکراسیی کرێکاران لە خوارەوە وەکو (شورا کرێکارایەکان، کەمەڵە هەرەوزییەکان، کەمونەکان) یان هەر ئامرازێکی تری عەمەلی و کارساز بنیاتبنێت. مەرجی کەتاییش بە سەرکەوتنی کرێکاران و کەمەڵانی ملیانی خەڵک لە خەباتی بەردەواميیان دا بوونی هێزێکی پێشەنگە.

22/08/2020

گەڕان بە دوای سەربەستیدا لە ڕەمانی ژنەکان وەاتییان نییە … سەدیق سەعید ڕواندزی

لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی،هەمیشە ژن بوونەوەرێکە کە تەنها لە خزمەت تێرکردکردنی زایەندەکانی پیاودایە.لە دیدگای بەشێکی زۆری پیاوی ڕۆژهەڵاتیدا،ژن تەنها لە پێناو پیاودا بوونی هەیە. ئەم ڕوانینە، بەرهەمی بیرکردنەوە و ڕوانینێکی تایبەتە،کە بۆتە بەشێك لە پاشخانی هزری زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگەکە لە زۆرکاتدا پەیوەندی بە نەتەوە و جواگرافیاو کولتووری دیاریکراوی نەتەوەیەکیشەوە نییە. بەڵکو لە زۆرجێگەدا بوونی هەیە. دەستکاریکردنی ئەو ئەقڵیەتە و گۆڕینی ئەو ڕوانینە کەبۆوای بە سەربەستی و ئازادییە بۆ سنووورەکانی مرۆ هەبێت، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و هزری گەورەی دەوێت. چونکە لە دیدی ئەواندا،سەربەستی و ئازادی ژن، دەبەسترێتەوە بە دەرچوون لە نەریت و سنووورەکانی کۆمەڵگە. بەڵام ئاخۆ سەربەستی ژن لە ڕۆژهەڵاتدا، هەروا بە ئاسانی، بۆ گرفت و شکانەوە ودەستدرێژی دەچێتە سەر؟.

ڕەمانی(ژنەکان وەاتیان نییە)چیڕۆکی ژنێك بە ناوی(خەجێ خەیاڵاوی)دەگۆڕێتەوە.کە کوردستان جێدەهێڵێت و دەچێتە نەرویج. دەسپێکی ڕۆمانەکە، بە گەیشتنی خەجێ بۆ ئەوروپا دەست پێ دەکات.بەڵام ئەمە دەسپێکی ڕووداوەکە نییە.لێرەدا ڕۆمانووس لە ڕێگەی مۆنتاژی سینەمایی و تەکنیکی فلاشباکەوە،ڕووداوەکان بەیەکتری دەبەستێتەوە، ئەو نەیویستووە کەی ڕووداوەکان لەسەر یەك هێڵی گۆڕانەوە بگۆڕێتەوە،لە سەرەتاوە تا کۆتایی. چونکە ئەوکات نە خوێنەر چێژی لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە وەردەگرت،نەدەبووەجێگەی پرسیارو ڕامانیش لای. بەڵکو دوای ئەوەی دەگاتە خۆرئاوا،ئەو کات لە ڕێگەی دیمەنی جیاوازەوە، دەگەڕێتە ژیانی منداڵیی خۆی و جەنگ و نەهامەتییەکانی برسییەتی و ژیانی سەختی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، تا بە ئەزموونە کەسی و خۆزانییەکانی خۆی دەگات، پاشانیش جەهێشتنی نیشتمان.
کارەکتەری ڕۆمانەکە، لە پێناو گەیشتن بە سەربەستیدا، لە پێناو شەی خود و داکۆکیکردن لە بەهای بوونی خۆی وەك مرۆڤێك نەك ژنێك،لە ململانێیەکی گەورەی ژیاندایە.خەجێ بۆ ئەوەی ژیانێك هەبژێرێت کە خۆی دەیەوێت، نەك بۆی هەبژێرن،سەرەتا دەبێ هەموو

ئەو تەوق و سندمانە بپچڕنێت، کە ژیانی ئەویان لە هەزار لاوە بەستێتەوە. بە تایبەتیش کە هەموومان دەزانین ژیانی ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەرگیز وەکو ژیانی هەگەزەکەی تر نییە. ژنبوون لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەر تەنها هێما نییە بۆ بوونی مرۆڤێك، بەڵکو شوناسێکی گەورەتری هەیە،کە ئەویش خێزان و بنەماڵە بەرجەستە دەکات. بەو مانایەی، مێالی ژن،هەر تەنها مێالی خێ نییە،بەڵکو مێالی هەموو ئەوانەیە،کە لەووی خوێن و نەژادەوە دەچنەوە سەری.بۆیە پارێزگاریکردن لەو مێالە، پارێزگاریکردنە لەو شوناسە. ئەم شوناسە چۆن دەپارێزرێت؟بەگومان بە سنووردارکردن و دیاریکردنی مەوداکانی ئازادی ژن لەو چوارچێوە ئەقڵی کۆمەاڵیەتییەی کە بۆی دەکێشرێت.بۆئەوەی ژنیش بتوانێت سنووری ئەو سەربەستییە دەستکرد و نەخشێنراو و کۆنکریتییە ببڕێت، دەبێ یاخی بێت و بە گژ هەموو شتێك دابێتەوە،کە بوونەتە نەمی کۆمەڵگە. لێرەوەش خەجڵی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، یاخی دەبێت و پشت لە هەموو شتێك دەکات.

سەرەتای ئەو یاخیبوونە، بە جێهێشتنی ماڵ دەست پێ دەکات. بەگومان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ماڵ بە مانای شوناسی ژن و ژیانی بچووك کراوەی ژن.تەنانەت زۆرجار دەگوترێت:(ژنێك بینە باببیتە ماڵ). ئەم دەربڕینە، خێ لە خێدا، بەرجەستە کردنی شوناسی ژنە لە ئاستی بووندا. ماڵ بۆ ژن، هەر تەنها ڕووبەرێکی بچووك کراوەی کۆمەاڵیەتی و فیزیکی نییە، بەڵکو هێمایەکیشە، بۆ سنووردارکردنی سەربەستی ئافرت.بۆیەشە دەبینین، ژن و ماڵ تەواو کەری یەکترین و بە داخەوە بەشێکی زۆری ژنانیش، وەها بیردەکەنەوە.ماڵ پیرۆزییەکی کۆمەاڵیەتی و پەروەردەیی هەیە بۆەگەزی مێ، جێهێشتنی ماڵ، گەورەترین لادان وناپاکی و هەڵەیە، کە ژنێك پێی هەبستێت. دەرچوون لە ماڵ،واتا دەرچوون لە هەموو ئەو بەها خێزانی و مێالی و کۆمەاڵیەتییانەی، کە دواجار مانایەك و بەهایەك بە بوونی ئەو خێزانە دەدەن لە ئاست ئەوانیتر. لێرەوەش کاتێ دەبینین ژنێك بە ئارەزووی خێ لەگەڵ پیاوێك دەڕوات و ماڵ جێدەهێڵێت، ئیدی تەنها سێنەوە و کوشتنی ژنەکە، ئەو مانا و بەهایە بۆ خێزان دەگەڕێنێتەوە.

بۆیە گەیان بە دوای سەربەستی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەاڵتییەکاندا بۆ ژن، هەر تەنها داماڵینی فۆرمێکی دیاریکراو و یاخیبوون نییە لە ئاست شتێك، بەڵکو هاتنەوەیە بەگژ هاوسەر، ماڵ، خێزان و کۆمەڵگە، کە ڕەنگە دواجار باجەکەی خوێنیش بێت. خەجێ دەزانێت سەرەتای ئەو هەنگاوە، بە جێهێشتنی ماڵ دەبێت، بۆیە کاتێ لە نێوان ڕق و

تووەیی دایك و خوشكەكانی و غەزەب و شەهامەتی پیاوانەی براكانی ماڵ جێدەهێشت، دەزانێت ئەمە كۆتایی هەموو شتێك نییە، بەڵكو دەسپێكی گەڕانە بە دوای سەربەستییەك كە پێویست دەكات لەگەڵیدا كەمەگە و نیشتمانیش جێبهێشت. بۆیە لەدوای جێهێشتنی چوار دیواری ماڵ، سنووركی گەورەتر دەبینێت، كە ئەویش سنووری كەمەگە و جوگرافیایە. لەوێوەش دەڤاتە ئەوروپاو لە نەرویج دەگیرسێتەوە. بەڵام ئایا خەجێ خەیاڵاوی بە گەیشتنی بۆ نەرویج، ئیدی هەموو خەونەكانی هاتنە دی و گەیشتە ئەو خۆشبەختییەی خۆی دەیویست؟ یەكێك لەو وێنانەی لەو ڕۆمانەدا، ئەژین بەزمانێكی سادە، بەڵام بە قووڵایەكی فیكرییەوە كاری لەسەر دەكات، هەڵگرانەوەی ئەو وێنە ئەبستراكت و بەهەشتییە بۆ خوێرئاوا كە لە هزری زۆرێك لە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و كوردیش وەك بەشێك لەو جوگرافیایە بوونی هەیە. وێنەیەك كە خوێرئاوا یەكسان دەكات بە بەهەشت و نرخ و بەهایەكی هێندە گەورە و ئایدیالی پێ دەدات، كە هیچ ناشرینی و خەوشێك لەخۆناگرێت. خوێرئاوا بە گشتی لە دنیابینی بەشێكی زۆری مرۆڤی كورددا، بەهەشتێكی بونیادنراوە لە سەر زەوی كە بوون و ژیان تیایدا بۆ گرفت و كێشەن. ئەم وێنە جوان و خەیاڵییە تا ئەو شوێنە بردەكەن، كەنابنە بەشێك لە واقیع و ژیانی كرداریانە لە خوێرئاوادا. هەر كاتێك ئەو وێنە ڕوئیا كراوە، لەخەیاڵەوە بووە واقیع، ئیدی مرۆڤ هەست دەكات، شتێكی جیاوازتر هەیە لەوەی كە پێشبینی دەكرد. خەجێ خەیاڵاوی، ئەگەرچی تووەیە لە ماڵ، لە نیشتمان، لە هەموو بوونێكی نێو ئەو جوگرافیایەی ناسنامەی ئەو پێكدێنن، بەڵام لە یەكەمین چركەی گەیشتنی بە نەرویج، هەست دەكات كە ئەویش بەر وێنەیەكی دیكەی جیاواز و پارادۆكس دەكەوێت لە وەی كە خەونی پێوە دەدیت. لە خوێرئاواشدا، لە نەرویجی سەهۆڵبەندانیشدا، خەجێ هەمان ئەو كەسەیە كە لەنیشتمان بوونی هەبوو، بەڵام بە بەریەككەوتنی جیاواز. لە میانەی ئەو بەریەككەوتنەدا، ڕۆمانووس گومان دەخاتە سەربەشێكی ئەوچەمكانەی، كەهەمیشە وەك سیمایەكی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی و سەربەستی، دەدرێنە پاڵ خوێرئاوا. خەجێ بەشێك لەو بەهەشتە خەیاڵییە، پووچەڵ دەكاتەوە كە هەمووان خەونی پێوە دەبینن. ئەویش كاتێ خۆی وەك تارمایەك لە نێوان ئەو هەموو مرۆڤانە دێتە بەرچاو. ئەو لە شەقامدا هەزارەها ئاژەڵدەست وژینگە دەست مرۆڤی جیاواز دەبینێت، بەڵام هەمووان دواجار خەجێ وەك تارمایەك دەبینن و بەلایدا ڕەت دەبن، وەك ئەوەی هەر مرۆڤیش نەبێت. ئەوەی لێرەدا بەهایەك بەبوونی ئەو دەدات ئیقامەیە. واتا نااسنامەیەكی بچووك، كە بە هێیە و پێگەیەك دەداتە هەبوونی ئەو لەوێدا. خەجێ بەوای وابوو بە جێهێشتنی نیشتمان، لە سەربەستییەكی سنووردارەوە دەپەڕێتەوە سەربەستییەكی

بۆ سنوور، بەڵام ئەم سەربەستییە تەنها بۆ ئەوانە مانای هەیە، کە بەشێکن لە بوونی ئەو نیشتمانە و ئەو ناسنامەیە.کە خەجێ نیشتمانی خۆی جێدەهێڵێت،لە پێناوی ئەوە نییە کە نەرویج دەکاتە نیشتمانی هاستەقینەی خۆی، یاخود ئەو جێهێشتنە، گۆڕینی سنووردێك نییە بە سنووردێکی دیکە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەو بەربەستانەی ئازادی ئەو وەك مرۆڤێك ودواتریش وەك ژنێك سنووردار دەکەن.ئەو دژی ئەو سنووردارکردنە ئایینی و نەتەوەیی و هەگەزیی و نیشتمانییە،کە هەیە.

بەبۆای خەجێ، نابێ هیچ سنووردێك بۆ مرۆڤ لە هەرکۆمەڵێکی ئەم دنیایە بێت، بوونی هەبێت. نەبوونی سنوور بۆ سەربەستی مرۆڤ، بەو مانایە نییە کە چیت دەوێ بیکەیت، وەك ئەوەی بوونی ژنێکی سەربەست لە ئەوروپا بە بەڵەلایی دەزانین و دایکی خەجێش بە تووڕەییەوە لە تەلەفۆن بەو دەڵێت:(تۆبە تەنیا لە ئەوروپا چ دەکەیت).بەڵکوخەجێ نایەوێت دواجاربوونی ئەو وەك مرۆڤێك بچووك بکرێتەوە لە ناسنامە.لێرەوەش ئەو بۆچوونەی ڕاسەمان بیر دێتەوە کە جەخت لەسەر لە دایکبوونی مرۆڤ بە سەربەستی دەکاتەوە، بەڵام دواتر ژیان ئەوسەربەستییەی لە قاڵب دەدات. خەجێ کە دەگاتە نەرویج، وا هەستدەکات ئیدی ئەو وەك مرۆڤێك سەربەستە،چونکە هەمیشە ئەوروپا وەك هێمای سەربەستی و ئازادی دەبینین،بەڵام لەوێش ناچارە بە هەشی بژیت و بە هەشی کار بکات و بە هەشیش بخەوێت.بوونی خەجێ لەوێ بەستراوەتەوە بە بوونی پارچە کاغەزێکی مردوو، کە تەنها ڕۆگەی پێ بدات وەك مرۆڤ بژیت.
ئەم پارچە کاغەزە دەبێتە مایەی پرسیارێکی قوڵ بۆخەجێ،کە چۆن دەبێت لەو ئەوروپایەی بەلانکەی هاووڵاتیبوون و ئازادی دەناسرێت، مرۆڤێك لە چاوەڕوانی وەرگرتنی ئەم پارچە کاغەزە، کە مافی نیشتەجێبوونی پێ دەدات، لە چاوەڕوانیدا ڕۆژەکان بە یەکتری بسپێرێت.مەگەر لێرەش سنووردێك بەسەربەستییەکانی مرۆڤ هەیە؟ئەگەرهەیە دوورکەوتنەوەی خەجێ لە وڵات چ مانایەکی دەبێت؟لە بنەڕەتدا خەونی خەجێ گۆڕینەوەی شوێنەکان و سنووڕەکان نییە بە یەکتری، بەڵکو گەڕانە بە دوای سەربەستییەك کە مرۆڤ لە ژێر هیچ پاساوێکەوە دیل نەکات.

ئەگەر خەجێ لە کوردستاندا لە بەر ستەمی پیاوسالاریی ونەبوونی ئازادی بۆ ژیانی خۆی و توانجەکانی کۆمەڵگە، هەستی بە سەربەستی نەکردبێت، ئەوا لە نەرویجیش لە بەر نەبوونی مافی مانەوە، ئەو سەربەستییەی نییە کە خۆی بە دوایدا وڕەبکو لەوێش جۆرێکی

دیکەی سنوور هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە و بەپاساوێکی دیکە.کە ئەمەش بۆ ئەو جێی پرسیارو ڕامانە.ئەو دواجار دێی بە وەرگرتنی ئیقامە خۆش دەبێت، بەڵام هەست دەکات هەمان خەجێی جارانە و هیچ شتێك نەگۆڕاوە. بگرە بڕتە ڕێبەرێکیش.لێرەدا دەمەوێت وەك خوێنەرێك لە سەر بەریەککەوتنی خەجێ، وەك کارەکتەرێکی کورد و ژنێژهەڵاتی، هاوکات ژنێکی بوێرو سەربەست و ئازادیش،بە نەرویج و خۆرئاوا بەگشتی بوەستم.بڕگومان بەریەککەوتنی خەجێ بە خۆرئاوا،بەریەککەوتنێکی جوگرافی و کولتووریی و ژینگەیی نییە، کە سەرەنجام بە غەریبییەکی گەورە و کوشندە کۆتایی دێت، وەك ئەوەی لە بەشێکی زۆری ژنانی کوردی و مرۆڤی کوردی ئاوارەبوو بەگشتی دەیبینین.ئەم بەرکەوتنە، بەرکەوتنێکی ڕوحی و مرۆڤانەیە.

ئەژینی نووسەری ژنانەکە،هێندەی مەبەستیەتی وەك سیسیلێژستێك،لە سەر ڕەهەندی ڕوحی مرۆڤی خۆرئاوایی بوەستێت،هێندە جوانی و داهێنان و ژیاریەکانی نەرویجی بەلاوە گرنگ نییە. گەرچی لە هەندێ شوێنی ژنانەکەشیدا، وەسفی ئەو جوانیانە دەکات.ژنانووس مەبەستیەتی، لە سەرهزرو قووڵایی دەروونی مرۆڤەکان بوەستێت،جا چ مرۆڤی کورد بێت، یان خۆر ئاوایی.بۆنموونە:کاتێ وەسفی ماڵی خاڵ و خاڵژنی دەکات،دەڵێت:(لە شوێنێکی بەرزو جوانی سەرشاخێك بوو). ئەم جوانییە دیکۆرییی و ڕاگوزەرییە، بۆ خەجێ نە دەبێتە جێگەی پرسیار،نە سەرنجیشی ڕاکێشیت،بە پێچەوانەوە ئەوەی بۆ ئەو دەبێتە جێگەی هەڵوەستە کردن، پەیوەندی خاڵ و خاڵژنی وەك دوو مرۆڤی کورد و کەشی ژنێژهەڵاتییانەی نێو ماڵەکەیە، دوای ژیانکردنیان بۆ ماوەی بیست ساڵ لەو وڵاتە. کە پێ لە دەمەقاڵێ و نەبوونی سەربەستی و شکانەوەی یەکتری.ئەژین لێرەدا، دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت،کە چۆن بەشێك لە مرۆڤەکان،وەرای ئەوەی تێکەڵ بە ژیان و کولتووری خۆرئاوایانەش دەبن،بەڵام هێشتا ناتوانن، ببنە مرۆڤی ئەوکەمەگەیە. ئەو ناراستەوخۆ ڕەخنە لە ئەقڵی پیاو سالاریی بەشێك لە پیاوی کورد دەگرێت،کە پێی گۆشکراوە و زەمەن و شوێن و جوگرافیای جیاواز، ناتوانن بیگۆڕن و بیسڕنەوە, بۆیە کاتێ هەست دەکات کەشی ئەو ماڵە هەمان ئەو فەزایەیە کە ئەو لێی هەڵاتووە، ئیدی ئەوێ جێدەهێڵێت و لەگەڵ هەوری کوێی دەچێتە ئاپارتمانێك و بە تەنها دەژی. لەلایەکی دیکەوە خەجێ لەبەرکەوتنی بەو وڵاتە، مرۆڤی خۆر ئاوایی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە هەمیشە ئەوێ وەك هەمایەك بۆ مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی دەبینرێت، کەچی کاتێ ئەو ژیانە لەوێ ئەزموون دەکەی، ئەم واقیعە پێچەوانە دەبێتەوە.واتا ئەوێش نابێتە شوێنێك بۆ ژیانێك کە ئەژین لە ڕمانەکەیدا بە دوایدا دەگەڕێت.

بۆنموونە: ئەوانەی بۆوانامەی بەرزی یاسایان هەیە، چونکە بە هەگەز هاووڵاتی ئەو وڵاتە نین،ئیدی دەبێ توالێتەکان پاك بکەنەوە.سەربەستی و بوونی مرۆڤیش دەبەسرێتەوە بەوەی کە تێ زمانی دایکت نەرویجییە یان زمانی دووەمە.بەمەش هەمانووس ئەو بەرواردکاریە کەمەایەتی و ژیاریە دەکات و دواتریش دەپرسێت، مرۆڤ لە کوێوەی ئەوجیهانەوەیە؟ ئەگەر لە کوردستان خەجێ ئازادی نەبێت، ئەوا لە نەرویجیش بوونی لە پارچە کاغەزێك دەبینرێت،واتا بە جۆرێك لە جۆرەکان لەوێش ئازاد نییە،ئەگەرخەجێ لە کوردستاندا،لەبەریەککەوتن دابێت لەگەڵ نەبوونی سەربەستی و نەمە کەمەایەتییەکان وئەقڵیەتی پەتریاکی، ئەوا لە نەرویجیش لە هووی هوحییەوە لە بەریەککەوتندایە لەگەڵ مرۆڤگەلێکی جیاواز. سەرەنجام خەجێ لە نێوان کوردستان و نەرویج دڵش دا ئەمێنێت،بەڵام نەگەیشتێتە کۆتایی پرسیارەکانی.لێرەوەش ئەو خوێنەرەی پێی وایە کۆتایی هەمانەکە کۆتاییەکی لاوازە، یاخود بۆ خوێنەر جێی سەرنج نییە، بە بۆای من لە ناوەڕۆکی ئەو هەمانە نەگەیشتووە.چونکە هەر خوێنەرێك بە وردی هەمانەکە بخوێنێتەوە، دەزانێت ئەوەی کۆتایی دێت،هەمانەکەیە نەك هووداوەکان. ئەم هەمانە کۆتاییەکی کراوەی هەیە، کە هەنگە هەمانووس مەبەستی بێت، درۆژە بە هووداوەکان بدات، چونکە خودی هووداوەکان بەو پرسیارە کۆتایی پێ دێنێت کاتێ دەڵێت:(ژنەکان وڵاتیان نییە، کۆ وڵاتی هەیە).بۆیە هەمانووس مەبەستیەتی بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بچێت.

پرسێکی دیکەی نێو هەمانەکە کە دەمەوێت لە سەری بوەستم، پرسی خۆزان و هاوسەرگیرییە کە لە هەمانەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێت. بەگومان لە کەمەگەی ئێمەدا،هاوسەرگیری ئەوپەیوەندییە کەمەایەتی و خۆزانیی و پەروەردەیەیە، کە تیایدا پیاو دەبێت بە سەنتەر. ئەم پەیوەندییە هەمیشە بە جۆرێك دروست دەبێت، کە هەر دووهاوژین،بە تایبەتیش پیاوان ئەوەندەی مەبەستییانەژن بوونێکی هەبێت وەك ئەوەی خۆیان دەیانەوێت، ئەوەندە یەکتریان ناوێت وەك ئەوەی هەنە. بە دەربڕینێکی تر، پیاو یاخود بەشێکی زۆر لە ژنان، وا بیردەکەنەوە هاوسەرگیری یانی موڵکداریەتیکردنی یەکێکیان، کە ژن دەبێتە موڵکی پیاو، ئیدی ئەو بۆیار لە سەر چارەنووسی مرۆڤێکی دیکە دەدات کە هاوتای خۆیەتی و لە پەیوەندییەکی خۆزانیدایە لەگەڵی. ئەژین لە بنەڕەتدا، دژی ئەوەیە هاوسەرگیریی ببێتە مایەی زەوتکردنی سەربەستی مرۆڤ، ئەگەر چی لە کەمەگەی ئێمەدا، هوانینێکی نێگەتیف هەیە بۆ ئەو سەربەستییە.

لە هوانگەی خەجێی کارەکتەری هەمانەکە، سێکس هەر تەنها،بەریەککەوتن و ئاوێتە بوونی دوو جەستە نییە، جەستەی ژن

کاتێك نییە، تەنها بۆ شمشێری پیاو، بەڵکو لە بەرای هەموو ئەمانەدا، ئاوێتە بوونی دوو ڕوحە. هەر کاتێك ئەو دوو ڕوحە لە یەکتری ترازان، شتێك نامۆتەوە بە ناوی پەیوەندی هاوسەرگیریی و خێزانی.خەجێ چونکە بەرلەوەی جەستەی لە هاوسەری پێشووی جیابۆتەوە، ڕوحی لێ جیابۆتەوە، ئیدی کاتێ کرداری سێکسی ئەنجام دەدەن، لە پێمەی گریان دەدات، چونکە خێی وەك داگیرکراوێك و هاوسەرەکەشی وەك داکیرکەرێك دەبینێت. خەجێ دەیەوێت لە بەرای هەموو شتێکدا،سەربەستی هەبێت.هەر پەیوەندییەك بە زەوتکردنی ئازادی و سەربەستی مرۆڤ کۆتایی بێت، دواجار زیندانیکردنکی دیکەیە. بۆیە ئەو شەوەی خەجێ پەیوەندی لە گەڵ هاوسەرەکەی لە ڕووی جەستەیی وغەریزەییەوە کۆتایی پێ دێنێت، خێی دەڵێت:_((کە ئەو شەوە زێرِ ئاسوودە بووە)). لێرەوەش دەبینین،کاتێ خەجێ پەیوەندی لە گەڵ سبەستیانی هاوماڵی دەبەستێت و ئەویش داوای لێ دەکات کەمندالییان هەبێت، خەجی بە تۆندی ئەو داوایەی ئەویش ڕەت دەکاتەوە.

چونکە لە ڕوانگەی ئەو،ژن ئەو فابریکایە نییە کە تەنها ئەرکی منداڵ خستنەوە بێت، یاخود پەیوەندی هاوسەریی و هاوژینی، ببێتە ئەقەیەك بۆ بەستنەوە و زەوتکردنی سەربەستی مرۆڤ. بۆیە خواست و کێشەی خەجێ ئەوە نییە، کە لە ئەوروپا بە دوای حەزەکانی کەوتبێت، وەك ئەوەی دایکی وا تێگەیشتووە وپێی وایە کچەکەی بە تەنیا لە نەرویج چ کارێکی هەیە،چونکە نابێ ئەوەمان بیربچێت، تەنانەت لە ئەوروپاش جەستەی ژن، پەیوەندی بە سەربەستی خێیەوەی هەیە و هیچ پیاوێك ناتوانێت دوور لەخواستی ئەو،لە پەیوەندی سێکسی و هاوماڵی دابێت لەگەڵ ژندا.مەبەستی خەحێ لێرەدا،جەخت کردنەوەیە لەوەی نابێ جەستەی ئافرەت وەك قەدەخەکراوێك ببینین و هەمیشەوەك هێمای مااڵی کەمەایەتی و کەسی تەماشای بکەین.کاتێ سبەستیان، بە جەستەیەکی ڕووت و قووتەوە لە گەڵ خەجێ دادەنیشێت و هیچ شەرمۆکیش داینا‌گرێت، مانای وایە، جەستە لای ئەوان، هیچ بە هایەکی نییە.بۆیە خەجێ بەم دیمەنە شۆك دەبێت و جارێکی دیکە، پیاوبوونی وەك چەمکێك دێتەوە بەرچاو، کە زۆر جار لە ڕیش و سمێڵی زل دەبینرێت وکوورت دەکرێتەوە.دواجار دەاڵم، لە نۆوان نەرویج و کوردستاندا، خەجێی خەیاڵاوی دێت و دەچێت،دەش دائەمێنێت و دەکەوێتە گومان و پرسیاری قووڵەوە،نەدەتوانێت بگەاڵتەوە کوردستان،نە لەوێش هەدەکات، بەام هەموو ئەمانە، ناتوانن کەسیەتی خەجێی بوێرو ئازاو سەربەست، وەك ژنکی ژاڵهەاتی و کورد بووخێنن. بەڵکو بە پێچەوانەوە مرۆڤ و ژیانی خۆرئاوایانە دەخاتە ژێر پرسیارو گومانکردنەوە. گومانکردنێك کە دواجار ئەو پرسیارە دروست دەکات کە ئایا تاکی خۆر ئاوایی و

ئەوروپاش بەگشتی، برۆفێکت و ئاسوودە و بێ کێشەن؟ ئایا ژیان لەوێ، مانای وایە مرۆڤ لە بەهەشت دەژی؟ یان ئەوێش بە جۆرێك لە جۆرەکان،مرۆڤ گیرۆدەی چەندین نەزم وکێشەی دیکەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دەکات.بە بۆای خەجێ، ئەگەر هەڵەات لە دیدی هەژهەڵاتییەکانەوە، هەما بات بێ دەزەخێك، ئەوا بە هیچ شێوەیەك هەژئاواش ئەو بەهەشتە نییە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە.سەرەنجام گەانی خەجێ بەردەوام دەبات بە دوای سەربەستیدا.سەربەستییەك کە سنوور و جوگرافییا و ناسنامە و نیشتمانەکان ناناسێت، بەکو سەربەستییەکی گەردوونییە.

گەانی خەجێ، گەانە بە دوای ژیانێك کە خۆی دەیەوێت، نەك ژیانێك کە ژیان بە سەریدا ئەسەپێنێت. بۆیە نە لە کوردستان و نە لە خۆر ئاواش هەست بە بوون و سەربەستی و ژیان ناکات. هەمانی ژنەکان وەاتییان نییە، چەند جوان و بە چێژو پێئازارە، ئەوەندەش هەمایە بێ لێهاتوویی و بوێری ژنی کورد لە بواری نووسینی هەماندا. ژنەکان وەاتییان نییە،شایەنی ئەوەیە هەمووان و بەتایبەتیش ژنان بیخوێننەوە.بۆئەوەی لێیەوە فێری بوێری و سەربەستی و ئەزموونەکانی ژیان بن، نەك تەنها پێیان وابێت ژن کارەکتەری چێشتخانەیە و دەبێ لە تیڤییەکاندا، بێ خەڵك خۆشترین خواردن ئامادە بکات. ئەم ئەقڵ و دنیابینییە، لەگەڵ ئەقڵ و دنیابینی ئەژین وەك ژنێك نەك هەر بەراورد ناکرێت،بەکو جێی بەزەییشە. دواجار دەستخۆشانە لە نووسەری هەمانەکە دەکەم و هیوادارم هەمانی دیکەی جوانتر بنووسێت…

*پەراوێز: ژنەکان وەاتییان نییە، بابەت: هەمان،نووسینی:ئەژین عەبدولخاڵق، بەاوکراوەی: ناوەندی هەشنبیریی هەهەند_2020

شانۆی چینی … هەباز محەمەد جەزا

چین یەکێکە لەوەاتە کانی رۆژهەڵات ، بەشدارە لەبونیادی ژیارێکی دەوڵەندی هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی کەناودەبرێت بە (شانۆی رۆژهەڵات) و زۆرێك لەهەخنەگرانی دراما و شانۆ باوەڕیان وایە شانۆ

لەوڵاتی چیندا بایەخی نەبووە تاسەردەمی کۆنفۆشیۆس ، هەروەکو (د. حەمدان)دەڵێت : " لەسەرجەم پێداویستیە مرۆڤی و پرۆگرامی یە گشتیەکانەوە ، بەشێوەیەك ڕوون نەبووە تا سەدەی (6 پ.ز) ، تا ئەوکاتەی کۆنفۆشیۆس " دانای چینی ژیاوە .(د. حمدان ،2000-2001 ، ل3)ئەوماوەیەی کەشانۆی چینی دەکەوێتە پێش زاین ، شانۆی چینی تەنها بۆدەمەتەقێ و کات بردنە سەر بووە ، چەندان هونەرمەند لەمەیدانەدا خۆیان لەقاڵبداوە ، بەڵام چونکە لەلایەن کۆمەڵەوە ، بەچاوێکی کەم تەماشا کراون ، بۆیە ڕۆژگاریش ناوەکانیانی لەبەردەم مێژوودا شاردووەتەوە .(هەورامی ، 2001، ل167)

قۆناغەکانی شانۆی چینی :

یەکەم / قۆناغی سەرەتایی : قۆناغێکی نامۆو سەیرە لەشانۆچینیدا ، هیچ شانۆیەك ناکەوێتە ململانێ لەگەڵیدا ، بۆئەم مەبەستەش زاراوەی (کاری کەلتووری) داهات بۆناو ژیانی چینییەکان و لەنیوەی هەزارەی یەکەمی پێش زایندا کەپێی دەوترێت دەرخستنی ڕووی ژیانی کەلتووری هونەرەکان . ((http://www.al-jazirah.com/2001/20010710/cu17.htm
لەم قۆناغەدا شانۆی چینی بریتی بووە لە :

1. قەسیدەی شیعری لەجیاتی دەقی شانۆنامە. 2. ژمارەیەك دانەری موزیك بەشداربوون . 3. سەدان سەماکەری تەعبیری . 4. بەکارهێنانی جل و بەرگ و ئێکسسوارات و چەك لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا . 5. بەشداری جەماوەرلەو سەماو دەربڕینانەدا .

دووەم / قۆناغی شانۆی ئەکرۆپات : ناوی دووەمی شانۆی سێرك (پای هسی – Pai Hsi) ئەم بۆژەیە بەچینی واتە سێرك کەپشتی بەستبوو بە مەهارەتی جوڵەو ئازایەتی و بەکارهێنانی گوریس و لاستیك و یاریە ئاگرینەکان ، هەروەها دواتر ئەم جۆرە

هونەرەو جۆرەکانی تریش سەریان هەڵدا . ((http://www.al-jazirah.com/2001/20010710/cu17.htm

لەم قۆناغەشدا ، شانۆبریتی بووله :

1. دەق : کەبریتی بووله " چیرۆك و حیکایات " ی میللی . 2. بەرزی ئاستی هونەری . 3. هونەری خیال الظل (ییننگ هسی – Iing His) ئەم بۆژەیەش بەچینی بەشێوەیەکی فراوان بۆاو بۆوه . 4. بەکارهێنانی تایبەتی و دیالۆگ و تایبەتمەندیه دراميیەکان لەگوودواوەکانی نمایشدا .

- **هونەری نواندن :**

دابەشکراوه بەسەرکرۆ نەڵۆژیای شانۆ دا، بەپێی ڕیزبەندی زەمەنی و گەشەی هونەرەکه لەسەردەمی "تانگ ئیبان " لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بووبەپاڵپشتی مۆژوویی لەئەدەب و سەرهەڵدانی ڕۆمانی میللی و هەنەرمەندەکان . بەگشتی دەتوانین لەم قۆناغەدا هونەری نواندن لەچەند خاڵکدا کۆدەکەمەوه :

1. بەکارهێنانی ئاماژەکانی " دەست و ڕووخسارو ئەندامەکانی جەسته " . 2. بەکارهێنانی ماسولکەکانی دەم و چاو . 3. شیعرو شانۆیەکان پشتیان بە چیرۆك دەبەست . 4. بەکارهێنانی چین و تۆنە دەنگیەکان و کاریگەری دەنگی . 5. پشت بەستن بە زەخرەفەو هونەری شێوەکاری لەڕازاندنەوەو دیکۆردا .
2. **سێهەم / چاخی گوان – Juan :**

لەم چاخەدا ، دراما بەستراپەوەبە ڕەسا هونەری و زانستیەکانەوه ، لەدیارترین ئەو شانۆکارانە " کوان هان تشینگ – Kuan Han Csing " کەنووسەری 60درامای بووه و تۆمارکراون . سەرەتا کەشانۆنامەی دەنووسی بۆخوێندنەوه بوون نەك نمایشکردن ، دواتر بوون بە چەند پەردەیەکی زۆر و لەوێشەوه بۆ پێشەکیەك و چوارپەردە ، لەپێناو نواندن و نمایشکردن . هەروەها کارکردن لە شانۆی کۆمیدی دا واتای " ئیرتجال – خۆزاهی " هەبووەو ئاماژە بووه بە و شانۆیەی سەدەی 13زاینی دا باوبووه ، وەکو ئەوەی لەسەدەی 16ی زاینی لە "کۆمیدیای دیلارتۆ – Commedia Dellarte " کەئەم دامەزراوەیە تاکو ئەمڕۆش هەرماوه .

شانۆی چینی هاوچەرخ ، پێهله (خادعةالبصر – I llusionism) کە بۆئیستاتیکا و دەرخستنی هەڵە جۆراوجۆرەکانی شانۆ

بەکاردێن ، سەرباری ئەوەی پێن لە زەخرەفەو تەکنیکی بەرزو ئێکسسوارات ی هەمەجۆرو دیکۆرو سینۆگرافیای هاوچەرخ و ئازاوەو هەمەڕەنگ .
شانۆی چینی خۆی شەپۆلێکە و هەرتاکێکی ئەکتەر قوتابخانەیەکی سەربەخۆبووە لەکۆندا دابەش بووە بۆ قوتابخانەی (باکوری و باشووری) و لەوێشەوە دێتە ناوژانرەکانی (داستانی و تەعبیری) هەروەها پشت بەستوو بووە بە ئەدەبی فۆلکلۆریی و ناوچەیی .
بەگشتی ژیانی شانۆ دراما لەسەدەکانی چاخی "مینگ " دا بەدیار کەوتووەو دواتر بەئاراستە میللیەکەیدا گەشەی کردووەو پێشکەوتووە ، سەرباری ئەمەش قوتابخانەی ئۆپێرا کەئیتر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیەدا لەچارەکی یەکەمی سەدەی 16 زاینی شاعیر (لیانگ بۆنگ) و دانەری مۆزیك (فای لیانگ فو) ئەم قوتابخانەیەیان دامەزراند بەناوی (کونشانی بۆئێپێرا).
https://draft.blogger.com/blog/post/edit/124856123158413752/8201963982683792421

3. **کۆتایی :**

ماوەتەوە بڵێین ، لەم قۆناغەدا کەلەساڵانی (1644-1912)زاینی ، تەقەنیەی بەرزی نواندن خرانەووو کە بۆ (الاسلبە –شۆوازاندن) گونجاو بوون و لێرەوە شانۆیەکی مۆدێرنی هاوچەرخ دەستپێدەکەن .

لیستی سەرچاوەکان :

4. د. حمدان ، محمد زیاد ، گەشەکردنی خوێندنگا لەبەرەبەاینی مۆژووەوە تائیمێ ، وەرگێڕانی ، بەسەز سعید محمود ، پیاچونەوەی ، حمەصالح ، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ، ساڵی 2000 -2001 2. هەورامی ، حەمەکەریم ، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا ، دەزگای چاپ و باوکردنەوەی ئاراس ، زنجیرەی رۆشنبیری، هەولێر : 2001
5. http://www.al-jazirah.com/2001/20010710/cu17.htm 4.

https://draft.blogger.com/blog/post/edit/124856123158413752/8201963982683792421

ئەرکی بەکاربردنی هونەری کاریکاتێر ... هەندێن خشناو

ئەرکی بەکاربردنیش لە ئەرکە گرنگەکانی رۆژنامەگەریيە، چونکە رۆژنامەگەریی بە دابینکردنی سەرچاوە داراییەکانی، بە پشت بەستن بەخۆی، بنەمای سەربەخۆبوون و بەردەوامبوونی خۆی دادەڕێژێت، چۆن کاریکاتێریش ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات؟ دەتوانین بڵێین بە بوونی کاریکاتێر لەلاپەڕەکانی رۆژنامە خولاوەکاندا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جەماوەرێکی فراوان بۆ رۆژنامەکە دابین دەکات، بەمەش داهاتی رۆژنامەکە زیاتر دەبێت، لە ڕێی زیاترکردنی ژمارەی فرۆشراوەکانیدا، لەوانەیە بڵێن نرخی رۆژنامەکە خەرجیەکانی تێچوونی دەرناکات، بۆیە زیادکردنی ژمارەی رۆژنامەکە نابێتە هۆی زیادکردنی داهاتە داراییەکانی، لەوانەیە هەندێك جار ئەمە راست بێت، چونکە لەوانەیە کاریکاتێر ئەو ڕۆڵە بەکاربردنە نەگێڕێت، کاتێك نرخی رۆژنامەکە بەرزبێت، لە سەرووی توانای زۆرینەی خوێنەران بێت، بەڵام بەهۆی کاریکاتێرەوە جەماوەری رۆژنامەکە فراوانتر دەبێت، و بەدیهێنانی ناوبانگی بۆ رۆژنامەکە، وا دەکات رۆکلام کردن بۆڕێتە سەر رۆژنامەکە، و نرخی رۆکلامەکانیش بەرزتر دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی سەرچاوە داراییەکانی

رۆژنامەکە، هەروەها ژمارەی بەشداربووان، و بەڵانسی فرۆشتنی رۆژنامەکە، بەشێکی گرنگی خەرجی تێچوونی باوکراوەکە پێدەکەنەوە، بۆیە ئەو قسەیەی کە دەڵێت بەڵانسی دارایی دابینکراو لە ڕێی فرۆشتنەوە، ڕێژەکی گرنگی نیە لە پشتگیریی کردنی باوکراوەکاندا، قسەیەکی هەڵەیە.

هەندێك لەوانەیە بپرسن ئایا کاریکاتێر بەتەنیا ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین هەبەتە نا، کاریکاتێر بەشێکە لە هەمووان، ڕۆڵی خۆی لەگەڵ بابەتەکانی تری باوکراوەکەدا بە شێوەیەکی هارمۆنی دەگێڕێت، بەتەنیاش ڕۆڵی ویستراو نابینێت، بەڵام بەکارهێنانی کاریکاتێر نیشانەی پشت بەستنی باوکراوەکانە بە دیدگای نوێکاری لە کارەکانیاندا، و نیشانەی بوێری و دێکاری ئەو باوکراوانەیە، چونکە کاریکاتێر زۆرجار بابەتێکی ڕەخنەگرە، ئەمەش لای جەماوەر پەسندە، تەنانەت ئەگەر ڕەخنەگریش نەبێت، سروشتە کەمیدیاکارەکەی خۆشەویستیەکی زۆری جەماوەری بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە باوکراوەکە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێزتر دەدات لەگەڵ جەماوەردا، کاتێك ئەم مەرجەش (بوونی کاریکاتێر لە باوکراوەکەدا) بەدیبێت، واباوە کە ئەم ئەرکەش (بەکاربردن) بەدیدێت.

هەندرێن خۆشناو

سوتاندن و تێکدانی موێک و ماڵی گشتی، یان دزین وتاڵانی مێک وماڵی گشتی، کامیان تاوانترە؟ … تاهیر عیسا

مەسرور بارزانی سەرکی حکومەتیی میلیشیا و مافیاکان، لەپێوەست بە چەند هەڕچوون و داچوونکی لەرەو لەوێی خۆپیشاندەرانی دژی لەدەردیی برسیی و نەداریی کوردستاندا، بۆتایبەتیش لەشاری هەڵەبجەدا، کە پروشکی ئەو ناڕەزایەتیانە زیاتر بارگاکانیانی

گرتوە، شکڕکی شکاندو، ڕایگەیاند، سوتاندن و تێکدانی مڵک و ماڵی گشتی هاووڵاتیان تاوانێ و دەبێت مامەڵەی یاسایان لەگەڵدا بکرێت!
ئەگەر بابەت، قسەکردن و داوەریکردن بێت، لەسەر تاوان و بێتاوان، ئەوا ئەم دەسەڵاتە، هەر لەدژگارکانی بەناو خەباتی شاخیانەوە بە پاشخانێکی سیاسیی پیسی پڕ لە تاوان و جینایەتەوە، گەلانەوە شار و لەشاریش، هەر لە دەستپێکی حوکمڕانییاندا هەتا ئەمڕۆ، بەهەمان عەقڵیەتی شاخەوە، تەزقەڵێک سڵیان لە ئەنجامدانی تاوان و تاوانکاری نەکردەتەوە و بەسەدان هەڵسوڕاو و چالاکی سیاسیی و مەدەنییان تیرۆر و خەڵتانی خوێن کرد، کە ئەگەر ناوکانیان لەربنووسرێت، دەنگ بێت لە نامیلکەیەکیشدا جێگایان نەبێتەوە، جگە لەو هەزاران ژنەی لەژێر ناوی شەهیدفارێزیدا لەژێر سێبەریی فەرماناڕەوایەتیاندا دەشکۆژی کران، وە بەهەزاران کەچبەریش لەو چوارچێوەیەی ناوتان ناوە هەرەم، کە مانایەکتان بە ژیانکردن تێدا نەهێشتەتەوە، ڕایانکردوو لەئاوکانی ئیجۆو سەرسنووڕکاندا خنکان، یان کۆتنە بەر تەقەی کەماندۆ و پاسەوانانی سەرسنووری تورکیاو ئێران و کوژران و بەسەدانیشیان بەسەرو شۆن کران، دەتواندرێت لەهەر دادگایەکی ویژدانئاوەریانەدا بەس بێت بە ئاوەی داوەریی لەسەر ئەوە بدرێت کێ تاوانبارە و کێ بێتاوان!؟
هەر چاودێرو نازیرەکی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان، یان هەر کەسەکی سادەی ئەم هەرەمەش چاک دەزانێت، کە بەگەی یەکەمی مانشتەکەم، بەرەنجامی بەگەی دووەمیانە، واتە ئەوەی لەکوردستاندا دەژانە ووودەدات هەکارەکەی ئەم باند و دەستە و تاقمەیە، کە نزیکەی سی ساڵە کەنتەڕەی تەواوی هەکارەکانی ژیانی کەمەگای کوردستان و تەواوی پێداویستیەکانی ژیانی دەژانەی خەڵکی کوردستانیان کردووە و هەر لەو دەگایشەوە ژیانی خەڵکی هەژار و نەداریان لە مەنگەنە داوە.
نزیکەی سی ساڵە ئەم دەستە و تاقم و حیزب و بنەماڵانە، لەگەڵ هەزی میلیشیا و سەرمایەی کەرکەکراو و میدیای چەواشەکاریاندا، بەرگریی لەدەسەاتی سەرەیانە و مافیایانەی خۆیان دەکەن، ئینجا چەڵەگای شەو ململانێی نێوان خۆیان بووبێت، یان، چەڵەگای دەستەملانێی نێوان خۆیان بووبێت، لەژێنی خوێنی خەڵک و لەمژینی شیلەی گیانی خەڵکی نەداردا درێغییان نەکردووە و بە ئاوان گرنگ پایەداریی دەسەاتە سەرو خەڵکیەکیان بووە، هەتا لەگایەوە هەرچی زیاتر و زیاتر، سەروەت و سامانی گشتی هاوڵاتیان بدزن و کەرکەی بکەن.
یان لەبەشکی دیکەی قەندشکاندنەکەیدا، دەڵێت: خەپیشاندانی

ئاشتیانە مافی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە!
زۆر باش، مەسرور بارزانی، ئەگەر ڕاست دەبێت و خاوەنی قەندو قەندشکێنەکەی خۆتی، فەرموو، بۆئاشتیانە لەم عەشی فیرعەونانەتان وەرنە خوارەوە!
چونکە خەڵکی کرێکارو کارمەندو فەرمانبەر و چین و توێژە دەستەنگەکانی دیکەی کوردستان، هەمیشە لە ئیعتازو ناڕازیەتیە ڕواو بەرحەق و ئاشتیخوازیەکانی خۆیاندا، داوای مافە هەرە سەرەتاییە بۆچەندوو چوونەکانی خۆیان کردووە، بەڵام ئەوە دەسەڵات بووە تەنانەت ڕێحمتان بەخەڵکی خاوەن پەداویستی تایبەتیش نەکردووە و لەسەر عەشبانەکانیاندا پەلامار دراون و بەرشەق وشیلاق دراون و فڕێ دراونەتە خوارەوە!
هەر دەسەڵاتی میلیشیایی بوو، مامۆستایانی ناڕازییان لەسەر سادەترینی مافی خۆی کە داوای مووچەکانی بوو، دایە بەرشەق وشیلاقی هەزە بەتەجیەکانی!
ئەمڕۆش، کاریان گەیاندەتە شوێنێک کە خەڵکی ناڕازیی لەکوردستاندا، ئومێدەکی بەوە نەماوە بتوانێت لەڕێگای ناڕازایەتیەکانیەوە وەڵامی خواست و داواکاریە بەرحەقەکانی خۆی وەرگرێتەوە، بۆیە ئەمڕۆ لەقوڵایی ناخ و دڕوونی هەر کرێکار و زەحمەتکێشێکی ئەم مەملەکەتەدا، مەیلی بە تێک وپێکدانی یەکجاریی تەخت وتاراجی ئەم دەسەڵاتە، قوڕپ دەدات، بەڵام بەهەکاریی نەبوونی ئینسجامی سیاسیی و چینایەتیانە و ناڕێکخراوییان لەئاستێکی بەرفراوان وسەراسەریدا، نەیتوانیوە سەعاتی سفر بنێتەوە و کۆتایی بەدەسەڵاتی چەوسێنەرانیان بهێنێت !
فەرموون، ئەگەر خاوەنی قسەی خۆتانن، بەڵام ڕاستگۆبن، بە تەنیا ڕۆژێک ئازادانە ڕێگا بە هاتنە سەر شەقامی خەڵک لەدەڤەرەکەی خۆتاندا بدەن، بەبێ ڕێگریی و بە هێنانە مەیدانی هێزیی چەکداریی دەمامکدار و زەرەقانتان، ئینجا دەتوانن لەوە تێبگەن،کە چەندە نەفرەتین و چەندە ناقەڵەمان لەبەر چاویی خەڵک!
ئایا، هەربەڕاستی ئەوە ڕاست دەکەن، ئەگەر ڕاست دەکەن، ئازادانە ڕێگا بەخەڵک بدەن، کە ئیختیارو داوکاریان ئازادانە بیان بکەن، ئینجا دەزانن کە زیاتر لەو لەسەدا حەفتایەی نەهاتە سەر سندوقەکانی دەنگدانتان، خوازیاریی کۆتایی هاتنی دەسەڵات و هاتنە خوارەوەتانە لەعەشی فیرعەونیتان، یانە نا ؟؟
هەموومان دەنیاین لەوەی مووجامەڵەی ئەم دەسەڵاتە قەزوونە لەخۆیان قەزوونترە و بە هەرگیز، نە ڕێگا بە ئازادانەی هاتنە سەر شەقامی خەڵک دەدرێت، وە نە گوێ لە خواست و داوکاریی ئاشتیانەی خەڵکی ناڕازیی دەگیرێت، وەنە دەستبەرداریی ئەم نازو نیعمەتەی دەسەڵاتی

فیرعەونئاسایی دەبەت، وە هەروەها دەستبەرداریی ئەو سەدان ملیار دۆلارانەشی نابەت، کە لەماوەی چەندین ساڵی حووکمڕانییاندا لە هاوڵاتیانی کوردستان، دزیویانە، کە زۆر بەئاشتیانە خوازیاریی گۆڕانکارییەتیی!؟
کەواتە، ئەگەر بەپیر هیچکام لەخواست وداواکاریکانی خەڵکی ناڕازیی هەژارو نەدارەو ناچن، ئەی حیکمەتی خەپیشاندان بە خەڵک لەچیدایە و چمانایەک بە خەپیشاندان دەمێنێتەوە، جگە نابی مەسرور؟؟
یان تەنیا موجامەلەیەکی ڕیاکارانەیە و بەس! ئەمەش بە کەسانێک کە لە لوتکەی حوکمڕانیدان، هەر بەڵاستی، شەرمئاوەرو جگای نەفرەتو بەس، ئەفرەتیش هەرچی زیاترو زیاتر پەرگی ق و تووڕەیی خەڵکی دەباتە جگایەک، کە ئیتر ئەو ڕۆژە هیچ شتێک دادتتان نادات و هەر بتەقێتەوە بە یەکجاریی لەگۆڕەی زبڵدانی مێژووتان دەنێت.

تاهیر عیسا/ 25.08.2020

تابلۆی نیشتمان … ستار ئەحمەد

ڕەحەکان باڵی پەپوولەن
بە گەڵای گۆەوە نووساون
کانیەك شەماڵك ماچبکات
دڵكك گەرووی دەمژێ
خەمك شیعرك هەواسێ
ناونیشانك لەئاسۆوە
بەتینی سۆز دەبرژێ
شەو کاڵای بەفر لەبەر ئەکاو
سەرینی بەرد کۆمی ئەسڕێ
خەو یاسای عەشق نازانێ
لە پێش کوختكی پێ لە خۆنا
پەنجەی زاری تاریکییەو
گوڵی ڕۆژگار ئاوكی قەترانی
لە ژوانك دەگەڵم
بە باڵای تەنیاییم بشێ
لە هەوڵی دەسزیم پەراوك ئەزبەرکا

بۆ شانۆی عەشقێکی سیحراوی
سەبەرم پێشمەرگم کەوتووە
دەمی مار دەروازەی گوزەرمە
دەزانم لەشەوبای هەناسەیەکا
بۆ خۆزگەی کەرپەیەك دەمرم
زۆباوکی سەحراویەو
لانکی لمو بەرد
دایکێك دەناسێ
خەووزی ژێر گڵی خوێنێژە
کراسی شەوێکم
لەبەری شیعرێکی زاخاوا
بەقەد ئەشکەنجەو
ئاڵای برینی هەڵەبجە درێژە
لە سایەی دادگایەکدا دەژیم
عومر ددانی گورگەو
بەروار خەنەی پەرچەمی راستیە
بۆ کێژێك دەژیم
نەمانی ئەلبوومی مۆژوویەك دڕیە
سەبەری قەڵەمم
لە تەوری زەبر ئەدەن
لە بەهای هەڵوێستم دوو دڵن
ئەمانە شاگردی ئەنفالچیو
پرسگەی باڵوێزی باروتن
عاشقی قامچیو
ئێشکچی فیرعەونو تابووتن
گەواهەی ردێنی هەورێکی سپی
روحەکان کێش دەکاو
دەروازەی بەهەشتێك ئەدرەوشێ
لە کاروانی بەزەیی جەماوم
ژوورەکەم کەشتیەك تیژەوە
بۆ دوێك یەکجار قووڵ
تەنی شیعرو سازی تەمەنم دەباتو
بەروحی شەوارەی خەما راناگەم
گۆڵکی ئاڵ.. پرشنگی شارێکی سووتاوە
بەدواما دەگری , فرمێسکی ئاگر
ناسنامەم لوول ئەدات
ئەو رێژەی ئەوان چوون

قژی تۆپزاوە پەڕەبوو
تەلبەندی باخچەکان لە جەرگی خاکا
خوێنیان تۆو ئەکرد
خواناسێك دێی نەبووە , وێردو
ژانی ماف تێکەڵی گۆ بکات
ڕۆسایەك بە کوردی نەدواو
یاسایەك بانگێکی ڕاستی بۆ نەدرا
کە شەو هات جیهان بۆئاگا
لە ژاری خەوا بوو
ئەو کاتە قەڵەمم گەرووی دارگوێزو
دەروونم لاپەڕەی پەتووکی دارابوو
تەختەیەك سپیان هەواسی
بە ڕەنگی سیا مژوویان تۆمارکرد
دورگەیەك چۆڵو هەوارێك خاپووریان
خستە نێو ساڵنامەی مژووی کورد
کەچی مەلایەك نەبوو بەتاڵی ردێنی
فتوایەك بۆ خودا بهێنیتەوە
پەرستگایەك نەبوو
بڕینی بە سوێی گەرمیانو کوێستان
بە پەڕەی سیخارێك بپێچێتەوە
تەرمەکان لە ڕوحیان دەگەڵن
گوێو خاك ئاکاریان دەژمێرن
جەستەیەك دەیەوێت
بە گەڵا ئابووی حەق داپۆشێ
پەنجەیەك لە ئەڤەی بووکێنی دەگەڵ
باسکێك بەدوای دراوسێکەیاندا وەڕەو
دەیەوێت تاوێك لەگەڵیا هەڵپەڕێ
چرۆیەك بە دیار لاسکۆ ژاکاوەوە گرمەڵە بووەو
بە بسکی ئافرەتو کچەکەی دەیچوێنێ
دەستێك بە دیار چۆکەوە دەگری
دەیەوێت وەك خامە نووکی داهێنێ
هەتاکو هەواڵێك بۆ دایکی بنێرێ
هەرگیانەو دەفڕێ
نیگایەك نییە چاوێك کاڵ پەیداکا
هەتاکو بەردەرگای ماڵیان ببینێ
کوردستان لە چوارلا پەرچەمی دەبێن
زەحمەتە ڕوحت بەئاگر هەواسن

لەبەتەی ژەهرو خۆن داتۆژن
بە زامی جەرگت
تابلۆی نیشتمانو مۆژووت بکێشن

ستار ئەحمەد

گفتوگۆ لەگەڵ: سمکۆ محەممەد لەمەڕ ئەحلام مەنسوور… سازدانی: سۆران محەممەدەسووڕە

"نۆوەی ئێستا نۆوەی ئایفۆن، کۆوانتەر، ماڵ و ماشێنی بەرز و زۆن، نێك نۆوەی دەقەکی باڵا و خاوەن کەسایەتیی."

• لەمۆژووی نووسینی ژنان، ستاندنەوە و گەڕاندنەوەی ئەو زمانە پاوانکراوە، لەلایەن پیاوانەوە، لە ئەوروپا، کارێکی هەوەنتە و زوو مەیسەربوو نەبووە، تەنانەت تا هەنووکەش هەندێ لەخنەی فەمینیستیی، ئەم باسە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی وردی: دەروونناسیی، کۆمەڵناسیی و فەلسەفییەوە. ئەمە لەگەڵ ئەم هەموو گەرموگوڕییەی ژنانی ئەوروپیی، هەر لە وۆلف، دی بۆڤوار، سیکسۆس و ئۆلیگاری… کەچی هەنگاوی ئەحلام مەنسوور لە کوردستان، ئاوئاهەنگ نەبوو لەگەڵ کۆمەڵێك لە دەستەخوشکانی، چونکە ئەمەش ڕۆژە نەبوو و تاکتاکیش نەدەبینرا. واتە مەنسوور لە بۆنازییدا بوو، بە ڕێگەیەکەوە بوو کەسی بەسەرەوە نەبوو، ڕێگەیەك، کە سەرەتا و کۆتاییەکەی تێکشکاندنی بەها و ڕەخنەگرتنبووە. تۆ چۆن مەنسوورت ناسیی، چۆن لە مەنسوورت ڕوانیووە و چ نهێنییەکت لەلایە بیردێت؟

کێشە وململانێی نێوان نووسین و زمان، وەك کۆرستەیەکی سەرزارەکیی بۆ تەعبیرکردن لە شتەکان، گۆڕانەوە و بۆرگرییکردن لە تاك و کۆمەڵگە، کێشەیەکی ئۆزلیی بووە و لەگەڵ سەیروورەی مۆژووداو لایەنێك بووە لە ژیان، بەڵام ڕەخنە و ناڕازایەتیش لەو ژیانە سپێنراوە، بەشێکی دیکە بووە لە سڵماندنی خود، بۆتایبەتی ئەو خودانەی، کە پێش ڕووداو کۆتوون، یان ئەو کارەکتەرانەی لە خەکی عەوام زیاتر دەرکیان بە پێشهاتەکان کردووە، ئەوەی، مۆژووی نوێ

بەمـــان دڵگـــەتەوە، ئەو ئەدەبە نییە، کە لە ڕووگەی خۆیـــاە و فەنتازیاوە گریمانەی پێشهاتەکانی ژیان دەکات، بە پێچەوانەوە ئەدەبی مەدرن وەنە، چیرۆك و پاڕاوانەکانی نەناسراون، ئەحلام، وەك کارەکتەرێك، چونکە خۆی شەفاف و ناسراو بوو، هەروەها نەترسانە کەمـڕووگەی بەجێهێشتبوو، ئاوهاش پاڕاوانی چیرۆکەکانی ناسراو بوون، زۆر فشاری بە نەبـــردوون و زینـــدانیی نەکـــردوون، بەپێچەوانەوە دەستواڵەای کردوون، ئاخر هەندێك ڕەماننووس هەن بە ئەنقەست گوایە گرێی دەروونیی لەلای خوێنەر دروست دەکەن، پاڕاوانەکانیان لەنێو ڕەمانەکانیاندا زیندان و کێلە دەکەن، کە ئەمە لایەنێکی نەگەتیڤی هەیە بە خوێنەرێك، کە لەسەر ڕەمان، یان دەق بنووسێ، بەڵێ ئەو گرێکی بوو، کە نووسینەوەی مەژوو بە چیرۆکی واقیعیی و پاڕاوانی واقیعیـی بسـەلمێنێت. ئەو، ژنـێك نەبـوو لەو ڕێزبەنـدییەی ژنـان وەستابێت، تاکو زمان پاوان بکرێت، بەپێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەی تێگەیشتوو بوون گوایە فکری فەمێنیستیی لە مەشکدا بووە، بەواناکەم ژنانی ناسراو و ناوداری ڕەژاوایـیش لەنێو ئەدەبدا بەو فکرە کاریان کردبێت، لە نێو فارسدا فەروخی فروخزاد و لەنێو عەربیشدا نەوال سەعداوی و فاتیمە مەرنیسی ... خاوەنی ئەو گوتارە نەبوون، کەوابوو ئەوان لەگەڵ تەکشکاندنی بەهای شتەکان نەبوون، بەڵکو لەگەڵ دەق شکاندنی کولتووریی و نەریتخوازیی بوون، ناسینی من بە ئەحلام، دنیایەکی زۆر تایبەت بوو، لەوەوە، کە ئاشنایەتیم بە نووسینەکانی کرد، کە ئەوکات هەرزەکار بووم، تاگەیشتە ئەوەی من پێگەیشتم و ئەو پیر بوو، بەڵام هەمان ڕیتم و ستایلی ئەدەبیی هەبوو، بەڵام خەسڵەتی هەمان خەسڵەتی جارانی یاخیبوون بوو، بەڵێ من نەمتوانی دوور بکەومەوە لەی، وەك هاوڕێ و کەسێکی نزیکی و کۆی، کەوابوو ناسینی من تا ئەو جێگەیەی، کە نهێنی ژیانی بەشێکی لەلای من دەدرکاند، وەك خەباتاکردنەوە لەو شتانەی بە نووسین ناگوترێ، بەڵام لەڕادا بەکەڵکی خوێنەر نایات تاکو لەو پنتەوە ئاشنایی هەبێت ئەوانە بگەمەوە، ئەمە بە زەمەن و نووسینەوەی یادەوەریی خەم بەکار دەهێنم، چونکە ناکرێ ئەحلام، وەك کارتێك بە خەدرخستن و بازرگانیی لە ئەدەبدا بەکاربهێنین، ئەو چ لە ڕووگەی یادەوەرییەکانی خۆیەوە شوێنێك هەیە، وەك محەتە بە ناسین و ئاشنایەتیی بە خوێنەر.

• ئەحلام مەنسوور لەنێو ئەدەبیاتێکی نەرینەدا دەردەکەوێت، بە زمانێکی ژنانە دەنووسێت، خۆی دەنووسێتەوە و ەخنە دەگرێت. لەم ووانگەیەوە دەکرێت باس لە سەرەتاکانی دەستبردن بە نووسین لەلای ئەحلام مەنسوور بکەیت؟

• ئەحلام مەنسوور، ەخنەی خۆی ئاستەی ئەو کەسانە دەکات، کە "مەن و دەێت: "دەیانەوێ بە پیاوان یەکسان بن، نازانن کە پیاوانیش سەرشێن" (گرەوی چاوەکانی ئەم، 2008، ل 71). تێ ئەمە

دەبەستیتەوە بە ناپۆوەستیی ژن بە پیاوەوە لەلای ئەحلام مەنسوور، یان مەنسوور باوەی بە یەکسانیی ژن و پاو نەبوو، کە بەشوەیەکی زەق ەخنەی لە جیاکاریی و پگەی پیاو گرتووە، یانیش لە ئاقاریی مرۆدستیی خولاوەتەوە، یانیش هەمیشە بەوهیم و خەیاڵی کەسایەتییەکی داهنەریی لووتبەرزی ئاقانگاردیست، مەنسووری ئاستە کردووە؟
هەر لەم سنگەیەوە، تۆ وەك پیاوك، (کە نزیکیش بوویت لە ئەحلام مەنسوور) دەربارەی ئەم قسەیەی، چیت هەیە بۆ گوتن؟

سبارەت بە پرسیاری ئوەی، کە ئەحلام لەنو خونرانی نرینەدا زیاتر دەردکەوە، بە پچەوانەوە دەیبینم، چونکە ئوە نووسەری مەینە نییە، کە لەنو ئدەبی نرینەدا دەردکەوە و بە پچەوانەوە لەنو مەینە دەرناکەوە، چونکە ئدەب و کایکانی دیکە، کە سەرجمیان چالاکیی دەرەوەی چالاکییە ئاساییکانی ژانەی ژیانی ئینسانن، گوتارکەی بەدەست نرینەوە بووە و هەر ئوان ئاستیان کردووە، لەحاکدا ئەم تگەیشتنش، کە ناوی نراوە خودنووسینەوە، لە زربەی تکستکاندا دیار نییە و ئیددیعای ئوەی بکراوە، ئەمە بنیسبت ئدەبەك، کە ناوی ژنانی لەنراوە وەرانتر، چونکە خودنووسینەوە ئو تگەیشتنەی لەلای ژنان دروستکردووە، کە لەجیاتی خودیەتی خەی، جستەی خەی نووسیوتەوە، وەك کایەك و ێسککردن لەو سانسرەی، کە گە لە بکابوونی دگرت لە ئاستی فرهنگیی و کمایەتیی، چونکە پیاو بو شوێە تماشای ئو جر خود نووسینەوێە دکات، بوپێەی، کە کدی ئو نووسینانە لەوەوە ئاشکرا دبت، کاتك واتای ئو نووسینەوانە دبتە مایەی اکشانی خونر لە گەی جستەوە.

"مارێیی و زە قبوکردن، وەك پاداشتی سکسیی لەلای ژنان و بە ئیفتیخارەوە، یکك لە ماناکانی بە کاکردنی ژن"

ووتر بم ئو نووسینانەی، کە بزمانك ئاستەی پیاوکراوە و لە وننەی سکسیی بولاوە هیچی تر نیین، بێش جگە لەپیاوان لە دنیای ئدەبدا، ژن نییە بدقی ژنکی دیکە سرسام بت و خونەوە بە دقکە بکات، ئەمە جگە لەوەی، کە تنیا پیاو لە ئدەبی کوردییدا خونری دقە بمانا تیرێیکەی، ئەم فزایش کارکی وەهای کردووە، کە دقی کوردیی چ شیعر، چ مان، چ چیرك و ... مانایکی نومان پنەبخشێ، یان لانیکەم نتوانێ یسك بکات و دوور بکوتەوە لدقی بیانی، ئەمە سروکارمان لەردا لگە ئاستەی دووهمی ژنیەتیی هێە و بە دستبسردا گرتنی ناسینی هێکانی هقیقت، پیاو دبە ژن بت، دینیزمی نیتشە هم ژنە و هم پیاوە، بوونوركی دووگزییە، کە بر لە پیدابوونی

بەرانبەریەتیی، دووانیی ژن و پیاو هەبووە، هەموو ئەو ئەدەبەی، کە کوردە، فارس، عەرەب و پشتریش ئەژاواییەکان هەیان بووە، کارەکتەرە سەرەکییەکەی مەیینە بووە، چونکە گوتاری تەواوی کایەکانی ژیان بەتایبەتی ئەدەب، بەدەست پیاوانەوە بووە، بەیە پەداھەدان و کارەکتەری سەرەکیی ژن بووە، ئەوەتا شکسپیر لە ئەمیە و جولیەت، عشتار لە هەزار و یەك شەوە، کورد و فارس لە خورشید و خاوەر، شیرین و فەرهاد و ... ئەحلام بە پچەوانەی هەموو ئەو ژنانەی، کە گوایە ژنانە دەوانن کەشەی ژن و یەکسانیی، بەوای وابوو یەکسانیی ژن و پیاو بریتییە لەوەی، کە ژنان ئاگاداری دەخی دەروونیی پیاوانەی خەیان بن، کە بەشەکە لە جەوهەری دیوی ناوەوەی ژن، هەروەها پیاوانیش بەو شێوەیە ئاگاداری دەخی ژنانەی ناوەوەی خەیان بن، کە لایەنەکی دەروونییە، ئەمە لە ڤەرجینیا وولف فەربوو بوو، ژنان بەو پێیەی، کە جەگەی سەرنجی پیاوانن، هەمیشە ئەدەبەکەشیان هەی نووسەرەکی پیاوانەی پەدراوە و ئەو مەرجانەشی بەسەردا فەزکراوە، لەکاتەکدا، ئەگەر ژنان وەك پیاوان بییان نووسیبایە و خەسڵەتییان وەك پیاوان بوایە، مەزنیەتیی ژن و جیاوازییەکانیان لەکوەدا دەردەکەوت لەگەڵ پیاودا، بەیە ئەو هەڵەتانە لە شوناسی ژنیەتیی لەلای، وەك هەڵەتانە لە ئینسانییەت وابوو. بەیە ئەم تەوانینە جیاوازیی هەبوو، چونکە ئەو زووتر گەیشتبوو بەو پشکەوتنەی ئەژاوا. ئەگەرچی بزووتنەوەی فەمینیستیی بەقینەکی زۆرەوە سەرهەدەدات، تاکو مەسەلەی یەکسانیخوازییی پیاو و ژن لەدوای سەتەی 20 دەبە بە ستایلی ژیان، لەنەو ئەدەبی ئەژهەاتیی، عەرەبی و فارسیش بەو شێوەیە بووە، ئەحلامیش، کە سەرەتا چیرەکی "پرد"ی نووسی و دەنگیدایەوە و گرێیەکی دەروونیی بە خوێنەر لەنەو نەرینە و مەیینەشدا درووست کرد، چونکە کارەکتەری پاڵەوانەکەی ژنەکی یاخی بوو لە ئەخلاقی سپێنراوی کۆمەڵگە، پاڵەوانەکی یاخی بوو بارگاویی بە سەکس، حەبکەی چیرەکەکەش بابەتەکی سەکسییە، بەیە پیاو دەیخوێننەوە و سەرسام دەبن پێی، بەو پێیەی، کە کەشەی ژن، کەشەی کۆمەڵگەیە. بابەتەکی هەمیشە زیندوو بووە و تاسەتاش زیندووە، نووسینەوەی چەپاندنی سەکسیی لە گوتاری پیاوانەدا جەگەی کراوەتەوە، بەڵام ئەحلام ئەمەی نەکردووە بە ئەوەی بناسرێت، یان لە هەگەی ئەم جۆرە بابەتەوە ببێتە کارەکتەرەکی چالاك، بەڵکو زیاتر لەوانی دیکەی مەیینە ڕیسکی کردووە، بەیە بەمشێوەیە دەستی بە ئەدەب بردووە، تاکو گوتاری پیاوانە هەبسەنگێنێ و دواتر لە هەگەی سەکسەوە دەق بشکێنێ، کە یەکەکە لە پیرەزیەکانی کۆمەڵگە. تا ئەوکات ژنەکی وەها دەرنەکەوتبوو بەو ستایلە کار بکات، هەخنەگرتنەکەشی هەر لە گوتاری پیاوانەیە، کە مامەڵەی خراپ،

ناشایستە و نامەدەنیانە لەگەڵ ژن دەکەن، کە ئەمە بەرهەمی گوتاری ئایینیی و کولتووری داخراوی کۆمەڵگەی عەرەبیی بوو بە کورد مابووەوە.

مەسەلەی سەرشۆیی پیاوان، کە دوو مانا و دوو هەندی هەیە، یەکەکیان ئەوەیە؛ کە پیاو بەو مژووڵ ستانداڵی ئابردوو ژیانی هەناوە و یەك ستایلی دەقگرتووی ژیانی بینیووە، بۆیە سەرشۆیی بە پیاوە باشاکان، ئاغا، سەرۆك و پیاوی ئایینیی وەك شێخ و مەلا و... بە ماوەیەکی کەنی کولتووری عەرەبییە، ئەمە پلەبەندیی ژیان بووە، کە شتەك نەبووە بە ناوی یەکسانیی.

هەندەکەی دیکە مەسەلەی چەپاندنی سەکسیی بووە، کە پیاو هەمیشە وەك ئەحلام دەڵێ: سەرشۆیی ویستەکی غەریزیی بووە، کە ژن تاکە هەکاری دامرکاندنەوەی ئەو غەریزەیە بووە و لەهەمانکاتیشدا مەترسیی و قەدەغە ئەخلاقییەکە بووە، جیاکاریی نێر و مێ تا ئێستاش بەو فەزا بەناو کراوەیەی هەیە و بەو هەموو یاسایەوە، کە لەخزمەت ژنانە، بەو هەموو خۆ بچووککردنەوەیەی پیاو لەبەرانبەر سەکس و دواتر کردنی ژن و سەکس بە پۆیستیی بازاڕیی، هەروەك لەڵای چاوبرسیی و مەبازەکان هەستی پێدەکرێت، تەنانەت لە بەیەکگەیشتنی کۆ و کچیش بەحەڵاڵیی هەمان مانای وەرگرتووە، مارەیی و زەقبوڵکردن، وەك پاداشتی سەکسیی لەڵای ژنان و بە ئیفتیخارەوە، یەکێك لە ماناکانی بە کاباکردنی ژنە، کەوابوو چارەسەری ئەو جیاکارییە بە منیش هیچ یەکسانیخوازیی چارەسەری ئیشکالیاتی باری کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی دواکەوتوو ناکات. ئەحلامیش خاوەنی هەمان تەوانین بوو بە ژیان و سەکس، کە خۆی بەو چاوە تەماشای دەکرد، ئەگەر مافی هاوڵاتیی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز نەبێتە ستایلی ژیان، ئەم تەوانینە تا ئەبەد بەردەوام دەبێت و گرێی دەروونییەکەش ناکرێتەوە، بەڵام ئەگەر وای دابنێین. کە ئەحلام بەهیمیی و خەیاڵیی بووە، نەخێر کەسێکی زۆر واقیعیی بوو. تا ئادەی بەوابوون بە نووسینەوەی چیرۆکی ژیان. وەك خۆی و هەندەکجاریش نائاگاییانە دەبوو بە کەسێکی ئیدیالیستیی، تەنانەت لەگەڵ عەتا محەمەدی چیرۆکنووس هەمیشە ئەو کۆشەیان هەبوو، کە ئەحلام بە ستایلی کلاسیکیی دەینووسی و بەوای بە واقیعیبوون هەبوو، نەك دروستکردنی خەیاڵ، پاڵەوانی وەهمی و پشتبەستن بە نەریتی نوخوازیی.

• ئایە دووانەی داهێنەر لە نووسین و کەسیەتیی دایە؟ مەبەستمان: نووسین و کەسایەتیی دەبێ لەگەڵ یەك سەودایی بکەن؟ ئایە بە نووسەری داهێنەر، یان نووسەرێك گەرەکی بێت داهێنان پشکەش بکات،

کەسایەتیی بۆی گرینگە؟

• نووسینی ڕۆمان و دواجار ئەزموون بەتایبەتیی، ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەحلام، بەپەرۆشەوە سەیری ئایندەی کوردستانی دەکرد، چونکە بەبێ ڕۆمان هاتنەکایەی ئازادیی و خەونی تاك، ئەستەمە. هەبەتە قسەی ژنایەتیی (فەمینیزم) و ژنیەتیی ئەحلام، لە ئەزموونەکانیدا تەنێ لەسەر ئەو خاڵانە دەورناکەنەوە وەك ماف، خوێندن، زمانی ژنانە و ئازادیی ژنی کورد، بەڵکو خواستێکی گەورەتر لە نووسینەوەی ئەزموون بەتایبەت لە "گرەوی چاوەکانی ئەم" پەنهانە، کە زەربەی جار سنووری دەکەوتە ئەودیوی ژنایەتییەوە، ئەمەش بە پێچەوانە لەگەڵ نووسینی چیرۆك و ڕۆمانەکانیەتی. دەکرێت بە کورتی باس لەم خواستەی ئەحلام مەنسوور بکەیت؟

سەبارەت بە تێگەی داهێنان و خودی نوسەری داهێنەر، ئاگرچی من بەچوونی تایبەتی خۆم هەیە و لەشوێنی تر قسەی جددی و مێتۆدیم لەسەر کردووە و باودبێتەوە، بەڵام من نەمزانیوە، ئەحلام وەك تەکنیکی کاری نووسین و ئەدەبی نوێ داهێنەر بووبێت، چونکە زاراوەی داهێنەر قورسە و پەرەنسیپ و مەرجی خۆی هەیە.

داهێنان بەرهەمهێنانی تێگەیە و خوێقاندنی شتی نەبووە لەتوانای کەسییدا، ئەم دەڵێم پشت بەو تێکستانە دەبەستم کە خۆی نووسیویەتی، وەك لەپێشتردا باسم کرد، ئەحلام کلاسیکیانە و سوونەتیانە دەینووسی، تەنیا ئەوە نەبێت، کە هەندێکجار موبالەغەی بە گۆڕانەوەی قسەی پاڵەوانەکان و زەمەنی ڕووداوەکانەوە دەکرد، ئاگر نا، ئەو، نەوەك ژن و لەسەریدا بیرێك هەبوو بە ئازادیی تاکو بگشتی هەوڵی بە بدرێت، چونکە بەوای بە ئیرادەی تاك هەبوو خۆی ڕزگار بکات و ئازاد بێت، تا ئەو ئادیی زەر سەرسام بوو بەو شیعرەی نەزار قەبانی، کە بەژن دەڵێ ئەم وەرگێڕانە کوردییەکەیەتی و بەعەرەبییەکەی کەش و سەروای تێدایە و داشتنەکەی جیاوازە:
"مەوەستە وەك بزمار، خۆشەویستیی یان ناخۆشەویستیی هەببڕە، شوێنێك نییە لەنەوان بەهەشت و ئاگر". تەنانەت ئەم شیعرەی بە زەربەی خەزانی برادەرەکانی دەگوت، مەترسە بەرانبەر پیاوەکێت ئابوەستە، کەوابوو ئەو بەدوای حەزی خۆیەوە نەبوو لەنەو ئەدەبدا، بگرە ئەوەندەی بەوای بە شێشی کەمایەتیی هەبوو، بۆیە بەوای بە واقیعبینیی بوو و هیچی تر.

با لەوەوە دەستپێبکەم؛ هیلیس میلەر، نووسەرێکی بەناوبانگی فەرەنسییە، کتێبێکی بەناونیشانی "اخلاقیات القراوە" هەیە لەوە ئەو لەنەوان نووسین، وەك دەق و کەسایەتیی نووسەر جوودا دەکاتەوە،

ئەم لەلای خەلان پارتیش بەهەمان شێوە لەبەرچاو گیراوە، کە دەق هیچ پەیوەندیی بە ئەخلاق و فەرهەنگی کەسیەتییەوە نییە. بەڵام خاڵی بزربووەکەی ئێرە چییە؟ ئەویە، کە ئەحلام هیچ خەی لەپەنا دەقدا حەشار نەدەدا، هەوداو و چیرۆکەکانی، کە لە خەیاڵدانیدا تەماری کردبوون، چەن بوو وای دەنووسی و لەژیانی خۆشانشیدا بەهەمان شێوە خەفتاری دەکرد، بەوای بە کولتوور، ئایین، کەسی پلەباڵا و نزم، ژن و پیاو نەبوو، ئەو هەر زوو، کە ماڵی باوکی جێدەهێشت و لەخانەقینەوە دەچێتە بەغدا بە خوێندن، بەتەنیا دەژیت و ناترسە لەو هەزە نەریتخوازە ئایینییەی کەمەگە، دوای ئەوەش، کە دەچێتە فەرەنسە بە خوێندن و سەفەر، کراوەتر دەگەڵتەوە و درێژە بە ژیانی فەردیی، نووسین و باری کەمەایەتیی خەی دەدات، هەتا قەناعەت بەوە دەنێ لەگەڵ (شەوقی کەریم) چیرۆکنووس و کەسیەتی ناسراوی عەرەب، کە لەبەغدا دەژیا، هاوسەرگیری بکات.

"ئەحلام کەسێك بوو کەمتر نەبوو لە نەوال سەعداوی، فاتیمە مەرنیسی، فەروخزاد و ئەریانا ڤاڵاجی و دەیان ژنی ناسراوی دیکەی جیهان"

شەوقی کەریم، جگە لەوەی نووسەر بوو، ئەپەزسیۆنێکی عەراقیی بوو، ئەو لەو هەوانگیریەوە شەوقی دەناسێت و لە هەتەل شیراتۆن نزیك دەبنەوە و هەر لەوە هاوسەرگیری دەکەن، دوای ئەوەی ماوەیەکی باش بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە پێکەوە دەژن، کە پێبووە لەناکۆکیی و شەوشەی کەمەایەتیی، سەرەنجام، کە شەوقی لەلایەن بەعسەوە زیندانیی دەکرێت، ئەحلامیش دەچێت لە زیندان بەیاساییی جودا دەبێتەوە و داوای هیچ مافێکی لێناکات، پاشان بە هەی خراپیی بارودۆخی زاتیی و بابەتیی لە عەراق، بەناچار هەدەت بە سلەمانیی و لەوە دەست بەژیانێکی نوێ و نووسینی کاری هەژنامەوانیی دەکات، سەرەتاش هات بە هەفتەنامەی هاوڵاتیی و لەوە بەکەی دەنگ، وەك ئەندامی دەستەی نووسەران هەبژێردرا و تا ماوەی نزیك بە 8 ساڵ مایەوە و دواتر دوورکەوتەوە.

• تۆ لە نووسینەکانت، مەنسوور بە ژنێکی یاخی و بوێر دەبینی، ئەم یاخیبوونە دەکرێت، وەك ئاڤانگاردیستێك ببیندرێت؟ ئەگەر بەڵێیە، ئەوە لە کوێی ئاڤانگاردیزمەوە دەتوانین لە ئەحلام مەنسوور بڕوانین؟

ئەوە لە وەڵامکانی پێشووم هوون بووەتەوە.

• هەر لەو وتارەی، کە بەم دواییە، لە لاپەڕەی خێت لە فەسبووك، لە

بارەی ئەحلام مەنسوورەوە نووسیبووت، یاخود زۆر لە نووسەرەکانیش پێیانوایە، مەنسوور، ژنێکی نازهەڵگر نەبوو، ئایا بۆچی فەرامۆش کرابوو، بەتایبەتیش لە دوا ساڵەکانی تەمەنی، کە لە سڵمانیی بوو، دەکرێت شونك ناوی شاری ڕۆشنبیریی بێت و بەڵشاو نووسەری لێبژێت، کەچی نەتواندرێت بۆچوون و دەنگی ئازادیی وەها ژنێکی لەباو ناڕازیی لە مۆشکدا هەرس بکرێت؟

شارێکی وەك سڵمانیی بڕپرسیار نییە بگشتیی بەرانبەر بە کەسایەتییەك. زۆر کەسی دیار لەدنیادا ئاوها بێناز مردن و کەس پرسیاریشی لێنەکردن، بە نموونە کەسێکی، وەك نیکەس کازانتزاکی، ئەسپان نیانهشت لە گۆڕستانی مەسیحییش لە ئەسینا-یەنان بنژرێت، بردیان بەدزییەوە لەسەر گردێك ناشتیان، کەسانی وا زۆرن لەنێو کورددا؛ بەکەس، قانع، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و زۆری تر، بەبێنازیی ڕۆیشتن و مردن، ئەمە پەیوەندیی بە ئینتیمای شار و فکری شارەوە نییە، یان قسەکانی هەرس نەکرێت، بەڵام ئەحلام بەوپەیی، کە پێرت بوو لە بۆچوونەکانی، بەتایبەتی بەم دواییە نزیك کەوتبووەوە لە برادەرانی پەکەکە، بەبەڵوێی بەخێی بزانێ، ئەسپان بەوای بەپەکەکەش نەبوو، بەڵام ئیتر ئەو جۆرە مەشهەدانەی ژیانی وای کردبوو، خەڵك دووربکەوێتەوە لێی، ئەو جێگیر نەبوو. واتە مستقر نەبوو، خە ئەگەر خەڵکیش ئەویان پێهەرس نەکرێت بەهەی بەرژەوەندیی خۆیان و هەندە ئیمتیازی تر، لەلایەن حزبەکانەوە، ئەوەیان ڕاستە، بەڵام خە لەولاشەوە زۆر بەیەکجاریی فەرامۆش نەکرابوو، تەنیا ئەوە نەبێ، کە مرد، مەراسیمێکی فراوان و لەباریان بۆ نەکرد بۆ بەخاکسپاردن و ناردنی بۆ زێدی خۆی؛ خانەقین. ئەوە بۆ محەمەد موکری، حوسێن میسری، جیهاد دێپاك و ئازاد سوبحییش وابوو، کە ئەوان گەرمیانیی و کەرکوکیی بوون، خەڵکی سڵمانیی نەبوون.

سڵمانیی ئەوەشی تێدایە، کە هەندێك جار یاخیبوون لە شارێکی قەبووە ناکات، ئەمە خەسڵەتی کەمایەتیی شارێکییە و بەدەست خەیان نییە، کوردستان هەر شارێکی خاوەن خەسڵەتی تایبەت بە خۆیتی. ئەوەی تر دەگەڵتەوە بۆ ئاستی توانای کەسکان یان شۆڕی مامەڵەشنبیرییان لەگەڵ ئەو کارەکتەرە.

• ئێستا زۆر ژن قسە ڕەخنەیی و بەرهەستییەکانی مەنسوور دەڕنەوە و دەکەن، تەنانەت هەندێکیان خۆیان بە نەوەکەیەوە هەڵواسیووە: داخە لە ڕوانینی تێدا، ئەمانە توانیویانە ئەحلام تێبپەڕنن و پێیان بگوترێت نەوەی پاشەحلام مەنسوور؟

سەبارەت بەو پرسیارەش، کە نەوەی پاش ئەحلام چۆن دەتوانن شوێن پێی ئەحلام هەڵبگرن، لە ڕاستییدا؛ هیچ ژنێکی یاخی وەك ئەحلام لەنێو کورددا دووبارە نابێتەوە، چونکە تەمسیل و واقیع دوو شتی جیاوازن،

من نەوێك نابینم بەناوی نەوەی پاشەحلام، نە لەنەو واقیعگەرایی و نە لەنەو خەیاڵ، چونکە ژیانی ئەستا زیاتر بارگاوییکراوە بە گوتاری ئایینیی و بەرژەوەندییە کەمەایەتییەکان، خوەندکارەکی کچ ئەگەر بیهەوێ یاخی بێت، ناتوانێ سەرەتا لەنەو کەمەگە تەریك بێت و خەی ڕزگار بکات لە سانسەرکان، ناتوانێ خەی لە بەرژەوەندخوازیی خوەندن، پلەوپایەی سیاسیی، ڕاگەیاندن، خەنواندن و پاراستنی جوانییەکانی خەی وەك کاەیك، ناتوانێ خەی بپارێزێ لە سیاسەت و بەرژەوەندیی حیزبگەرایی، کە نە حزبییان هەیە و نە دەزانن حزب چییە، ناتوانن ببن بە خەیان.

ئەحلام ئەو سنووراەی بەی بووە، ئەوە باجی قورسی دەوە و کەسی هاروهاجی گەرەکە، ئەمە جگە لەوەی، کە نەوەی ئەستا نەوەی ئایفەن، کەوانتەر، ماە و ماشەنی بەرز و زەەن، نەك نەوەی دەقەکی باەا و خاوەن کەسایەتیی، ئەوان ناتوانن بەتەنیا سەر بکەون بە شوەنی بەرز، مەگەر بە هەزەکی کەمەایەتیی یان ئابووریی و پشتەك سەربکەون، جیاوازیی نەوان نەوەی کەن و ئەستا ئەوێ؛ کە پەوەندیی بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانە، بێ هیچ ململانێیەك لەنەوان ئەو دوو نەوێ نابینم، جا چ جای کەسیەتییەکی وەك ئەحلام، کە لەنەوەی خەیشی کەس نایدەتوانی پەشبەکەی بکات، ڕاستە کەسانی وەك: بەدیعە دارتاش، گەزیزە عومەر، کوردستان موکریانی و شوکریە ڕەسوە و خەکەی تر هەبوون، بەەام ترس لە داهاتوو، قورستر بوو، کە ئەساش قورسە بەقەد ئەو پەوڕە ئایینیی، کولتووریییە…
نەخەر تائەستا ئەو ستایلەی ئەحلام دووبارە نەکراوەتەوە و تەنەپەیوە، ئەو، فەلتەیەك بوو لەنەو ئەدەبیاتی مە لە کوردستان، هەروەك چەن یەك فەرووغی فرووغزاد دەرکەوت لە ئەران و کەسی تر جگەی نەگرتەوە، ئەسەن تا ئەستا نەوێك نەهاتووە نزیك بێت لەو ستایلە، تاکو بەەین؛ کەسەك هەیە خەریکە ئەو تەدەپەەنە، بەڵێ هەستم بەو حاەتە نەکردووە.

• شەی مەنسوور لە بەرانبەر ئەدەبیاتەکی هەزار ساەە، ئەدەبیاتەك دەنگی نەر، تا ئەرەی هەنابوو، گوایە کەلەنەکی گەورەی تەدا بوو، بەەام داخەە خەنەی مەنسوور لە زمان و ئەم نەریتە باوە، ئاەاستەیەکی لە ئەدەبیی ژنانە لە ەشنبیریی کوردییدا لەخەگرتووە؟ ئەگەر لەخەی گرتووە، ئەی ئەم ئەدەبیاتە پەویستی بە داهەنەری تری وەك ئەحلام مەنسوور نەماوە، کە ئەستا نابیندرێت؟

بە ئەحلام، نووسینی ەمان ئەوە نەبوو ململانەی نوەخوازیی، پشتگیریی نەریتخوازیی و سوونەتیی بکات لەنەو ئەدەب و فکردا، چونکە ئەو بەواقیعی مەدەرن بوو، نەدەترسا لەوەی گومان لە نوەخوازبوونی خەی

بکات و گوێی بە قسەی خەڵکیش نەدەدا، بەقەد ئەوەی، کە لەگەڵ گەنجە نووسینی ئەدەبییەوە یادەوەرییەکانی منداڵیی و هەرزەکاریی و تا دابڕانی خێی لە کۆمەڵگە و خێزانی کوردەواریی دەنووسییەوە، بەڵام لە کتێبی (گڕوی چاوەکانی ئەم)دا کەسیەتیی (سافە) واتە سافی ناز، کە کەسیەتییەکی ژنی یاخی خانەقینیی بووە و لەگەڵ پیاودا هەڵسوکەوتی کردووە و قاچاخچییەتیی و ئەم دیو و ئەودیوی ئێرانی کردووە و بەتەنیا ژیاوە؛ بەکاریهێناوە. کە خوێنەر نەتوانێ سافە بدزێتەوە وەك کارەکتەرێکی واقیعیی، تەنانەت بە خەڵکی خانەقینیش شاراوەیە، چونکە جوان تەوزیفی کردووە، بۆیە بووە بە پاڵەوانی هەرە دیاری نووسینەوەی ئەو یادەوەرییانەی، کە نایەدەتوانی بیانشارێتەوە لەدەرەوەی ئەدەب.

هەمیشە لە گەڵانەوەی چیرۆك و ئیدیۆمەکانی خانەقین، کەسیەتی سافە، کە ناوە ئەسڵییەکەی سافی ناز بووە، خەدووڕخستنەوەشی لە سنووری ژنیەتیی باو، کاریگەریەتیی ئەو ژنە یاخییانە بووە، کە لە خانەقین هەبوون و بە ئەحلام بەشەك بوون لە چێژبەخشین، کە چیرۆکەکانی دەگەڕایەوە، وەك ئیدیۆمێکی ناسراو بە قاقاوە دەیگەڕایەوە، بۆیش ئەو کارەکتەرانەی هەندە بژارد، چونکە ئەوان یاخی ببوون لە نەریت و ئایینی کۆمەڵگە، هەر ئەمەش بوو، کە لایەنگری ئەوانی دەکرد، ئەمە لایەنە واقیعبینییەکەی بوو.
پیاوەکی دیکەی هەڵاج هەبوو، کە هەمیشە نوکتە و چیرۆکەکانی دەگەڕایەوە و تەوزیفیشی کردووە لە ئەدەبەکەیدا، ئەویدیکە کە ئەدەب، نووسین و هونەر بوو، مەسەلەی شەوازی گەڵانەوەی ئەحلام بوو لە کەسی یەکەمی تاکەوە بە کەسی دووەم و هەندەکجار کەسی سێهەمی تاك، هونەر لەلای ئەحلام بە نووسین دووهەمین بیرکردنەوە بوو، چونکە ئەو خەمی دیکەمێنتارکردنی واقیعەکان زیاتر لەوەی خەمی هونەری هەبێت، بەڵاستی ئەمە لایەنە نگەتیڤەکەی نووسینی ئەحلام بوو لە ماندا.

• دوای ئەم هەمووماندووبوون و هەوڵەی مەنسوور، لە فەراهەمکردنی زمانی ژنانە، نووسینی ئەدەبیات و ئەزموون، نەتەوەخوازیی و ڕەخنە لە سەرانی کورد، بە زمان و دەنگێکی لەباو ناڕازیی، پێت وانییە ئێستا ژنانی کورد بەگشتیی و فەمینیستناسەکانی کورد بەتایبەتیی، تاهەنووکە بۆاگان لەکایە زمانیی و جواننناسییەکانی مەنسوور؟

سەبارەت بە پرسیاری سیانزەهەم و پرسیاری داهێنان*یش: بە بۆای من شتێك نییە بۆناوی ئەدەبیاتی ژنان، وەك ئەوەی پێشتر چەپی کلاسیکیی و کۆمۆنیستە ئیدیالیستەکان، پێیان دەگوت ئەدەبیاتی کرێکاریی، مەسەلەی داهێنریش باسکی گرینگی نەو فکر و فەلسەفەیە، شتێك نەماوە لە دنیادا لە سەرجەم کایەکاندا بۆناوی داهێنان، چونکە

داهێنان بەواتای بەرهەمهێنانی چەمك، وەك چەمكانی شیتڵگرایی یان ئەخلاقیات یان ئازادیی، مەبەست لەوێیە، کە چەمكێك بێت فرە مانا بێت، بۆیە لە ئەدەبیاتیشدا ئەو کێشەیە هەر ماوە، چونکە بابەتەکە لەسەر ستایل و شێوازی نووسینە، هەموو ئەو نووسینانەی لە دنیادا بەهەموو زمان و کولتوورەکان دەنووسرێنەوە، یەك هەدەفی ئینسانیی و یەك کێشیان هەیە، کە کێشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسییە یەخەی ئینسانی گرتووە، بۆیە نە ئەحلام و نە کەسانی تریش داهێنەر نەبوون تاکو کەسی داهێنەری وەك ئەلتەرناتیڤی ئەحلام بێتە کایەوە، دەکرێ بڵێین: کۆمەڵگەی کوردستانیی پێویستی بە کەسانی بەجورەت و بە خاوەن کەسایەتی خۆیانە، تاکو لەنێو ئەدەبیاتدا بچوون و تێگەیشتنیان لەبارەی ژنەوە هەبێ، لەکاتێکدا ئەدەبیات بەبەرای من ئەدەب کێشەی کۆمەڵایەتیی چارەسەر ناکات، تەنیا دەتوانێ دیالێگی تێدا بەرهەمبهێنێ لەنێو زمان، کولتوور و خوێندەواردا و ئەمە دەبێ لەئاستی کۆمەڵایەتییدا تێنگبداتەوە و لەنەوێیەکەوە بە نەوێیەکی تر مانایەکی جیاواز وەربگرێت، هەروەك چۆن ئازادیی و ئازادییەکانی تاك لەنەوەی ئابردووەدا بریتیی بوو لە سیاسەت، ڕزگاریی نیشتیمانیی و نەتەوەیی، ئێستا بریتیە لە ئازادیی تاك و خۆشگوزەرانیی.

هۆشنبیری کوردیی کێشەی زۆری سایکۆلۆژیی تێدایە پێویستی بە ئەدیب نییە بەقەد ئەوەی پێویستی بە زانای سایکۆلۆژیی هەیە، چونکە دەبێ ئەو گرێ دەروونییانە، خوێندنەوەیان بۆ بکرێت و دواجار بکرێت بە لێکۆڵینەوەی ئەکادەمیی و بخرێنە بەرباس، چونکە نووسین تەنیا هەدەفی ئەوە نییە باسی کێشە بکرێت، بەڵکو هەدەفێکی دیکەی خوێندنەوەی سایکۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژییە، هەروەك چۆن هەمیرس و ئەدیبە کلاسیکییەکانی یۆنان و شکسپیری ئینگلیز، هاملەت و گرێی ئەدیب لە شانۆ و لە سیاستدا، کە فرێید و ماركس هەریەك بەشێوەیەك موناقەشەیان کردووە و لەتێزەکانیاندا تێنگیداوەتەوە، دەبینین، لەڕدایە نووسین و داهێنان لە نووسیندا چ فەزایەکی لەدەرەوەی فەزای ئاسایی کۆمەڵگەدا خوڵقاندووە و لەکۆدا تێنگیداوەتەوە، بۆیە داهێنان وەختێك دەبێ، کە دەسەڵات و سیستەم بهەژێنێت، نەك تەنیا بە لێکۆڵینەوەی موجامەلاتیی، کە تەنیا بە زانستگەکان بکەك دێت بە تەرقییە و بەرزکردنەوەی پلەی ئەکادەمی، من داهێنان لە ئاستی جهانییدا وادەبینم و لە ئاستی لێکانی کوردستانییشدا بە گەورەتر لە خۆی، نەك لەنێو ژناندا، بەڵکو لەنێو پیاوانیشدا.

هەژهەژاتی ناوەڕاست کێلگەی چەندین هەزی دیار و نادیاری کولتووریی، ئایینیی، سیاسیی و فەرهەنگییە … ئەوندەی من بزانم ئەحلام ئەمانەی وەك داتا دەزانی، بەڵام نایدەتوانی وردی بکاتەوە و تەوزیفی بکات لەنێو نووسیندا تێنگبداتەوە، ئەمە غەدر نییە، بەڵکو هەقیقەتە، ئەم حاڵەتە بە تەواوی ژنەکانی دیکەی ئەدیبیش وایە، کە

دەنووسن، چونکە ناتوانن قووڵتر ببنەوە لەوەی، کە سیاسەت و سیستەمی دەسەڵات و پیاو تەماشایان دەکەن، وەک کاڵا، بەداخەوە ئەوان خۆشیان لەشوێنکدا بەهەی کێلەبوونیان بەدەستی غەریزەی چەپڵەنراوی ژنیەتییەوە، یان بەدەستی پلە دووییانەوە، بوون بە کێلەی کەمالیات، پوول، ماڵ و موڵکییەتەک، کە لە کێلەبوونی پیاو، ماڵ، زەوی و منداڵەوە کەکراوەتەوە.
داهێنان، کەشەی هەرە گەورەی بەشەریەتە لەسەر گەی زەوی، نەک ژنان و هۆشنبیری کوردیی، بەتام ئەگەر بمانەوە کەسکی دیکەی وەک ئەحلام بەرهەمبهێنینەوە، ئەوا پێویستمان بە شەشی کەمایەتییە، کە دەبە بگەیینەوە سەتەی ڕابردوو، کە هەم ململانێی سیاسیی و ئابووریی لەو ئاستەی ئێستا نەبوو لەسەرتاسەری جیهان، هەم ئینسان بە خۆی نەبوو بە کێلە و ملی نەدابوو بە هەموو ویست و غەریزە بچووکەکانی خۆی، هەم ئیرادەی ئینسان لەشوێنکدا قیمەتی مابوو.
ئەحلام کەسک بوو کەمتر نەبوو لە نەوال سەعداوی، فاتیمە مەرنیسی، فەروخزاد و ئەریانا ڤاڵاجی و دەیان ژنی ناسراوی دیکەی جیهان، بەتام ئەوان خاوەنی شوناسی نەتەوەیی و خاوەن کەمەگەیەک بوون بەرگریی لە کەرامەت و بەهای کولتووریی خۆیان دەکەن و لەوشەوە بەرگریی لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆیان دەکەن و کەسایەتییەکانیان دەخەنە بەردەم گەپی گشی ڕاگەیاندنی ڕاستگۆ، نەک هۆکلام.
ئەحلام بەهەی ئەوەی بیرکردنەوەی جیاواز بوو لە زەربەی حزبە کوردیەکان، کە خاوەنی ڕاگەیاندن بوون، پشتگوێ خرابوو، بەمەش هیچ هیوایەک نەماوە کەسکی وەک ئەحلام دروست ببێتەوە؛ لەنەو هۆشنبیری کوردییشدا بەتایبەتیی، کە گوتارەکەی بەدەست پیاوانەوەیە، ژن هەمیشە لەبەردەم تەشیر، قسەی ناشیرین و هەرشە بە نەوزاندنی، چونکە پیاوانی کورد بەتایبەتیی ئەوانەی لەنەو ڕاگەیاندن، تەنیا لەنەو چوارچێوەی سێکس تەماشای ژنان دەکەن، بۆیە بوارێکە بە ئەوان بەرتەسکترە.

کەتایی

ئەم دیمانەیە لە مەلەفی ئەحلام مەنسوور، لە گۆڤاری "کەلەن" ژمارە چوار، زستانی 2018 بڵاوکراوەتەوە.

خوێندنەوەیەک بۆ: مدخل إلى المسرح الفرعوني الكوريغرافي الأوبرالي.. رێباز محەمەد جۆزا

نووسەری ئەم کتێبە دکتۆر صوبحی شەفیق ، یەکێکەو لەونوسەرانەی کار لە سەر مێژوو ژیاری شارستانێتییەکان دەکات و لەم کتێبیدا باس لەسێ جۆر لە شانۆی فریعەونی لای میصریەکێنەکان دەکات ، ئەوانیش بریتین لە :

1. شانۆیی دیمەنە (جنائزی – تەرمەکان – مردووەکان) .
2. شانۆی ئاهەنگسازی و جەژن و بۆنە ئاینییەکان .
3. شانۆی سروتە فریعەونییەکان .

بەشێوەیەکی گشتی نووسەر دکتۆر شەفیق بۆتێگەیشتن لەشانۆی فیرعەونی پێویستمان بە ئازادی بیر هەیە لەگەڵ خۆزگارکردن لە لاساری و دووبارە بوونەوە . دەکرێت شانۆی میصرییە کێنەکان هاوشێوەی شانۆی سەدەی 17 ی ئەوروپی یان شانۆی سەردەمی گریکی بکەین لە شێوەو ڕوخساریاندا . نووسەر ئەوەمان بیرووندەکاتەوە کە سەرەتای ئەم هونەرە ، بەوێنەیەکی ڕوونی شانۆ لای میصرییەکێنەکان دەخاتە ڕوو وەکو هیرۆدۆت گەورە مێژوونووسی گریك ئاماژەی بۆکردووە و پەسنی کردووە بەشانۆی (سروتی) یان دینی ، بەڵام بە (دۆگم – تقلید) ی دینی فیرعەونییەکان . کەواتە شانۆی میصریەکێنەکان بەپێی بۆچوونەکانی هیرۆدۆتی مێژوو نووس پێکهاتووە لە :

یەکەم / شانۆی ئاهەنگسازی
دووەم / شانۆی سروتە دینییەکان
سێهەم / شانۆی جەنائزی – مردووەکان

- پێکهاتەو پێداویستیکانی ئەم شانۆیە چی بوون ؟

لەکاتی بەراوردکاری مێژوویدا ، نووسەر دەڵێت : " پەرستگا دەستگایەکی دەوڵەتی میصری فیرعەونی بووە ، هەریەکەلەو پەرستگایانە دەچنە پەرێزی نمایشە شانۆییەکانەوە ، لەکاتێکدا نووسەر ئاماژە بۆئەوە دەکات کە پەرستگا فیرعەونیە کێنەکان کۆگایان هەبووە بۆکەرەستەو کەلوپەلە شانۆییەکان و بەکارهێنانیشیان زمانێکی هێمزی هەبووە بۆتێگەیشتنی کاهینەکان و مفرەدە شانۆییەکانیان ئەو زمانە

بریتی بووە لە " هەنگەکان و هەڵەکان " بووە ، نەك ئەوەندەش ، بەڵکو هەستاون بە ڕوانین لەدیمەندا بۆئەوەی ئەو کەدانە بکەنەوە کە نمایش پێشکەشی کردوون و لەهەمان کاتدا بەر پرس بوون لەوکارەو ڕۆڵی (مۆنتێر- بەزمانی هاوچەرخ) یان بینیوە لەنمایشە شانۆییەکاندا .
هەروەها نووسەر لەبەشێکی تری کتێبەکەیدا باسی ئێکسسواراتی کردووە بەجۆرێك کە میصریەکۆنەکان لەنمایشە شانۆییەکاندا بەکاریان هێناون بەتایەبتی لەنمایشە شانۆییەکانی "شانۆی جەنائزی و ئاهەنگسازی و جەژن و بۆنە دینیەکاندا " ، ئەمەجگەلەوەی نووسەر جەخت لەوەدەکاتەوەکە ئێکسسوارات بەووونی و ئاشکرایی هەبوون لەو نمایشانەی شانۆی فیرعەونی کەندا . هەروەها نووسەر لەدرێژەی باسەکەیدا ، ئاماژە بۆ پرۆفیسۆر " الکسندر موریە " دەکات کە کتێبێکی هەیە بەناونیشانی " الغوامچ والاسرار المصریە " کەلەوێدا دەربارەی هەندێك کاری جێبەجێکاری قسەدەکات کە کاهنە میصریەکان ئەنجامیان گەورەیان هەبووە لەسروتە فیرعەونیە لاسایارەکاندا ، نووسەر دەڵێت : " ئەوان لەشانۆکەیاندا دەگەڕانەوە بۆ هەمان ئەو ئێکسسواراتانەی کە لەناویانداکورت و دروستکراو بوون بە تەختەی "الجمیز و الاکاسیا " لەگەڵ ئاڵتوون و زیوو وهتد پاشان دەیاندا لەجەستەی نمونەداپێشراوەکە و لەسەری و لە صولجانەکەی و ڕۆڵی سەرکی نمایشی تراجیدیا یان وەزیریان هەبووە .
ئەمە سەرباری ئەوەی نووسەر باسی دەمامکی شانۆیی دەکات و بەیەکێك لە ئامازەکانی شانۆی فیرعەونی کۆنی دەزانێت و ئاماژە بۆئەوەدەکات کەلە مزەخانەکاندا پارێزراون و چەندین جۆر دەمامکیان لەنوودا هەڵگیراون کەگەنجەکان دەیان پێشین و مژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 12 تا شانزە .

- دڕامای فیرعەونی :

ئەوەی نووسەر لەم کتێبەدا باسی دەکات ، دڕامای میصری هەزار ساڵ لەپێش دڕامای گریکیەوەیە، لەم بارەیەوە نووسە دەڵێت : " گەر بوانینە شێوەی بەکارهێنانە جیاوازەکانی دەمامك لەپەرستگا فیرعەونیە کۆنەکاندا دەردەکەوێت کە میصرییەکۆنەکان پێش گریکیەکان دەکەون لە درامادا و مەعریفەی شانۆییان و ئەدائی دەقی شانۆیی یان لەپێش گریکە ، بەڵگەکانی نووسەر بۆئەم گوتەزایانە بریتین لە :

1. وێنەی گڵستانە فیرعەونیەکان و ئەو دەمامکە زۆرانەی کە

شەوەی هەمەجەریان هەیەو لێیان بەجێماون و تاکو ئێستاش پارێزراون .
2. ئەوێنە هەمەجەرانەی کە دەیسەلمێنن شانۆی میصری چێن بووەو ڕووخسارە دیارەکانی لەوانە بەنمونە : یەکێك لەوێنەکان : جادووگەرێك دەردەخات کە دەمامکی پێشیووەو لەبەرامبەر جەماوەری بینەراندا یە . پەیوەندی ئەم نمونەیە لەگەڵ دیمەنەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کەئەدەبی میصری فرعەونی کۆن سەرباری ئەوەی ئەدەبێکی چیرۆکیە ، ڕەشی هەبووە لەجادوو جادووگەری لە ژیانی میصریە کۆنەکاندا .

ژن لە نێوان دوو جەمسەری توندوتیژیدا … کرمانج فەتاح

ژن لە جەمسەی خۆزانی باوك سالاری و جەمسەری کەلگەی پیاو سالاریدا گوزەردەکات ، کەواتە ژن دووجار بووتە قوربانی ، جارێك بەهۆی جیاوازی چینایەتی و جارێك بەهۆی ڕەگەزکۆیانەوە کە لە لایەن ڕەگەزی نێرینەوە دەچەوسێنرێنەوە .
توندو تیژی پیاوان بەرامبەر بە ژنان ڕابردوویەکی دوورو درێژی هەیە ، باوك دەیدات بە کوڕ کوێش دەیداتەوە بە کورەکەی خۆی .
بەگوێرەی بۆچوونی پسپۆران ، هۆکارەکانی هەڵکشانی ڕێژەی ئەو دیاردەیە لە کەمەگە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانێك هۆکاری جیاجیا ، لەوانەش زیادبوونی گرفتە کەمەایەتییەکان و کێشەی ئابووری و ئاڵۆزیی دەخی سیاسیی وەاتەکە و ئایین وچێندان هۆکاری تاکەکەسیش .

توندوتیژی جۆری زۆرە وەك :
توندوتیژی جێستەیی، دەروونی، توندوتیژی دژ بە تاك یان دژ بە کەمە، توندوتیژی خۆزان و توندوتیژی کەمەایەتی و توندوتیژی سیاسی . لة سەروی هةموو ئةمانةشةوة توندوتیژی دین و مةزهةب .

توندوتیژی دژ بە ژنان بارودۆخێکی خنکینەرو سامناکە و لە سەرتاسەری جیهان بوونی هەیە بەڵام لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە .
هەر کەمەگەیەک ڕێژەی کێشە کەمەایەتییەکان تیایدا لە هەڵ کشاندا

بوو وەك : جیابوونەوەی ژن و مرد، ، نەبونی پەروەردەیەکی تەندروستی مندال ، چوسانەوەی دەروونی و لاوازی سیستەمی پەروەردەیی . نەبوونی دیالۆگ لە نێوان خێزان و
هەروەها لێووی سیاسیشەوە، نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و نەبوونی یەکسانی لەناو کۆمەڵدا ، پشێل کردنی یاسا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە . گەندەڵی و نەبوونی ئازادی و نەبوونی هەلی کار بەشیوەیەکی یەکسان ، گرانی بازاڕ و قەیرانی نیشتەجیبوون ، کاتێک ئەمانە هەموویان لە کۆمەڵگەدا هەبوون ، ئەکرێت بڵێین لەو کۆمەڵگەیەدا زەمینەخۆش بۆ کاری توندوتیژی .

لەئێستادا توندوتیژی لەهەرێمی کوردستان، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو زیادبوون دەچێت هەکاری ئەمە چیە ؟
توندوتیژی جۆر و شێوازی زۆرە وەکو ئاماژەم پی کرد ، بیگومان بەپێی ئاوەژو هەکارەکانی جیاوازن . هەکاری توندوتیژی کۆمەڵایەتی یان خێزانی جیاوازە لە هەکاری توندوتیژی سیاسی. بەڵام هەکاری هاوبەشی نێوانیان ئۆگەتێتەوە بۆ هەڵچوون و توڕەبوون و گیانی تۆڵەسەندنەوە و نەبوونی گیانی لێبووردن و پەروەردەی سەقەتی خێزان و کۆمەڵگە و سیستەمی فێرکردن. لەسەر ئاستی خێزاندا باوک، دایک ، برا گەورە ، ئەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە پەروەردەکردن و گۆشەکردنی کۆمەڵایەتی ئەندامانی بچوکی ناو خێزانەکە. ئەوانن ئەبنە پشتیوانی بۆ منداڵان و بەتایبەت لە قۆناغی هەرزەکاریدا، چونکە منداڵ لاسایی گەورە ئەکاتەوە لە هەڵوەست و هەڵسوکەوتدا و گۆڕەش کاریگەری بەرچاوی ئەبێت لەسەر کەسێتی منداڵ،
لەسەر ئاستی کۆمەڵگەشدا، دەسەڵاتی سیاسی بە پلەی سەرەکی و پاشان ئاین و دابونەریت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، ڕۆڵی زۆریان هەیە بەسەر کۆمەڵگەوە و زەمینە خۆشکەری توندوتیژین . بە نموونە : ئەم شوێنانەی تاکی تێدا ئاراستە دەکرێت، بۆی هەرتاکەو بە مانا جیاوازیەکانەوە بەنگەیەکیان هەیە کە تێیدا ئاراستە دەکرێن و بۆ نموونەشیانەوە کاریگەرن چ لە ئاستی تاکیە ئاراستە دەکرێن چ لە ئاستی گروپ و نموونەیتر کە تێیدا لێدوان و پەیامی سیروسەرە ئەدرێت وهانی خەڵک ئەدرێت بۆ کاری توندوتیژی،

ئەوانە هەر هەموو هەکارن بۆ پەرەسەندنی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

کرمانج فەتاح

دوو شیعـــــــری عـبـــــدوڵا سـڵـمان(مـشخـڵ(

چاودێری

شیعری:عـبدوڵا سـڵـمان(مـشخـڵ)

ئـمـڵـش دیسان لـ ساحـەی پاس چاوڕوانی نـفـرات بووم وەختـ دەرکـەوت
وەکو جاران شل و مل و
وەکو ڕۆژان خان و مان بوو هات و سـەرکـەوت
زووش زووش سـیری مـبایلـکـەی دەستی ئـکرد
هـند خـمـا بوو..لـ ژنـکی ڕۆمانسیانـەی خـیاڵی هـڵـبـەستی ئـکرد
من پـمخـڵش بوو تا ئـوارە لـناو پاس بـ و دانـبـزە
دەی سپی و بـگـەردی خـمی بیدەمـ وەک کاغـزە
پرسی : بـچـند خوولـکی تر دەگـیـنـ لای مـحافـزە
تازە کارم پـیدا کردووە لـژێـر چاودێری مودیرم
من نامـوـ دووابکـوم، نـک کارـکـم لـدەست بدەم
چونکـ سـەرچاوەی بژێـوی دوو منداڵ و دایک و باوکـکی زۆر پیرم.

ئـیلوولی ۲۰۱۹

لـنـو قاوەخانـیـکدا

شیعـــــــری : عـبـــــــدوڵا سـڵـمان(مـشخـڵ)

لـسووچـکی قاوەخانـ بـنازکـ لـگـڵ خـیاڵ و قاوەی تاڵ دانیشتبووم
ئـویش هاتـ سـەرمـزکـ و دیم ڕۆک لـ بـەرامبـەرمایـ
بـ کتـبـکـەی دەســتم را زانــی چـن بیــر دەکـەمـوـ و چ بـوایـک لـ
سـەرمایـ
باسی شـڵـش و ژیان و کـەمـڵـگـەی کرد
وەڵـسبوونمی هـتا ئاستـکی بـەرز برد
سووکایـتی کرد بـ ژیان

بەرزی کرد بۆ خەبات و مژووی ئینسان
ئیوت جیاوازی لەنێوان سۆشیالیزم و ئەم ژیانە بوونی نییە
کە من هەموو شتێکم بۆ فەراهەم بێ
ئیتر شتش مانای چییە؟
منیش دوا فەرم لێ قاوە تاڵکەمدا و هەستامە پێ
لەم وڵاتە ناسراوەی بە سەرما و بەفر و کێوە و تەف
پێنجەی ناوەڕاستی دەستم پێ نیشاندا و
پەم وت فەک ئەف

تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

شیعر/ خوونی بەلانیەک … کاوە عوسمان عومەر

بەیانی شەپەلی دا..
هەر کەسو زەریایەکی لە خەیدا هەگرتوە،
جەستە ڕەگای ئاسنینی…
شەماندەفەری وشەو تەنیاییە، نوسینی…
ئەو بایی لە هەر باخچەیەک،،
گەیایەک لە شیعری نووسی…
بە ڕەژنامەی بەهودەیی مرۆڤکانا،،
بەاوی کردنەوە،،
پەت ووتم، ژورەکانیش…
نشینگەی ئارام نین،،
ئەوانیش زیندانەکن ….
بە ئاسنی مەرگ و تەنیایی هەڕچنراون،،
بەام سەرگوزشتەی مردوەکان…
لای فلووتژەنی لم و سەرابە،،
وەک ئەو وابوو لە شاخە بکەویتە خوار،،
کە مرواریە درەوشاوەکانی…
ڕەشتنی خستە دەستکانتەوە،،
وەک شەماندەفەر،،

بە خۆک لەسفرا دەستپەدەکات،،
شارکانیش بە دەرزی عەشق و خوری بیرەوەری ئەدورەتەوە،،
گەلەری دوای درەنگانەکیش،،
چۆڵە لە کچێک لە باران،،
لە دەوازەکە لە پڕکدا وەک فریادڕەسی درەت،،
مرۆڤە گورگەکان هاتن، ،
تەماشای یەکتریان کرد،،
کەوتنە ئەتک کردن و ..
هەنجە هەنجە کردنی جەستەی پەریکانی شار،،
ئەوانەی گوڵەکانی نیشتمانیان هەرزانفڕۆشکرد،،
بە فڕەکە هاتن و پڕۆ بانی گرد و شاخکانیشیان بڕی،،
هیچ کانیەک و دارستانەکیش نەما،،
پڕۆ بانی نەقرتابێ، ،
ئەوانەی شاریان…
لە مەزادخانەی ڕۆحی مردوە زیندوەکانا هەراجکرد،،
بەباک بوون لە تینویەتی سنەوبەرەکان و گیانڵەڵەی نەرگزەکان،،
هەر گوڵەک بە هەوباری خەفەتا پڕرش و بڵاو بوو،،
بینیمان چۆن پڕۆکانی گوڵە پەرتبوەکان..
سەر ئاو کەوتن، ،
بینیمان چۆن هەزارەکان بە زمانی تر قسەدەکەن،،
لە جیهانی ترا خەیان حەشار ئەدەن،،
لە کاتەکا ئەوانەی ئەسپە سپیەکانی ..
ڕۆخی کەناری ئاتووڵی شاریان تەڕ کرد،،
لە سەحەرەوە نەهاتبوون،،
بڕۆکو گورگانەک بوون نامە،،
بە چرا شینەکانی چاوی منداڵە برسیکراوەکان،،
نامە بە پڕۆسەلکە خشبە خەتەکانی ئەوارە زیوینەکانی شار،،
نامە بە چاوەوانی ئەو دایکانەی…
ڕۆگی سنەوبەرەکان لە دڵی ئەوانەوە سەوز ئەبوو،،
خونکارەکان لە شاخی خەرەوە،،
گەیشتنەوە ماڵە سارد و وێرانەکان،،
کرێکارەک نانەکی بە تروسکایی بەیانیەکی خەمگینەوە خوارد،،
شەفڕی پاسکیش چاوەڕێی کرد،،
تا پڵڵە کوکوختەیەک باخچەکە بڕن، ،
بڵانەیەکیش بە دەربەینی هیچ ناڕازیبونەک،،
شەقامەکی کرد نەو پریاسکەی ئەسک و پروسکی شاری سەربەاو،،
لەوانەش ئەمشەو لە ژێر ڕۆهەڵەو تەفانا،،

ئەو بەلا نە عاشق بە زۆفی سپی شار،،،
پیاسەیەک بە منداڵی لەدەستچووا بکا ،،
پێش هاتنی...
چەتەکانی پشت سنوور.

لە نێوان پێوپاگەندەی سیاسی و کرداری راستیدا ... ڕەزا شوان

بەوا ناکەم هیچ گەلێک لە جیهاندا، وەکو گەلی کوردمان، هەندە دڵپاک و خۆشباوەڕبن و وا بە ئاسانی بڕوا و متمانە، بە زمان لووسی و بە بەڵێن و بە قسەکانی زۆرتکەرانی مافەکانیان و بە داگیرکەرانی نیشتمانە داگیرکراوەکانیان، بە ئاسانی بڕوابکەن و هەڵبخەڵەتێن و بکەونە داوەوە. بەڵام بە داخەوە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆش ئەمەی کورد چەندەها جار بە بەڵێن و بە قسەکانی داگیرکەرانی کوردستان بەوامان کردووە و هەڵیان خەڵەتاندووین. مەڕووشمان پڕ لەم ڕاستییە. ئەوەی کە جێی سۆز و داخێکی زیاترە ئەوەیە، کە ئەمەی کورد، هەرگیز پەند و وانەمان لە کارەسات و لەو هەموو هەڵە و شکستی و نەهامەتییانەمان وەرنەگرتووین، مەڕوو دووبارە و چەند بارە بەتەوە و دەبەتەوە. خراپتر هەڵخەڵەتاوین دەڵاوین و تەکەوتووین. هەر وەکو نە بامان دیبێت و نە باران. هەی سەرکیش بە بۆشکی زەری سەرکردە نابەدەکانمان دەگەڕێتەوە، کە لە گەمە و لە هونەری سیاسەت و لە شەوازی گفتوگۆدا کەواربوون، نەزان بوون لە خوێندنەوەی وردی ناخی داگیرکەران و ئەو نیازە ژەهراوی و گاوەی کە لە ناخیان دان نەک لەسەر زمانیان.

سەرەک وەزیرانی پێشووی تورکیا، ئەحمەد داود ئۆغڵۆ، سەرکی "پارتی ئایندە" لە ڕۆژی یەکشەمەی رابردوو (۲۳/ ئاوگوست/۲۰۲۰) لە سەردانێکی فڕمیدا، بۆ شاری (وان) ی کوردستانی، لە باکووری کوردستان دا، بە باگۆشکردن و بە نزیکبوونەوە و ڕاکێشانی لایەنگیریی کورد بۆ لای خۆی و پارتەکەیدا. وتی"من ئەوە دەزانم، کە وانیش ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە پارتی داد و گەشەکردنی دەسەڵاتدار،

سەرکی شارەوانییەکانی سەر بە پارتی دیوکراتی گەلانیان لادان و بەواپکراوی خەیان دانانن بە سەرکی شارەوانی، ئەو شارانەی کە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ی لایەنگری کورد، لە هەڵبژاردنەکانی سالی رابردوو، تێیاندا براوەبوون و زۆربەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا"
داود ئۆغلو ئاوەشی وت:"هەمووان مافی ئاوەیان هەیە کە بە زمانی دایکیان بدوێنن و بەکاریبهێنن" مەبەستیشی زمانی کوردی بوو. بە ئاوەی ناوی زمانی کوردی بهێنێت.
ئەحمەد داود ئۆغلو، وتیشی:"گەر بێتو تێنیا کوردکیش، کێشەی هاوبەستبوونی هەبە، تورکیا ناتوانێت بەستاوە" بەڵام داود ئۆغلو لە میانەی قسەکانی لە شاری وان دا، هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەدا، کە هاوەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدەن.

داود ئۆغلو، جەختی لەسەر ئاوەش کرد، کە:"واتاکەی بەهێز نابێت، گەر نەتوانێت هەموو کورد لە وان و دیاربەکر و ئیستانبوڵ و تانانێت لە سوریا و عێراقیشدا، لەبەرچاو نەگرێت" ئەم قسەیەی داود ئۆغلو، داناپنانەکی راستە، بەگومان ئەستەمە کە تورک و فارس و عەرەب، لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا، بتوانن بە ئاسوودەیی و بە ئاشتی بژین و پاڵی لێبدەنەوە، تا دان بە مافە ڕەواکانی کورد نەنێن و کوردیش نەبێت بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی، (دەوڵەتی کوردستان). تا ڕۆژێک زووتر ئەم هیوا و ئاواتە کورد بێتەدی. زووتر تورک و فارس و عەرەب و کورد، دەتوانن بە ئاشتی و ئاسوودەیی بژین و بحەسێنەوە.
بەرپرسێکی باڵای پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) وتی:"دەکرێ لەسەر داواکەی داود ئۆغلو، دەربارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی جەبەجێ بکرێ، دواتریش ڕاگرتنی دانراوەکانی سەرکی شارەوانییەکانی حکومەت لەسەر شارەوانییەکانی پارتەکەمان"
(ئەرێک قاترچی ئۆغلو) کە مامۆستایەکی ناسراوی زانکۆیە و پەرلەمانێکی (هەدەپە) یە، لە پەرلەمانی تورکیادا، وتی:"خوێندنەوەی ئەرێنیمان بە وتەکانی ئەم دواییەی سەرکی وەزیرانی پێشووی تورکیا، ئەوە ناگەیەنێت کە پێوەندییەکی متمانەپێکراو ئەمە بە ئاوەوە دەبەستێ" ئەرێک ئۆغلو وتیشی:" بانگەوازەکانی داود ئۆغلو، هەنگاوێکە، پێشوازی لێدەکەین، بەڵام لەم کاتەدا ئەوە بەس نییە، کە پێوەندی لەگەڵ پارتەکەیدا بکەین، لە ئەنجامی ئاوەی، کاتێک کە سەرکی وەزیران بوو، وەکو دوژمنێکی کورد ڕەفتاری دەکرد، بە تایبەتیش

لە کاتی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ساڵی (٢٠١٥) دا، کە داود ئەغەو بەڕێنی ئەوی دا، کە ناوچەی (شوورە) ی مەژوویی ناوەڕاستی شاری دیاربەکر دەکات بە ناوچەیەک لە شەوی (تەلیەدی ئیسپانی) لە کاتێکدا ئەم قسانەی کرد، کە ئەم ناوچەیە ـ ناوچەی شوورەی شاری دیاربەکر ـ لەژێر ئاگرباران و بەردوومانی سوپای تورکیادا بوو. خەڵکییەکەی دەکوژران، لەو کاتەدا ئەم قسانەی کرد ، هەر وەکو هیچ شتێک لە ئارادا نەبێت. لە جیاتی ئەوەی هەوڵە کۆتایی هێنانی بەم شەڕە بدایە" ئەرێ ئەغەو جەختی کردەوە وتی"ئەمە لە پارتی دیموکراتی گەلان، داواکاری تەڕکردنەوە نین، سەرۆکایەتی هەموو ئەو کارەساتانەی لە رابردوودا رووبەڕووبان دا، دەمانەوێت لەگەڵ هەرکەسێکدا بین، کە دیموکراسی راستیی لە وڵاتدا دەوێت. بۆیە لەوانەیە لە داهاتوودا، هاوکاری لە نێوان ئەمە و داود ئەغەودا دروست ببێت، ئەوەش شتێکی باشە کە هەندێ سیاسەتمەداری کورد لە پارتەکەیدان"
پێشتریش داود ئەغەڕ، بە تونڕی هێرشی کردە سەر ئەردەگان، لە لابردنی سەرۆک شارەوانییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی گەلان لایەنگیری کورد. کە بە بەیاری حکومەتە فاشستییەکەی ئەردەگان، لە کەی (٧١) سەروك شارەوانی کورد که سەر به پارتی دیموکراتی گەلانن، که له ساڵی رابردوودا، لەو شاره کوردستانیانەدا براوەبوون و به دەنگەکانی خەڵکی سەرکەوتن. (٤٦) سەرۆک شارەوانی شارە کوردییەکانیانی باکووری کوردستانیان لابردن. زۆربەشیان بە تووممەتی هەڵبەستراو زیندانی کراون.

هەریەکە لە (کەماڵ کلیچدار)ی سەرکی پارتی گەلی کەماری تورکیا (جەهەپە) و (عەلی باباجان) ی سەرکی پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن (دەقا) ئەویش ئەو بڕیارەی بە کورد دا، گەر بگەڕن بۆ دەساڵات، دان بە زمانی کوردی و بە مافەکانی کورد لە تورکیادا دەنێن. زمانی کوردیش دەبێت بە زمانی خوێندن و نووسین و بە زمانێکی فەرمی لە تورکیا و لە باکووری کوردستان دا، کۆشکی کورد چارسەر دەکەن و ئاشتی رادەگەیەنن. من پێموایە ئەم قسانەیان دروشمی بریقەدارن و قسەی رووتن، و قسەش ناچێتە گیرفانەوە، ئەگینا پارتی گەلی کەماری تورکیادا چەند ساڵێک دەساتداربوون، بەڵام پەیڕەوی هەمان ئایدەلۆژیای رەگەزپەرستی و بەگەنی ئەتاتورکی گەبەگەیان لە دژی کورد پەیڕەوی دەکرد. کە دەستی گرتبوون گەر بیانویستایە کۆشکی کورد لە تورکیادا چارسەربکەن؟ (عەلی باباجان) یش، کە وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا بوو ئەویش هیچ هەوڵستێکی ئەرێنی ئەوتۆی بە چارسەرکردنی

کێشەی کورد گەر تەنیا بە قسەش بوایە نەبووە. تا شایەنی باسکردن بێ؟
کورد شەخواز نییە و هەموو کاتێک ئامادەی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردە. بەڵام داگیرکەرانی کورد ئەم هەوڵستییەی کورد بە لاوازی تەدەگەن، هەردەم لەگەڵ ئەو ئەقڵیەتییە کۆنەپەرست و لە خەیاڵیەدان، کە بە لەشکرکێشی و سەرکوتکردن و ڕشکۆژی کەتایی بە کێشەی کورد بهێنن، نکووێیش لەوە دەکان کە کورد و کێشەی کوردیان هەبێت. تا ئێستاش باجەکی زۆری ئەم نکووێیکردن و گەمژەیی و دەندەیی و ئەقڵیەتە ڕەگەزپەرستییەیان داونەتەوە.

هەر کەس و لایەنێک گەر ڕاست دەکەن، ئامادە کێشەی کورد چارەسەر بکەن، ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، هێوادارین کە قسەکانی کەمال کلیچدار و عەلی باباجان و ئەحمەد داود ئۆغڵە لە دڵیانەوە بێت و ڕاست بکەن. نێک شەکریان لە سەر دەم بە و ژەهریان لە ناو دڵیاندا بێ. گەر بە ڕاستی پیاون و خاوەنی بڕیارن، کورد وتەنی:"پیاو سەری بدڕێنە بڕیار نادڕێنێت" نێک تەنیا قسە و بڕیارنکانیان پڕپاگەندە و بانگەشەی سیاسی بن بە هەڵبژاردنی داهاتوو و دووربن لە کرداری و لەقجبجکردن. گومان لە گەڵی قسە و بڕیارنی لەم شەوانە بووە. بەڵام کە گەیشتوون بە دەسەڵات بە پێچەوانەی بڕیارنکانیانەوە، ڕەفتاریان لەگەڵ کورد و کێشەی کورد دا کردوون، لە جێی دانان بە مافکانی کورد و ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان، بە ئاگر و ئاسن و سەرکوتکردن و ڕشکۆژی کورد و ڕانکردنی کوردستان و زیندانیکردنی بە هەزاران لاوی کورد، وەڵامی مافکان و داخوازییکانی کوردیان داونەتەوە. کە تا ئەمڕۆش درێژە بە هەمان سیاسەتی ڕەگەزپەرستیانە دەدەن. بەیە ئەمەی کورد، هەقمانە کە بە وتە و بڕیارنکانی داود ئۆغڵو و کەمال کلیچدار و عەلی باباجان بڕوا نکەین یا بە گومان بین. لەگەڵ ئەوەشدا ڕشبین نین و هەردەم گشبینین.

ڕەزا شوان
٢٤/ ئاوگوست/٢٠٢٠

شیعر/ تابلۆ ... ڤان محەمەد

1. تابلۆ

هەتا توانیم،
لە ووجودتدا خەم غەرق کرد!
هەموو ئێش و سپێتییەکانی بوونم،
لەناو خەیاڵەکانتدا ڕەنگ کرد
لە ژێر سێبەری تۆدا…
نوێبوونەوەم، بەسەر هەموو ئەندامە شکاوەکانمدا فڕێزکرد!
هەموو پێکەنینەکانتم،
لەنێو دەمارەکانمدا کرد بە تابلۆ!
تەفسیری ئایەتەکانی سەر زمانتم…
کرد بە وەردی ئێوارانی دوای ماندوو بونم!
وەلێ جگە لەو شتانەی دەتشاردنەوە،
جگە لە درەکانت هیچی ترم بە نەماوەتەوە.
زمانت دەمبڕێ؛
وەکو ئێژوو لاپەڕ دەکا!
هەرچی لەناومدایە دەجوڵێ،
وەک ئەوەی حەز بە سەما بکا،
وەلێ پڕلە قاژەم!
دەبوو بمزانیبا…
ئەوەی لەناو تۆدایە،
لەگەڵ حیکایەتی پڕ لەئومێدی مندا نایەتەوە!
دەبوو بمزانیبا…
ئەو نەسیمەی،
سەمای بە تاڵەکانی قژم دەکرد،
ئێشەبای شەتی پێش گەردەلول بوو بە وەرانکردنم!
هەست بە نائومێدی دەکەم!
هەست دەکەم، لەتۆدا جەم نابێتەوە!
هەست دەکەم، لەمندا ناوەیت!
ئێوارانی غارغارێنی مەست بە ووشکانت
چیدی نامبەنەوە کەنار دەفڕنکانی نیگا!
ئیتر وێنەیەک نییە،
من و تۆ لە خەیدا جێبکاتەوە!
هەناسەبەکەم…

وەک ئەوەی، بەوە خاپی ببەوەو نەتوانم
وەک ئەوەی،
سنگم پڕبێ لە هەناسە ژەنگگرتووەکانی تۆ و بمخنکێنێ!
هەناسە بکەمەو
دەمەوێ تۆ لە ناومدا نەمێنیت و
بە تەنها،
شۆقامەکان پڕکەم لە بیرەوەری کچێنیم.

ڤان محەمەد

ئەندرێ کۆنت-سپۆنڤیل: جیهانبینی فەیلەسوفکی بەختەوەری بە پێتاپێشی 16 ئازادحەمە...

""هەموو گوناهەکان تەقڵان بە پەکردنەوەی بەشاییەکان""
سیمۆن ڤەی Simone Weil

ئاماژە: فەلسەفە لە هیچەوە دەستپێناکات، لە جێگایەکەوە دەستپێدەکات کە منداڵدانەکانی ناو بیرکردنەوەی مرۆڤ. فەلسەفش کە بەم شێوەیە دەردەکەوێت سروت ناسەت. وەکیتر، فەلسەفە کە ناسرەوێت، دەشدامانەکانیشی کەکەی ئەو پانتاییانە پکەدنن دەبنە مەحەکی دادوەرییەکانمان. سەنگی دادوەرییە فەلسەفییەکان بیرکردنەوەکانمان لە لەییەوە بەرەو هوونی دەبەن و بەو بە تێگەیشتنەکانمان دەدەن. وەجا قەمرۆیی شیکردنەوەی فەلسەفیی دەتەکایەوە و ئەوەش درز دەخاتە ناو بینینی مرۆڤکانەوە و کەگەی تەامان بەپیتردەکات. داخە قەتیسکردنی قەمرۆیی فەلسەفە نابەتە هەکاری کپکردنی پرسیارەکانمان کە خودی فەلسەفە بەهەی ئەوەو (پرسیارەو) هەیە؟ بەگومان هەژاری فەلسەفی بەشێك دەبەت لە لەکەوتەکانی ئەو قەتیسکردنە کە دواتر کەششەکانمان تاریك دەکەن و هووبەری تێگەیشتن بە چەشنەك تەسك و بچووکدەکەنەوە کە

خەشگوزەرانی هزری نەیەتەدی. بەم جۆرە بەت بەسەرهاتی ئەم بەشەمان (بەشی دواتریشمان) هەنگاونانە بۆرەو هەنانگەی کرکی سەیرکردنە فەلسەفیەکانی بیرمەندی فەرەنسی ئەندرە کەنت–سپەنقیل (André Comte-Sponville) لەبارەی کەڤید- 19وە.

جیهانبینی فەیلەسوفکی بەختەوەری، وەك کەنت–سپەنقیل، بە پەتا ناونیشانی هەنگاونانکەمان دەبەت تا بەهەیەوە لە دوو مەودا دا، لەم بەشە و بەشی دواتر، ئیش لەسەر فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە بکەین. مەودایەك ئەو تەگەیشتنە فەلسەفییانە لە تەکستەکانییەوە دەردەنین کە لە پەیوەندیدان بە واتاگەلکی وەك: نەخەشی، تەندروستی و بەختەوەری ...هتد. مەودای دووەم کاردانەوەی تەکستەکانیەتی لە ساتەوەختی قسەکردنکانی لەسەر کەڤید- 19. ەاستە جیهانبینیەکانی کەنت–سپەنقیل بە ەاڤەکردنی کەڤید- 19 جیهانبینیگەلکی فەلسەفی وروژێنەر و گفتوگۆئامێزن، بەڵام ئاماژەی سیاسی، ئابووری و پزیشکیشیان هەیە. ئەوەش دەبینین کە بەشکی زەر لە جیهانبینیەکانی ئەم بیریارە لە میدیای فەرەنسی لەکدانەوەی هەڵەی بۆکرا وەك: بەباکبوونی ئەم فەیلەسوفە بۆرامبەر بە مەرگی بەساڵاچووان، گرنگیدانی بە ئابووری لەبەی تەندروستی، ئەوەش کە بەختەوەری تەندروستی دروستناکات و کۆرەنتین ئازادی کوژە و زەرەك بچوونی تریش.

سەرئەنجام لەم بەشە (بەشی دواتریش) جەخت لەوە دەکەین کە لەگەڵ هەڵکشانی نووسین لە میدیاکانا لەسەر کەڤید- 19 ترسکی زەر دروستبوو، سەرەتای ترسکەش ئەوە بوو، تەندروستی بەهایکی باڵای بەخەی گەڕاوەتەوە، ئەوەش ترسکی دروستکرد کە هەموو شتەك لەپەناوی تەندروستیدایە. بایەخدانیش بە تەندروستی پلەگەی پزیشکی بەهەزکرد. لەرەوە پزیشکی کارگەڕی ژیانمانیکرد و لە کۆرەنتینکردنیشمان بەیاربەدەستبوو. کۆرەنتین بووە هەکاری بەبەریکردنمان لە ئازادی، ئەمەش تووڕەبوونکی تیا دروستکردین، بابەتەکە دژی کۆرەنتینبوون نەبوو بەڵکو ئەوەی شێوازەکانی کۆرەنتین شایانی خستنەڕوپرسیار بوون. کەنت–سپەنقیل وتەنی، زەرجار پزیشکەکان کە دەنەسەر شاشەکان باس لە بەردەوامی کۆرەنتینەکەن بەمە ئەمە دووچاری خەمکی دەکەن، لەکاتکا ەەڕەی مردووان بە کەڤید- 19 کەمترە لە مردن بە شەرپەنجەیان بە ئەلزهایمەر. بەیە لەرەوە دەینە سەر ئەندرە کەنت–سپەنقیل، سەر جیهانبینی فەلسەفەی فەیلەسوفك کە کار لەسەر بەختەوەری دەکات بە لەدانی ترس لە پەتای کۆرەنا.

بنەمای تەگەیشتنی فەلسەفیی ئەندرە کەنت–سپەنقیل

لە دووتەیی ئەم باسە دەرفەت بۆ گفتوگۆیەکی بەرتەسکی بنەمای تێگەیشتنی فەلسەفیی ئەندرۆ کانت–سپێنقیل دەدەزینەوە. تۆژینەوە فەلسەفییەکانی ئەندرۆ کانت–سپێنقیل لە چوارچێوەی ئێپیکەر (Epicurus)، سپینوزا (Spinoza) و مۆنتاین (Montaigne) دا دەخولێنەوە. هەریەك لەم فەیلەسوفانە ،کە دەنگی فەلسەفیی سەدەی خەیان بوونە، وایان لە کانت–سپێنقیل کردوە پردەك لەنێوان فەلسەفە و ژیان دا دروستبکات، خۆشویستی بۆ ژیان بکاتە بناغە بۆ فەلسەفەکردن، بوون بۆ ژیانەوە گرێداتەوە و ئەمەش ببێتە هۆکاری دروستکردنی بۆختەوەری. بۆختەوەری هەر لەسەر دەستی ئەم هزرڤانە نییە کە گرنگی پێدەدرێت، بگرە دەمەك وەختە فەلسەفە بۆخۆیدەکات. مەرجە ئەوەش بەهێند وەربگیردرێت کە کاردانەوەی تێگەیشتنی ماتریالیستی ئێپیکەر و عەقڵگرایی سپینوزا دەروازەیەکی فەلسەفی جیاوازیان بۆ ئەم فەیلەسوفە فەرانسیە دروستکردووە. مۆنتاینیش بۆ فەلسەفە هەمانییەکەیەوە دووریەکی تری فەلسەفیی بۆ تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی کانت–سپێنقیل بۆخشیوە. ئەو سێ فەیلەسوفە (ئێپیکەر، سپینوزا، مۆنتاین) بناغەیەکی ئەوتۆیان بۆ کانت–سپێنقیل داناوە کە لەهاتوانە هزری خۆی لەناو وتاری فەلسەفەی هاوچەرخی فەرانسی داڕێژت و بەچوونە فەلسەفییەکانی لەسەر مرۆڤبوون و ڕۆحانییەکی بۆ ئیمانانە(مولحید)، فەلسەفەیەکی ماتریالیستی، پەرەپێبدات. ڕوونتر بڵێین کانت–سپێنقیل نووسەری بڕۆحانیکردنی بێئیمانی(spiritualisation of atheism) یە لە فەلسەفەی هاوچەرخی فەرانسیدا. ئەبەتە لە ڕوانگای ئێپیکەر و سپینوزاوە بەو ڕۆحانیەتە دەگات کە دواتر ناوی دەنێت ڕۆحانی بێئیمانی، ڕۆحانیەك کە یەزدان تیایدا ئامادە نییە، لەوێدا مرۆڤ چەقی بوونە، پەیوەندی بە بوونیشەوە لە دەرەوەی هەزی ترانسدەنسە (باتا). تێکەڵکردنی ئیمانیش بە زانین بە کارێکی دەبەنگانە دەزانێت. لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیشدا باس لەوە دەکات کە لەکاتی بزووتنەوەی ئایاری 68 لە پاریس تەمەنی 16 ساڵان بووە. سەرەتا چەپ بووە و دواتر بەماوەی پانزە ڕۆژێك ئەنارشیست بووە و لەکۆتایشا سێ هەفتە ترۆتسکی بووە. لەو دەمەدا خولیایەکی زەری شێش بووە و پەیوەندی بە یەزدانیشەوە پچڕاندووە. ئەم فەیلەسوفە سەرچێی بێئیمانی لە ئاست سەرچێی ئیمانداری دادەنێت و بەمە هەردوو پێکەوە کار بە دروستکردنی سەرچێی ئاینی و نا- ئاینی دەکەن. ئەمەش لەبەرئەوەی ، بەبەچوونی ئەم بیرمەندە، مرۆڤایەتی خەریکە دەکەوێتە ناو ماتریالیستێکی بێئیمانییەوە. ئەم لایەنەش بە بەچووونی"ئەو" بە ڕۆحانیکردنی بێئیمانی چارسەردەکرێت. بەمەش دەمارگیری ئاینی لاوازدەبێت. لەناو ئەو ڕۆحانیەی باسیدەکات شوێنێك بۆ پەیوەندیکردن بە نەمری،

ناپایان و ڕەها بوونی هەیە.
کانت–سپێنگلیل یەکەکیش بوو لەو فەیلەسوفە فەرەنسیانەی بەشداری لە نووسینی پەرتووکێك کردووە بەناوی"" بە ئەمە نیچەخواز Nietzscheen نییە"". لە هەڤپەیڤینەکیشدا لەگەڵ گۆڤاری لەفیگارۆ Le Figaro ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر شت لەگەڵ نیچە کێشەدکاتەوە: دژایەتیکردنی ئایدیالیزم، هیچگەرایی، ئاشکراکردنی وەهمەکانی تاك و... هتد. هەروەك نیچەش دژە (ڤاگنەر، ئەفلاتون، دەکارت و کانت) ە. کانت–سپێنگلیل پێشیوایە ئەو نیچە بوو فەریکردین لەکدانەوە قەرخی زانین دەکات و ماناش ڕاستی دروستدەکات. بەپێی کانت–سپێنگلیل، نیچە نەك هەر ئانتی سەمیت (anti-Semite دژجوولەکە) بووە دژە نازیش بووە، بەڵام مەرکی نیچە بە نازیکانەوە دیارە. لە کوێوە؟ لە زۆر شوێنەوە. بەنموونە لە ویست بە هەزەوە تا ڕاق لە ژن و کێلە و لاواز و...بەپێی تێگەیشتنی کانت–سپێنگلیلیش بێت مەجبوور نییە نیچەخوازبێت، بەڵام ئاستەمیشە فەلسەفەکردن بە ڕووبەڕووبونەوەی هزری نیچە. بە قسەی ئەم بیرمەندە پاریسییە نیچە بەرچاوترین سۆفیست Sophist ە کە سەردەمی نوێ بەخێوە بینیویەتی. نیچە بەو لەقەڵەم دەدات کە پرۆتاگۆراس Protagoras ی سەردەمی ئێستامانە. کانت–سپێنگلیل لەم بارەیەوە چاکی بەدەچێت کە دەڵێت: فەلسەفە هەموو سەردەمێك پێویستی بە سۆفیستەکان دەبێت تا تێستی خۆی بکات.

بەختەوەری لە فەلسەفەی ئەندرە کانت–سپێنگلیل

واتای بەختەوەری Bonheur / Happiness ، هەر لە کۆنەوە، لە یەنانەوە، بەشێك بووە لە بایەخی فەیلەسوفەکان و بەدارکەرەوەی پرسیارە فەلسەفییە کۆنەوشتی و سیاسییەکانیش (باشە، نایەکسانی، ئازادی) بووە. نەك هەر ئەوە ئەم واتایە هەوێنی گفتوگۆی ئەو دوانەیانیش بووە لە منداڵدانی بەختەوەرییەوە هاتوونەتە دەر: بەختەوەری / نابەختەوەری، بەختەوەری / بێهیوای، بەختەوەری/ خەمکی.
لە تێکڕای فەلسەفەی ئەندرە کانت–سپێنگلیل تێناگەین گەر تێگەیشتن لەسەر جیهانبینییە فەلسەفییەکانی ئەم فەیلەسوفە تایبەت بە واتاگەلێکی وەك: بەختەوەری، مەرگ، دانایی، چێژ، ئازادی، خۆویستی و کۆوشت لای خەمان گەڵاڵەنەکەین. بەیە لەڕە، و لە دووتێیی ئەم بەشە نووسینە، لەسەر واتای بەختەوەری بەجەرەك دەوستین کە بکارین وەنێیکی کرکدار لەسەر تێگەیشتنی ئەم فەیلەسوفە بە پەتا و تەندروستی دروستبکەین. لەم سەنگەیەوە پێویستمان بەویە بەختەوەری وەك دژە جەمسەری خەمکی بخەینەروو کە

لە تێکستەکانیدا خۆی بەو شێوەیە دەردەخات. ئەمش بەپێی ئەو تێگەیشتنە دەکەین کە ئەم بیریارە بە بەختەوەری/ خەمکی هەیەتی لە پێوەندی بە ووبەووبوونەوەی ترس لە مەرگ.
وەرای ئەوە، کانت-سپێنقیل بە داشتنی تێگەیشتنێکی فەلسەفییانە بە بەختەوەری دانایی بە بناغە دەزانێت. دانایی بنەما بە بەختەوەری دادنێت و سەنگی هزریشی بە دادەڕێژێت. ئەم سەنگە ئەو لایەنە عەقڵییەیە کە بەختەوەری تیابەرجەستەدەکرێت. واتە بەختەوەری لەتەك عەقڵ دا یەکدەگرێتەوە. گومانیشی ناوێت ،کانت-سپێنقیل وتەنی، ئاینەکان گفتەکی زۆرمان سەبارەت بە بەختەوەری پێدەدەن و هیچیشی لەسەرووزنابێت. مەدەرنەش، لەڕێگای تەکنەلۆژیاوە پێمانی بەختەوەریمان دەداتێ و کەچی ناشمانگەیەنێتێ دوا مەنزڵگای بەختەوەری. باشە بەختەوەری دوا مەنزڵی هەیە؟ ئایا بەختەوەری هەمیشەی دێتێ دی؟ دەبینین کانت-سپێنقیل لە لەدوانەکدا باس لەوە دەکات، بەختەوەری شتەکی تاکییە نەك دەستجەمعی (کەلەکتیف). واتە بەختەوەری شتەکی خەییە. بەختەوەری بەختەوەری تایە نەك گشت کەمەڵگا. ناشێت لە چاوەڕوانی ئەوەدا بین کەمەڵگە هەموو پێکەوە بەختەوەربن. ئەمەو جگەلەوەی بەختەوەری کۆتای نایەت. بە کەسەك تەندروستی بەختەوەرییە و بە ئەوەی تر سەرمایە یان جوانی.
سەرباری ئەوە، کانت-سپێنقیل لە تەوژینەوە و هەڤپەیڤینەکانیدا پردەك لەنێوان بەختەوەری و دانایدا دروستدەکات. جەختدەکات کە بەختەوەری ئامانجی فەلسەفەیە یان بەختەوەری لەناو ئامانجی فەلسەفەدایە، بەڵام ڕاستی لە بەختەوەری گرنگترە. دیاریکراوتر، ئامانجی فەلسەفە دانایە، دواتر بەختەوەری دێت. فەلسەفە کە دەمانخاتە سەر ڕێی بەختەوەری، ئەوە ئەو شتەیە یەنانیەکان ناویناوە دانایی. لە نەریتی یەنانیشا بەم جۆرە هاتووە کە دانایی دان بە بەختەوەریدا دەنێت، یان جۆرەك لە بەختەوەری. داناش کە بەختەوەر دەبێت چونکە بەختەوەری دانایی تیایە. دانا ،ئەم بیریارە وتەنی، لەپەناوی باشە دەژیت لەبەی ئەوەی لەپەناو هیوا دا بژیت. دانایی بەختەوەریکی بەهیوایە. دانا لە ئەمە بەختەوەرتر نییە لەبەرئەوەی ژیانی خەشتردەوێت. لەبەرئەوەیە کە ژیانی خەشتردەوێت پتر لەوەی کە بەختەوەرە. کانت-سپێنقیل هیوای باش ژیان بەتدەکاتەوە، چونکە ژیان دەکات بەوەی دەبێت لەپەناوی باشە دا بێت. بەختەوەریش پەیوستە بەختەوەریکی ڕاستەقینە بێت نەك بەختەوەریکی بە هیوا. بەختەوەری ڕاستەقینە بەهەی شتی سەرپەی و لاوکیەوە نایەتەدی. ئەم فەیلەسوفە بەختەوەری لەوە بەدوور دەگرێت کە بکەوینە تەڵەی هیواوە.
لەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەی مەنتاین فەری ئەوەشمان دەکات کە فەربین

بژین و دواتر فەلسەفەبکەین نەبا درەنگ بکەوین. پەویستمان بە بەختەوەریيە، بەختەوەریش پەویستی خەڵکە. لەکەدانەوە لە ئارەزووەکان دەستپەدەکات، سپینوزا وتەنی، کە جۆرەهری مرۆڤ. بۆئەوەی بەختەوەر بیت پەویستە ئەوەی دەتەوێت هەبێت، بەڵام نەک هەموو ئەوەی دەتەوێت. چونکە هەرگیز بەختەوەر نابیت! واتە بەدەستهێنانی هەموو، گشت، بەختەوەری ناهێنێت.

پان- پزیشکیگەرایی
تەندروستی بەختەوەری هێنەر؟

پان- پزیشکیگەرایی Panmédicalisme ئاماژەیەکی پزیشکی گشتییە، خەڵکی وەک ئەدیالەژیایەک نیشاندەدات کە هەموو هەزەک بە پزیشکی دەبەخشێت. ئەم تێگەیشتنەی کانت–سپێنقیل لە کاتی شیکردنەوەی کۆڤید- 19 لە سەسیال میدیای فەرەنسی کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆی هێنا. هاوکات لەم تێگەیشتنە پێکدادانێک بەدیدەکرێت لە نێوان تەندروستی و بەختەوەری. لەو بارەیەوە دەڵێکی ڤەلتێرمان بەنموونە بەدەستەوە کە دەڵێت: بەیارمداوە بەختەوەر بم لەبەرئەوەی باشە بۆ تەندروستی. ئەم وتەنی ڤەلتێر، بەختەوەری بە تەندروستی باشە، بەوە شیدەکاتەوە کە بەختەوەری وا بە 25 سەدیە مانای بە تەندروستیبوون هەیە. ڕەخنەش لە شارستانی ئەستا دەگرێت کە دیدوەت تەندروستی بکاتە ئامراز بۆ بەختەوەری لەکاتێکا ئەوە بەختەوەرییە کە ئامرازی تەندروستییە. ئەبەتە ئازادی، خۆشویستی و یەکسانیش ئامرازی بەختەوەرییەن، کەچی هەموو ئەوانە لە فەرەنسا وەلاوەنراون و تەندروستی خراوەتە جێیان. تەنانەت سیاسیەکانیش وازیان لە گشت بابەتەکان هێناوە و تەنیا باس لە تەندروستی هاوڵاتیان دەکەن. بەقەولی کانت –سپێنقیل لەگەڵ بەاوبوونەوەی تەنگژەی پەتای کۆرۆنا زانست شاشەی تەلەفزیۆنی بەخۆی برد و گشت زانستیش بریتیبوو لە پزیشکی. پزیشکیش تەندروستی کردە باسی بنەڕەتی خۆی و یەکسانیشیکرد بە بەختەوەری مرۆڤەکان.

ئەم بیرمەندە ئەو لایەنەی لایسڕەوە باسکرا، دیاردەی بایەخدانی زۆر بە تەندروستی، وەک کەشە دەبینێت. تەندروستی وەک دروستکەری بەختەوەریش بە پزیشکی دەگەنێتەوە و ناویشیدەنێت پان- پزیشکیگەرایی. شارستانی ئەستای ئەوروپا، بە پێی بۆچوونی کانت–سپێنقیل، دەخوازێت لەڕێگای تەندروستیەوە یان پزیشکییەوە، بە جیهان و بە خەڵمان و بە ئەویتریشەوە گرێماندات. ئەوەشمان پێدەڵێت کە وشەی پان (pan) لە زمانی یۆنانی گشت (هەموو) دەگەیەنێت. واتە چاوەڕوانی زۆری مرۆڤ لە پزیشکی. پان پزیشکی هەموو شتێکی لە

پزیشکی دەوڵەت، نەک هەر تەنیا تەندروستیمان بگرێ بەختەوەریش! تەندروستی لەم حاڵەتەی خۆی بە دروستکەری بەختەوەری دەزانێت. ئەمشۆ ئیدیۆلۆژیا نوێکەی پزیشکی لە هاژاوای ئەستا. سەرباری ئاوەی وترا، پەویستە ئاوەش بزانین ئایا تەندروستی ئیدیۆلۆژیایەکی نوێیە یان بەرژەوەندیەکی گشتییە؟ بەپێی کانت-سپێنقیل تەنگژەکە ئاراستەی سەرکی چاخکەمانی ئاشکراکرد، ئەمش ناودێنت پان-پزیشکیگرایی. ئەم پان- پزیشکیگرایینە ئاو ئیدیۆلۆژیایەیە کە تەندروستی دەخاتە سەروی هەموو شتەکانی ترەوە. بەواتایەکیتر، ئەم پان-پزیشکیگرایینە لەناوگای پزیکشییەوە تەندروستی لە سەروی گشت بەهاکانی تر دەبینێت: بەختەوەری، ئازادی، خۆشویستی، دادپەروەری. ئەم ئاراستەیە وادەکات هەموو شتێك ،نەک هەر چارەسەری نەخۆشی کە شتێکی ئاسایینە تەنانەت کارگەی ژیانی کەسی و کۆمەڵایەتیش، بکەوێتە ژێرکاریگەری پزیشکییەوە. ئەمش شتێکی ناڕەوا ئامێز. کانت-سپێنقیل دەڵێت: "ناماوەت مەجبوورکرم بە بایەخدان بە خەم. هەزم بە ئەوانە هەیە لە ماڵی بەساڵاچوان کاردەکەن. پەمبەشترە بە کۆڤید- 19 بمرم وەك لەوەی لە ماڵی بەساڵاچوان یان لە هەر شوێنکی تر پێنج یان دە ساڵێك بمێنمەوە. ئەگەرچی دەنیام خەڵکانێك حەز بەم قسانەناکەن". تەنانەت گازندەی ئەم سیستەمە تەندروستیە تازیەش لە فەرەنسا دەکات کە هەگری لەوە دەکات قسەی خەمان بکەین. بیێ دەبێت بە هەستیارییەوە مامەڵە لەتەك ئەم سیستەمە تەندروستییەدا بکەین.
ئاوەتا بە دکتەر دەوترێت: دکتەر غەمبارم، ماندووم، ناڕام : ناتوانن شتەکم بدەنێ تا چاکبمەوە؟ بەپێی کانت–سپێنقیل، غەمباری، ماندووی، ناڕەحەتی بەشکە لە مرۆڤ، لە مرۆیبوون بریتی نییە لە نەخۆشی. چۆن پزیشکی چارەسەرماندەکات؟ ئەمش بە خۆی پرسیارێ و هەڵوێستەیە پزیشکی دەبێتەوە. هەر تایبەت بەم لایەنە کانت-سپێنقیل لە لێدوانێك لەگەڵ Le Télégramme نموونەمان لەسەر ئاو وێنەیەی Sempé بەدەستەوە کە ساناێك لەماوبەر لە یەکێك لە گۆڤارکانا بینیویەتی. وێنەکە کیسەیەکە کە لە هاووی دەرەوەی بە شەوازێکی جوان کەشراوە و لە ناوەوەش هاوگومەزێکی بەتاڵی هەیە تەنیا ئاوە نەبێت کە لەبەردەم میحرابێکدا خانمێکی بچووکی میهرەبان وەستاوە و نوێژدەکات و دەڵێت:"" خواگیان، خواگیان من متمانەیەکی زەرم پێتە تا ئاو ئادەیەی کە دەماوەت بە دوختەرەکەم بانگتبکەم"".

کانت–سپێنقیل لە میانەی لێدوان و گفتوگۆکانی گومانناکات پزیشکی باشترین شتە و هەنگاو چاکترین بەختیش بێت لەبەردەم سەردەمکەمانا، بەڵام داوامان لە پزیشکی ئاوە نییە کە جێگای سیاسەت، هۆشت و هەڵانیێت بگرێتەوە. لەبەر هۆشنای بەچوونەکانی خۆی ئەم فیلەسوفە

فەرەنسیيە بە چارەسەرکردنی نەخۆشیيەکانی کۆمەڵگەی ئێستای فەرەنسی دەڵێت: پێتر پشت بە سیاسەت دەبەستم تا پزیشکی. بە ئاشکراستەکردنی ژیانیشم زۆرتر پشت بە خۆم دەبەستم وەک لە پزیشکەکەم. تەندروستی بە سامان باشترە لە سامانی بە تەندروستی، ئەم قسەیە جارجار دەوترێت و زۆر لایەنی ئاستیشی تیایە، بەڵام پزیشکی گرانە و لەگەڵ کاتیشا گرانتریش دەکەوێت. لەم بارەیەوە، تایبەت بە تەندروستی، ئابووری ناتوانێت بە تەنیا قسە بکات، چونکە پزیشکیش قسەی خۆی هەیە. ئابووری پێویستی بە بودجەیەکی و ئەویش پێویستی بە بڕاردەیە. لەکەتایشا کێشەکە پەیوەندی بە هەموانەوە هەیە و پێکەوەش دەبێت چارەسەریبکەین. هەر ئەوەش کە پێیدەڵێن دەمەکراسیيەت. بەیە ئەم بیرمەندە فەرەنسیيە لە دەمووختی کۆرەنتینەکە دژی دیکتاتۆریەتی پزیشکەکان وەستایەوە. ئەو دەزەی کۆرەنتین لە فەرەنسا دروستیکرد سیستەمی ڕەوشتی و سیستەمی تەندروستی ڕووبەڕووی یەک کردەوە. ئەمەش پاڵنەری بەشێک لە گفتوگۆکانی ئەم فەیلەسوفە بوو. دەزەک هاتەئارا گشت شتێک بە تەندروستیيەوە گرێدرا. تەندروستی و بەختەوەری یەکیانگرتەوە و پێکەوە ئەویان سازان کە پێش تەنگژەی کۆڤید -19 نەبوو. هاوکات لەم تەنگژەیە زانایان و تەندروستی کۆتنە بەری پێشەوەی گشت گفتوگۆکانیتر. ئەم تەندروستیيە ئێستا بەهایەکی باڵای بەدەستهێنرت و ئێستەمە هەرشکردنەسەری.
ئایا تەندروستی ئەوەنە گرنگە کە ئەمە خەمان تەسلیمی پزیشکەکان بکەین؟ نەخێر سیاسەت بیاردەدات. سیاسیەکان دەبایە گوێ لە پزیشکەکان دواتر ئابووریناسانیش بگرن. شتێک هەموو پێکەوە بیکەن و پێکەوە بیاریتیابدەن، ئەوەش کۆمەڵگەی دەمەکراسی. نەک وەک ئەوەی بینرا کە پزیشکەکان، کارمەندی تەندروستی، لە ڕادیە و تەلەفزیۆنکان واقسیان دەکرد وەک بڕیت هەموو شتێک لە دەستی ئەواندایە و سیاسەت بیاریتیانادات. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی پێتاکە تەندروستی خستە پێشپێشەوە و پزیشکیشی لەبەر ڕۆشنای دانا. سیسیال میدیای فەرەنسیش خۆی زۆر پێوەسارقاکرد.

لە جیهانا شتی زۆر لە کۆڤید- 19 سەرکیتر هەیە

کەنت-سپەنقیل لە لەدوانێک لەگەڵ Le Télégramme ئاماژە بەوە دەکات کە کۆڤید- 19 لە فەرەنسا 20000 کەسی کوشتوە(ئێستا گەیشتۆتە 30 هەزار و 451 کەس) و زۆربەشیان لە بەساڵاچووکانن. ئەم ژمارەیە زۆرە و غەمبارئامێزیشە، بەڵام خراپ نییە ئەوە بزانین کە ساڵانە 600000 کەس لە فەرەنسا دەمرێت، 150000 کەسیش بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت، ئەی بە ئەم مردانانە باسناکرێت. بە ئەم بڕیهاتنەوەیە بە

کۆڤید- 19 نزیك 600000 مردووەکە؟ ئەمە جگەلەو چەند میلیۆن منالانەی لە جیهانا سالانە بە بەدخۆراکی دەمرن کە ژمارەیان 9 میلیۆنەك تەدەپەڕێنێت. جگەلەو هەزارانەش سالانە بە نەخۆشی ئەلزهایمەر دەمرن.
کۆنت-سپۆنقیل گومانناکات، ئەم پەتایە ترسناکە و هێنگە ژیانی میلیۆنەهاش بخاتە مەترسیەوە بەس ئایا شتی ترمان نییە جگەلەم پەتایە بە باسکردن؟ کۆشەی تریشمان هەیە با فەرامۆشینەکەین (کۆشەی کۆچبەران، کۆشەی تەکچووونی ژینگە و...). بەیە ئەم پەتایە ترسناکە بەس کەتای جیهان نییە. کۆوابەت پۆویستناکات ژورنالیستەکان هەندە گەورەیکەن. سەبارەت بە سەزداریشمان بە قوربانیانی کۆڤید- 19 ناکرێت لە سەزداریمان بە کۆشەی کۆچبەرەکان زەرتر بێت یان ئەوانەی دووچاری شەرپەنجە بوونە، کە لە ئێستادا ژمارەیان لە فەرەنسا و لە جیهانا لە زیادبووندایە.
کۆنت- سپۆنقیل لە لەدوانەك لەتەك لەگەل lecho باس لەوە دەکات کە لەکاتی خۆیدا پەتای "هەن کۆنگ" لە ساڵی 1968 بووە هۆکاری کوشتنی میلیۆنەها کەس و ئەو هەڵایشی بۆنکرا وەك ئەوەی ئێستا بە کۆڤید- 19 دەکرێت. پەشتریش پەتای "ئاسیاوی" لە 1957-1958 بە هەمان شێوە خۆکۆکی زەری کوشت و بیریشچوەوە. پەدەچێت، بەبۆچوونی کۆنت- سپۆنقیل، سێ هۆکار هەبێت کە شێوەی مامۆڵەی لەگەڵ کۆڤید- 19، لەچاو پەتاکانی پەشوو، گۆڕیوە. هەی یەکەم جیهانگیرییە ،ئێستە بەدیوە میدیایەکی. ئەم لایەنە هۆکارە کە ئەمە زوو زوو لەناو هەوداوەکانی ئەم پەتایە بین و بەوردیش لە هێڵەی مردنەکان لە وڵاتان بەئاگابهێنرێین. لەڕە با ئەوەمان بیرنەچێت کە بە ئەم بیریارە جیهانگیری دروستکەری قایرەسەکان نییە. تاعونی هێش لە سەدەی 14 نیوەی ئەوروپای کوشت و ئەو دەمە جیهانگیریش بوونی نەبوو. هەرچی هەی دووەمە خەرایە لە بەدەستهێنانی زانیاریی. سەرئەنجام کۆنارکردنی مەرگ لەم هێوە دوا هەیە. ئەم پەتایە ئەم کۆنارکردنەی مەرگ پەسەندناکات. پەتاکە مەرگی بیرخستینەوە و هەناشیەوە نەو باسکانمان. بەمجۆرە دەشێت بڵێین کە مەرگ پێش کۆڤید- 19 لەبیرکرابوو. هەر بەگشتیش مەرگ کە باسدەکرێت یان بیریلەدەکرێتەوە دواتر وردە وردە ونەدەبێت و ئەو دەمەش کە نزیکدەبێتەوە ترس لە مەرگ دەستپەدەکاتەوە.

تەندروستی تاك یان ئابووریەکەی؟

تەندروستی سەرووی ئابووری نییە. ئابووری خراپ دەزی کەمەایەتی و تەندروستی خراپ دروستدەکات. هەژاریش ترسناکە و لە کۆڤید- 19

زیانبەخشترە. لەم تەنگژەیە ئابووریناسان زۆر قسەیانکرد ، تەنانەت پتر لە پزیشکەکانیش، بەڵام قسەکان چی بوون؟ چ ئاقارێکیان وەرگرت؟ لەم بارەیەوە ئەوەی پەیوەندی بە کۆڤید-19 وە هەبەت ئەوەیە کە، بڕاوبوونەوەی پەتاکە بووە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی ئابووری وڵاتان. کاردانەوەکەی لە وڵاتانی هەژار زۆرتربوو. پەتاکە نابەت ببەتە هۆکاری بایخدان تەنیا بە تەندروستی. واتە ناکرێت بودجە هەمووی بۆ تەندروستییەوە تایبەتبکرێت، چونکە ئابووری بۆرگەی ناگرێت و دادەمەت. بەیە کەنت-سپەنقیل لە لەدوانێك لەگەڵ ماپەڵەی کات (Le Temps) لەسەرکەوە گومانناکات هەموو دەمرین، لەسەرکەی ترەوە گوماندکات هەموو بە کۆڤید- 19 بمرین. هاوکات ئەوەش دەڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕاڕام کەچی ناترسم بەم ڤایرەسە بمرم. ترسی من زۆرتر لە نەخۆشی ئەلزهایمەرە. تووشی ئەم ڤایرەسەش ببم پەموایە تێدەپەڕنم. جا بۆ دەبێت بترسم؟ ئەوەی ڕاڕایکردوم تەندروستیم نییە دەزی لاوانە. بەهۆی ئەو داماڵانە ئابووریەی کەرەنتینەکە هەنای لاوان باجە زۆرەکەی دەدەن ئەوەش لەڕێگای بێکاری و کەوتنەژێرباری قەرزەوە. قوربانیدان بە لاوان لەپەناوی تەندروستی بەساڕاچووان کارێکی نابەجێیە. ئەوەی باوە ئەوەیە کە بەساڕاچووان لەپەناو منااڵکانیان قوربانیان بە ژیانی خۆیانداوە کەچی بەهۆی کەرەناڤایرەسەوە شتەکە پێچەوانەبووەوە. ئەمە وادەکات بوترێت کە سیستەمی پزیشکی پەویستی بە بودجەتە و ئەوەش کاتێك دەبێت کە ئابووری لە بوژانەوەدا بێت. ئەمەش لەو سەرەوە دەمانخاتە بەردەم قەرزێکی زۆرەوە کە دەبێت منااڵکانمان بیدەنەوە.

بەپێی ئەوەی لایسەرەوە باسکرا، بایخدانێکی زۆر بە تەندروستی ناکرێت لەسەر حسێبی ئابووری بێت. پەویستە تەندروستی و ئابووری پێکەوە بەهەندەرگیرن. هەژاری لە ڤایرەسکان زیاتر بکوژێ. ناشێت دژایەتی پزیشکی و ئابووری بکرێت. پزیشکی تێچوونی زۆرە و لەسەر ئابووری گران دەکەوێت. بەیە پزیشکی بە ئەوەی تەندروستیەکی چاك دروستبکات ئابووریەکی بوژاوەی پەویستە. ئەمە وادەکات ئەم فەیلەسوفە پەیوابێت کارێکی ناهۆشتی نییە قسەکردن لە تەندروستی شانبەشانی قسەکردن لە پارە. تەنانەت ماپەڵەی ناوبراو ئەوەش بە کەنت-سپەنقیل دەڵێن : زۆر دوور نییە بەو تاوانباربکرێن کە بایخ بە ئابووری دەدەن لەبەی بایخدان بە ڕوحی مرۆڤکان. ئەمە لەکاتێکدایە کە کەنت-سپەنقیل پەوایە پزیشکی تێچوونکی گرانبەهای هەیە. بە ئەو مەبەستە پەویستمان بە ئابووریەکی بووژاوە دەبێت. کەی کەرەنتین کۆتای دێت؟ ناشێت تەنیا بایخ بە ئامارە پزیشکییەکان بدرێت ، پەویستمان بەویە کە بایخ بە ئامارە

ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و مرۆیەکانیش بدرێت. تەچوونی پزیشکی لە زیادبوونە و ئۆقرەش داوای ئابووریەکی بەهێزماندەکات. ئەم ئابووریەش دووچاری قەرزێکی زۆرماندەکات و ئەمەش کاردانەوەی ئابووری خراپ لەسەر لاوان دادەنێت. لەم بارەیەوە کەنت-سپەنقیل درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: پیرەکان لە فەرەنسا، هێندەی حاڵیبووبێتم، زۆرتر لەبارەی ژیانی ئابووری مناڵەکانیانەوە نیگەرانن تا مردنی خۆیان بە پەتای کۆرۆنا. هەرچی خودی پیرەکانە بە خۆپاراستنیان لە مەرگ، بەم پەتایە، خەکەرەنتین و گۆشەگیرییان هەبێزاردوە. بەس ئەم هزرەقانە ئۆقرەشمان وەبیردەهێنێتەوە گەر وابوات کۆرەنتینە مەترسیە بەسەر ئابووریمان و بەسەر ئازادیەکانیشمان. کەواتە ئایندەی مناڵەکانمان لە فەرەنسا لەژێر هەڕەشەی ئۆو تەنگژە ئابووریەیە دایە کە کۆرەنتین دروستیدەکات. هەر لەبەر ئۆو لەگەڵ قوربانیدان نیەیە بە لاوان لەپێناو بەساڵاچووان یاخود بە ئازادی لە پێناو تەندروستی. تەندروستی لەم دوو شتە جیادەکاتەوە: ئابووری و ئازادی. وەرای ئۆو، پێویستە ئاماژە بۆش بکرێت کە تەندروستی بۆها نیەیە، باشیەکە لە باشکان. بۆهاکان خاڵێك دەیاننناسنەوە: دادپەروەری، خۆشەویستی، سەخاوەت، بوێری و ئازادی. بەیە ئەم بیرمەندە لەم لێدوانە دانبەوەدا دەهێنێت کە ئامادە نیەیە قوربانی بدات بە ئازادی لەپێناو تەندروستی. کەنت-سپەنقیل بە ئۆوەی ئەم لایەنە زۆرتر ڕوونبکاتەوە لە لێدوانێك لەگەڵ فرانس ئینتێر France Inter نیگەرانی خۆی لەبارەی قەناغی پاش پەتاکە نیشاندەدات، بەڵام دژی زەدەیە لەو قەناغە بەناوی تەندروستییەوە. شتێك لە ئێستادا بەناوی تەنگژەی تەندروستییەوە دەبینێت بەس ئەم تەنگژەیە کەتای جیهان نیەیە. ئەم تەنگژەیە ناشێت ژیانمان تێکدات و ئۆو بایخە زۆرەی بە تەندروستی بەساڵاچوانیش دەدرێت پێویستی بە پارەیە و ئۆوش وادەکات قەرزێکی زۆر لەسەر دەوڵەت کەببێتەوە. قەرزەکەش لاوان لەیزۆرمەندن. لێرە و بە کۆتایهێنان بەم بۆشە دەپرسین: تەندروستی یان ئابووری؟ تەندروستی یان ئازادی؟ ئۆو دوو پرسیارە کە بەهەی لێدوانەکانی ئەم بیریارەوە دروستبوون بۆرو ئۆوشمان دەبێن کە بڵێن: لەگەڵتین پزیشکەکان سیاسەتی وڵات ببەڕێوەبەن یان بەپێچەوانەوە؟ لەگەڵتین لەم جۆرە کاتانەدا ئابووریناسەکان ڕێنومای سیاسیەکان بکەن یان پزیشکەکان؟ ئەم لایەنانە لە بۆشی دواتر دەیینوسەری.

-_____

سەرنج: لە بۆشی دواتر ژمارەکان بەسەریەکەوە بەردەستدەخەین.

چیتر بەت ناخورەنم نیشتیمان ... کەشش محمد

من نیشتیمانکم هەیە، ڕاستی هەر هی من نییە، هی منو کەسکی تر کردوویەتی بەموکی خۆیی و لەسەرخۆی هەقم کردووە، واملەهاتووە بە تفەنگکی کالیبیری دوو لووڵەیەوە فیشک دوای فیشک بتەقنم بەناو چاوی نیشتیمانەوە، دواتر ڕاکەم سەر دەریایەک ئاوە بکەم بە نیشتیمانم، دنیام کە لەوەش ناعەجمم، نیشتیمانم کە دەبینم بەبەرچاومەوە بەفیدەچێ، خەساردەبێ، وەران دەبێ، دەریاکە جەدەهەم و ڕادکەم، زەمینکی تر کچی نایبینمەوە، دەریایکی تر هەر نابینمەوە، ئەم نیشتمانە تووشەش لەم نابێتەوە، لەرە وەختکی زەرم لەم نیشتیمانە کەئابێیم بەسەر و تەمەن برد، ئەبەق بووم، هەمووی بەفیڕۆ و وەران چوو، زەر سەیرە ئەم نیشتیمانە تەشمان هەدا هەر بەهەشتییە!

هەموو مەشک و بوونمان کردووە بەدەمی ئەم نیشتیمانە، زەر عەنتیکەیە بەکەشەی دەروونی کردووین، نیشتیمانمان بە چییە لەم بەتاقەتیە و قەسیدا ئاوک نەکا بەو ئاگرەی دەمان؟

نیشتیمانی داماو، خەت داماو مەکە، نیشتیمان کە خەت داماو ئەکەیت حەجمی زلیەتیت زەر بچووک ئەبێتەوە، چیتر دەم لەسەر سینگت دانانەم، چیتر بەرەو ڕووت نایەم، چیتر دەستت لێنادەم و خەمت پەوە نالکێنم.

ئیکتیفا بەهەموو شتکەوە ئەکەین، نیشتیمان نەبێ، لەبێ نیشتیمانی فرمێسکمان وا قەتارەی بەست، لەم نیشتیمانە سەمەرەیە خەریکە هەناسە بەلاشکەمان نامێنێت و تووتر هەناسە دەدەین!

نیشتیمانی من و هی من نەبوو، ئەو پەیقانەی کە لەزارمەوە بەت دەژنم، زەر بەلاری دەیژنم، بەیە لەرە بەبێ دووەی بەسەرتا دەم، ئەی نیشتیمانی بێ خەت نەبوو، بێ منیش نەبووایت، کەمک زووتر پەم ڕابگە، ئەو هەنگە مەیلەو سەوز جەرگیە مامزیە کە هەتبوو، ئەستا لەم گەڕاوە بێ هەنگکی بەزی چەووچاو عەسەلی، دەستی ڕاستیشم لەباوەشت کشاندەتەوە و بەدەستی چەپیشم چیتر بەت ناخورەنم، کاتک کە لەت دووردەکەومەوە هەبەستک لەناومدا پەیدا دەبێ، بەرکی تەنیایم دادەدەت!

چیتر سەرنجت لە نادەم و بەبۆژن و بالەای کەلاکتا هەنادەم، شەوت بەدینا کەم و ونی دەکەم، بەقەتاجی وەنەش نایەتەوە یادم، لەوەژەوەی دەرگات لەسەر کەم کردووم، خەونەکانم بەنی تەزیان لە دەت، ئاواتەکانم بەنەکیان گرتووە کە لەنگی مارمەلک دەچن.
گلەییم لە مەکە ئەی نیشتیمان چیتر ناتخورەنم، چیتر بەمانەوەم هەوای نووسینەکانم بەت هەمانسی نابنەوە، زوو زوو شەویکی کەللەقیان پەدەدەم تا نەچیتەوە بەگژ خەتدا، نامەوەت بمەنمەوە بەهام کە هەشتم ئەوکات دەتەمانسەنم!
بە لەمەودوا بەدەستی لای هاستم سەیرت ناکەم، بەدەستی لای چەپم کە سەیرم کردی مەت لە ئەکەم، کە لاشم بردی تفەکت نەزری گەردەن ئەکەم.
ئەی نیشتیمانی بە چەووچاو، لەرە زەر لەناو بەدەنگیەکی قووە و ئارامیەکی درەژدا خەسام، تا سەرم چوو هەناسەشم بەستای!
خەریکە بارمان پە دەکەی، جەی خەو و خەراکمان پە لەژ و تەخت دەکەی، نازانین لە بەلەزیی خەمانە بە نیشتیمان واهی دەمانگەوزەنەت، یان لە نیشتیمان بارکردن و سوارکردنی خەمانە!
چیتر گلەیی مەکە، چیتر ناتخورەنم.

قەوارەتان پیرەز... پشکۆ ناکام

..... هەرەمەکی داتەپیو ، دەسەاتەکی چەتە مەش بە لایا بەوا گیرفانی ئەگەەە شتەکی دەستکەوە ، حکومەتەکی دابەستە بەس سەری رازی بوون رائەوەشەنە و بەرد قسە بکا وەزیرەکانی نوتق ناکەن مەگەر لە مەتبەخەکانی ماەەویان، پارلەمانەکی کارتەنی بە دەستبەرزکردنەوە و معاشەکی چەور وەک چەوری سفرەکانیان ، گەر جار و بار وورتە وورتە یان بەەەبەەکی لەوە بە هەر رەژەکە و لەگەە معاشا گلەیی و رەخنە هەر لەبارەگای حیزبەکان ئەمەننەوە ، ئابووریەک کەس نازانە چ سیستەمەکە ، رەژە سەربەخە ، رەژە وابەستە ، تاوە فیدرالی و دەمەکی تر هەرەمایەتی، کەرتی تەندروستی رووخاو ، خوەندن و پەروەردە لەئاستی سفر گەر لە ژەرەوە نەبە ، ئاست و ستانداری بژەوی خەک ناکرە بەروارد بکرە بە "سەماە" ، تویژەک مەمرە مەژی و توژەکی تر لەسەر قاسەی داهات و قووتی خەکی بە دەرامەت ئەژین ، جەندرمەی تورکی لە سەیتەرە لەگەە برا پاراستنەکانیان داوای هەویە

لە خەڵک ئەکەن ..... ئەمانە و دەیان نمونەی تر دیمەنی ئەمڕۆی ئاوایە کە پەی ئێمەن " قەوارەی هەرێم "!!! کە جگە لە نەگبەتی و نەهامەتی چی تری بە ئاو خەڵکە ئاساییە داماوە نەبوو و نابە ، هەرەمەک بەناوی خەڵکی کوردەوە بودجەی ئەخورێ ، دزی لە ئەکرێ ، سوپای داگیرکاری وەک تورکیای لە جێنشین ئەکرێ و خیانەتی نیشتمانی بە نۆژی نیوەێ لە ئەکرێ ، مووچەی خەڵک ئەخرێتە بری قەرز و دزی بنەماڵەیەک هەردەم لە هەموو سەنگەرەکا بوون تەنها سەنگەری خەڵکی کورد و بڕگری لێی نابە ، قەوارەیەک لە لایەن کەمەڵەک مافیای خاوەن هەڵگری تاج و نەجمەی ئاش بەتاڵ وەک حەسانەیەک بەکار بە بە برسی کردن خەڵک ، دزینی بودجەی خەڵک ، مەحروم کردنی خەڵک لە داهاتی خاک و نیشتمانی خۆی ، لووش یانی ئاو پارەیش کە لە بەغاوە بە خەڵک ئەنڕدرێت ، خۆشنەش کردنی هاوکاری بەغا و خەرخوازان لە بڕنگار بوونەوەی کەرونای دووەم ، چونکە لای بەندە دەسەاتی هەرێم کەرونای یەکەمە.. ئیتر کاتی ئاوە هاتوە کە بپرسین : ئەم قەوارەیە شێ و لەعنەتی بە خەڵک زەرترە یان خێر و بەرەکەت ؟ بە بە وەستان و بە بە گومان شێ و نەگبەتی و هەژار بوون و سووکایەتی نەتەوەیی و هاووەات بوونی ئاوەنە زیاترە کە ناپوورە وەک شاخ و چاڵ ، هەر رەژەکی تەمەنی بوونی ئەم قەوارەیە خەڵک زیاتر ئەکەوێتە قوڵایی نەهامەتی و بە ئومێدی لەسەر هەموو ئاست و بوارە جیاکانا و دەرباز بوون لێیان ئاسان نابە و مەترسی ئاوەش هەیە کە بوونی ئەم قەوارەیە بەم میتودە مافیانەیەی ئەستای لە بەردەوام بوونی و درەژەیان بە تەمەنی بگەینە ڕگەیەکی داخراو و مانەوەی رژەمەکەی هەولێر / بارزان ببە بە ئەمری واقیع و هەتا مابین بڕین ئەم نانە بەو ڕەنە !!

بڕیام خەشبەختانە ئەستاش نەچوە بچە ، سەرەای هەموو مەشقەت و زەحمەتە ، سەرەای هەموو دژایەتکەی دەسەات بەرامبەر بە خەڵک ، ئەمەی خەڵکی سلەمانی پۆیست ناکا چیتر باجی بە ئەقڵی ژێر چەتری قەوارە بەین ، جیتر دەستوسان دانەنیشین چاوەڕ بین وەک خێر و سەدەقە لە لایەن ئاو بنەماڵەیەی بە " صەرە" ناومان ئەبەن مافی بژەوی خەمان لە داهاتی خەمان وەربگرین ، حیزب و پاشکەکانی ئاو دەسەاتە کەیفی خیانەتچەن ئەوانەنە دەسەاتی مافیای کوردی ، خەڵکی سلەمانی لەوەتەی هەیە باچی یاخی بوون و هەڵوەستی خۆی ئەیا ، ئەمجارە بە پرەژەی " بە هەرەم کردنی سلەمانی " کە مافێکی هەم دەستووری و هەم ئیداری و هەم یاسایی خەیەتی کە شارەکە بەیەک دەنگ و دەنگمان بخەینە سەر دەنگی یەکتر بە ئاوەی پایتەختەکەی بابان خۆی بەیار و مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکا کە بە هەرەم کردنی شارەکەیە، خەمان خاوەنی داهات ، بودجە ،بژەوی خەمان بین ، بەمەش

نە دستدرێژی ئەکەیە سەر کەس و نە مافی کەس ئەخەین ، بە پێچەوانەوە ئەمانەوە مافی خەمان لە شارەکەی خەمانا پراکتیک و جێبەجێ ئەکەین ، سەیرە بنەماڵەیەک ئەجیندا و مەرامی خەی بسەپێنە بەسەر هەموو هەرەما !! بەڵام ئەمە لەشارەکەی خەمانا نەتوانین خەمان ساحێبی خەمان بین و قەتیس ماوی یاسا جێنگیرکانی بنەماڵەیەک بین ؟ بە؟بنەماڵەیەک ببە و بکوژی هەرەم و قەوارەیەک بە ، بەڵام ئەمە لە شارەکەی خەمانا نەتوانین چەنمان ئەوە وا بژین کە ئەمەش خواست و هیوا و نهێنی دڵی نزیکەی یەک ملیۆن و پێنج سەدهەزار کەسە … ئەمە نامانەوە چیتر لە ژێر ناوی ئەمری واقیعی قەوارە ویەک پارچەیی هەرەم باجی کەساسی و بە دەسەاتی بین و خەڵکان و کەسانێکی تریش هەر بەناوی یەک پارچەیی هەرەمەوە پاشا ئاسا بژین و فەرموون ئەوەش مەژوو بزانین کاممان بە بەرنگاری لە کورد و مافی تاکی کورد زەرتر زیاترمان کردوە ،، کاممان لە سەنگەری نیشتمان پەروەریا خوێناوی ترین ؟! وەڵامەکە قورس نیە ، چەن رەژەکی تر یادی 31/ی ئابە…….قەوارەتان پیرۆز…….

شیری ەش … نوها مەحوی

شیری ەش شیری سنگی ژنێکی نوسەرە کەهەمیشە نەنکی ئاگاداری دەکاتەوە کەخەم نەخوات .چونکە هەرچەند خەم بخوات شیرەکەی زیاتر دەترشێت.. خانمی نوسەر هەرچی دەکات ناتوانێت لەبیری بکات کە شیرەکەی چەن دەترشێت و ەش هەدەگەە.
ئەم کتێبە چیرۆکی ململانێی ژنێکی نوسەرە لەگەڵ "خود" ناجێگیرکانی ناو خەی ,نەوان ئەو ژنەی کە دەیەوێت ئازاد بێت و لەهەر شوێنێکی زەوی ویستی بژی و هەرگیز جێگیر نەبێت. بەڵام قەدەر وادەکات هاوسەرگیری بکات لەکاتێکدا پێشتر هەرگیز نەی ویستوە هاوسەرگیری بکات و جێگیر بێت. بەهەکاری ئەوەی هەمیشە کتێبەکانی بەهاوسەری خەی داناوە, پێشی وابوە هەرگیز پیاوێک ئامادە نیە بێتە هاوسەری دووەمی ژنێک.
یەکەم جار کە ئەم کتێبەم خوێندەوە 2 ساڵ پێش ئێستا بوو, ئەوکات منیش وەک نوسەر پێم وابوو, کەهەرگیز ناتوانم دەست بەرداری ئەو ئازادیە بم کە لە تەنهایدا هەیە, بەڵام رەژەک عەشق بەردەرگای دە دەگرێت وداگیری دەکات, ئەوکات دەبینە داگیرکراوەک کەمەعشوق هەموو

بونمان دەبات,لەگەڵ ئەمشدا ئەوەی کە نابێت بیبات, یان ناستر بێم ئەوەی کە نابێت بهێنین بینات(ئازادی)ە لەعشقدا, دەبێت هەردوو عاشق و مەعشوق لەعشقدا ئازاد بن ئەگەر وانەبێت ئەوا عشق مانایەکی نامێنێت. ئەگەر ئازادی و عشق بەیەکەوە بون, ئەوکات بەیەکەوە بوون لەگەڵ مەعشوق دا ئاسانتر دەبێت نوسەر لە ماندەکەدا بەم شێوەیە پێناسەی خۆی دەکات(من نوسەرم, من کچەریم, من جیهانیم, من عاشق سفیگەراییم, من ئاشتیخوازم, من ئووکیم)لەهەمان کاتدا ژنیشم
نوسەر لە ماندەکەدا دەکەوێتە شان وکەوکردنی "خود"کانی ناو خۆی لەهەمان کاتیشدا دەکەوێتە شەڕی ئەو بڕوانەی خۆی کەهەریەکەیان بەجیا ئیانەوێت ئەو بکاربهێنن و ببنە دەسەڵاتداری خودی گەورە..
)لەوانەش هەموو ژنێک لەناو حەریمێکی بچووکی ناوەوی خۆیدا بژی و هەر ئەو دژبەیەکی و ناتەبایی و نێگونجانەی نێوان خودە ناکۆکانی ناو خۆمان بێت, کەبێتەواوی بمانکات بە خۆمان)
هەرجارەو بەپێی سیستەمێک لەگەڵ ژنە پێنجەیەکانی ناو خۆی هەسوکەوت دەکات, جارێک پاشایەتی, جارێک دیکتاتۆری لەکەتای دا دیموکراسی دێت بەڵام دیموکراسیش تەختێک نیە لە گور.
لەماندەکەدا بەر ژیانی زەربەی ژنە نوسەرەکان دەکەوین, ژیانی ژنە نوسەرەکان و پەیوەست بە هاوسەر و منداڵکانیان دەخونینەوە..
پەیوەندی ئەو ژنانەی ژیانی خۆیان کردە قوربانی تا هاوسەرەکانیان بنوسن, یان ئەو ژنانەی بەڵدایک بونی منداڵکینا ئیلهامیان بە هاتوو بونە نوسەری بەناوبانگ ..وەک نوسەری زنجیرەی(هاری پۆتەر)
کە دوای لە دایک بونی منالی یەکەمی دەستی کرد بەنوسینیکرد
نوسەر لە ماندەکەدا بەردەوام لە دەڵاوکەدایە سەبارەت بە هاوسەرگیری و منال خستنەوە.. باس لە سنیا ی هاوسەری تەستەی دەکات, سنیا نوسەر نەبوو بەڵام ئەوپەڕی هەوڵی خۆیدا تا هاوسەرەکەی بنوسێت ئاگای لەمنداڵکان ئەبوو, ئەیبردنە دەرەوە تا تەستەی بەزارنەکەن.. بەڵام کوا…? کوا ناوی سنیا کوا ڕەز و تەقدیر بە ئەوژنە,من بەش بە حاڵی خۆم بەهەی ئەوەی تەستەی کەلە کەتاییەکانی ژیانی دا ویستی زەوی و زارەکەی ببەخشێت بە هەژاران و سنیا ئازی نەبوو وام زانیوە سنیا غەدری لە هاوسەرەکەی کردوە بەڵام پاش بەناوبونەوەی یاداشتەکانی سنیا ئەوکات زانیم سنیا کە بوو, سنیا چی کرد..
ئەی ئەگەر پێچەوانەوە بوایە? سنیا نوسەر بوایە هاوسەرەکەی چی بە دەکرد تا بنوسێت..?
کەم نین ئەو ژنانەی کە بە ژیانی هاوسەرگیری دروست نەبوون, بەرگەی ژیانەکی لەو جۆرە ناگرن

نمونەی ئەوان سەلفیا پلات کە سەرباقی هاوسەرگیری هەر بەردەوام بوو لە نوسین پاش ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی کۆشیان بە دروست بوو, هاوسەری سەلفیا سەرباقی هەبوونی دوو منال لە سەلفیا ,لەگەڵ ژنەکی تر پەیوەندی هەبوو شوەک سەلفیا بانگی دەکاتەوە بۆ ماڵەوە تا دوبارە دەست پێبکەنەوە, بەڵام ئەو دەڵێت کە ئەو ژنە دووگیانە. پاش گەشتنی ئەو سەلفیا نانی بەیانی منداڵەکان ئامادە دەکا و لەژورەکەیان دای دەنێت دواتر دەرگاکان دادەخات و گازی چێشت خانەکە دەکاتەوە و ئارام ئارام هەناسەدەمژێت و کەتای بەخۆی دەنێت.
ژنەکی نوسەر واتە چی..? ژنەک عاشق بە کتێب ژنەک کەلەگەڵ بوونی مەرگکێب دەژی
بۆی هاوسەرگیری ئەم ژنە نوسەرە چۆن بێت?
لەگەڵ پیاوی ناو کتێبەکان عاشقی پیاوەکی دیکەش دەبێت, لەگەڵ پاڵەوانەکەی خەیاڵی, پیاوەکی دیکەش دەکاتە پاڵەوانی خۆی..
وەک کەچەڵ ئەبوبەکر دەڵێ پیاوە کاغەزیەکان, عاشقترن لە پیاوە گۆشتیەکان.
ئەگەڵ هاوسەری ژنەکی نوسەر بزانێت پێش ئەو ژنەکەی دەداری تەستەی بوو,
یان جەندین شەوی لە ژورەکەی "کافکا "دا بەسەربردوە و کافکا دەی داوەتەوە و بەیەکەوە بەداربوون و بەشەقامەکانی پراگ دا پیاسەیان کردوە.
بۆی ئاسای بێت بە پیاوەک هاوسەرەکەی دەی بە پەستەکی تازەی فەیسبوکەکی نوسەرەک بکرێتەوە ,کەیەکەک لە چیرەکە کۆنەکانی و کاتی خۆی لەقەناغی زانکەدا خوێندویەتیەوە و ئەستا کە دوبارە دەیخوێنێتەوە شادیدەکات .
ئەی ئەگەڵ ژنەکی نوسەر ببێتە دایک ,ئاگای لەپیاوەکەی خەیاڵی و پیاوەکەی تەنیشتی بێت
چاودێری منداڵی یەکەمی کە(کتێب)ە و لەگەڵ منداڵەکەی باوەشی دەکات.
ئەلیف لە چاوپەکەوتنەکدا پسیاری هاوسەرگیری لەدەکرێ…
وەڵامی ئەو ئەوە دەبێت کە من هاوسەرگیری ناکەم ئەگەریش بیکەم لەوانەیە لەگەڵ پیاوەک بیکەم کە پەشتر هاوسەرگیری کردبێت و منداڵی هەبێت بۆئەوەی منداڵەکانی بەخۆبکەم..
پاش ماوەیەک کە وتارەکە بۆاو دەبێتەوە بە ناونیشانی بە تاسەی بون بە باوژنم بۆاو دەبێتەوە.

(کایەی ئەدەب هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دارستانەک لە خودەکی ئامنەکراونیە) منداڵەکان بەناوی دایکیانەوە بانگ ناکرێن,

نازناوی باوکیان هەدگرن, دوای هاوسەرگیریش نازناوی هاوسەرکانیان, کچان هەمیشە دەبێت لەنێو کایەی ئەدەبدا بن.

شیری ڕێش
لەچاپکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس لە ساڵی 2018
ڤیننا سەلام بەوەرگێڕانەکی ناوازە لە ئینگلیزیەوە کردوویەتی بە کوردی.

بەچی پوکانەوەو هەوەشانەوەی گۆڕان زەرورەتو لێدانێ لە قۆناغای دزی و چەتەگەریی کوردایەتی؟ … هەمەت حەسەن

دوورکەوتنەوە لەو توێژە زۆر پەویستە ئەگەر لەو بارودۆخە ناڕازیی،
ئەو توێژە بوونەتە گەورەترین پەرژین بە مانەوە و پاراستنی
دەسەڵات و کارکردن بە کەپیکردنی کەمەگێیەک لەسەر شەوەی ئەو
دەسەڵاتە، ئەوانە هەردەم پەیامی ئەوە بە گوێچکەمان رادەگەن کە

"ئەو خەڵکەی ئەو دەستاتیان دەوێ"! بۆ ئەوەی وەک یاخیبکیش قسەبکەن هەمیشە جنۆ بۆ خەڵکە دەدەن و قەیرانکانیش هەر دەخەنە ئەستۆی ئەوان نەک دەسەڵاتداران.

فریادڕەس لە بیری کوردایەتی:

هەندێ ئەمن لە مژووی نەتەوەکەم گەیشتبم کورد خاوەنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی نییە، بەڵکو چەند کەسانکی ناسیۆنالیستی هەبوون و ئەوانیش لە ناو بزووتنەوەی کوردایەتی تواونەتەوە، کوردایەتی واتە مانەوەی دەسەڵاتی خەڵکیی بە کەی دابونەریتە دڕبەگیەکانەوە واتە ئاغا و میرزا دیوەخان و مەلا و مزگەفت لە لایەک و بەردەست و سپان و سەرکار و ڕەنجبەران بە گشتیی لە لایەکی دیکەوە، کوردایەتی مەترسیدارترین ئامراز بووە بە لەباربردنی بیری ناسیۆنالیزم و گەورەترین زیانی بە هەش و ئاوەز و شەوازی بیرکردنەوەی تاکی کورد گەیاندوە، توانیویەتی ئەو تاکە بە چەند چەمک و دەستەواژەیکی نەریتیی دەستەمە بکا، وایلکردوە لە شەستکانەوە تا ئێستا لە یەک قۆناغی مژوویی بیهەڵتەوە و هەستکی وەهای بە دروستبکا کە چارەسەرکان لە ناو داستانە فۆلکلۆرییەکان و بەشک لە هەزانی هەزانقانکان دایە، زۆر بە هەڵە لە جیهانی خەماڵییکردن گەیشتوە، جا ئەوانە کەمەک نووسەری دیاریان هەیە.. بە نموونە هەکاری سەرنکەوتنی کورد لە مژوودا بە ئەوە دەگەنەنوە کە خاوەن ئاینی خۆی نەبووە، کەششکی زۆریان کرد کورد بگەنەنوە سەر ئاینی زەردەشت و توانیان بەشک لە خونەری کورد وەها تێبگەیەنن کە هەر وشەیک لە ئاڤەستا هاتبە کەواتە کوردیە ئیدی باوەڕیان پێبهێنن کە ئاڤەستا پەرتووکی پیرۆزی کوردانە، ئەوانە دەزانن تاکی کورد گرێی دەروونی هەیە بەیە ناوناوە لەگەڵ دوان لە نەبوونی دەوڵەت ئەوەی بیردەخنەوە کە مادکان دەوڵەتی کوردییان دامەزراندوە!

هەندکیان باوەڕیان ئەوهایە کە دکرا ئاینی ئیسلامیش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەمان بگونجنین.. هەر وەک چۆن تورکەکان کردیان، ئەوان هەرشەکیان لە سەلاحەدینی ئەیوبییەوە دەستپەدەکەن و ئەو بە هەکار و تاوانباری سەرکیی دادەنێن و دژێن ئەگەر ئەو بیکردایە ئێستا ئەمە خاوەنی گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامیی کوردی دەبووین، جا هەڵگرانی ئەو تێوانینە بە ئەوەی پتر یاریی بە سزی خونەر بکەن وا دەزانن ئەگەر وشکان بکرێن بە کوردی ئەوە کاریگەرییان باشتر دەبە، بە نموونە وشەی "فریادڕەس"یان لە "منقذ"ی عەرەبییەوە وەرگرتوە، باوەڕیان بوە هەبوو کەسێک دە رزگارمان دەکا، "جەمال نەبز" کە بە شارەزایکی دیاری فەرهەنگی

کوردی و کورداێتی دڵناسرێ پاش ئەوەی زەربەی تەمانی ژیانی خۆی بە دژایەتیکردنی نەوشیروان مستەفا بەدەکرد.. لەپێ بایداوێ و هیوای بەوە هەبوو نەوشیروان مستەفا ببێتە فریادڕەس و کورد لەو قەیرانە رزگار بکا، جا وەرێ ٦٠ ساڵ پتر لە ناو ئەو هەموو پشکۆوتنەی ئەوروپا بژی و چاوت لەوە بێت وەک شیعەیەک "مەهدی"یەک بێ و رزگارت بکا! مرۆڤ ناتوانێ لەو بابەتە هەستیارانە وشەی "بەداخەوە" بەکاربهێنێ، بەڵکو زۆر نابەجێیە مرۆڤ لەو سەردەمە ئەوەها بیربکاتەوە، لە کاتێکدا ئەوە یەکلابێتەوە کە ئەوە دەسەڵاتە پۆیستی بە تەی هاوڵاتی هەیە ئۆگەر بزانێی چاکشیتە سەر گەپانەکە و پێبەڵێی ئەوە منم رزگارکەری تۆ نەک پێچەوانەکەی. لەوانەیە لۆگۆ هەندێک کەس هاوڵا نەبن کە پێیانوایە ئەو لێبووردنە گشتییەی بۆڕی کوردستان بێ سەرەکی چەکدارێ خۆفرۆشکان و بەعسیەکانی دەرکرد ڵاستەوخۆ پێوەندیی بە ناپاکییەوە هەبێ بەڵکوە پتر بە پاشخانێ خەڵکییەکییەی یەکێتی و پارتی دۆگەڵتەوە کە چەندان ساڵە بە ناوی کورداێتی پەمان دەفرۆشنەوە، زۆر جاری دیکەش گوتوومە بە ئەوەی لەو حیزبانەی کوردستان بگەین دەبێ لە سیستەمی خەڵ و پێکهاتەکەی بگەین، دەزانم ئەوەی ئەوان کردیان لێبووردن نەبووە بەڵکو داببشکردنی ئەو سەرەک جاش و بەعسیانە بووە کە خەیان هاوشتەتە مافی پارتی و یەکێتی، مەبەستم ئەوەیە ناکرێ ئەمە لۆگۆ کورداێتی بین و ئەوانیش بە ناپاک دابنێن چونکە کورداێتی لەسەر سیستەمی خەڵکی دامەزراوە.. واتە سیستەمەکەی ڕێی پێداون ئەو کارە بکەن.

هەزی ئیسلامیی و پیاوی دینیی:

با ئەوە ڕوون بێ کە ئەمن دژی مرۆڤی دیندار نیم ئۆگەر خۆی بەسەر تاک و کەمێ دانەسپێنێ.. بەڵام مەژووی سیاسی سەڵماندوێتی هەزی ئیسلامییەکان و پیاوی دینییە ناودارەکان تا ئەو شوێنە لۆگۆ خەڵکن کە پشتنگیییەکە و دەستات بە خەیان بە یان قورئان بکرێتە خاڵی سەرەکی بەدەستەوەبردنی وەات، ئەوانە ئامادەن هاوپەیمانیی لۆگۆ دەستات ببەستن ئۆگەر یەکێک لەو دوو مەرجەیان بە جێبەجێ بکرێ، پیاوی دینییە مەسیحییەکانیش لە چەندین قۆناغی مەژوودا ئەو کارەیان کردوە.. هەر بە نموونە قاتیکان لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم لە ترسی شیوعییەکان یارمەتییەکی زۆری نازییەکانی دا چونکە بە بەوای ئەو گرتندەستی دەستات لە لایەن شیوعییەکانەوە مەترسییدارتر، لای گرنگ بووە مافی خەڵکە باوەدارەکەی خۆی بپارێزێ با پشتنگیییش نەدرێتە پیاوی دینییەکان. سەیر مەژووی میسر

بکە دوای رووخانی "موبارەک" چەن "ئیخوانیەکان" دەسەاتەکیان بە خیان قەرخکرد و چەن هەزە پشکەوتنخوازەکانیان پراوەزکرد. بزووتنەوەی گەان پیاوەکی دینییان بە ناوی "مەلا کامەران" هنایە پش.. هەر کە رژئاوا چند یاسایەکی پشکەوتنخوازیی پشنیارکرد یەکسەر لە سلەمانییەوە هاوار لەو مەلایە هەستا و نیتوانی دژایەتیی خی بشارتەوە، جا بە هەە لەم تەمەگن و جارەکی دیکە دیەمەوە؛ لەبەرئەوەی خباتکەمان لە پناو دادپروەریی و گەاندنەوەی شکیە پویستە هەموومان بشداربین بەام نابە پیاوە دینیی و هەزە ئیسلامییەکان تیدا پشەنگ بن.. دنا بەلەدا دبن، هەمیش پیاوە دینییە ریفەرمیستەکان دوو ئامانجیان هەیە؛ یان دەسەات بگرندەست یان دەقە دینییەکیان پیەو بکر، ئیدی ئزموونمان زەر زەر و بە تەوانینی خم پویست ناکا بە هیچ شەویەک پشەوایەتی بدرتە دست ئەو کەس و لایەنە دینییانە چونکە ئنجامەکەی دیارە و گەمژایەتییەکەی گورە ئگەر ئەمش تاقیبکەینەوە و چارنووسی خمان گەلەکمان بە "ئگەر"ەکی نزیک بسپرین!

تاکی بە وەی و بە کشە:

لەبەرئەوەی ئەوانە زرینن گورترین کشەن لە بردەم گەینی کەە، بشکی زەر لە نووسرانیش لە ناو ئەو خەکە خیان مەاسداوە.. هەر کە بابەتی سیاسیی لگەە هەر یەکەکیان لەوانە دەکیەوە یەکسەر دەە "تکایە راممەکشە ناو بابەتی سیاست چونکە ئەوە کاری من نییە".. یان یەکەک لە مەرجەکانی دانیشتن لگەەت ئەویە کە نابە باسی سیاسەت بکەی! بشکی زەر لە خاوەن بەوانامەکانیش ناوناوە بەبیرت دەنەوە کە سیاست کاری ئەوان نییە، ئایە ئەوانە سیاست بە چی تگەیشتوون؟ لە "فەکە" دەپرسن "بە سیاسەت دەکیت؟" لە وەامدا دەە "لەوانە بپرسە کە بە سیاست ناکەن"، ئایە ئەوە کشەیکی سیاسیی نییە بە دکتەرەک کە چارسەر بە نەخشەکی دنووسە و چاک نابتەوە؟ لەبەرئەوەی سیاسییەکی بازرگان دەرمانکی بسەرچووی دابینکردوە، بە ئندازیارەک و رگەوبانکەی، بە پارزەرەک و ئەو بابتانەی لە دادگەیکی حیزبیی کاریان لسەر دەکا، بە مامستا و چنیەتیی خوندنگە و رەبازی پروەردەیی، و... تد هەر بە هەمان شەون.

ئەو جارە مرقانە خەکانکن خە لە هیچ نادن و هەمیش لە دستکەوتی بەرهەم و ماندووبوونی ئەوانیدیکە دخەن، هەرکەی دارا و دسەاتدار بە خیانی لگەە دگونجنن، تنها لەو سەرزمینانەی

پاندن و ماتە پشکەوتووەکان توانیویانە ئەو جۆرە خەبات بجولێنن.. ئەویش لە رێی دروستکردن و مسۆگەرکردنی ژینگەیەکی لەبار وەک گرنگیدان بە دێنگی هەر کەسێک، ئازادیی خەڵکەرەین، پاراستنی ئاسایش، دابینکردنی لایەنی کەمی بژێوی ژیان و... تد کە دەسەڵاتداران بە پێی "نە شیش بسوتێ نە کەباب" یاسا و ڕێساگەلێکیان بۆ دادەنێن، دەنا لە ژێرەمێ دیکتاتۆرەکان وەک دەڵێین "کەاوی خۆیان گرتوە با نەیبات". بۆگومان ئەو جۆرە مرۆڤانە ڕۆژێیان زۆرە، ئەگەر بیر لە گەینی دەسەڵات دەکەیتەوە دەبێ بووبێ ئەوانەوەک جەکەوتەیەکی کەمەایەتی بخەیە ناو نەخشەی جوولە و کارەکانت، هەر هەزەک بتوانێ بە دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام و پڕ متمانە ئەو خەباتی شارستانیی و پشکەوتنخوازیی هەبخەنێ ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە مسۆگەر دەکا. وەک بەیرەهنانوەیەک؛ لە هەردوو ساڵی ۱۹۸۲-۱۹۸۳ زەرینەی خەڵکی کوردستان ڕژابوونە سەر شەقام و خەریکبوو دەسەڵات لە بەعس بستێنن.. ئەگەر ناتەبایی هەزەکانی چیا و پاشان "گفتوگەیەکەی یەکێتی" و بە هیواکردنی خەڵک لەو هەزانە نەبووایە دەشیا بیر لەبەرژەوەندیی خەڵک بکەنەوە چەند دەستکەوتێک وەدەستبێن، بزووتنەوەی گەلانیش لە سەرەتادا توانیان جوولەیەک دروستبکەن بەڵام لەبەرئەوەی لەگەڵ خەیان و لەگەڵ میللەت ڕاستگۆ نەبوون بۆیە ئەو خەڵکە بە وەی و خۆشگوزەران خوازە لێیان دوورکەوتنەوە، جا ئەوانە بە ئەندێشە و کاری نەکردە مەزانە بەڵکو وەک ڕووداوگەلێکی بابەتییانەی مەژوو سەیریان بکە و دەشە لە قەناغەکانی داهاتوو بە شێوازگەلێکی دیکە خەیان دووبارە بکەنەوە و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانت بیانقزیەوە.

بایکۆت و داواکاریی وەک چارەسەرێکی ئاشتییانە و یەکلاکەرەوە:

خویندنەوەی من بە گەڵان ئەوەیە، ئەگەر زەرینەمان هاوڕابین لەوەی کە کار و ئامانجەکانی ئەو حیزبانە تەنها پاراستنی ئەو سیستەمەیە ، ئەو کاتە ئاسانتر خەمان یەکلادەکەینەوە لە تەگەیشتن لەوەی دێنگ بە یەکێتی یان پارتی بدەی هەر وەک یەکە چونکە کاری ئەو دووە درێژدانە بەو سیستەمە و خاڵی هاوبەشیشیانە، بۆیە وەک هەنگاوی یەکەم دەبە هەوڵستێکی یەکگرتوومان هەبە بەرانبەر بەو حیزبانە و چیدی کات بەوە نەکوژین خەمان و خەڵک هەبخەڵەتنین کە جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە، گریمان جیاوازیی یەکێتی و پارتی ئەوەیە کە یەکێتی مەژووک و بنکەیەکی جەماوەریی باشتری هەیە، جا ئەوە چیە؟ دەبە ئەوەمان لە بیرنچێ ئەو قسانە بە بەر لە اپەڕین ڕاست بوون نەک هەر بە یەکێتی بەڵکو بە کەی حیزبەکان، ئێستا هەموو حیزبەکان

بەرژەوەندیی هاوبەش لەو سیستەمە کۆیاندکاتەوە کە ئەو هەرەمە بەناوەدەبا، وەک گوتم گرنگە بزانین ئەو جیاوازییە هیچ گرنگیەک و سوودێکی بە ئەستای ئەو خەڵکە نییە بەڵکو مژووەکە و چەند کەسێکی هەڵپەرست نان و پیازی پەدەخەن. ئەو کەسایەتییانەی لە ناو ئەو حیزبانە و سیستەمکۆیان دان ناکرێ جارێکی دیکە باوەڕیان پێ بکەین، ماوەیەک بەر لە ئەستا بە هەڵکەوت سەیری بابەتێکی بڵاوکراوەیم کرد لەسەر مەکسیکە لە ساڵی ١٩٨٩، دەڵێ:

- **بارودۆخەکە زۆر خراپە چی بکەین؟**
- زۆر ئاسانە، با کەسێک لە ناو حیزبەکەمان دەربچێ و بڵێ "لەبەر دز و دیکتاتۆر و گەندەڵکان رەزی ئەو حیزبەم جێهێشت" گرنگ ئەوەیە هیوایەک بدەینە خەڵک، هیوا وەک ئاگر وایە کە لە پووشی بەردەدەی، تا بێ بە کڵپە دەیانهێنین بە سەر سندوقی دەنگدان، پاشان ئاسانە بە هیوایان بکەین.

ئەو برادەرانەی ئەمڕۆ ئەوهان ناوناوە گورگێک بەردەدەنە گیانمان تا دەمان پەبدەن و خەیان دەکەنە ئەپەزسیۆن، ئایە تەی هاوڵاتی هەرگیز لە خۆت پرسیوە ئەو شتانەی ئەوان دەیڵێن زانیاریی نوێن؟ دەڵێن: "دزن، گەندەڵن، بندیواریان هەیە، ئەو پڕۆژەیە هی ئەو بەرپرسیەیە، و... تد".. خۆ تۆ هەموو ئەو شتانە دەزانی بەڵام رەنگە وردەکارییەکانی نەزانی، ئاخر ئەوە ٢٩ ساڵە تۆ ڕەژانە ئەو شتانەیان لەدەبینی، گرنگە لەوە خەمان یەکلابکەینەوە ئەو شتانەی ئەو پاڵەوانانە دەیڵێن بەشکە لە یاریی خەیان.. بەشکە لەو زانیارانەیی کە ئەوان پێیانگوتوون ئەو شتانە هەگبەپڕاون، چەندبارەی ناکەمەوە بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم پێویستە باوەڕ بەو کەسانە نەکەین کە دەچنە ناو ئەو سیستەمە، ئەوانەی دەچنە ناو ئەو حیزبانەیان ئەو سیستەمە هەر لە سەرەتا بە دزیی و دەوڵەمەندبوون دەچن، بە کورتییەکەی ئەو حیزبانە نە لە کاتی شۆڕ و نە لە کاتی ئاشتییشدا سوودیان بە خەڵک نەبووە، ئەو بارودۆخە زۆر لەوە مەترسیدارترە وەک هەندێک کەس سەیری دەکەن، هەموومان لە بەرانبەر مەترسییەکی گەورە داین.

دەسەاتێک نەتوانی پەداویستییە سادە و سەرەتاییەکانی کەڵە دابین بکا.. وەک ئاو و کارەبا و ڕێگەوبان و... تد ئایە دەکرێ باسی بەها و شکەمەندیی هاوڵاتیانی لێگەدا بکەین؟ "زیگمەند باومان" گوتەنی "هەموو دەسەاتێک بەرپرسە لە دابینکردنی پەداویستییەکانی هاوڵاتییەکانی، ئەگەر ئەوە نەکا شایەنی ئەوە نییە وڵاتێک بەڕێوەبا"، لە ڕاستییدا شەرمە دەسەاتێک بەڕێوەمان دەبا و

ناشتوانێ ماف و پێداویستییەکانمان بە دابین بکا. بۆیە ئامادەم بە گەلاندنەوەی بەها و شکۆمەندیی نەکرد چونکە ئەمە پێویستمان بوو هەیە پێکەوە دەست بە قەناغی یەکلاکردنەوە بکەین، ئەو رێیە خۆنی تێدا ناژی و تۆ بڕانبەر بە کارەکی مەحال نەوەستاویتەوە، بڕپرسیارییمان وەک مرۆڤ ئەوییە داوای ژیانێکی شیاو بکەین، بڕپرسیارییمان وەک دایک و باوک ئەوییە بڕ لەوەی ئەم جیهانە بۆجبهەینین دواژێکی باشتر بە منداڵەکانمان دابین بکەین، کلتوری داواکاریی تاکە ڕێگایە بۆ ئەوەی لەو بارودۆخەی ئێستا دەربچین و بناغەیەکی زڕ گرنگیشە بۆ ئەوەی هەر دەسکاتێک کە دوای ئەوانە دێ ئەگەر گوێی لە داواکارییەکانمان نەگرێ نەهێنین بنەوبارگەی خۆی دابنێ، بۆی دەسکات گومان لێناگرێ بۆیە هەرکە لە خەمانە چونکە نەماتوانیوە ئەو راستییەی تێبگەیەنین کە ئەوە دەسکاتە پێویستی بە ئەمەیە نەک ئەمە بە ئەوان، گەلێک ڕێگاچارەمان لە پێش بە ئەوەی یەک دڵۆپ خوێن لە خەمان و منداڵەکانمان بژێ.. وەک ئەوانە؛ دەنگیان پێنەدەین، جیاوازیی لە نێوان حیزبەکان نەکەین، نەچینە کۆ و کۆبونەوەکانیان، نەچینە پرسیان و کە ئەوانیش هاتن هێندە ڕوویان نەدەینێ و وەک کەیلە خەمانیان بە نەچەمێنینەوە، لە هیچ شوێنێک دەستایەتیی خەمانیان نیشاندەین ، نەچینە ناو تەلەفزیۆنەکانیان، نووسینەکانمان لە ڕاگەیاندنەکانیان بەاونەکەینەوە، وەتد.

ئەو کاتەی کە دەڵێی "ئەگەر ئەمنیش نەیکەم خەڵکی دیکە دەیکا" ئەوە دنیا بە چاوت لە دژایەتییکردنی ئەو دەسکاتە و چارەسەر نییە، ناتوانێ گرنگیی خەت بەو دەسکاتە نیشانبدەی، گرنگیی و سەنگی خەت بدەزەوە ئەوجا با دەسکات گوت لێنەگرێ. دیسان دەیەمەوە خەت چارەسەر و جێگرەوەی چارەنووسی خەتی و لە خەتەوە دەستپێبکەی و ویژدانی خەت ئاسوودە بکەی، کات بەوە مەکوژێ ئەو دەسکاتە بەووخێنی بەڵکو کار لەسەر گەینی ئەو سیستەمە بکەی، کار لەسەر ئەوە بکەی خەت و منداڵەکانت فێری کلتوری ماف و ئەرک و داواکاریی بن، هەر لەبەرئەوەشە دەسکات گوت لێناگرێ چونکە تۆ دەکەووزییەوە لە کاتێکدا زەمانی کەووزانەوە بەسەرچووە، تەنها خەت دەتوانی خەت ڕزگاربکەی، دەکرێ لایانی دیکە زڕ هەبە کە ئەمن ئامادەم پێ نەکردبە بەڵام دەبە هەنگاوی خۆیکلاکردنەوە بنێین، دەنا…

خاڵەکان بە کورتیی دووبارە دەکەمەوە:

١- خەتی و خاوەنی خەت بە.
٢- خوێندنەوەکانمان لە دوو بابەتەوە بۆریەوە دەستپێبکەین،

تاوانبارکردنی دەڤەرەکەی دیکە پاراستنی ئەو دز و گەندەڵانەیە کە لە دەڤەرەکەی خۆت دزییت لێدەکەن.
٣- پەیوەستە هەوەستی خەمان یەکلابکەینەوە لەوەی دژ بە هەر زەبروزەنگێک بین لە هەر کات و شوێنێک.
٤- هەر مرۆڤێک بچێتە ناو ئەو دەستاتیان نەو ئەو حیزبانە بەوای پێنەکەین.
٥- بەوا بەوە بکەین هیچ جیاوازییەک لە نێوان حیزبەکان نییە، ئەوەی هەشبووە بە پێش راپەڕین دەگەڵتەوە، خۆباتمان لە دژایەتییکردنی حیزبەکەوە بگوازینەوە بە دژایەتییکردنی سیستەم.
٦- کەشش بکرێ کێش و دوخێکی لەبار و گونجاو بۆخسڵنین بە ئەوەی زەرینەی خەڵکە لە یەک کەبنەوە.
٧- بایکۆتی کەڵ و کەبوونەوە و راگەیاندنکانیان بە تەڵەفیزیۆن و بڵاوکراوەکانیانەوە بکەین، پێیان نیشانبدەین کە گومان لێناگرن ئیدی ئەمەش گوێتان لێناگرین.
٨- کەشش بکەین شکەمەندیی خەمان بگەنینەوە، نەهێڵین نە ئەو دەستاتەی ئێستا نە ئەوانەشی بە داوایاندا دێن جارێکی دیکە بەو شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵ بکەن و سامان و توانستەکانی ئەو وڵاتە بەفیڕۆ بدەن، دەبێ خەمان فڕێ چەمک و کلتوری داواکاریی بکەین.

سەباح هەنجەر، شاعیری تەماناکان … ئارام سدیق

مانگی پێشوو نوێترین کتێبی یەکێک لە هەشتبیر و چالاکوانەکانم خوێندنەوە، کە باسی لە "جیاوازبوون و ناوازەیی خێی دەکرد لەنێو عادیەکاندا". لە دواتردا باسی یاخیبوون و سەرکێشیەکانی خێی دەکرد و دەیان شتی دیکەش کە بە شان و باڵی خێیدا هەڵی دەدا، بەڵام هیچ کام لەو شتانەی ئەو باسی دەکرد لە خێیدا مەوجود نەبوو. من ئەو هەشتبیر و چالاکوانە زیاتر لە بیست ساڵە دەناسم و لانی کەم دە کتێبیم خوێندووەتەوە. ئەوەی ئەو باسی دەکرد هیچی لەودا بەدی ناکرێت (هەبێت بەداخەوە). بەئەزموون ئەوە سەلماوە هەر کەسێک بەشانوبازێی خێیدا هەڵیدا ئەوە حەتمەن کەشێک هەیە و خێی دەنیایە، کە وا نیشە بایە مەدحی خێی و کارەکانی دەکات. نووسەران

و داهێنەران و ڕەشنبیرانی ئاستەقینە هەرگیز باسی جیاوازبوون و ناوازەیی و یاخیبوونەکانیان ناکەن. زۆرجار شەرم دەکەن، کە ئەم گوزارشتانەیان ڕووبەڕوو دەکرێتەوە. چونکە ئەوان کە یاخین بە بڕواوە یاخین، نەک بە نمایش.
نووسەرانی لە چەشنی " فیدە دەستەیڤسکی، ئارسەر ڕامبۆ، چارلز بۆدلێر، ئەلبێرت کامۆ، جان پۆڵ سارتەر، ماركیز دی ساد، ئەلین گیزنبەرگ، چالز بۆکۆفسکی، ئەرهان پامووک..." و چەندانی دیکە لە چەشنی ئەو نووسەرە داهێنەر و ناوازانەن کە هەرگیز بە شان و باڵی خەیانیان هەڵنەداوە.

ناوازەیی هەمیشە باجی هەیە، جیاوازنووسین و خۆجیاکردنەوە لەو لەشاوەی بەناوی شیعر و نووسینەوە دەنووسرێن کارێکی ئاسان نییە، یاخیبوون لە دیدی باو، قوربانی دەوڵەت و ئەم قوربانییەش بە هەموو کەس نادرێ. یەکێک لەو شاعیرانەی کە بە هەمنی دوور لە بانگەشە دەیەوێت ناوازە بێت و جیاواز بنووسێت، "سەباح ڕەنجدەر" ئەم شاعیرە زیاتر لە 30 ساڵە بە پشوودرێژییەکی زۆرەوە دەنووسێت و هەوڵی جیاکاری و جیاوازنووسی و جیاکردنەوەی هەڵەی کارکردنی خۆی لەنێو پانتایی شیعریی کوردییدا داوە. ئەو وەکو ڕەشنبیر و چالاکوانێکی سەرەوە بانگەشەی ناوازەیی ناکات، بەڵام کاتێک خوێنەر بڕ تێکستەکانی دەکەوێت، هەست بەو ناوازەیی جیاوازنووسینە دەکات.
ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر لەو ئەزموونە شیعریانەیە، کە تا هەنووکەش خوێنەرگەلێکی کەم هەم تەسی دەگەن و هەم چەژی دەکەن. ئەمەش پەیوەندی بە تایبەتمەندی دونیاکەی ڕەنجدەرەوە هەیە. دونیایەک کە زیاتر لە 30 ساڵە ئەم شاعیرە کاری تێدا دەکات. بەڵام لە هەر کارکردنێکدا بە وشیاریەوە هەنگاوەکانی ناوە. هەکاری تێنەگەیشتن و چەژنەکردنی دونیای ئەم شاعیرە لای بەشێک لە خوێنەران پەیوەستە بەوەی کە تێگەیشتن لە شیعری ئەم شاعیرە پێویستی بە باکگراوندێکی ڕەشنبیریی گشتی هەیە، بەتایبەت شیعری ئەم شاعیرە خوێنەرگەلێک دەخوازێت کە نەهێنیدەز و کەشفکەر بێت. شیعرەکانی ئەم شاعیرە خوێنەری چالاکی دەوێت، نەک خوێنەرگەلێک کە خولیای شیعریی ڕۆژانەیی بن، چونکە شیعریی ئەم شاعیرە دژی ڕۆژانەییبوونە.

سەرەتا وشە بوو، نوێترین دیوانە شیعری ئەم شاعیرەیە، دیوانێک هەر لە ناونیشانەکەیەوە کەسێک بە خوێنەر دەدات، ئاگەر لەو کەسە تێنەگەیت ڕەنگە نەگەیتە قووڵایی تێکستەکە، یان بەر زەرێک لە پێنهانییەکانی ئەم تێکستانەی لەم کتێبەدا نەکەویت. "سەرەتا وشە بوو" جیا لەو ڕیشە میتۆلۆژییەی ئەم گوزارەیە هەیەتی لەم کتێبەدا

مانایەکی دیکە وەردەگرێت، ئەویش وشەسەنتەریە. من لە بەشێکی زۆری ئەم دەقانەدا هەستم بە وشەسەنتەری کرد، بە جۆرێک وشە بەهایەکی زۆری هەیە و هیچ وشەیەک زیادە نییە لەنێو هیچ کام لەم تێکستانەدا، بە دیوێکی دیکەدا وشەیەک و هاوسێکانی پێکەوە وێنەیەک، یان مانایەک، فیکرێیەک دەگەیەنن خوێنەر. ئەگەرچی لە هەندێک جێگەدا وشە تەنها کەدە، بەڵام لە زۆرجێگەی ئەم کتێبەدا وشەیەک لەگەڵ هاوسێکانیدا لە پەیوەندییەکی زۆرجۆراوجۆردایە و هەندێکجاریش ئاشکرادایە.

ڕووحی شیعریی ئەم شاعیرە، پڕ لە ناوازەیی و جیاوازبوون و یاخیگەریی، یاخیبوون لە نێو خودی ژیانداو و هەڵهاتن لە کات و بەندی فاریزە و نوقتە و هەموو سنوورێکی دیکەی ڕەزمانی. هەر خودی ئەم ناوازەبوونەشە بووەتە هۆی ئەوەی تا هەنووکە وەکو پێویست ئەزموونەکەی نەخوێنراوەتەوە، بەشی هەرە زۆری ئەوشیی لەسەر ئەزموونی ئەم شاعیرە نووسراوە، کەمتر کەشفکاریی و قووڵبوونەوە بووە بەنێو ئەزموونەکەدا، زۆرجار سووڕانەوە بووە بەدەوری ئەزموونەکەدا، نەک کەشفکردنی ئەو دونیایەی ڕەنجدەر بونیادی دەنێت. ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت، کە بە ڕەنجدەر بڵێین شاعیری وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە ژیان، بەڵام ئەو بەشەی ژیان کە هەموان چاوی بینینیان نییە بۆی. ڕەنجدەر بە دیوێکی دیکەدا شاعیریی تەماناکانە لە چەمکەکانی جوانی، مردن، بوون، خەون و دەیان چەمکی دیکە. سنووری کار و تەمامان و بیرکردنەوەی ئەم شاعیرە لەو جێگایانەدایە کە ئەوانی دیکە توانای بینین و هەستپێکردنیان نییە. ئەم کتێبە نوێیش "سەرەتا وشە بوو" نموونەیەکی نوێی ئەزموونی ئەم شاعیرەیە، کە بە دیار وشەوە دەسووتێت و وەکو قەقنەس لە خەرمانەشی شیعرەوە جارێکی دیکە لە دایکدەبێتەوە.

خوێندنەوەیەکی نیشانەناسیی

بنیادگەری بە شیعری: (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)ی سەباح ڕەنجدەر

(نیشانەکانی گیانلەبەران)

ڕزگار جەباری

بەشی یەکەم

پێشەکی:
ئاگەرچی بە درێژایی مێژوو زۆر قوتابخانە و زۆر تیۆریی ئەدەبی دەرکەوتوون، بەڵام هیچ یەک لەمانە ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە دوا قسەی لەبارەی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبییەوە کردووە. بەڵێ زەمینەی تیۆریی سازی هەمیشە بۆ خۆشکراوی ماوەتەوە و پێگریی بابەتیانەی جۆراوجۆر لە ڕووی تیۆریی سازی پرسێکی سروشتی تەماشاکراوە. تیۆریی و ڕەخنەباز و قوتابخانە بەدوای یەکدا هاتوون، خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دڵق کردووە، کە زۆربەی جار چەقی ئەم بزاوتانە ڕێژاوا بووە.
تاوتوێکردن و توێژینەوەی بەرهەمی ئەدەبیی کوردی، لە سەنگەی شێوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخی ڕێژاواوە، دەتوانێت دەرچەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتنی ئەم بەرهەمانە بە ڕووی خوێنەردا واڵا بکەن. (نیشانەناسیی) ش لەو ڕێپەڕبردانەی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبییە کە بە بەکارهێنانی لەم بوارەدا گەیان لە باری شێوازی ئەفراندنی واتا لە دەقە ئەدەبییەکاندا توانایەکی شایستەی هەیە. بنەمای بیری نیشانەناسی قوتابخانەی بنیادگەرییە. هەر کارێکی ئەدەبی لە بنەمادا لە چەندین نیشانە و ئاماژە و تەنانەت بیرکە و زانیاری و گوزارشت پێکهاتووە، ئەو بنیادەش کە ئەم ڕەگەزانە تیایدا کۆ دەبنەوە خودانی ڕاڤەکی بنیادی و تایبەتمەندی جیاوازە لە تایبەتمەندی ئەو نیشانە و ئاماژانە.
هەروەها ئەم توێژینەوەیە خۆی لەخۆیدا جۆرێکی ڕاڤەیە، چونکە ((ئاگەر بڕێکی سەرەکی کاری هەرمینیۆتیک دەرخستنی ڕووە پەنهان و شاردراوەکانی ناو دەق بێت، ئەوا لە چوارچێوەی زمانەوە، دەکرێ هەموو ئەم کەد و ڕەمزانە بدەزێتەوە…)) (١، ٢٦٦)
((ئەم دوو چەمکە (نیشانەناسی و هەرمینیۆتیک) لەوەدا لێک نزیک

دەبنەوە، کە ئەوەی پێی دەوترێت نیشانەناسی، بریتییە لە هاڤکردنی واتا دەلالی و نیشانە و هەماکان...)) (١، ٢٦٩)
جەری ئاماژە بە لاپەڕە و ناوی سەرچاوە شێوازێکی ڕووسی بەکارهاتووە، کە لە کۆتایی هەر پەڕەگرافێکدا چی ناڕاستەخۆ سوودی لە وەرگیرابێت، یان وەکو خۆی بەکارهێنرابێت؛ لەناو کەوانەدا ژمارەی یەکەم ئاماژەیە بە سەرچاوەکە بە پێی زنجیرەیان کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا هاتووە و ژمارەی دووەم ئاماژەیە بە ژمارەی لاپەڕەکە.

1- پێناسەی نیشانە

سادەترین پێناسەی نیشانە بریتییە لە: کۆمەڵێک دوانەیی پێکهاتوو لە چەمکێک و شێوەیەکی دەنگیی. بەپێچەوانەی ئەوەی کە بەڵێک بانگەشەی بۆ دەکەن، مەبەست لە نیشانە پێیوەندی نێوان تەنێکی مادی و ناوێک نییە، بەڵکو بوونی نیشانە دەبێت لە پێیوەندیی نێوان چەمکێک و شێوەیەکی دەنگیدا بۆی بگەڕێین. پێکهاتنی چەمک و شێوەی دەنگی کۆمەڵێکی بەناوی نیشانەوە هەناوەتە ئاراوە. شێوەی دەنگی، بە گوتە، یان (دال) ناودەنرێت و هەروەها چەمکیش، بە واتا، یان (مەدلوول) ناودەنرێت. (٢، ٢٦)

لە هاوتایی (لەتمان)ـــهو١ جیاوازی هەیە لە نێوان ((نیشانە هەڵکەوتنەکییەکان)) (وشە؛ وەکو لایتی سوور) و ((نیشانە وێنەییەکان)) کە یەک گوزارشت بە دەلالەت دادەنێت و ئاوێش (نەخش)ە. لە سەرتاسەری مەژووی مرۆڤدا، چەند بە دواوە بگەڕێینەوە، دوو نیشانەی فەرهەنگی سەربەخۆ و بەرامبەر دەبینین: وشە و نەخش. لە وشەکان هونەرە گوفتارییەکان بەرهەم دێن و لە نەخشەکانیش هونەرە شێوەکارییەکان. (٣، ٢٤٤)

٢- پێناسەی نیشانەناسی

پێناسەیەکی یەکینە و گشتی بە نیشانەناسی چەشنی زۆربەی تیۆرییە ئەدەبی و فەلسەفییەکان شتەکی کردەنی نییە. تاوتوێکردنی پێناسەکان و تایبەتمەندییەکانی نیشانەناسی، کە لایەن بیرمەندانی جیاوازەوە خراونەتەڕوو، توێژینەوەیەکی سەربەخۆ دەخوازێت. ئەوەی لێم بەشدا دەخرێتەڕوو، پێناسەیەکی گشتییە بە زانستی نیشانەناسی کە مایەی پەسەندی بیرمەندانی گەڕەپانی زمانناسییە.
لە زمانی ئینگلیزیدا هەر دوو وشەی سیمیۆلۆژی و سیمیۆتیکس بە ناوڵنانی زانستی (نیشانەناسی) بەکاردێن.
وشەی سیمیۆلۆژی لە لایەن سوسێر٢ زمانناسی سویسییەوە دانراوە، کە

بەکاری هێنا بۆ ناولێنانی زانستێکی تازە، کە بەشێک بوو لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتی بە تـوێژینەوەی ((ژیانی نیشانەکان لە کۆمەڵگەدا)). بەڵام وشەی سیمیۆتیکس لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە لایەن فەیلەسووفی لۆژیکزانی ئەمریکی چارلز ساندەرس پیرسەوە٣ کە دامەزرێنەری ئەم لقە توێژینەوەکاریە، دانراوە.
لێکۆڵینەوەکانی نیشانەناسی بە دوو ڕێچکەدا دەڕۆن، یەکەمیان لێکۆڵینەوەیە لە ئەرکی نیشانە لە بواری گەیاندنی زانیاریدا و سوسێر زیاتر لەو بارەوە دەدوێت. دووەمیان لێکۆڵینەوەیە لە چییەتیی نیشانە و دیاریکردنی پێکهاتە و مەرجەکانی، کە پیرس لەو بوارەدا کاری کردووە. (٧١،٤)
١- یوری لەتمان (١٩٢٢ – ١٩٩٣) بیرمەند و ڕۆخنەگری ئەدەبی، خەڵکی سەن پترسبێرگی ڕووسیایە.
٢- مونژن فردینان دوو سوسێر (١٨٥٧ – ١٩١٣) زمانناسێکی سویسیە.
٣- چارلز ساندرەس پیرس (١٨٣١ – ١٩١٤) فەیلەسووف و لۆژیکزانێکی ئەمریکی بووە.

٣- پێشینەی نیشانەناسی

زانستی نیشانەناسی بە واتا ئەڵێینەکەی لایەن فەردینان دوو سوسێر، زمانناسی سویسی و چارلز ساندرس پیرس لۆژیکزانی ئەمریکییەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕانراوە. ئەم دوو زانایە نزیک بە هەمان کات پێکەوە ڕوویان لەم گۆڕانە کردووە. بەڵام نموونەی جیاوازیان لە خستووەتڕوو.
٣-١ / نیشانە لە ڕوانگەی سوسێرەوە١:
سوسێر لەو باوەڕدایە نیشانەناسی ئەوەمان فێر دەکات، کە نیشانەکان لە چی پێکهاتوونە و چی یاساگەلێک حوکمیان بەسەرەوە دەکەن. هەروەها زمانناسی بە بڕێکی ئەم زانستە گشتییە دەزانێت. پوختەی لێکۆڵینەوەی سوسێر لەبارەی زمانەوە لەم سەرنجانەی خوارەوە کۆ دەبنەوە:
١- توێژینەوەی زمان دەبێت هاوزەمانی بێت (ئێستایی) نەک ناوزەمانی واتە (مێژوویی).
٢- زمان سیستەمێکی یەکپارچەیە و بڕێکانی ئەرکێکی تەواوکارییان هەیە. زمان تەنیا کۆمەڵێک دەنگ و وشە نییە، بگرە دەزگایەکە لە پەیوەندی و لەسەر سیستەمێکی دیاریکراو کار دەکات. ئەو سیستەمە بەڵای سوسێرەوە (زمان)ە و جیایە لە (قسە)ی تاکی ئاخێوەرانی.
٣- دوو جەڕ پەیوەندی لە نێوان توخمەکانی ڕستەدا هەیە. یەکێکیان هاونشینی، بریتییە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان توخمەکانی

ناو یەک زنجیرە گوتار کە بە تێنیشت یەکەوەن، پێیوەندی دووەم پێیوەندی جێنشینییە.(٤، ٥٣ و ٥٤)
پێیوەندیی هاونیشینی لە بنەڕەتدا پێیوەندیی نێوان ئەو یەکانەیە کە لە پەکهاتندا لەگەڵ یەکدا قەرار دەگرن و یەکێیک لە ئاستێکی بەرزتر پێکدێنن، پێیوەندیی جێنشینی- ش لە بنەڕەتدا پێیوەندییەکی نێوان ئەو یەکانەیە لەبری یەک هەڵدەبژێردرێن و لە هەمان ئاستدا یەکێیکی نوێ دەهێننە ئاراوە.
بە باوەڕی سوسێر زمان کۆمەڵێک ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە (واتە نیشانەی زمانی و پێیوەندیی نێوانیان) کە لە شێوەی ئاخافتن دەردەکەوێت. نیشانەی زمانی تەنیا پێیوەندیی شتێک و ناوێک نییە، بەڵکو پێیوەندیی چەمکێکە لەگەڵ وێنەیەکی دەنگی. نیشانەی زمانی لە بنچینەدا واقیعەتێکی دەروونناسییە، کە خودان دوو بەشە، واتە وێنەی دەنگی (دال) و چەمکێک (مەدلوول) و پێیوایە نیشانە بەرهەمی هاوکوفبوونی ئەم دوو توخمەیە.(٥، ١٣٣)

٣- ٢/ نیشانە لە ڕوانگەی پێرس- ەوە٢:
بە پێچەوانەی سوسێرەوە کە نیشانە بە پێکهاتوو لە دوو پاژی دال و مەدلوول دەزانێت، لای پێرس پێیوەندیی نیشانە لە سێ پاژ پێکهاتووە:
١- هێما: ئەو شێوەیەیە کە نیشانە بە خەیاڵی دەگرێت.
٢- ڕاڤە: ئەو واتایەیە کە لە نیشانەوە بە دەست دێت.
٣- بابەت: ئەو شتەیە کە نیشانە دەلالەتی لەدەکات.
بەپێودانگی ئەم پێناسەی پێرس، دەتوانین بڵێین تابلۆی (جگەرە کێشان قەدەغەیە) لە شوێناندا، هێمایە و ڕاڤەکەی ئەوەیە کەس جگەرە هەڵنەکات و بابەتەکەش جگەرەنەکێشانە. لە ئەنجامی بەراوردی نێوان پێناسەکەی پێرس و سوسێر بە نیشانە، ئەوەمان بە دەردەکەوێت، کە هێمای پێرس هاوکوفە لەگەڵ دال لە مەدلوولەکەی سوسێردا و ڕاڤەکەیشی هاوشێوەیە لەگەڵ مەدلوولەکەی سوسێر. لەو نێواندا ئەوە تەنیا بابەتە کە سوسێر نەپەرژاوەتە سەری.
پێرس نیشانەکان بەگوێرەی پێیوەندییە جیاوازەکانی نێوان دال و مەدلوول دابەشی سێ جۆریان دەکات:
١- ئایکۆن: لە پێیوەندیی نێوان دال و مەدلوول لەکچوون هەیە. وەکو لەکچوونی نێوان وێنەی کەسێک و خودی کەسەکە، یان نەخشەی خانوویەک کە بچووککراوەی خانووەکە خەیاتی.
٢- ئاماژە: نیشانەیەکە لەسەر بنەمای هۆ و هۆکار، وەکو دووکەڵ کە نیشانەی ئاگرە، یان ئامێری دیاریکردنی ئاراستەی با.
٣- هێما: ئەو نیشانەیەیە کە پێیوەندیی نێوان دال و مەدلوول پێیمان و ڕێککەوتنکییە، وەکو بەکارهێنانی ئەو هێمایانەی کە

دڵاڵەت لە پلە سەربازییەکان دەکات.
بە وردبوونەوە لەوەی بەرباس خران، دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجێنین کە پانتایی کاری زماناسی تۆژنەوەیە لە نیشانە هێماکۆتنکییەکان کە هیچ پەیوەندییەکی خودی، یان سروشتیان لەگەڵ مەدلوولەکانی خۆیاندا نییە و پەیوستە لە ئاراستەیەک بگەڕێت بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نێوان نیشانەکان. (٨٢،٢)

٤- مودێلی پەیوەندیی هێمان یاکۆپسن١

ئەرکی نیشانە گەیاندنی پەیام و هێنانی پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگرە. ئەو مودێلەی هێمان لەمەڕ سیستەمی پەیوەندییەکانی خستووەتەروو، خودان بایەخێکی تایبەتە.
١- هێمان یاکۆپسن (١٨٩٦ – ١٩٨٢) یەکێکە لە پشەوانی ئەدەبناسی، جوولەکەیەکی ڕووسی بووە.

بابەت (سیاق)
پەیام

ئاخێوەر (نێرەر) ……..بەردەنگ (وەرگر)
پەیوەندیی (ناوەندی پەیوەندیکردن)
کەد (دەستەواژە)
بۆپەی ئەم مەدێلە، پەیوەندی داگری پەیامێکە کە ئاخێوەر دەریدەکات و بەردەنگ وەریدەگرێت. بە ئەوەی پەیامێکە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بگات، پێویستە بە ناوەند (رایەڵێک)دا کە دەکرێت گوفتاری، یان وێنەیی بێت تێپەڕ ببێت. ئەم ڕایەڵە دەبێت لە چوارچێوەی کەدی هاوبەش، گوفتار، ژمارەکان، نووسراو …. تاد، وێنابکرێت، بەجۆرێک کە گوفتارەکە شیاوی خوێندنەوە بێت. لەکۆتاییدا پەیامێکە دەبێت بە بابەتێک بگەڕێتەوە کە هەم بە ئاخێوەر و هەم بە بەردەنگ ڕوون بێت، تاکو بتوانرێت تێگەیشتنێک بە پەیام لەبەرچاو بگیرێت. (٢٥،٦)
یاکۆپسن ئەم شەش بەشە بە دیارخەری زمانی دادەنێت، لە هێنانی پەیوەندیدا:
١- هێمای سەزداری: ئەگەر پەیوەندی گوفتاری جەخت لەسەر نێرەری پەیام بکاتەوە و هەست و باوەڕ، یان سەزی نێرەر بگەیەنێت ئەوا هێمای سەزداری زاڵە. (٦، ٢٠٣)
٢- هێمای تەرغیبی: هەموو جارە پرسیارێکی هێنانی پەیوەندی، کە ئامانج چەکردنی کاردانەوە بێت لە وەرگری پەیام.
٣- هێمای گەیانەوەیی (ئیرجاعی): ئەم هێمایە پەیوەندی نێوان پەیام و ئەو بابەتەی پەیامێکە ئاماژەی بە دەکات، دەخاتەروو. لەم هێمایەدا

کاری زمان وەک کاری عەینی و زانین پێناس دەکرێت.(٦، ٢٠١)
٤- ڕووی سەروەزمانی: هەرکاتێ پەیام بەڵای کەد بشکێتەوە، ئەوا ڕووی سەروەزمانی لێ دەبێتەوە.(٦، ٢٠٤)
٥- ڕووی هاودەنگی: سەرنجی پەیامەکە بەڵای ڕایەڵی ڕەهانی پەیوەندیدا دەشکێتەوە و بە یارمەتی ئەم ڕووە ڕەهان و درێژدان بە پەیوەندی دەستەبەر دەبێت. (٦، ٢٠٥)
٦- ڕووی ئەدەبی: سەرنجی پەیامەکە بەڵای خودی پەیامەکەدا دەشکێتەوە. (٦، ٢٠٣)

٥- نیشانەناسی و بنیادگەری

وەک ئاماژەمان پێدا زانستی نیشانەناسی لەلایەن سوسێرەوە ڕەنرا و بوو بە بنەمای ڕەبازگەلی ڕەخنەی ئەدەبی وەکو بنیادگەری. لە ڕابردووەدا گریمانە لەسەر ئەوە بوو، کە هونەر لاسایی واقیعییەتە دەرکییەکانە.
بە پێچەوانەی ڕەخنەی نوێوە کە لە دیدکانی پێنجا و شەستی سەدەی ڕابردوو لە پێناسەی هونەردا وەک (لاسایی)، واتە پیشاندانی واقیع ڕووی وەرچەرخاند و جەخت لەسەر نیشانە دەکاتەوە، ئەو پرسیارەی هەوە دەدات تێگەیشتنی قووڵ لەناو دەقدا بدەزێتەوە. بەم پێیە نیشانەناسی و بنیادگەری لە دوای هەماهێنی جۆهەری واقیعەوە نین، بەڵکو دەخوازن ئەوە نیشان بدەن، کە ئەم واقیعە چلۆن هاتووەتە بوون.
بنیادگەری ڕوانگەیەکە بە لەکدانەوەی ئەدەبی لە ڕێگای بەکارهێنای تەکنیک و شێوازناسی و وشەکانی زمانناسییەوە ئەو تەواوینە زانستییە پێشنیاز دەکات کە ئەمە چۆن چۆنی نێک هەر لە بەرهەمی ئەدەبی، بەڵکو لە هەرچەشنە پەیوەندی و ئاکارێکی کەمەڵایەتی واتا هەڵەنجێنین. (١٢٤،٧)
بنیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لە ڕاستییە سەلمێنراوانەوە دەست پی دەکات، کە دەڵێت بنیاد سەربەخۆیە و تێگەیشتن لەی پێویستی بەوە نییە پەنا ببرێتە بەر ڕێگەزی نامە بە بنیادەکە، یان بە سروشتی بنیادەکە. بە نموونە شیعر بنیادەکە لە چەند ڕێگەزێک پێکهاتووە، ئەم ڕێگەزانەش ملکەچی چەند یاسایەکی پێکهێنەر دەبن، کە ڕێککەی تەدەپەڕنن لەو ڕووەوی چەند بەستەرێکی کۆکەرن و بەشەکانی قەوارە ئەدەبییەکە بەیەکەوە دەبەستن، بەیە چەند تایبەتمەندییەک بە گشتەکە دەبەخشن، کە جیاوازە لە تایبەتمەندیی ئەو ڕێگەزانەی دەقەکەیان پێکهێناوە. (١٣٨،٨)
بە ڕای ڕەمان لەو ڕاستییەدا بگەڕین کە وشە و بنیادی واتاکانی،

شەوازی ناوەوە و دەرەوەی کەش و بەهایەکی لە خودی هونەریی خۆیدا هەیە. ئەوە پەیوەندی و ئەرکە کانییەتی لە بنیادی وشەدا، وەک شیکردنەوەیەکی مەرفەلۆژی و بنیادگەری دەبەت بخرێتەوو (١٤٢،٨)
کالەر١ لە (بوتیقای بنیادگەری)دا بە پێداگیریەوە دەبە سەرگەز لە هەر چەشنە خوێندنەوەیەکدا، بە نموونە شیعرێک لەبەرچاو بگیرە:
١- ئەوەی کە شیعر دەشە خاوەن یەکێتی بە.
٢- لە بارەی ناوەرۆکەوە دەبە بابەتێکی گرینگی بەدەستەوە بە،
٣- ئەم گرینگییە فەرمی زەنگدانەوەی شیعرەکەش بگرێتەوە. (١٣٦،٧)
هەروەها پیاژ٢ دەڵێت: (بنیادی سیستەمی گەینی شەوێ.) و ئەوە ئادگەیەنێت کە ((چەمکی بنیاد لە سەر هزری کلیلی پێکهاتووە: هزری هەمەکی، هزری گەینی شەوە و هزری خەڵکخستنەکی.)) (٢٧٨،٩)
بە گوزارشتێکی تر ئەو تیۆریانەی ئاماژەمان پێدان لەسەر ئەوەن ئەوە پیشان بدەن کە چۆن تێگەیشتنمان لە واقیعەتێکانی جیهانی بوون، لەژێر کارتێکردنی ئەو زمانەیە کە پێی دەدوێین. هەموو زمانێک دەرچەیەکە کە بەهایەوە کەسێک واقیعی پێ درک دەکات.
لە کۆتایدا ئەمە تێکەڵێک لە تیۆریەکانی سوسێر و پێرس، وەای بۆچوونەکانی بیرمەندانی وەک یاکۆپسەن، بارت، ئیکۆ و.. … زانستی نیشانەناسیان پێکهێناوە.
١- جاناتان کالەر (١٩٤٤ -) ڕەخنەگر و بیریاری بواریی تیۆریی ئەدەبی، خەڵکی ئەمریکایە.
٢- ژان پیاژە، بیرمەندێکی فەڕەنسییە.

٦- نیشانەناسیی شیعر

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی نیشانەناسیی شیعر، پێویستە بەکورتی ئاماژە بە پێناسە و زمانی تایبەتیی شیعر بکەین. پێناسەیەکی زۆر و زۆبەند لە دیدگای جیاوازەوە لەمە شیعر خراونەتەروو.
شیعر وەک زمانی تایبەت لە ڕووی نیشانەناسییەوە لە دەخی تێڕوانینی ئەو پێیمان و ڕێککەوتنداین، بەیە گوێگر بە ئاسایی ناگاتە مەبەستی شاعیر. ڕەخنەی نیشانەناسیش لەو بارەدا بەپاپشتی زمانناسی و شەوازگەری و ئەو لادان و تێپەڕاندنانە دەستنیشان دەکات و یەکە واتاییەکان پەڵەن دەکات و بنیادە واتاییە تازەکان ڕوون دەکاتەوە. ئەو کاتەش مەبەستی شیعرەکە بەپێی وردی هەوڵە ڕەخنەییەکان ڕوون دەبەتەوە. (٧٥،٤)
بە هەی ئەوەی کە زمانی ئاخافتن و زمانی شیعر لەک جیان، هەر یەکەیان سیستەمێکی سەربەخۆی نیشانەناسی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوە

دەزانین کە نیشانە زمانییەکان، نیشانەی دەخوازی و پێکەوتنەکین، کە بە گەیاندنی پەیام بەکار دێن. بەڵام دەتوانین بڵێین نیشانە شیعرییەکان لە هەووی دەربڕینی واتاییەوە لەگەڵ نیشانە سوسەرییەکان جیاوان. چونکە مەدلوولەکی چەسپاویان نییە، کە بە شێوەیەکی دیار پەیوەندیدار بن بە دالەکانەوە. بەڵکو کەمێک دالەکن دەتوانن مەدلوولێکی زۆریان هەبێت. بە گوزارشتێکی تر لە زمانی شیعردا هەموو وشەیەک وەک ئای واتا هەووکشەکەی، تێگەیشتنی تریش کە هەمان واتا ناواخنییەکانن، دەخڵەنە زێنەوە.
بەهای نیشانە لە شرۆڤەی بنیادگەرییدا بەستراوەتەوە بە دڕ و تهنیا لە دەقدا هەزی واتادان و دەلالەتخوازی وەردەگرێت و بەدەر لە تاوتوێکردنی توخمەکانی چواردەوری خۆی، شیانی لێکدانەوە و ڕاڤە نییە.

٧- هەما لە شیعردا

لەبەر ئەوەی هەما جۆرێکی بەرفراوان و دیاری نیشانەیە و بەگشتی لە شیعردا بەچەی کاری لەسەر کراوە. کورت و پوخت بەسەری دەکەینەوە:
هەما بریتییە لە نیشانەیەک ئاماژە بە شتێک دەکات، بوونێکی سەربەخۆی هەیە، ئەو شتە دەنوێنێ و شوێنی دەگرێتەوە و ئەم چوار تایبەتمەندییەی هەیە:
١- هەموو هەمایەک لە بری شتێکی ترە.
٢- هەموو هەمایەک ئاماژەی دوانەیی هەیە.
٣- هەموو هەمایەک ڕەگەزی واقیع و خەیاڵی تێدایە.
٤- هەموو هەمایەک خودان هەزێکە، یان خودان ئەرکێکی دوانەیی. (١٠، ١٠ و ٧)
هەما ناوی بزاوتێکی ئەدەبیشی بەخۆی داوە، لە دەقە جیاوازەکان و بە مەبەستی تەواو جیاواز بەکار دێت. ئەم زاراوەیە لە لاژیکی بیرکاری، واتاناسی، مەعریفەناسی، هەروەها نیشانەناسی (کە جەباسی گشتیی ئەمەیە) بەکاردەبرێت و لە پانتایی ئیلاهیاتدا (هەما هاوواتای دروشم – یشە)، هونەرە جوانەکان و شیعر (کە جەباسی تایبەتی ئەمەیە) مەژوویەکی دوورودرێژی هەیە. توخمی هاوبەشی نێوان هەموو ئەم بەکارهێنانە باوانە، ڕەنگە چەمکی نواندنی شتێکی تر، یان دەلالەت کردن لە شتێکی تر بێت. (٢١٠،١١)
ئەم بابەتە هەروەها سەرنجدانی دەروونناسی بە چۆنێتی کاریگەری بەشێکی هەما و وێنەکان لە ئەمەدا پەیوەندی دروست دەکات. (٢٥٩،١٢)
هەما لە ئەدەبیاتدا، ئەگەرچی بەرلەوە هەبووە، لە ڕۆژاوادا تهنیا لە بەکارهێنانە فەرهنسییەکەیدا بڕوای سەند، واتای ئەم وشەیە

تەنانەت ئەمەش فرە لەو و گەلاوێژ، لە دەستواژەکانی وەکو (لەژیکی هەمایی)، (هەمای بیرکاری) بە واتای دژبەر بە (هەمای شیعری) بەکار دەبرێت. بەکارهێنانی لەئەدەبیاتدا پتر لە چەمکی نیشانە، یان نواندنی پێتی دوور کەوتووەتە و بووەتە جۆرێکی چەمکی کە وێنەی شیعری و خوازە دەگرێتەوە. (٢٥٨،١٣)
(لەبەر ئەوەی) هەما لە سەرەکی تریش لادانی دەلالی دەهێنێتە ئاراوە. هەما لەبەرزکردنەوەی ئاستی شیعریەتی دەق ئەگەری گرینگ و لەبەرچاو دەبینێت، لەگەڵی بەخشینی واتا و دەلالەتی نوێ بەشتەکان. (٣٢٨،١٤)
لەگەووی ئەرکیشەوە، لای هەماگەراکان شیعر پیشاندان و گواستنەوەی واقیع و ڕاستی نیە، بەڵکو بارەکی دەروونیە کە بە کەتایی هەما، یان گواستنەوەی واقیع خەی دەردەخات، بەم پێیە ئەرکی شیعر دەبێتە پێکهێنانی پردێکی ویژدانی لە نێوان داهێنەر و خوێنەردا. (٢٣،١٥)

بەشی دووەم

١- پیادەکردنی بنەماکانی نیشانەناسیی بنیادگەری لە شیعری (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)

سەباح ڕەنجدەر (١٨/١١/١٩٦٥ – هەولێر) یەکێکە لەو شاعیرانەی تاکو ئێستا کەم و زۆر لە هەوڵەکانی خەی بەردەوام و ئەزموونێکی سەرنجڕاکێشی ناوەندە شیعریەکە و هەوڵستەی خوێندنەوە بە خەی دەستەبەر دەکات. ئەم هەوڵە لە قۆناغە سەرەتایەکانی ئەزموونکردیەوە دوالیزمێک بە کەشی شیعرکانیەوە بەرچاو دەکەون. یەکێکیان ڕوون و ئاوی تریشیان لەڕ، کە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە بە مەعریفەیەکی کەمی تیۆریانەی زمانەوانیەوە، هەوەی داوە خەی لە فەرهەنگی واژەنامەی ناوەندکە دەرباز بکات و هەوەی بەزاندنی سنووری زمانیشی داوە. (١٦٥،١٦ و ١٦٦)
ئەم دەقە یەکێکە لە دهقه دەروشاوە و نموونەیەکانی شاعیر و شیعری هاوچەرخی کوردی، کە ئەزموونی ڕوحی و زەینیی (شکەی نەفس)ی ژیانی خەیەتی و پشکنینی خوێندنەری دەکات. شاعیر قووڵتە ناو پنتە شارەوەکانی ژیانی خەی و جۆرەکی جیهانبینیی لا دروست کردووە. (ئەحمەد ڕەزا) لەبارەی ئەو یەکێک لەو تایبەتمەندێتیانەی کە شاعیر پەیوستە لەبەرچاوی بگرێت بریتیە لە ژیانی ڕۆژانەی شاعیر خەی و بە ئەمەش نموونەی مانیفەستی شیعریی (سەباح ڕەنجدەر) دەهێنێتەوە و دەڵێت ئەم تێبینیانەی یاریدەدەرەکی باشن بە داشتنی وێنەکان و هەروەک بە بارگاویی کردنی وێنەکان بە تەڵامانی قووڵ بسوودە، کە ئەم بارە وا دەکات شاعیر وردتر بتەوە لە پێکهاتە شیعریەکان (سەرنجدانی هیچ شتێک بە بەهرەمەند لە سوود وەرگرتن بەبەش نیە. هەر شاعیرەکیش لە ژیانی ڕۆژانەیدا زەربەڵ بوو، زوو

سەرنجەکانی دەربڕی، نەیهێشت بارەکانی بگەن بە باری تەواوی و ناخی ڕووبووندەوە و جیهانبینی و بەهرە خەماندن و درکاندنی، بگومان کارەکەی وەک نوسراوی ئاسایی پێ، بەڵام وەک نوسراوی داهێنراو بەتاڵە، چونکە نوسراوی داهێنراو تەنیا بە تەواوی ناخی ڕووبووندەوە و جیهانبینی و بەهرە خەماندن مەزنایەتی وەردەگرێت.) (١٧، ١٢٨)

شاعیر دەستوپەنجەی لەگەڵ ئەزموونەکی ڕوحی و زەینی نەرمکردووە (شکڵی نەفس)ە و بە ئەفراندنی وێنەگەلێکی نەمرانە وێنەیەکی جیهانبینی خۆی بە ژیانێکی پڕ مەینەت و دژوار کە چواندوویەتی بە ژیانی (بابا تاهیر)، کەشاوە. ئەنگە هەستێکی فەلسەفی بە شیعرەکەی بەخشیبێت، بەڵام نەک لەوە زیاتر وەک ئاوەزی هەستێکی زانستیی سروشتی و تاقیکاری بەسەر شیعرەکەدا بار بکات. لەم شیعرەدا هەموو شت لە خزمەتی هەستی ڕوحی و واتا و جوانی و وێنەی داهێنانەیە. ئەم وێنانە لە ئاگای دالی ئاساییەوە ئەفرێندراون. بەڵام وەک (ئەدیب نادر) دەڵێت: شاعیر، وەک پیتێنەر تەماشای شیعر دەکات و بە مانای نادژباو دەیانپیتێنێت و بە مەدلوولی دیکە دەیەوە فرچکیان ببەخشێت. (١٦٧،١٦)

شاعیر بایەخێکی زۆری داوە بە کرێک ئەمەش لە ئاگای سروشتی دالەکانەوە، هەروەها بایەخێکی ئاوتەی بە جوانیناسی و ئیتمی دەرکی نەداوە. جوانی و ئیتم لەناو واتادا شێپڵ دەدەن. لایەنێکی تری بایەخپێدانی شاعیر، هاوتەی پاراستنی یەکێتیی دەقە. ئەو یەکێتییەش لە ئاگای بنیادی دەقەوە دەستەبەر کردووە. بەجوانی بنیادی دەقەکەی ناسیوە و کاری تێدا کردووە. ئاگەرچی هەموو بەشە بچووکەکانی دەقەکە بنیادی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام لە ناو بنیادی گشتیی دەقەکەدا کەی کردوونەتەوە و سیستەمی گشتیی دەقی پێکهێناوە. لەبەر ئاوەزی شاعیر خاوەنی شەوازێکی دەنگیی شیعری تایبەت بەخۆیەتی، دەتوانین لە سەنگەی زمانەوە هەمان سیما لەم دەقەشدا ببینین، کە (محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم) لە خوێندنەوەی دەقی: (مەرگی ئاوێنە)دا خستوویەتییەووو:

ئاڵەزی زمانی دەقەکە فەرمێکی تێکشکاوی بە شیعرەکە بەخشیوە بەجۆرێک بینینی تێپەگرافیای نووسینەکە کەمەڵێک ئاماژە و ئیحا لەلای خوێنەر دروست دەکەن. لە لایەکی دیکەوە دەقەکە ئەفسوونێکی تێدایە، کە خوێنەر بۆرەو واتایەک دەبات کە بەووکەش واتایەکی نزیکە و هەموو بارێکی بە ئاخساوە، بەڵام ئاستییەکەی ئەو واتایە مەبەست نییە و هەر لە سیاقەکەدا ئاماژەی تر هەن کە واتای قووڵتر و شاراوەتر دەخەنەووو. (٤، ١٩٥)

شاعیر لەهاتووانە کاری لەسەر هەردوو بابەتی ئاستی ئاسایی

(هاونیشینی) و ستوونی (جێنیشینی) کردووە. جگە لە تایبەتی کاری شاعیر وای کردووە خودان شێوازی تایبەت بخۆی بێت. (یاکۆبسن وێژەی بەکارهێنانی هێردوو ئاستە بە پێوەرێکی سەرەکیی دەستنیشانکردنی شێواز دەزانێ) (١٨،١٥٧)
لەو سەنگەیەی شاعیر توانای بە ئەزموونکاری لە هێردوو ئاستەکە بە وێژەیەکی تایبەت بخۆی خستووەتەگەڕ لەپێناو گەیشتن بە شێوازی خۆی. ئەگەرچی ئاستی ئاسایی پشتگوێ نەخستووە، بەڵام پتر سەرنجی خۆی لەسەر ئاستە ستوونییەکە چە کردووەتەوە، چونکە بەدوای گونجاندنی خەیاڵ و سەزەویە و هێوای داهێنانی هەمای نوێ دەدا. لەم شیعرەدا وێنە و خواز و هەما زمانەکی نائاسایی بە دەقەکەی داوە. چەند وێنەیەک هەن هەما بەدەستەوە نادەن، وەکو (کرم) لەم دێرەدا:

دەزانێت پاش چەند هەڵز کرم لە جەستەمان پەیدا دەبێ (١٩،٢١٣)

بەڵام زەربەی هەرە زەری دالەکان لەبەواوانێ وەکو هەما هەژمار دەکرێن، بە نموونە (هوما). ئەم هەمایانە بەشەکیان لە بەرهەمەکانی پێشتری، یان شیعرە بەرایییەکانی وەک وێنە دەرکەوتوون، بەڵام لە بەرهەمەکانی دواتری وەکو ئەم شیعرە بوونەتە هەما. هەر وێنەیەک دەشێ یەک جار لە شێوەی خوازەدا بە زەین بگات. بەڵام ئەگەر هەم لە ڕووی دەرکی و هەم لە ڕووی بەهای پێوەری هەمیشە دووپات بووبێوە، ئەوا دەگەڕێت بە هەما و دەشێ ببێت بە بەشەک لە سیستەمی هەمایی، (ئەفسانەیی) (١١،٢١١)
لەسەرەکی ترەوە جەرەکی تر هەماگەری هەیە (سروشتی)ی گشتییە، کە دەزینەوەی ژەدەرەکەی دژوارە، بە نموونە (سەمەرە). بەڵام وەک (ئەدیب نادر) دەڵێت: ئەزموونکی شاعیر کارکردنە لە زمان، زمان وەکو جەستەیەکی خاڵی، بەیە شکڵەک بەرهەم دەهێنێت و هەر دەشبێت وەکو شکڵەک سەودای لەگەڵ بکرێت و پەیجەری هیچی لێنەکرێت، جگە لە ناوەکردن و سەرسامکردنی خوێنەر بە شکڵی دووبارە دەبێتەوە. (١٦،١٧١)
لە هەرکوە باس لە هەماگەریی شاعیرانە کرابێت، ڕەنگە جیاکارییەک لە نێوان هەماگەریی تایبەتی شاعیری هاوچەرخ و هەماگەریی شاعیرانی ڕابردوو لە لایەن خەڵکانکەوە شیاوی تێگەیشتن، دانرابێت.
شاعیر هەما بەکاردەهێنێت بە ئەوەی شان لەشانی بیرە پێتییەکان بدات، بیرە پێتییەکان ئەو بیرانەن، یان ئەو حەز و ئاواتانەن کە ئاشکرا نابن و بە بەرجەستەیی ناکەونە بەرچاوان. بە لێناونەچوونی ئەو پیرەزییە لە تەجریدبوونی بیرەکاندا هەیە بەجەرەک، کە ئەگەر

بەرجەستە ببن ئیتر پیرەزی و چۆژی ئەدەبیان نامێنێت و زەربەی جاریش لە ئاستی دەلالەتی هەستدا لە جیاسی پەراگماتیکە واتاکەی دەردەکهوێ.
(٤، ١٢٨ و ١٢٩)

دەستواژەی هەماگەریی تایبەت، لەسەرەتادا تاقادەیەک سەرزەنیشت ئامێز بووە، بەڵام سەز و تێواننیمان بە هەماگەری شاعیرانە بەردەوام بەچەی هووبووی دەدەنگیی بووەتەوە. هەماگەریی تایبەت دەلالەت لە سیستەم دەکات و توخمەری وردەکار دەتوانێت هەماگەری تایبەت وەک خوێندنەوەی هەما کە پەیامێکی نامە دەدەزێتەوە ئاڤە بکات (١١، ٢١٢)
لەو سەنگەوە شاعیر هەوڵی ئەفراندنی هەمای نوێ دەدات و ئەمەش لەڕێی زمانی شیعری دەکەوێتەوە.
لەم شیعرەدا کاریگەری ئایدەلەژیای شاعیر دەردەکەوێ، ئایدەلەژیا بەواتای (کەمەڵە بیروباوەڕ و بەهاگەلێکی کەسێک، کۆمەڵگە، یان هێبازێک؛ بە نموونە قوتابخانەی مارکسیست) نا، بەڵکو زیاتر مەبەست لە جیهانبینیی شاعیرە. ((ئەم کاریگەرییە لە دووتوێی وشەکاندا بەهەی تاوتوێ کردنی پەیوەندی دڤ لەگەڵ چینیی دەرکییەوە دەناسرێتەوە. هەماکان تایبەتمەندی زمانی نیشانداریی وشەکان لەو توخمانەن کە دڤ دەبەستنەوە بە بن دڤی کەمەڵایەتی و کلتووریی‌یەوە، پەیوەندیی واتاداری وشەکان بە ئایدەلەژیا و هەڵوێستوەرگرتنەوە بە تاوتوێکردنی فرهپاتبوونەوەی هەما کەمەڵایەتی، کلتووری و ئامیاری و بنیادە کەمەڵایەتییەکانی تر پیشان بدرێت. هەروەها ئەو تایبەتمەندانەی کە نووسەر بە کەسەکان و دامەزراوەکان بەکاری دەنێت و فرەپاتبوونەوەی وشە نیشاندارەکان لە پەیقی ئەودا نیشاندەری بەستنەوەی دڤ بە ئایدەلەژیاوە.)) (٢٠، ٢٦٠)
شاعیر لە دانانی ناونیشانی شیعرەکەیشیدا بیری لە دانان و ئاخنینی کەمەڵە واتا و مەغزا کردووەتەوە.
لە بواری نیشانەناسی ناونیشاندا، زەر پەیوەندیی شاراوە لە بنیادی واتایی دڤەکەدا هەیە. ناونیشانی دڤ هەمیشە ئاماژەیەکی قووڵخوێدگرێت و ئایدەلەژیا واتاییەکانی دڤ ڕەک دەخات. ناونیشانی شیعر وەک سەری جەستەیەک وایە کە پەکەوە گونجانی گشتیی دڤەکە ڕەکدەخات و هەندێک لە لوغزەکان دەکاتەوە. (٤، ٧٧)

٢- کرۆکی دڤەکە

شاعیر هەر لەسەرەتای شیعرەکەوە لەڕێگای دەلالەتی (ملدرێژکردن ١- بە خوارەوە: سەرشێوی ٢- بە سەرەوە: سەربەرزی) ئاماژە بە بوون و

نەبوونی (شکڵی نەفس) دەکات. بە گەیشتن بەم شکڵە، دەبێت بەسەر جادووی جادووبازاندا زاڵ بیت، ئەوانەی دەورووبەر لە خودی خۆیان نامۆ دەکەن و وایان لێدەکەن گومانیان بن و وەکو باشندەیەکی کۆیبووە نانی سەردەست بخۆن (بەرەنگاربوونەوەی هەرزی هەڵخەڵەتێنەر). بە زاڵبوون بەسەر جادووبازانیش دەبێت خەر بناسین، ئەو هەزەی بە هەموان یەکسانە (گەیشتن بە ناشنایی ئاستەقینە). ناشنایی ئاستەقینە لە شوێنی خودا لە ناخدا جیلوە دەکات (بەدەنگهەنانی خودا)، ئەمەش بەدەستهێنانەوەی نەفسی لە دەستداوە. کە نەفس بەدەستهێنراوە ئامادە دەبێ بە هەموو جۆرە ئەزموونێک. لەو ئەزموونانەوە بەرەو حاڵیبوون لەوی تر و دنیابوون لەدێ. بەو دنیاییەوە گوزارشت لە هەستانیاتی خەی دەکات، کە چۆن بە مەترسیەکانی لەدەستدانی خود تێپەڕیوە لە میانی ئەو تێپەڕینە سەرسوڕمانی خەی دەردەبڕێت لە ئاکارە دزێوەکان. لەبەر ئەوەی شارەزایی هەگایە دەتوانێ هەزی ملکەچی بسڕێتەوە و هاوسەنگیەک لەنێوان (دێ) و (گیان) دروست بکات.
شاعیر هەر یەک لەم ئەزموونانە لە کتێبکەوە فەر بووە کە لە کتێبخانەی تایبەتی باباتاهیردایە، دەلالەت لەوە دەکات وەکو باباتاهیر خەریکی ئەزموونکی (ڕوحی) و (زەینی)یە کە ژیانکی سەفیانەیە و ئەم ژیانەش بریتییە لە تێپەڕبوون بەناو کەمەڵە قەناغی سەخت و دژواردا کە شکڵی نەفسی دەوڵەت تاکو بە سەرفرازی لەی دەرباز بیت. لەکچواندنی ژیانی شاعیر بە ژیانی باباتاهیر لە وشەی (تایبەتی)ی ناونیشانی شیعرەکەوە هەڵماگرزیوە، چونکە ناونیشانی شیعرەکە بەبێ (تایبەتی) دەرگای لەسەر ئەزموونی شیعری بابا تاهیری دەکردەوە نەک ژیانی. کەتایی شیعرەکەیشی وەکو قوفڵەک دەبەستێتەوە بە ناونیشانی دەقەکەوە کە ئاوەڵدبوونە لە زەوی و بەردەوامی دان و دووبارەی بوونەوەی هەمان ئەهوەوداوانەیە.

٣- نیشانەکانی گیانلەبەران

ئەم شیعرە کە خودان بنیادەکی گشتییە. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کەمەڵە بنیادی بچووک لەخۆیدا دەگرێ و ئەم بنیادانەش وەنەی شیعرین. بەشێک لە وەنە شیعرییەکان لە هەگای ئەو نیشانە و میتافۆرانە دروست کراون کە وەنەی دیتراوی گیانلەبەران. لەم شیعرەدا ئاماژە بە هەژدە گیانلەبەر کراوە. سیانیان ناوی گشتین وەکو (مەل: ١ جار، باڵندە: ٦ جار و گیانلەبەر: ١ جار) کە (مەل و باڵندە) هاوواتان و شەشیان ناوی تایبەتی باڵندەن (کەوباب:١ جار، تووتی:٣ جار، حاجی لەقلەق: ١ جار، قومری: ١ جار، پەپوولە: ١ جار

و هوما: ٢ جار). پێووڵ لە جۆری مەرووی باڵدار و هوماش باڵندەیەکی ئەفسانەییە. نەشیان لە ئاژەڵ و گیانلەبەرانی ترن کە بریتین لە (گامێش: ١ جار، ورچ: یەک جار، کیسەڵ: ١ جار، ئەسپ: ٤ جار، گورگ: ١ جار، بەراز: ١ جار، سمۆرە: ١ جار و گوێچکەماسی: ١ جار). ئەو جگە لە وشکانی (مرۆڤ، خودا و فریشتە) کە لە شیعرەکەدا هاتوون و ئەمە لەیان نەدواوین.
بەشیکی زۆریان وەک هەما دەردەکەون و چەند دانەیەکیشیان وەک خواز و وەنە دەردەکەون. ئاسایی وەنە بە واتای ئەو شتەیە کە هەیە؛ خواز واتایەکە بە شتێک لە بری ئەو شتەی کە هەیە و هەما (کە جۆرێکی نیشانەیە) واتای ئەو شتەیە کە هەیە و وێنەی واتایەک بە شتێکی تر. (٢١، ٥٤)
ئەو نیشانە و وەنانەی لە ڕەگەزی ئاماژە بە گیانلەبەرانەوە ئەفرێندراون، شان بەشانی وەنەکانی تر بەشداری لە بنیادی دەق دەکەن هەموو تەکەا واتای ناواخنیی دەق بەدەستەوە دەدەن.

١- گامێش و کەڵەباب:

گامێش بە گیای ناو زەلکاو ملی درێژ دەکات
کەڵەبابیش لە کاتی بانگدان (١٩، ٢١١)

نەرێر: ئاخوەڵ (دەنگی شعیر)
وەرگر: بەردەنگ (خوەنەر)
پەیام: شکڵی نەفس
کەد: زەلکاو، کاتی بانگدان
ڕەگەزی زمان: سەزداری، شاعیر گوزارشت لە باوەڕی خۆی دەکات.
گامێش و کەڵەباب لەڕەگەزی جووڵەیکیانەوە کە (ملدرێژکردن)ە، کراون بە هەما. ملدرێژکردن لەخودی خۆیدا وشەیکی بە نیشانە، بەڵام لە سیاقی ڕستەکەدا نیشانە وەردەگرن کە بە یەکەمیان لە سەرەوە بە خوارەوەیە واتە (سەرشۆڕکردن). بە دووەمیان لە خوارەوە بە سەرەوەیە واتە (سەربەرزکردن). یەکەمیان پەیوەستە بە شوێنەوە (زەلکاو) کە دەلالەت لە ژیانێکی گەندو و ورگپڕۆری دەکات و دەمیان پەیوەستە بە کاتەوە (بانگدان) کە دەلالەت لە ژیانێکی مەعنەوی و ڕوحپڕۆری دەکات. لەم دوو دەرەدا کە بە جۆرێک بەراوردی نێوان دوو جووڵەی یەک ئەندامی لەشە، تێکرا هەڵگری دوو دەلالەتە لە هەمان کاتدا. یەکەمیان ئەم دوو گیانلەبەرە وێنەی دوالیزمی (خراپە و چاکە)ی نەفسە لە ناخی هەمان تاک (مرۆڤ)دا، کە لە ململانێدان بە بەرزەفت کردنی مرۆڤەکە. دووەم ئەوەیە هەر یەک لەم گیانلەبەرە دەلالەت لە مرۆڤێک دەکەن، یەک (خراپ: نەفسپڕۆر)

و (باش: ەوچەروەر).
گامەش بووەتە هەمای گەلحەبوون و دەستەمۆیی و ملدان بە ژیانێکی نزم و ژێردەستی لەناو زەلکاوداە، کەبابیش هەمایە بە نەفس بەرزی و ژیانێکی ەوحانی لە شوێنکی بەرز (بانگدانی کەباب لە شوێنی بەرزدا). ئەبەتە کەباب لە نەریتی فەرهەنگی ناوچەکەدا هەمیشە خودان نیشانەی پیرۆزیتی بووە. لای یارسان پەلەوەرکی پیرۆزە. لە میتەلۆژیای ئیسلامیدا هاتووە، کە کەبابکی پەنامکی هەیە قاچی لە ناخی زهویدایە و سەری لە ژێر عەرشی خودا. کەواتە کەباب ئاماژەیە بە بەرزبوونەوە لە ڕگای ئەزموونکی ەوحی وکو بەرزاگرتنی نەفس (بە واتای شکەی نەفس) و بەرزهەکشان بە پلە باڵاکانی یەزدانی.
کەواتە پەیامکە ئەویە، شکەی نەفس دەتوانێت لە بەندی شۆن (زەلکاو) ڕزگارت بکات و بتبەستێتەوە کات – ی (بە کەتا) (کاتی بانگدان).
سروشتی پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول، پەیوەندییەکی دەخوازانە و ەکەکوتنەکییە، بەیە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول نائەنگۆزەیین. ئەگەر ورد بینەوە ئەوەمان بۆ ەوون دەبێتەوە وشکانی (گامەش و کەباب) خودان مەتیقکی شاراوەن و لە هەمانکاتدا، بەام هەست پەکراو بەبەنەی ئەو هەما نەریتییانەوە کە لە پشتەوەی وشکانن.

۲- تووتی:

تووتی بە چاووەوو دەم دەکاتەوە (۱۹، ۲۱۱)
.....
پوولی لە بن باڵی دەدەن
گوەایەکە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات
بە کام لا هەیدەن
سەر لە ەیە و ەووگەنمای دادەخات (۱۹، ۲۱۲)

نەڕەر: ئاخەوەر (دەنگی شیعر)
وەرگر: بەردەنگ (خوەنەر)
پەیام: لەدەستدانی خود و توانەوە لەناو لاسایکردنەوە.
کەد: ((بە چاووەوو))، ((نهخشی ناوچەوانی بەردی بە دروست نابە))، ((پوولی پەستەی لە بن باڵی دەدەن))، ((گوەایەکە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات))، ((سەری لە ەیە و ەووگەنمای دادەخات)).
ەەی زمان: تەرغیبییە.
تووتی بەهەی ئاستی ژیری لە فەربوونی هەندە وشە و ەستەی زمانی

مرۆڤ بەجۆرێک بووەتە هەمای زیرەکی کە ئاماژەیەکی ئەرێنییانەیە، تا ئاستێک بووەتە هەمایەکی کلتووری. بەڵام خەیاڵی داهێنەرانەی شاعیر هەمایەکی تایبەتی ئەفراندووە کە لە وردبوونەوە لە ئالیەتی ئاو هێزە دەرکییەی ئەم ژیرییە وەگەڕ دەخات، ئاوێش (لاسایی کردنەوە)یە. کەواتە دەلالەت لە (خەبزرکردن) دەکات کە ئاماژەیەکی نەرێنیانەی هەیە. ئەمەش دەلالەت لەو بەشە بزر بووەی نەفس دەکات، کە چیدی خەی نییە و تەنیا ئاو شتانە دەردەبڕێت کە فڕێکراوە. ئاوانی تر (خاوەنکانیان) چی پێ بڵێن ئەرکی ئەمیش تەنیا وتنەوەیە. لە وێنە گشتییەکەدا تووتی هەمایە بە ئاو مرۆڤانەی بووەتە دەستگەمەی هێزی دەرەکی. پێوەندی نێوان دال و مەدلوول پێوەندییەکی دەخوازانییە کە شاعیر دایهێناوە.

تووتی کە حەزی لە خواردنی پەپوولەی وشکبووەوەیە
چاوی لە هەنگاوەکانە ئاخ ڕەگا دەکەین یان نا(١٩، ٢١٥)

پەیام: فریونەخواردنی هێز دەرکییەکان و زاڵبوون بەدەریاندا ((خەی دەخواتەوە و دەروونی قوڵپ دەدات))، ((پەڕەی لە کلکی دەردەکێشە و هەڵکەی دەشکێنێت))

کەد: تووتی هێزەکی ئاراستهکراو و داردەستەی جادووبازان
ڕەگەزی زمان: ئیرجاعی (گەڕانەوەیی)، ((تەی ناوانین و فڕامۆشی دەکەین))

٣- کیسە:

دەمە بەڕەی جادووبازان لە قاوغی کیسەڵەکدا دەمێننەوە (١٩، ٢١٢)

نەڕەر: ئاخەوەر (دەنگی شیعری)
وەرگر: بەردەنگ (خوێنەر)
پەیام: پووچەڵکردنەوەی جادووی جادووبازان (هێزی دەرەکی)
ڕەگەزی زمان: سەروەزمانی
کیسە لە نەریتدا هەمای خاووخلسکییە، لەسەرخۆیی و تەمبەڵییە و ئاماژەی نەرێنی دەگرێتە خەی. بەڵام لە فەرهەنگی ڕەژهەڵاتی دووردا وەک لە فیلمی ئەنیمەیشنی (کەنگفە پاندا)دا دەردەکەوێ، کیسە هەمای ئارامییەکی قووڵی دەروونییە. لەم شیعرەدا کیسە بەهەمان شێوە هەمای ئارامی و خۆاگرییەکی قووڵە کە دەتوانی جاوودی جادووبازانی پێ پووچەڵ بکەیتەوە. دەلالەت لە بەشکی بەرزی خۆاگری نەفس دەکات، کە دەتوانێت (هێز)ی جادووگەران قووت بدات و کپی بکاتەوە. شاعیر دەیەوێ بڵێ نەفسی بەرز ئادەستی هێزی جادووگەران

نابەت.

٤- مەلی خۆشخوێنەر:

لە ئاوەنەی نووسیندا دەستەک دەبینین
جگوەکە بە دەنگ و بەدەنگی دەکات
لەم جگەکەکردنەدا
هەموو ئاوازەک دەچێتەوە ناو دەنووکی درەوشاوەی مەلی خۆشخوێنەر
(١٩، ٢١٢)

نەرەر: ئاخۆوەر (دەنگی شیعری)
وەرگر: بەردەنگ (ئەمە: مرۆڤ)
پەیام: چاوکراوەیی
کۆد: ((لە ئاوەنەی نووسیندا دەستەک دەبینین))
کەناڵی زمان: ئەدەبی
مەلی خۆشخوێنەر (پەپووسەلەمانە) هەمای متمانەبەخشبوون و بەختەوەرییە، بەهەی ئاوەی شاعیر وشەی نیشانداری (خۆشخوێنەر)ی داوە پاڵ و لە چیرۆکی سلەمانی پەغەمبەر وەرگیراوە کە هەمای هەنانی هەواڵی خۆش، ئەمەش پێچەوانەی مەلی شووم کە لە فەرهەنگی نەریتیدا (بایەقوش)ە و خوێندنی بەسەر هەر ناوچەیەکی ئاوەدانیدا هەوە و پەیامی وەرانبوونە. مەلی خۆشخوێنەر هەمای ئەو بەشەی نەفسە کە چاوکراوەیی و متمانە بەخۆبوون دروست دەکات و هەمیشە ئومێدبەخشە و هەواڵی خۆش دەگەیەنێت.

فەرمووم لە باڵندەی ئاوی کرد
بە وشکایی کە ڕەگی بەهات و بیرەوەری تۆ و پاراوە
فەرمووی باڵندەی وشکاویشم کرد
بە قەراغ گەلاوی سەربەشەختە (١٩، ٢١٣)

باڵندەی ئاوی و باڵندەی وشکایی هەمان نیشانەن کە دەلالەت لە دوالیزمی نەفس دەکەن. پەیامەکە ئاوەیە کە شاعیر مەشقی بە نەفسی خۆی کردووە بە ڕاهاتن لەگەڵ دەخە سەختەکان.
باڵندەی وشکاوی ڕەمزی
ڕەمزێکە ڕەمزە __ وشکاویی

٥- ئەسپ:

ئای خەوەتی دە
...

پووشی قەراغی ڕەگا خەواڵوون
ئەسپ بە ماتی بە تەکیاندا دەواتە
.....
تەمەنی جوانوویی لەناو دەکی دەم تیژ و
نزیک گورگ گوزەراندووە (١٩، ٢١٤)

نەرەر: ئاخاوەر (دەنگی شیعری)
وەرگر: دە (نەفسی خودی شاعیر)
پەیام: تەپڕاندنی قەناغی مەترسی و دژواری ژیان
کەد: دەکی دەم تیژ، گورگ
ڕەهەنی زمان: سەزداری (دوان لە خود)
ئەسپ بە درێژایی مێژوو هەمای ڕەسەنایەتی بووە و هاوبەرکی زۆری لە پانتایی هونەرکاندا داگیرکردووە. دەلالەت لە نەجیبی و سەرکەشی دەکات و گورگ هەمای دەندەییە. شاعیر گوزارشت لە قەناغێکی ئەزموونی (ڕوحی) و (زەینی) دەکات، کە توانیویەتی ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت نەفسی خۆی بپارێزێت لەو هەڕەشانەی هەزی دەرەکی ئاراستەیان کردووە.

ئەسپی ڕاویشم بە ملوانکەی کیژی کافرەش بەستایەوە (١٩، ٢١٥)

پەیام: گەیشتن بە ئەوین
ڕەهەنی زمان: (ئیرجاعی) گەڕانەوەیی

٦- حاجی لەقلەق:

بەس نەبوو
حاجی لەقلەق دوا شەهیدی هەولێر بوو (١٩، ٢١٤)

نەرەر: ئاخاوەر (دەنگی شیعری)
وەرگر: بەردەنگ (نوێنەرانی هەزی دەرەکیی خراپەکار)
پەیام: سەرسوومان(!)
کەد: شەهیدبوونی حاجی لەقلەقی هەولێر
ڕەهەنی زمان: سەزداری (بەس نەبوو!)
حاجی لەقلەق لەردا وەک نوێنەری گشتی باڵندە لە شاردا دەردەکەوێت، باڵندەیەکی وەکو حاجی لەقلەق لە شاردا کە هێلانەی هەیە و خەریکی ژیانە، ئەمەش ئاماژەیە بە ئارامی و سەقامگیری شار، کە جەنگ ئەو ئارامییەی شێواند، باڵندەکان، یان شەهید دەبن، یان ڕەو دەکەن. کەواتە لێرە دەلالەتە لە ئارامی، هەر چەن کەتر هەمای ئاشتییە و هەمایەکی جیهانییە و لای هەموو گەلانی جیهان هەمان

دڵاڵەتی هەیە و حاجی لەقڵەقیش هەمایەکی لەکاتیی شاری هەولێر بوو، بەڵام دواتر وەک قوربانی جەنگی براکوژی بووتە هەمای هونەری. هەر ئەمە وای کردووە نووسەر (حەکیم مەلا ساڵح) لە ڕاقەی شیعرەکەدا بەناوی (شەوازی زمان و ئاستهی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا) بەو ئاراستهیدا بڕوات کە کرکی شیعرەکە ببەستێتەوە بە جەنگی براکوژی. نووسەر دەڵێت: ((چەمک و تەمای سەرکی قەسیدەکە کەشەی شەڕی ناوخۆیە…)). (٢٢)
هەندە شوێنی ئەم دەقە بڕواووی جەمسەرکی ترمان دەکاتەوە. هەر وەکو میشێل ئیتان لە ((سیمیۆلۆژیای خوێندنەوە))دا باسی لەوە دەکات، دوو جەمسەر لە دەقدا دیاری دەکات:
شوێنکانی یەقین
شوێنکانی گومان
ئەم دەرە شیعرە لە شوێنە گومانکانی دەق. شوێنکانی گومانی دەق، پێنتە تاریکەکانە، تەمومژکانە، هەما نادیارەکانە، ئاماژییەکانە. لوغزە هەڵەهێنراوەکانە و ئەو جێگایانەشە کە ناتوانین لەناو دەقدا پێکیانەوە ببەستین و پێیواندییان لە نەواندا دروست بکەین. ئەمانە ئاستەم دەردەکەون وا لە خوێنەر دەکات ناچاری ئەوە دەبەت کە پێشنیازی هەندە گریمانە بکات بە لێکدانەوەی ناواخنی جێراوجێری دەقەکە و هەندە جاریش دەرخستنی چەند ڕاقەیەکی جیاواز بە تێگەیشتن (١٧٢،١٦ و 173)

بەیە (حەکیم مەلا ساڵح) یان هەر نووسەرکی تر ئاساییە لە لێکدانەوەدا بە ئاراستهیەکی دیکەدا ببەن.
دەستێك كە نازانن بنەماكانی ژیان چین، دەكەونە پەسنی نووسەرو بە ناو ژیانەكەشی.ئەگەرچی ئەمە بەشێكی كورت بوو لە سەرنجەكانی ئێمە لە بارەی ئەو ژیانەوە، كەچی سەیر لەوە دایە نووسەر بە شانازیی و خۆگەورەیەوە لەلاپەڕە(170)ی كتێبەكەی دەنووسێت:(لەو ژیانەدا باسی مژووی مرۆڤایەتی دەكەم).سەیرە نووسەرێك لە بە ناو ژیانكی سەدوو هەفتا لاپەڕەییدا، لافی ئەوە لێ بدات كە مژووی مرۆڤایەتی باس كردووە، كە بە دەیان نووسەرو بەسەدان بەرگ لە كتێبیش باس ناكرێت؟!دوا جار وەك خوێنەرێك هیوادارم نووسەری ژیانەكە، سەرقاڵی دنیای تایبەتی خۆی بێت كە سیاسەتە، چونكە ژیان و سیاسەت دوودنیای لێك جیاوازن،ئاخۆ هیچ سیاسییەكی دنیا هێندەی ماركیز ناو ناوبانگی هەیە؟!.

پەراوێز:_

*تاجە گوڵینە تاجی دێك، ژیان، نووسینی:سەردار عەبدوڵا، ساڵی چاپ 2020، بڵاوكراوەی دەزگای جەمال عیرفان.

*ئەم بابەتە لە ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ ژمارە(1137)ی ژێژی 22/7/2020بڵاوكراوەتەوە…

ئایا مستەفا كازمی جێگای ئومێدە؟ … زاهیر باهیر

هەڵسەنگاندنی ئێستای كۆمەڵایەتی كازمیی و هەڵپەڕ و قسە و وتار و كردەوەكانی بە ژیچاوكردنی هاتنی هەڵبژاردنێی نوێ و پاشخانی كۆمەڵایەتیی و سیاسیی و پێگەی ئەو لە حكومەت و ئاستانی لە بارودۆخێكەوە كە لە هەڤتدا یەكجار ئاژاوە و زەحمەتە، كارێكە كە یەكلایەنانە حوكم بەسەر ئەودا ددین .
حوكمكردنی عێراق لە سەردەمێكی ئاوادا كە كۆمەڵی عێراقی و ئیدارەكەیی و بوونی حیزب و ڕێكخراوێكی زۆر و دەستەوەردانی لە لایەن ئێران وئەمریكا و هێزمووندی وڵاتانی دیكەش لە سەری، هەر ئاوا كارێكی ئاسان نیە . لە كاتێكدا كازمی نە پێگەیەكی كۆمەڵایەتی، نە تائیفی، نە دینیی بەهێز، نە حیزبیی ئاوای نییە و

هاوکاتیش خاوەنی هیزێکی چەکداریی گەورەش نییە. نەبوونی ئەمانەش ئەوەندەی دیکە ئەرك و گرفتنی پێامەکانی کازمی یا بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کازمی سەختتر دەکات.

گەر تەنها کارایی حکومەتی ئاخوندەکانی ئێران و دەستتێوەردانیان لەسەر عێراق بوایە، بۆ کازمی ئاسان بوو کە جارێك لە هەڵبژاردنێکی وتن لە سەر بناخەی پرۆتێکتۆری نێوانی دوو وڵاتی دراوسێ، دوو دەوڵەتی جیاواز یا خود هاوشێوە و هاوبەرژەوەند، جارێك لە هەڵبژاردنێکی وتن زامن بکات. بەڵام گرفتەکە زۆر لەمە گەورەترە. هەژموونی ئێران و داخوازییەکانی ئێران لەسەر حکومەتی عیراق لە ماوەی هاوستەوخێ و پێوەندی نێوانی سەرانی دوو حکومەتێوە یاخود دوو حیزبەوە نییە بەڵکو لە لایەن کۆمەڵێك حیزبەوەیە کە هەر یەکەیان بە جیا لێویتریان داخوازی و مەرجی خۆی لەسەر حکومەت هەیە.

ئا لەم بارەدا کازمی ناتوانێت لەتەك صەدریەکان، مالیکییەکان، خزعلییەکان، عامرییەکان، کۆتائیبی حیزبوڵا و ... تد هەر هەموویان بگاتە سەرئەنجامەك. هەکاری ئەمەش ئاشکرایە چونکە ئەو لایەنانەش نە لەناو خەیانا هەڵکن و نە بەرژەوەندی میللەتیشیان دەوێت .

کەواتە پرسەکە پرسی هەڵبژاردنی کەسکان نییە و سەرئەنجامیشش بە گوێرەی نەتباشی و چالاکیی و پێام و ویستەکانی ئەو کەسە نایەتەدی. هەنگاوە کازمی لە زەر هووەوە لە مالیکی و حەیدەری و عەبدولمەهدی باشتر بیت، بەڵام ئەم باشییەی ئەم تەنها دەچێتە قاڵبی حوکمڕانێکی خراپ کە چەند جیاوازییەکی لەتەك حوکمڕانێکی خراپتر، هەیە و دەبێت. گەر بە هەونتر قسە بکەم خەڵکی عێراق بە کوردیشەوە لە نێوانی دوو هەڵبژاردەدان کە ئەویش خراپ یا خراپتر.

لەو کاتەوەی کە عێراق وەکو دەوڵەت دامەزراوە، باوەڕ ناکەم هەرگیز بە بارودۆخێکی ئاوا ئاماژ و شیواو و " بە خاوەن" دا، تێپەڕیبێت. عێراقی سەردەمی صەدام حوسێین خراپ بوو، لە هەندێك ڕووەوە زۆریش خراپ بوو ، بەڵام بەم هادیەی ئێستا نەبوو کە هەموو لایەك و هەموو دەوڵەتێك و هەموو دەسگەیەکی سیخوڕی ئا بەو ئازادییە تێراتێنی خەیانی تیادابکەن. لە سەردەمی صەدام-دا هەزێکی چەکدار جگە لە هەزی کوردی کە ئەویش بەو لاوازییە، لە ئارادا نەبوو، ئیدارەیەکی دیکتاتۆر ، سەرکوتکەر، بەڵام پارێزەری خاك و " نیشتمان" بوو، ئاسایشی ناسیاسی هەبوو ، موچە و کار و یاخود بژێوی، ئاو کارەبا و غاز، تا هادیەك هەبوو ، عیزەتی نەفس و دانەماننی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵ و خودی کۆمەڵ، هەبوو ، پێوەندی کۆمەڵایەتیی، شتەك لە ویژدان مابوو... گەلەك شت مابوون ، ئەوەی کە نەبوو مافی سیاسیی و ئازادیی و نەبوونی دەربەینی ڕا و بۆچون و دروستکردنی

کێکخراو و پارتی دژ بە بەعس و هەندێکی دیکە بوون ، کە نەبوون. لە ئێستادا ئەوانەی کە لە سەردەمی صەدام حوسێین، هەبوون، هیچیان نەماون، بەکو سەربارکی گۆڕەشی هاتۆتە سەر کە ئەوەندەی دیکە عێراقی خراپ کردووە. وەک دەبینین پرسیارکەی سەرەوەم : ئایا کازمی وەک ئەی باشی و نەتبەباشی خۆی، دەتوانێت بەشکەی زەر لەو کەموکوڕیانەش بنەبڕ بکات، چەند ڕیفەرمکی سەرکی بکات؟ بەڵی من زەر زەحمەتە. پرسیارکی تر: ئایا دەبێت دەنگی بە بدەین؟ من وەکو خەم باوەڕم بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی بناخەیی لەسەر دەستی کەسانی کارەزما و حیزبەکان و کوردەتای سەربازیی و کودەتای حیزبی و سیستەمی هەبەژاردن نییە. هاوکاتیش ناتوانم ئامۆژگاری دانیشتوانی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە بە دەنگدان یا نەدانی دەنگ بکەم. بەڵام ڕاستییەك هەیە کە گەلی عێراق ئەزموونکی دوورو درێژی حیزبایەتی و حوکمڕانی هەیە، هەر ئاواش ئەزموونی هاتنی کەسان و لایەنی جیاواز لە ساڵی 2005 وە. ئەمانەش تا ڕادەیەك ئەوەی سەلماندووە کە گۆڕانکارییەکان لە ڕەگای دەستا و دەستکردنی دەسەاتەوە نایەنە دی. ڕەنگە باشترین ڕێگا بۆیان بەوا کردنە سەر خۆیان و سەندنەوەی هەموو متمانەیەك لە سیاسییەکان و حیزبەکان دەسەاتخوازان و وەاتانی دەرودراوسێ و ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە. گەر بکرێت خۆیان هەوەی خۆڕەکخستنی خۆیان بدەن و هەموو کاروبارکانی خۆیان دەستجەمعیانە، بە هاوەا و هاریکاری یەکدی بڕیوبەرن. ئەمە تاکە بژاردەیە و تاکە حەلە.

زاهیر باهیر
13/08/2020
Zaherbaher.com

مانچستەر … ئەدیب نادر

لە حیکایەتکی هەزارو یەك شەوە دەمە دەرە و تاڕادەیەك سپیەکانم هەدەوەرن
دەنگەك جاجاکەیەکی جادوویە، تۆنی دنیاکانی شیعر ڕایە دەکات دنیاکانیش بەشومارن
ڕۆژکان فەرووی خۆڕەشیان پێشیوە

گیانی گەندەوویی دنیا شۆنماویێ
پێیەکان وەکو دوو سەگی بە ئەقڕە پاڵکەشی سەر شەستەکانم دەکەن
گەڕان تراویلکەیەکی سرکە
مۆداکان دەکشێن و سەگەکانیش دوای تینوێتیی هەمیشەیی خۆیان دەکەون
مانچستەر
لە نیگای گورگەکانی جەمسەر ڕەنگووڕی ئەم وەرزەی دزیوە
هاوڕێ نادیارەکان جێپەی سەبرە بزرەکانم هەڵدەگرن
هەرجارەو لەناو دەنگمدا تەوی ناوەك چرە دەکات،
لە شایی یادوەرییەکاندا مشتە پەکەنین دەفڕێت
ئیتر بە قەفەزەکی لەوانلەو لە ترپەی ئاکردووەوە دەکەوم دوای سەگەکان
دارەکان پشتە نین هەشتا، خشە خشیان لە نایە
فیشکە فیشك دەدەنە بەرگوێی بایەکی تەپەیو
لە (چاینا تاون) هاوڕێکەم دەڕێ بوستە ، ئەرە ئەفسانەییە
دوو مەڵی ڕەش لە ڕوخسارمەوە دەردەچن
لەناو پەڵە خەندەیەکی چەقاوسوودا ون دەبن
نیگاکان مەست دەبن و ڕەی هاتنەوە نادەزنەوە
خەلیلەك لەناو هەلووڕنی چاوکان جە دەمنە
یادم دەبێتە مەزەخانەی دیمەنەکە
بە نیازم سەرەك لە پێکەری (ئاڵان تیووڕینگ)بدەم، ئەستا
چەڵەکەیەکیش لەسەر سۆکەی ناو لەپی
نانیشتەوە
ئاڵان تیووڕینگ لەناو پارکی (ساکڤیە)دا بڕەنزەکی سەوز هەگڕاوو چەکنە
درەختە ڕووتەکانیش بەدەنگن
دەستی هەمەسەکسواڕەکان باوەشیان بە پەرداخی زل زلی بیرەدا کردووەو
نیگاکانیان دەڕێ ئۆەش پاڵکەزەینن
ڕوخسارمان کەڵگەیە، داهەڵ زەردەخەنەکەی هەڵفاندووە
وێنەیەکی لەگەڵ دەگرم و پێی دەڵێم: ئەی هاودەمی تیرەژە کزەکان و درەختە ناپشتەکان و چەڵەکە
هەڵنیشتووەکان، دەبە بەڕێم بەدوای جیهانەکەی خەمدا بگەڕێم
بە ئاماژەکانی پەنجە کەیەکی نینۆك درەژی وەك باندیەکی ڕەخی ئاو
بە شەوارە بکەوم و عەترەك وشەکانم لە گە بخات
زارەك بە واز لە کتیبخانە وەگە ئاسا بەرخسیەکەت بهێنە

هەتا دەگەیتە (سەینت ئانس سکوەر)
هەتا دەگەیتە …
دەبە بەم، بیر لە شیعرەك دەکەمەوە
بەهام جارە بەم نانووسرە، چونکە هەشم ئالن گینزبەرگ گەمارەی داوە
ئەو دنیایەشم ەاو نەکردووە کە هەناوی شیعر دەیکات بە مرواری
ئای چەند دنیای تر بە ملی هەناسەکانمانەوە قەتیسن
چەند وەنەیەکی تر دەگرم، دەەی سەوەکم کراومەتە دوو لەتەوە لەگەە
نووسەری ەەمانی "کوژرانی کتەب فرەشەکە"
دوای هەزارەها هەنگاو لە قەراغی ئەو قەەبەزانەدا دەوەستم
کە بە بەشەەان دەچن
لە نابەینی قەدە کەفچەەکاندا منداەان ەاکە ەاکیانە
دەنگیان تەە تەە، پەی شادیان پەتی پەتی
هەتاو زەردەیەکی شەرمنانە هەەدەژەت
چاوەکی لە دەقرپەنم، هامانا ئەستا کەی وەختی سەرەتاتکەیە
پەکەنین کاری سەرلەبەیانیانە
ئەفسوونەکی ئەمازنیی دەمتاسەنە ، درەنگ وەختەو سەرمایش
دزە رەگایەکی بە ناو پاەتەکەم دەزیوەتەوە
دەزانم سەگەکان لە گەەان هەراسان نابن، بەهام ساەەکان بەبەزەیی
بوونە لەگەەیان
لەسەرخە بەرەو وەستگەی پاسەکانی (ەەچدەیل) دوای خەیانم دەخەن
بوتەە مارتینییەکان بە تامەکی سەیر ئەندەشەم ئاوەشەن دەکەن
شووشە هاینیکەکانیش ەووناکیی بە ئەشکەوتەکی بە شەمشەمەکورە
دەبەخشن
یانی ئەم گەیە لەناو مەستییەکی کریستاەیی سەقام دەگرە
هەتا خەم بە ەاو کردنی خەونە نەبینراوەکانم ئامادە بکەم
وەك هەتاوەکی کزەە – زەردەخەنە هەەبەەژم
ناوی ەەمانووسەکە لە دەنگمدا دەبەتە سەدایەکی شەقگرتوو
منیش سەبەرەکی ناو سەبەرەکانم
ئەو ساتانە خەیان بە یەخەمەوە هەەدەواسن
نازانم چی، وا لە ناوەك دەکات وەکو لیکی ناو زار وابەت
بەهام سبەی کە هەوای مردنەك دەبیستم
دەتاسەم، دەەی من ئەوم تووشی دەەکوتە هەناوە
ئیتر کەەکەەم پە دەبە لە ئایدیای بینینی و
وەك پەنجەرەیەکی ەوو لە ئاسە کتەبەکەی دەکەمەوە

مانچستەر – نیسانی 2018

لە نێوان کوردبوون وکوردایەتی … هەمەت حەسەن

کوردبوون قەدەرێکە لەدەرەوەی ئیرادەی خەمان هیچ پەیوەست ناکات ڕەگمان لەی بێت، پەیوەستە وەک حەقیقەتێکی بوون و ژیان وەریبگرین کوڵی ناشیرینە خەمان دەستکاری بکەین،کوردبوون ناسیۆنالیست بوون و فەخرکردن نیە بەمۆژووی سیاسی یاخیبوون و بزووتنەوە نۆژادیەکان، کوردبوون زۆر جیاوازە لە کوردایەتی هیوادارم کەس نەبێت ئەم دووانە لەیەک جیا نەکاتەوە.

کوردایەتی فکرێکی هێندە داڕاوە بەشوبهاندنیش دەبێکی ناچێتەوە سەر ئەدەبیاتی خەبات لەپێناو ئازادی و پێکەوەژیان و هەشتنەوەی زمان و کلتووری ڕەسەنی نەتەوەیەك، کوردایەتی زۆر لەوە بچووکترە بتوانێ باری خەباگری و بەرگەگرتنی چەوسانەوەی سەدان و هەزاران ساڵەی میللەتی کورد هەڵگرێ و بیکاتە تابلۆیەکی مۆژوویی ڕاقی .

کوردایەتی جوڵانەوەیەکە لەپێناو بەرژەوەندی و پاراستنی بەرژەوەندی چەند کەس و بنەماڵەیەک دروستبووە بە هەشتنەویان لەدەسەڵات بۆ برەودانی زیاتر بە بازاڕی بازرگانی و چەتەگەریکەیان جا بەهەر نرخێک کەوتبێ لەسەر میللەت باکیان نەبووە ، لەپێناو ئەم وسیتەدا هەموو سنورەکانی بەدئەخلاقی سیاسی و عەسکەریان بڕیوە. سەرانی کوردایەتی بەناو و دروشمی جەراوجەر ئیدیعای موزایەدەی جیاوازبووون دەکەن لەیەکتری بەڵام بە نەتیجە هەمویان سەریان لەیەک ئاخوە دایە، ئەوان لەڕاستیانەوە بە چەپیان سەد هێندەی قوڵی گیرفانیان قوڵبوونەوەتەوە لە جاشایەتی و خیانەت و عەمالەت بە دوژمنانی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کورد، ئەوەی ڕژمە داگیرکارەکان نەیانکرد ئەوان تەواویان کرد لە شکاندن و ڕەزیلکردنی کەسێتی مرۆڤی کورد، لە فەدانی گەنجان و تاکی کورد بە پەراوێزی مۆژووی ڕەشنگیری و پێشکەوتنی جیهان لەهەموو بوارەکاندا، ئەستاش بازاڕیان کەوتەتە سەر دروستکردنی دوژمنی وەهمی بەختووکەدانی هەستی ناسیۆنالیستی خەڵک یاخود هونەری کوشتنی کات بە بەیاننامە و کەبوونەوەی سەرکردایەتی و بنکردایەتی حیزبەکان و چوون و هاتنی وەفدو دانوستاندن کردن .

لە سەبەری کتێبدا چاپ و باو دەکرێتەوە

لە سەبەری کتێبدا، ناونیشانی کتێبکی دیکەی(سەدیق سەعید ڕواندزی)یەو وا بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا،چاپ و باو بکرێتەوە.ناوەڕۆکی کتێبەکە، خوێندنەوە و ڕانانە بۆ بیست و دووکتێبی جۆراوجۆری ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی و فیکری.

شیعر/ گەردوون لە ئەقیانووسی هەڵدایە … کاوە عوسمان عومەر

بە دوودڵی،،
ئەبمەوە بە تنۆکە ئاوێ..
گەر زەریاش لەم زویر بێ،،
بە دودڵی،،
لەسەحرا، دڵگەرمەوە،،
کوچە ئاڵتونیەکی منداڵی،،
بە پەوە بەرسیلە،،
شینەکانی خۆشویستی..
لە دارمێوەکانی بەدەنگی ئەچنمەوە،،
گەر بوار بوو، ،،
بە شکڵوە هەمان ئوبار ئەگرمە بەر،،
ساڵانی پەشووتر،،
بە ترسەوە پیای تێپەڕیم،،
ئەستا چاوم دوو ئەستێرەی بوهەیمیە،،
دەرگا هەنگاوەکانی ئاسمان خەم ئەیکەموە،،
بە گەردە بەاوبۆکانی جەستەم،،
بە پەڕو باڵی قرتاوی..
قازە ڕەشە هەڵهاتوکانی…
جەنگە ئەفسونایەکان،،
لە نەوان..
زەمینەک لە پەڕاو،،
بەشایەک لە پەڕی پەخشانی خۆ،،
ئەقیانووسی شادومانیەکی بەدنەفرەتیش،،
هەر ووشە دروستی ئەکات،،
و هەر ووشەش ئونا‌کی ئەکاتەوە،،
هەر ووشەش شەوی ئەکاتە بەر،،
چارەنووسی گوڵە لەیلەکەکانیش..
بە من سپەردراوە،،
چارەنووسی ئەو مانگەش..
لە چەتەکانی دەریا هەڵهات،،
هەر لەهەمان دەڵی..
پەرتوکی خەو ئەینوسمەوە،،

گەر ئەویش بەیاری..
کچ نەدات،،
گەر ئەو لە ژێر چەتری بارانا، ،،
وەک ئەوسا،،،
پێکەرەک لە زەریام بە،،
گەر ئەو وونبەت،و،،
پاشان لە باخچەی بەیانیا،،
بە تارایەک لە هەوری بیرەوەری..
پێش جەنگەکان بەتەوە،،،
بەهام تەلیسمی عیشق،،
بەرشەوارەی خستین،،
تەشناگەین،،،
چەن لە ئەشکەوتە...
سپیەکانی بوونا،،،
گیرمان خوارد،،
من هیچ هەکارەک نابینم..
لە هەکردنی گەردەلولی...
خەفەتی مرۆڤەکان،،،
تەشناگەم بە لافاوی خەماوی خەم،،،
پەلە پەرەسلکە مەرەکانی منداڵیی..
تووەی تاریکی با دا،،
ئەوەی تەگەیشتووم،،
ماتماتیکی عیشقی بەردە،،،
بە خەمی دارچنارەک...
تا بەیانی فرمێسکی...
بە بە وەهامی کازیوەیەکی...
سەرهەگرتوو ەشت،،
ئەی نانی دەستی جوتیارەکی ماندوو..
بە نەشینی شەرابی...
خەشبەختی کەگەکانی نوور،،
ئەی هەنگوینی شەوەک...
بە بای...
شین و مەر و پرتەقاڵی،،
مەلە دەندەکانی پەرادیسەو هاتن،،
گزنگ چەە زیوە لە دەستمایە...
گزنگ لە چاوی ئەو ئافرەتیە،،
پریاسکەکەی ،،

شار و گوندە کاولکراوەکانی…
وەاتی جەنگی تیا هەڵگیراوە،،،
پەنجەی بروسکەیەکی سەرشت و یاخیم،،
لە سەر تابلۆی ئاڵتوونی…
پایزەکی هەناو خوێنی شیعرو..
و گەڵای قاوەیی چاوەڕوانی،،
هەر تەرتیلەکانی عیشقیشە،،
ەڵی داوە….
لەسەر بیابانی دڵ بنوسرە،،
پیانۆی دەستی گیایە،،
هەموو وێنە سەرابیەکانت،،
لە ژێر تەرزەی کۆچا دەنوسرێتەوە،،
مێزی خوانێک،،،
لە نەوەڵەی زەردە حەزەک،،
دامان بە بادەی تەمەنەکا..
لە زەردبوونی جەستەی بەستانەکانیش،،
دە فوارەیەکی پە فرمێسکە،،
لە پرتەقاڵبوونی چەمکانیش،،
جەنگی گوڵ و شۆنمە،،،
کە بەرەو مانگی …
خەزانی ەڵحیش ئەڵەین،،
گوڵە سپیەکانی چاوەڕوانی دوور،،
لە سەر ەڵگرت ئەوێنم،،
لە کەشمە کەشی جوڵەی ماشینەکانا،،
مێزی هەتاو،،
واڵا بە مێشکی سەرخۆش..
لە شیر و هەنگوینی بەڕە ماو،،
مێزی جەستە،،
بەرامبەر تابلۆی پرتەقالی ئەوارە،،
هەر خەرە فەرمان ئەکات ،،
زانستی لە خەگرتنی ئاسمان،،
بە هەموو پەلەوەرە خەڵەمێشیەکانی…
تەپەڵبووی سەر قامیشەڵانی مەرگ،،
ئەوەندەی من بەڵگاوە ئەیزانم،،
مەرگ چەڵاوگە شەرابەکی ەڵشی بە تامە،،
کاتێک ەڵح پە دەبەت،،
لە هەموو نهێنییەکانی گەردوون،،

بۆم گەردوون ،،
لەئەقیانووسی ڕۆح خەیدایە،،
گەردوون ،،،
لە چرپەی ئافرەتکەوە،،
دەست پەدەکات،،،
بە هاژەی گەردەلوولی بەفرو..
فڕەی باڵی کولەیەکی سەوز،،و،،
ستراتی بەستانی ئابردووش، پڕش..
ژانی گەزەی سەوزی ژیان،،
لە کانی جوڵەی ئەو ماشینەی..
چرکەکانی کات دروست ئەکات،،
بەتاڵبوونەوەی خەم،،
لە شوشەی شنە با دا،،
فەلسەفەیەکی تری گەردوونە،،
تنەکە لمی ژەر پێی...
کەچەریشە،،
ژیان،،،
بۆم زەر جار شمشالەکە،،
ئەرخەوانی،،
لە سەر لەوی پەیکەری..
ڕۆشی بەهودەیی،،
نەخشاندنی سەر بەردی بەدبەختیش...
دوای لەدەستدانی ماڵک،،،
لە نەوان تریفەی مانگ..و..
کازیوەی ڕۆژانە،،
پە بەشەرابی بەستانی ...
منداڵیی لەدەستچوو،،
ئارەزووی گەڕانەوەش،،
بە نەو چوار دیوار..
لە ژورەک لە خەو،،،
پاشان،،
داتاشینی پەیکەری خەرەک...
بە ئافرەتەک بواری نیە،،
پەیامەکانی باران،،
یەک بە یەک بگەیەنتە ،،
گەڵا بابردوەکانی مەژوو،،
ئەبەت ئاسمانە گرکانیەکان،،

چیان بۆ من پێ بێ،،
ئەی هاوڕێی داهاتوو،،
لە سەدان ساڵی تر،،
گەرچی یەکتر ناناسین،،
یەکتریشمان،،
لە هیچ فۆتۆیەکی شادومانی و،،
بەدبەختیا نەبینیوە،،
بەڵام تۆش،،
وەک من، هیچت پێ ناکرێ،،
لە ژانی گەڕەی شەو،،
شکانی پەرداخی لم و…
وونبووونی پارچەکانی تابلۆی ڕۆح،،
ناشگەمە ئەو شوێنەی تێی لێی،،
هاوڕێی بەڕۆخسار و شار،،
تا قسەیەک دەربارەی…
زەریای داهاتوو کەین،،
با ئەستێرەکان بێنە خوار،،
حەز ئەکەم یەک لە دوای یەک،،
قاژە مەرەکانی خۆشبەختی ئەوساش،،
بهێنمە خوار،،
پاشان گەردەلوولەکان…
لە کوێ چرۆ ئەکەن؟
پاشان کچەکانی..
وەاتەک لە سوتماک،،
لە کوێ دەی قەترانیان ئەچنن؟
و پایزی داهاتووش لەکوێ،،
خونچەی فرمێسکە سوورەکانیان ئەچنەوە؟
پاشان بەڵەمی بەهەشت،،
بۆ من چی…
کاتێک من لە ژێر چیای مەرگام؟
پاشان ڕۆهەڵە ئاسنینی دێ،،
کوا بەرەو ویستگەی نەمریا،،
تەپڵەي ئەبۆ؟
ئەفسووس،،
فارگەنی وەرزە جەنگەیەکانیش..
پێن لە مرۆڤە پەکەوتەکان،،
هەرژارە بۆ لانەکان،،

ژنۆ تەنیا تەکشکاوەکان،،
کرێکارێ دێ تاریکەکان،،
عاشقێ ڕۆح شکستەکان،،
ویستگەکانی پەهشت پڕن…
لە فریشتەی بێ بان،،
فارگۆنەکانی…
دڵخیش پڕن …
لە و شاعیرێ بەدنەفرەتیانەی…
لە دڕگاکانی بەدبەختیەوە دزیان کردە..
گۆڕەنەی دووری گۆگانی ڕۆح.
……
شیعر لە تارمایی ڤینەسا هاتە لام،،
بڵێمی پێ بوو،،،
لەگەڵ ڤیلینکی سپی،،
و چۆی ئاوی جەنەت و…
لەتە نانی گەنمی خشبختی و..
هەندکی کەم لە هەنگوینی منداڵی،،
وتی بنوسە،،
لەسەر لەپی ئەقیانووسی…
خواوەندی بەردبووی گەردوون،،،
دەربارەی میراتی بوون،،،
دەربارەی تەکپژانی ئاسەی نەمری و…
خۆی سپی بەهودەیی،،
بەنام من هۆنها تووم…
لە بەستانی زۆو بەدفۆی تەنیایی،،
بە دیار هاتنی پڕلە تاوسی شین و پرتەقاڵی و مەر و زەرد و سەوزی
ڕۆژکانا
لە ژەر دار بیکی خپشبختی پیرا،،
لێی ڕاکشاوم،،
ئاگادار نیم،،
چەند فریشتە،،
لە ئاسمانەوە فۆ ئەدرەتە خوار،،
ئاگادار نیم،،
کام چڵکە،،
لە یەکەم هەڵانەی خشبختی…
لە خەو هۆدەستە و..
لە بەرچنەی خەرا،،

یەکەم گوڵە جە ئەدزەتە..
سروتی شیعری ڕۆژیک،،
نآشزانم بە گوێ نادەمە سەنتووری...
دەستی پیاوی سەرابستانی کات،،
وا بزانم چاوکانیشم وا دروست نەکراون،،
لە قوولایی تونێلەکانی فڵەکا،،
هیچ لە مەرگ ئەرخەوانیکانی ..
دروست بوون ببینە،،
چاویلکەی خەمەشی مرۆڤ،،
ناهێلێ...
کەموکوڕی شکاوکانی...
ناو ناخی سروشت ببینین،،
ئەمین دەندە ئاسا،،
بە گەمژەیی ئێیان شکێنین،،
با بڕچکا بکەوین،،
بە کانیک،،
دانبنێین،،
بە تاوانی سووتماکبوونی،،
سیمرخی پڕ ڕەنگی سروشت،،
با دانبنێین...
بە تاوانی دروستکردنی،،
دووکەڵی پایپی دەوزەی کارگەکان،،،
بەیە ئێستا ،،،
لە ژیر تەرزەی ڕەشی مەرگا،،
وەک تەپۆڵکە بەفری فشێ،،
ئەتوێنەوە،،
با دانبنێین...
بە تاوانی...
شکانی باڵە ڕەنگینەکانی..
ڕەنگاڕەنگی سروشت،،
تکایە خانمە گەلاپۆشکەی...
پایزی مرۆڤایەتی،،،،
کە وەک گەرانیکی خەمگین دێی،،
گەڕەی پەرتبوونی جەستەی گیاکان،،
لەبەردەما مەڕۆ،،
سروتی نزام،،
بە شیعری یاخی وەک زریایە،،

ئازاد و سەربەست،،
لە فڕۆم و چوارچێوەکان،،
هەربەیەکیش،،،
بە من نامەن،،
قوتابی کۆنیس ڤوخامیەکان،،
منارە ئاڵتونیەکان،،
بە من سەمەرەن،،
ئاینی من،،
سروتی جوانی ساتەوەختێکی شیعرە،،
نوێژیشم لەسەر بەرماڵی ئاوەکی سازگار،،
لە ژێر دارە کریستاڵیەکانی ..
بەستانی ئەبەدیەت داخستوە..
هەربەیەکیش،،
لە ئازاری ساتپژانی مانوە…
لە بیابانی ئەردا خۆاگرم،،
دانی پیا ئانەم،،
کە گەردوون لە منداڵیو…
شینایی ئاسمان ،،
دە دروستی ئەکات،،
گەرانیبەژی نادیاری ژێر ..
چنارەکانی پایزە،،
قژی دارە کۆنەکان ،،،
زەرد ئەکاتەوە،،
نازانم پایز بە ئەوەندە،،
حەزی لە ڕەنگی ئاڵتونی زەردە،،
بەیە منیش ڕەگی خەم بینی،،
لەسەر شانەی جیهان،،
بە پرسیارکردن دەربارەی..
پەرتووکی فەلسەفەی تنەکی ئاو،،
بە ڕۆژانی کەمەڵەی زەریا،،
بە جوگرافیای دیلنەکراوی کەنارەکان،،
هیچ شتێك ناخرێتە،،
ناو چوار چێوەوە،،
لە گەردوونا،،
ئەو فڕ بووم،،
پاش چەندین مردنی ئارەزوومەندانەو…
لەدایکبوونەوەی بە ئازار!

درەنگیش تەگەیشتم،،
هیچ شتەک ناخەیتە،،
تابلۆی لەژیک،،
نازانم کە بوو ماتماتیکی داهێنا،،
بەخونچە یاخیەکانی خۆشویستی،،
کە جیەمتری کردە لاهەتی فەین،،
کە بوو لە کەنارەکان..
جەستەی کەشایەوە،
بە ناو ژوورە سارد و..
پەنجەرە شەختەکان،،
ئاوڕی فڕبووم…
نیشانەی بوونە دەرەشی سەر دەریا،،
پرشنگدانەوەی دڵ،،
پاشان کام کتێبی ئاینی ..
باسی تەقینەوەی لەو..و،،
ئەشکەنجەی ڕۆحی تەنیا..و،،
ژەهری دابڕان…و..
زامی جودایی.. و..
کسپەی جەهەشتن ئەکات؟
درەنگیش تەگەیشتم
گەردەلوولە ناخی مرۆڤەکان،،
پارچە بوونی حەز و ئارەزوەکانە،،
پە هەزاران ئەستێرەی…
سرک و نەناسراو،،
لە فەلەکەکی تاریک و قووڵ و سامناک و مەترسیدار،،
هەر بەیەکیش،،
پەش هەڵچنینی قەڵای هیوایەک،،
لە تەگەیشتن،،
لە گوڵی خەڵەمۆشی ساتەکان، ،،
باشترە گوڵ لە سروشتی..
ناو دە خەی گرین،،
گەردوون لە ناو ڕۆح خەیدایە،،
هەموو تارماییەکانیش…
لە پارچە شوشەی یەکتر،،
بوونیان هەئەچنرە،،
پاشان دوای چەندین ساڵ گریان،،،
لەعیشقی کەمتەمەنی ..

بەسەر چووی زەمینەک،،
وەک سازەکی دە تێی..
پە بە باران،
لەسەر شانی بوونا نامنن.

وێنەکە کارەکی هونەری فۆتۆگرافەری هێندی/ Susan Mielke
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە.

دەنووسم، باش نیم .. سەلیم عوسمان

وەک هەمیشە زەر دەنوسم
بەڵام هەشتاش ئەو درۆکەشانە گوزارشت ناکا ، لەوهەستەی نـــاخم

دەنـوسم بـــاش نیـــم
بەڵام بەهیـــوام تە باش بیت
دووبـارە وەک پیشەی هەموودەمکم بیرت دەکەم ..،
دەشزانم ئەو هەموو بیرکردنە و فرمێسکانە ،
تەزوویەکی گەرم بەدەی چەقبەستووی تەدا ناهێنە ،

شەتیبە چاوەوانی لە هاتنی تەدا،
کە وەک جار لەموە دیارە نایەیت ،
دوای تـە ئەو بەشایەی لەمندا
دروست بوو ،
بە هیچ ئادەمێک پە نابەتەوە!

بیرت دەکەم و لەرە نیت
تابیینی چەندە پەرەشانم بە تـــــە..
قووە و گەرم خەشم دەوێیت ،

لەرە نیت تا ببینیت نە بونت سەراپامی کردەتە باخکی وەریوو و تەزیـــوو...

لەر نیت تا ببینیت لەدەستدان و
نەبوونی تە سەختتر لە مردن بم،

خۆت دەزانیت من هەرگیز لە مردن نەترساوم،
بەڵام ئێستا کە هەست دەکەم و دەبینم تە لەر نییت ترس دەملەرزێنێ
،،

لە فڕاغی تەدا
پەنجە بەسەر بەرگی ئەو کتێبانە دەخشینم ،
لەو جۆزوانەی وەک گوڵ
لە قوڵایی چاوم دەدروزایتەوە
بەدیاری بۆت هەنابووم ،
لەچکەکەت وەک پەیکی موقەدەس
هەمیشە لە گەردنم ئاڵاوە....

ئێستا لە هەمووکات زیاتر
بیری بۆنی عەترەکەت دەکەم،
بیری گوڵەکانی سەر ژێر کراسەکەت دەکەم ،
کە بە گیانتا خۆیان هەڵدەواسی،
بیری قژە ڕەش و درێژەکەت دەکەم ،
کە لەسەر سەرینەکەت بەاو ببوونەوە
دەموویست پەنجەکانم بۆناو
تاڵ بۆتاڵیدا پیاسە بکات ،

دەزانم هەنیناوی ئەم ووشانە
هەرگیز نا ئاڵە لەگەردەنت
بەڵام مــن بەچاو ەوانە درێژەی پێدەدەم ،

دەزانی نەك تەنیا لە دەمدا،
بەڵکو لە دەمار بەدەماری جەستەمدا هەست بە ئازاری لەکدابڕان و
لەك ترازان دەکەم،

ئێستا نە لە شەو تاریک و
درێژەکانم دایت و نە لە ڕۆژە بەزارکەر و ماندوویەتیەکانم دایت ،

تەگەشتم ژیان تەنیا ئەو ڕۆژانە بوون،
کە بەدەم ڕەگــاوە پیاســەمان دەکــرد و بەدزیەوە بۆتیلەی چــاو
سەیرمدەکردی ،

دەمهەوێت دەـــم خاڵی بکەمەوە ،
دووریت لەـــم هەڵبەون هەڕووونم دەکات ،
بەرگەی ئەم بێ تاقەتی ناگرم ،
وەک کتێبکی پڕاوێز خراو خەم دەبینم ،

ئەڕە بۆاست ..؟!
چەند ملیۆنان ساڵی دەوێت
تا خەتی لالەوت لێبیر بکەم؟
چەند سەدەی دەوێت تا گەرمیی
باوەشت لێزین دەربێنم؟
ئەی لێیادکردنی کاڵی چاوت چی؟
باوەکردن بێ جودایییمان چەند جار مردنە ؟
کەمەک ویژدانت هەبێ چپەیەکی خێت بۆشماڵکدا بنڕێ بـــم ،

وەرس نەبووی لەو بەدەنگیە ؟!
لەڕەنیت گەڵگەشت لەوجودم دا گۆاوە
نائومێدی بەرپەنجەڕەی ژووروکەمی گرتوە ،
غەمگینی وەک هەرزەیەکی باب مردە
یەخەی گرتوم لەم نابەتەوە
ئێستا بمبینێ شـــاکارێک لەتەنهایی
ووبارەک لەغەمگینی ئاوەتە ناو منەوە ،

گەر ووجوود هەبا لەڕە چی دەبـــوو ؟
ئاوا نەدەچومە ناو ئەو یادەوەریانەی،
پەکەوە دروستمان کردن
کە ئێستا بە رووحی شکاوەوە
بەتەنیا یادیان دەکەم ،

گریانێک قوڵگی گـرتـــووم،
گرژکردوم وەک بۆی دەمخنکێنێ ،

بۆام من هێشتا بەردەوامم
لە هەنینەوەی ووشکانم.
لەودەمەی نیت خوی مەجنونم گرتـــوە ،
دەمێک قاقا بێ یادەکانت دەچەم
دەمێکیش شین بێ دووریت ،

تۆێ دەبم دەنم لەچکەکەت
بێ ئاوێکی گەرم دەشەم و

بەتەنافەکەدا هەیدەواسم
تابەنەکەتی لەبچێ ،
کەچی ئیرەیی بەو(با)یەش دەبەم
کە سەما بە لەچکەکەت دەکات ،

خەگریت لەم بە سوودە ،
دەتوانم لە هەر کوێ بیت هەست
بە نزیکیت بکەم،
چونکە بەنی تە بە هەزاران جار
شەردنی لەچکەکەت،
هەشتا لەبەر لوتم دەمەنیتەوە ،

بەنایەی لە کەلەنەکەو ببینی
کە من چەندە بە قەرارم بە تـــە،
جانم بە نایەی ببینی، بە تە
هەژەکانم چەن وەک پەیەکی دەاو بەتەنافی بەدبەختیدا شەبەنەتەوە
،،

.سەلیم عوسمان

پەنج شەمە /14/ئایار
کاژەر ٦:١٣ ی بەیانی

دیرەك … ستار ئەحمەد

بەشنە گوێ بوویت و
لەگەڵ با دەجەنگای
کاتێك بارەزە هەژانتی
بوویتە ئەسکی چەکی رووتەڵە
نەقومێك شەونمی بەیانیان
وەك نەوبووك گەردنی جوانکردی
نەبایەك بەسەما…
بەرخی رووباری حەسرەتی بردی
ئەمستا دارێکی..

تینوو بۆباخی رەنگاوڕەنگ
شەوانە دەهەژێی …
لەدەنگی راوکەرو
دیرۆکی زەبرو زەنگ
رووخانی چەند هەوار
چاوانتی داڕووشان
کام کۆچبار…؟
لەناختا رەنگیدایەوە
ئەوەتا وەك کوانووی بۆمیوان
پشکۆیەك تینۆکت ناداتۆ
بەهارێك لەعومرت ناپرسۆ
وەسبووی لەدەستی جووداین
خەمی نیشتمان بەزانتی
بۆیە کزو مات
دەگری بەسەر رەگ و چیمەنا
نەخاك دەتوانێ…
چرایەك بۆ قەدی سووتاوت هەکا
نەبارانێك بەئامان
بۆ زامی هەناوت دائەکا
ئەم کسپەی مردنە
هەتاکەی بەباڵای چیادا دەکێشۆ
تۆش عەوداڵ
لەبەژنی رەزو گوڵاڵە دەڕوانی
کۆو نەبۆ ببۆتە سێبەری کەمەرت
چۆ نەبۆ گوڵۆ ئاۆ هەڵگرۆ
بەهاران بیکاتە هاوڕازی سەرت
ناتوانی بەم شێوە ..
لاپەڕەی ئەدگارو
بەرواری پیرۆزان هەڵگری
بەدەم خەزانی خۆزگەوە
بۆنیگای دڵۆپێك باران و
مشتۆ خۆڵی تەڕ دەمری

ستار ئەحمەد

کوردبوون و یەکییزیی نەژادیی-2- کامیار سابیر

لە ئەدەبییاتی سیاسیی و ئەکادیمییدا، لە ئاستی جیهانیی بە گشتیی و تەکستی وەاتانی رۆژئاوادا، بەتایبەتیی، ناسیۆنالیزم، گرنگییەکی زۆری پێدراوە. ئەمە لە ناو ئەدەبییاتی عەرەبیی، تورکیی و فارسییشدا، قورسایی خۆی هەیە و ئەو سێ نەتەوە هاوسێیەی کورد، بە دڵیان هەزار تۆڕەر، نوخبە و ئەکادیمیستی تایبەت بە بواری ناسیۆنالیزم، دەوڵەتی نەتەوەیی و فیکری (سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی) ناسیۆنالیزم، گرنگییان پێداوە و بە خەرمان تەکستیان هەیە. لە ناو کورددا، ناسیۆنالیزم بە گشتیی و کوردایەتیی وەکو ڤەرژنە باوەکەی، کەمترین توژینەوە و تەکستی فیکریی لەسەر کراوە و نووسراوە. نە چەپەکانی کورد، نە ئیسلامییەکانی کورد کە هەردووکیان رەقیبی ئایدیۆلۆژیی نەتەوەیین(بە حیساب)، بە مەژووی هەموو ئەدەبییاتەکیاندا بچیتەوە، چوار وتاری فیکریی و سیاسییت لەسەر ناسیۆنالیزم، دەست ناکەوێت. نوخبەی کوردیی، لەوان، وەرانتر. لە لایەکی ترەوە، هیچ نەتەوەیەک وەکو کورد، بە تایبەتیی کورد عەراقیی و ئێرانییەکان(بەوانەی بە تاراوگە"دایاسپۆرا"نشینیش ناسراون)، ناسیۆنالیزم، ئەوەندە نەبووتە وەردی سەر زوبانیان، بەڵام بە مەعریفەییەکی قووڵ، جەهلەکی سیاسیی و فیکریی غەلیظ، ئەدەبییاتی کوردیی تەنیوە و شیعر و چامەی شیعری نەتەوەیی، پەخشانە شیعری کوردیی و نووزانەوەی نەتەوەیی، خەخواردنەوە و بەندبژیی نەژادیی، جوێندان بە عەرەب و ئیسلام، بە تورک و فارس، بە شیعە و بە تورکمان، سەرتاپای ئەدەبییاتی کوردیی(کرمانجیی ناوەڕاست)، داگیر، کردووە.

قسە لەسەر ئەوە نییە کە گەلی کورد، نەتەوەیەیان نا؟ بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەو ناسیۆنالیزمەی هەیە، بە درێژایی ٧٥ بۆ ٨٠ ساڵە هەیە، لە هەندێک دەخدا لە شێخ مەحمودەوە کە بە ناسیۆنالیزمی پریمیتیف دەستی پێکردووە، بەڵام بە باکگراوندێ دینیی-مەذهەبیی و طەریقەتییەکەی ئەو سەردەم کە ئێستا بە زمانی مەدەرن، پێیدەگوترێ ناسیۆنالیزمی دینیی، ئەم مەژووە دوور و درێژە پێ لە فەشەل و فیاسکۆیە(فەشەلی سەرتاپاگیر)ی ناسیۆنالیزمی کوردیی، چیی بە

کورد، کردوو؟ ئەدەبییاتەکەی؟ تەکستەکەی؟ ئینتەرجەنسیاکەی (موثەقەفەکانی) و سیاسییەکانی؟، کوا ئەمانە لە کۆی مەژووی حەرەکەی سیاسیی کورددا وەستاون و رۆیان چیی بووە؟ بۆچی بەرهەمی ئەو هەموو مەژووە پڕ لە فانتەسییەی ناسیونالیزمی کوردیی، بەم چەتگەرییە ئاغاواتییە-بنەماڵەییە-شێخنشینییە-طەریقەتییە-ئیمارەتییەی بنەماڵەی بارزانیی، بنەماڵەی تاڵەبانیی و حیزبەکەی نەوشیروان موصطەفا (گۆران) کەتایی هات کە هەمووپان، بەردەوام لەسەر کەلاکی تەپییوی کوردایەتیی، شیین و شەپۆڵ دەکەن.

کوردایەتیی لە فەرمی کوردبووندا و لە عەقڵی نەژادیی هەندێ سیاسیی و نوخبەدا، بە ئیدامەدان بە ژیانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خۆی، رق و قینین و بوغز بەرامبەر نەتەوە و نەژاد و ئایین و مەذهەبەکانی تر، هەدەمەژڵەت. ئەمانە، بەردەوام، خەیان دەننەوە و مونافقات دەکەن و دەڵەن دوژمنی دەرەکیی، دەمانخەن. ئاخر ئەوە هەر مەسعود بارزانیی نییە کە بە درێژدان بە تیجاڵەتە دەیان میلیارد دۆلاریەکەی لەساڵێکدا، چەندین دوژمنی دەرەکیی، ڕەسم دەکات، بەڵکو ئەکادیمستە فاشییەکانی ئەمە لە ئەوروپاوە، بەغداد و عەرەب، شیعە و تورکمان، بە قەصدی ئایدیۆلۆژیی، بە عوقدەی نەژادییەوە، بە دژە کوردە ئەژمارد دەکەن و تەخوێینی ئەمەمانیش دەکەن کە بە گەمژەیی سیاسیی خەمان، وەکو جاشی بەغداد!، ڕێ دەگەڕین. ئەوە وەڵای ئەوەی بەشەکەی زەر لە مەژووی ئەم کوردایەتییە، یەکترتەخوێینکردن بووە و هەر جارەی بەرێیەکیان، بوونە بە عەمیلی موخابەراتیی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و شەڵەی یەکتریان کردووە.

ئەستا کەمەڵە ئەکادیمیستی جونفرۆشی موحەقەق گەمژەی سیاسییش پەیدابوونە، بە کاڵیی و کۆماویی، بە ئەوەی هیچ مەترسییەک لەسەر قەوارەی دزەکانی هەرەم هەبەت، وەکو بەتەجییەکانی کوردایەتیی، کەتوونەتە بەرق تەقاندن دژی بەغداد و دەڵەن، بە هەر نرخەک بووە، لەبەر خاتری نەژادی کورد و شکرلەمەی کوردبوون!، دەبە دەست بە قەوارەی هەرەمەوە بگیرەت. بە واتایەکی تر، گرفت نییە پارتیی و یەکەتیی، گۆران، یەکگرتوو ... تاد، چیی دەدزن و چیی دەبەن؟ چۆن تەواوی شیرازەی کەمەڵایەتیی کەمەگەی کوردییان، هەڵا هەڵا کردووە، بەڵام چونکە خوننەکیان و بەنەخوننەکانیان، چونکە ناموووسکیان و دڕپەکیان، کورد و کوردییە، ئەوە لە عەرەبی نەفرەتیی و لە شیعەی ڕافیضە (بە قەولی فاشیزمە سوننییەکە)، باشترن. پەمان دەڵەن، ئەمان دزیش بن، قەیدی نییە، چونکە کوردن و لە خەمانن، بەڵام بۆچی شیعەیەکی کافر (بە کوردایەتیی تەکفیریان دەکەن، هەروەکو چۆن

سەلەفیی و ئیخوانییەکان، طائیفییانە تەخوییانی دەکەن و بە موسەمانیان لە قەڵەم نادەن) نەوتەکە و گومرکەکانی ئەمە کەنترۆڵ بکات.

تەنانەت داواکانی خەڵکی کوردستان، بە تایبەتیی گەنجان کە داوای ئەوە دەکەن مەلەفی نەوت و غاز لە دزەکانی کوردایەتیی بسەنرێتەوە، گومرگ و بازگە سنووریەکان و مەطارەکانیان، لە بسەنرێتەوە، مووچە راستەوخۆ لە بەغدادەوە بدرێ بە خەڵک و راستەوخۆ حکومەتی فیدراڵ، کەنترۆڵی ئەم مەلەفانە بکات، ئەم داوا ڕەوایانە، بە گەمژەیی سیاسیی دەزانن. هەندێکیان، فرێ ئەحمەقانە، دەوڵەتی عێراق، بە کەمۆنیالیست(داگیرکار) لە قەڵەم دەدەن، کەمۆنیالیزمی فەانسیی بە لوبنان و دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق بەسەر شیمالی عێراقدا(کوردستان)، وەکو یەک بە کەمۆنیالیزم، دەشیعرێنن! ئەم خورافە نەتەوەیی و نەقصە نەژادییە، تەنیا بە خەڵکانێک دەیخوات کە ئاگایی سیاسیی و فیکرییان، صفرە، ئەگینا بە گەنجانی ئەم سەردەمی کوردستان بە تایبەتیی بە نەوەی دوای ڕاپەڕین، فشەیان بەم عەقڵییەتە نەتەوەپەرستیی و نەژادپەرستییە، دێت.

ئەم نووسینە، جەخت لە فشەلیی کوردایەتیی دەکاتەوە و بەدیلەکەیشی بە ناسیونالیزمێکی تر، جا مەدەنیی بێت یان خورافی سیاسیی هەندێ ئەکادیمیستی تاراوگە، نازانێت، یاخود فەنتازیای حیزبێکی وەکو پارتیش نییە کە نزیکەی سیی ساڵە بە دەستوری موخابەراتی تورکیی(میت) و جەنتای (نوخبەی عەسکەریی) تورکیی، مامەڵە نێک هەر لەگەڵ کوردستانی عێراقدا دەکات، بەڵکو بە دەستوری ئەوان، مامەڵە لەگەڵ کوردستانی سوریا و تورکیاشدا دەکات. بە پێچەوانەوە، جەخت لە گوتارێکی نیشتمانیی(دوور لە خورافەی نەتەوەپەرستیی و نەژادپەرستیی کورد) دەکاتەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە گەلی کوردی تێدا دەژیێن(قسە لەسەر کوردستانی عێراق)، هەرچی کوردستانی سوریا و تورکیایە، کوردایەتیی ئەو ڕەهەی نییە و ئەوەی هەیشە(ئەنکەسە)، جەرگەکە لە جاشیەتیی و عەمالەت کە ڕاستەوخۆ، وەکو مورتەزیقەی تورکیا، هەسوکەوتی سیاسیی و عەسکەریی دەکەن. کوردستانی ئێرانیش، حیزبەکانی کوردایەتیی بە چەند کەمەڵە و چەند دەمەکرات و حەسەسکانی تریەوە، هەموویان ڕەهی مورتەزیقەیی بە دەستی سێ و چوار بە کوردایەتییە مورتەزیقەکەی کوردستانی عێراق، دەبیینن؟ بە واتایەکی تر، کەشە سیاسیی، ئابووریی و کەمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، دەبە بە تەکەای خەڵکی عێراق و بەغدادەوە ببەسترێنەوە و هیچ ئاڵترناتیڤێکی تر

بوونی نیە، ئەوەی هەیە هەمووی خورافەی ئایدیالۆژیین(شیوعیی و چەپەکان، ئیسلامیە جراوجرەکان، لەگەڵ نەتەوەیی و نژادیەکاندا)، ئەم گروپانەی ناو کەوانەکە، هەمویان وەکو داهێنی سیاسیی، لە ناو مەرزی ریفراندەم موخابەراتیە ئیقلیمیەکە، چەقنران و پشتیوانی گەورە لە هیچ بدیلێکی ئایدیالۆژیی ئەمانە نگیرت.

بە تەوانینی گرینفێلد Greenfeld کە باسی نەتەوە دەکات و پێوایە نەتەوە لە بریتانیاوە وەکو چەمک و سیاست فرمالە بووە، باوەڕی وایە کە وەڵای جیاوازیە سیاسیی، چینایەتیی، کولتووریی، کۆمەڵایەتیی و ئایدیالۆژیەکان، ئەوەی کە توخمی سەرەکیە لە دروستبوونی نەتەوەدا، ئەو گلووە(گێنوو)یە کە دەکرێ پێیبگوترێ هاوکاریی دەستەجمعیی(Collective Solidarity) لەرشەوە، ئینتەرجێنسیا، دەخالەت دەکەن و لە رووی ئایدیالۆژیەوە، چوارچێوەکانی ئەندێشەی ناسیونالیزم، رەنگدەڕ دەکەن، بەتایبەتیی بە قەرەبووکردنەوەی ئەو غوبن و خەخواردنەوانەی خەیان کە لە دەورووبەرەکیانەوە یان رژمە دێرینەکان(ancient regime)، یاخود شارستانیەکانی دەورووبەرەوە، وەریانگرتووە Greenfeld 1992)).

لە واقیعدا، ئەم بۆچوونەی گرینفێلد ئاگەر بسەر ناسیونالیزمی کوردیدا، بە تایبەتیی بسەر ڤەرژنی کوردایەتییدا، تەطبیق بکەیت، کتومت، کوردایەتیی، نەک نیتوانییەوە ئەو دەستەجمعیە دروست بکات، بەکو بشکی زەر لە موناوەرانی کورد، بەتایبەتیی شاعیرەکانی کورد، دیان و صەدان چامەی کووزانەویان هەیە کە کورد، قەطعەن نابن بهیچ، چونکە خەخەر و دووەوون و نەکرایەتییان بە سەردارەکانیان پێ لە هەموو شت گرنگترە. ئەمە واقیعکی تاڵ و حەقیقەتکی مژووییە کە هاوکاریی دەستەجمعیی لەنەوان گروپ و تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیدا، زەر زەر کەم بووە، یان هەر نەبووە، بەڵام زەر بە کەمیی دەبینیت کەسانک لە کورد هەبن، باسی خودنەفرەتیی و خەبەکەمزانیی بکەن، وەکو ئەوەی هەندە نووسەری نژادپەرستی ئەوروپانشیین، ئیرایزی ئەم خورافاتە نژادییانەی خەیان دەکەن و داوای یەکییزیی کوردبوون، لەسەر بناغەی نژادییبوون(ئێثنیسیتیی کوردبوون) دەکەن.

بە ئەوەی نیشتمانیی لە ئاستی دەوڵەتی عەراقدا، بییر بکەینەوە، پێویستە واز لە هەیجانی نەتەوەیی قەدبڕ، وەاتبڕ و ئیقلیمگییر بهێنین، واز لەو پانکوردیستییە بهێنین کە باشوور و باکوور، رژهەڵات و رژئاوای بە پرگالی کوردایەتیی، لە عەقییەتی خەیدا،

ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە، بیرکردنەوە دەبێ وازی لەو پانکوردیزمە بهێنرێت کە کورد، وەکو نەتەوەیەکی هەمەجینیس(چوونیەک- موتجانیس) کە شوناسێکی گشتگیری نەتەوەیی- نەژادیی- کولتووریی و زمانیی هەیە، تەفسیر و تەئویل دەکات. کوردی کوردستانەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا هەن، بە واتایەکی تر، عەقڵانییەتی سیاسیی دەبێ بدرێ بەسەر عەقڵیەتی شیعریی و خورافەی شیینوشەپەکردندا، کوردی باشوور و باکوور، بە ناو شیعرەکانی پێشڕەو و بەندبژێرە سیاسییەکانی سەنگاویی و چەتووک تەقاندنەکانی کەوەسیی ...تاد، بکەنەک دەن، بە بازاڕی ئەوانە بکەنەک دەت لە ئاستی لەکاییدا کە خەیان بە پەکەکە دەزانن و هەشتا، کوردایەتیی، دەکەن.

لەمڕووی ماوەی ساڵی رابردووە، بە ڕەگەزگرتن لەوەی کوردی عێراق، تەکنیکی دەوڵەتی عێراق ببێت، هەمیشە درێی ئەوە کراوە کە کورد هەموو ڕەگەزێکی لە گییراوە، بۆیە پێنای بۆ چەک بردووە؟! ڕاستییەکەی ئەوەیە لە سەردەمی شێخ مەحمودەوە کە مورتەزیقەی عوثمانییەکان، دواتر ئیتیحاد و تەرەقیی و کەمالیزم بوو، تا عەمالەتە ئیقلیمییەکەی ئیلول و شەشی گوڵان و شەشی نوە، سەرجەم قیادەی ئەم حەرەکە کوردییە(بارزانیی باوک و کوە و کوەزا، تاڵەبانیی و نەوشیروان موصتەفا...تاد)، مورتەزیقەی ئیقلیمیی بوونە و کاریان، لە کوردستانی عێراقدا، تەخریب بووە و هانی دەندییەکانی صەدام حوسێنیشیان داوە کە قەتوعامی خەڵکی مەدەنیی، باشتر بکات، بە ئەوەی ئەمان دەستکەوتی باشتریان هەبێت(ئاخ بە هەڵەبجەیەکی تر، یەکەکە لەو هیوایەتانەی کوردایەتیی). ئێستا، بە ئەوەی دەستەجەمعیی نەژادیی و نەتەوەیی وەکو سەردەمی تەمەودەکانی شێخ مەحمود شەشی ئیلول و دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی، مەبەستایز بکرێ دژی دەوڵەتی عێراقی ئێستا، لە لایەن نوخبەیەکی نەژادیی و نەتەوەیی ئەوروپانشینەوە، پەنا بە گوتاری یەکییزیی و دەستەجەمعیی کوردیی، لەژێر ناوی کوردبووندا، دەبرێت.

دیارە ئەم کوردبوون و هاوکارییە دەستەجەمعییە، لەم ساڵانەی دواییدا لەناو یەتەپیاکانی کوردایەتییدا، بە حەماقەتکی سیاسیی تر گەڕاوە کە ناوی "یەکییزیی"ان لە ناوە. لە واقیعشدا یەکییزیی نەبەکانی (ئیشرافزادە) کورد، بە تایبەتییش ئەو سیاسیانەی لە پاڵ کوردایەتییدا، بوونە بە میلیاردێر، نەک هاوکاریی دەستەجەمعیی لە دروست نابێت، بەکو زەمەن، زێر درەنگ کەوتووە لەم دونیا جەنجاڵەدا کە مرۆڤی کورد، وەک سیاسیی، فیکریی و کولتووریی خۆی لە خورافاتی دەستەجەمعیی و یەکییزییدا خەرج بکات. وەک ئەوەی

کوردایەتیی، هەر لە ئاستای کوردستانی عێراقدا، نەک دوو ئیدارەیی و دوو طەریقەتییە، بەڵکو ئەوانەی سووکانی ئەم ناسیۆنالیزمە تیجاییە پێ قازانجیان بە دەستەوەیە لە هەولێر، لەگەڵ شریکە دزێکانیان لە یەکێتیی(سلێمانیی)، تا دێت سلێمانیی، گەرمیان و ناوچەکانی کەرکوک و راپەڕین، زەلیلتر دەکەن. بە واتایەکی تر، دوو طەریقەتە(نەقشیی و قادریییەکە) خەیان دەستجەمعییان بەس لە دزیی و راوەووتدا هەیە، بەڵام ئینسانی کوردیان زەلیل، کردووە. کەڵکی نووسەری مەغز فاشیی کوردیش، دەن ئەم عوقدە نەژادییە بووە پاساو دەدەنەوە کە ئینسانی کورد، دەبێ کوبرەیائو عیزەتی نەفسی هەبێ لە بەرامبەر عەرەب و شیعەی عێراقدا و بەهەر نرخێ بووە دەبێ دەست بە قەوارەی دزێکانی هەرێم و دەروازە سنووریەکان و مەلەفی نەوتەوە بگرین و تەسلیمی حکومەتی فیدراڵیان نەکەین و کاظمیی بەر نەفرەتی کوردبوون، بدەین و دەستجەمعیی خەمان، بپارێزین؟

Liah Greenfeld. Cambridge: Harvard University Press, 1992

ئەمەی سەرەوە، بەشی دووەمە لە زنجیرە وتاری "کوردبوون و کوردایەتیی، چەشتی مجۆری نوخبە نەژادییەکان"

لە بەشی سێیەمدا، باسی پێکهاتە کەڵکایەتییەکانی کوردبوون و ئێتنۆسێنتریزمی کوردیی، دەکرێت.

زمان لە پێگەیاندنەوە هەتا تێگەیاندن! … برایم فەشی

گەر مرۆڤ، خاوەنی زمان نەبوایە، لە دارستان و ئەشکەوتەکان دەرباز نەدەبوو! پێشکەوتنی مرۆڤ و جیهان، بوونی فەرهەنگ و کەمەگا، گرێدراوی بوونی زمانە. مرۆڤ بە بێ زمان، بەدەستەاتە و دەستەاتی لە مێشک و زماندا کۆ بووتەوە! کەڵکەگای ئینسانی بێ بێ زمان، کەمەکەمەی زیندەورانە و هیچی تر!
هەموو زیندەوەرانی سەر گۆی زەوی جەستە و مێشک و چەشنێک زمان بێ پێوەندیگرتن لە گەڵ یەکتریان هەبووە و هەیە، بەڵام ئەوان خاوەنی ئەو چەشنە لە زمان و مێشک نەبوون، کە بتوانن خەیان بپارێزن و

ژیانیان بەرەو گۆران بۆرن. وەک داینامۆرەکان کە مەزنترین زیندەوەری سەر وشکانی بوون. ئەوان و بۆژمار باشندە و پەلەوەر و ئاژەڵ و زیندەوەر لە ناوچوون، لە بەر نەبوونی ئیمکانی بیرکردنەوە، تاقیکردنەوە و دەربڕین لە ڕێگای زمان! مرۆڤ گەر ئەو ئیمکانەی نەبایە، بە جەستەی بچکۆلانەیەوە، بەر لە داینامۆرەکان لە ناو دەچوو.
لەناوبردنی زمانی هەر زیندەوەرێک، کارەساتێکی بەردەوامە لە ژیانی زیندەوەرەکە. مرۆڤ کە نەتوانێ بە زمانی دایکی خۆی، بیرو هزر و هەست و تێگەیشتنی خۆی بهێنێتە سەر زمان، ئەو مرۆڤە لە زاتی سروشتی خۆی دادەبڕێ و تا کۆتایی ژیان لە گەڵ کەسایەتی سروشتی خۆی جووت نابێت. زمان پێناسەی کەسایەتی و هۆی سەرهەڵدانی کەسایەتییە. بوون بە مانای ئینسانی بیرکەرەوە، گرێدراوی بوونی زمانە!
مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاد لە سەد ساڵە، بە هۆی سیستەمی فەرکردن و بارهێنان، مێدیایی زاڵ، سیستەمی سیاسی-حکوومەتی- ئیداریی و داسەپاندنی زمانێکی تر، دوور لە سروشتی کەسایەتی خۆی، دوور لە زمان و فەرهەنگ و مێژووی خۆی، بە مەبەستی دوور لە ویست و بەرژەوەندی خۆی و نیشتمانەکەی، بارهێندراوە و بە مەبەستی دەخوازی نەتەوەیەکی تر ئادابتە کراوە، گۆڕدراوە و تێکدراوە.
مرۆڤی کورد لە ڕێگای زمانێکی تر، کە هەنگدانەوەی کەسایەتی و فەرهەنگ و مێژوو و خوو هەفتاری کەمەڵە کەسێکی تڕە، لە گەڵ خۆی و زمانێکی بێگانە کراوە. کەم نیین ئەو کوردانەی لە ژیانی ڕۆژانە و لە هەموو ژیانیاندا، ئەو پێویستییە نابینن بە زمانی خۆیان بنووسن، بخوێننەوە و بیروهزر و تێگەیشتنیان لە ڕێگای زمانی خۆیانەوە دەربڕن. گەلێکی زۆر لە کارمەندان لە سەر هەتا خوار، دەرسوێژی فەرگە و زانستگا، هونەرمەند، پسپۆڕی بوارەکان، خوێندن و نووسینی زمانی خۆیان نازانن و هەست بەوە ناکەن، کەمایەسییەکی زمانی و کەسایەتیان هەیە. زۆرن ئەو کەسانەی کە "زمان" تەنیا لە وشە و ڕستەدا دەبینن و گەر گۆڕدرا و زمانێکی تر لە جێگای داندرا بە یان ئاسایی.
کەم نیین ئەو کەسانەی کە پێیانوایە زمانی دایکی ئەوان، زمانی هونەر و زانست و سیاسەت و پسپۆڕی نییە، هەر بۆیە زمانی دووهەم و سێهەم بە قەرز وەردەگرن و جێی زمانی خۆیانی پێ پڕ دەکەنەوە. ئەم پرسیارە قووڵایی ئاسیمیلاسیۆن بە دەستی کورد خۆی دەردەخات. ئەو موهەندیس و دوکتور و پرۆفیسۆر و شارەزا و هونەرمەندی بێگانە لە خۆی، بێگانە لە هەست و سروشتی خۆی دەبێتە پێژڕی زمان و فەرهەنگ

و زانست و شارستانیەت و شانازی ئەو میللەت و کیانێی، کە ئەوی تووانداتەوە و کەسایەتی لە زەوت کردووە، دەبە لە تەنیایی خۆیدا چ وەامێک بداتەوە کە ناتوانێ هەست و بیر وهزری خۆی لە زمانی خۆیدا هەژمار؟!

نووسەری ئەم دەڤانە وەک شانۆیەداگەگ و داڕێژەری سیستەمی فەربوون و فێرکار، زیاتر لە سی ساڵە ئەم دیاردەیە لە ناو منداڵ و لاوان و بنەماڵەکانیان سەیر دەکات و لایەنەکانی زیانمەندی دیاردەکە لە پرسەی فێربوون تاوتێ دەکات و لایەنەکانی زانستی لە پراکتیکدا لە ناو میللەتانی هەمەڕەنگی چوارقوڕنەی جیهان، کە لە ئاڵمان دەژیین هەڵدەسەنگێنێ. بە ئەرخایەنی دەسەلمێندرێ، ئەو منداڵانەی بە هەر هۆیەک لە فێربوونی زمانی دایک، لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایک، بێ بەری دەکرێن، تووشی کێشە لە پرسەی فێربوونی زمان، تووشی کیشە لە خێ دەرخستن لە ڕەگای زمان، تووشی کێشە لە پێوەندی کەمەڵایەتی، تووشی کێشە لە گەڵ خێیان و هەست و بیروتێگەیشتنیان دەبن. زمانی دووهەم و سێهەم و چەندەم هیچکات جێگای هەمەلایەنی زمانی دایک ناگرنەوە، نە لە ڕووی دەرەوە، نە لە ڕووی ناو و دەروونەوە!

لە حاڵەتی دابڕان لە پرسەی زمانی دایک، ئەو لایەنە دەروونییە، مرۆڤ تووشی زیانی جیددی دەکات، بە بێ ئەوەی مرۆڤەکە هەست بەو نوقسانە دەروونیە بکات. ئەو دایک و باب و بنەماڵانەی خێیان دەبنە هۆی ئەوەی مندال فێری زمانی فارسی ببن لە جیاتی زمانی دایک، زیان بە منداڵەکەیان دەگەینن. حکوومەتی ڕەزاشا و کەسانی وەک محەممەد عەلی فرووغی و سیستەمی شاهەنشاهی و سیستەمی حکوومەتی ئیسلامی و موستەشارەکانی کوردی بوارەکانی فەرهەنگ، هونەر، زانست، فێرکاریی لە دەرێژەی 100 ساڵی ڕابووردو، زیانی دەروونیان بە کەسایەتی، فەرهەنگی و ئینسانی مرۆڤی کورد گەیاندووە، کە ئێستاش بەردەوامە.

ئەوەی زمان یاساخ بکرێ، گوتن، نووسین، خوێندنەوە بەم زمان و ئەو زمان، لێرە و لەوێ بڕبڕست بکرێ، کەس و کەسان تاوانبار بکرێن لە بەر ئەوەی زمانی دایکی خێیان فێربوون، یان فێر دەکەن، لە مەشکی مرۆڤی تەندروستدا ناگونجێ، لە مەشکی مرۆڤی ئاسایی، پایبەند بە مافی ئینسان و لە پلاتفۆرم و قانوونی هیچ وەاتێکی ئەمڕۆی سەر گەی زەمین کە پایبەند بە ئەخلاق و پەڕەنسیپی ئینسانی بن، ناگونجێ!

زمان یاساخ کردن، تەنگ وچەڵەمە سازکردن لە سەر ڕەگای گەشەی زمان، تێگەیشتنی ئەوڕۆیی نییە! ئەوانەی زمان و بوونی کەسان و نەتەوەی جگە لە خێیان، ناڕەسمی، کەم نرخ، بەبایەخ سەیر دەکەن و سەرەڕۆیانە زمانی میللەتانی تر بە زاراوە و بن زاراوەی زمانی خێیان، لە ڕگای درێ و چەواشەکاری لە قەڵەم دەدەن و بەرگی

دڕیینی زانستی بە بەردا دەکەن، بە پێی یاسا و دەسای باوەڕکراو، لە ئیزی تاوانباران، دەژمێردرێن!
ئەمڕۆ بە دەگمەن وڵات لە جیهان هەیە، پشت ئەستوور بە قانوون و ڕەسای هەسمی وڵاتەکەی، فەرمانی زیندانیکردنی مرۆڤ، بە تاوانی فڕکردنی زمانی دایک دەربکات، جگە لە یەک وڵات. لەم وڵاتە بە ناوی خودا و ئیسلام دەست دەبڕن، ژن بە زیندوویی لە چاڵ دەنێنن، خەڵک لە سەر شەقام هەڵدەواسن، ئینسان لە چیا و شاخەکان بار لە کۆڵ ئاو دەکەن. ئەم وڵاتە، هەمان وڵاتە کە شارەکانی یەنانی ئاگردەدا، هەمان وڵاتە کە چاوی ئینسانی دەردێنا و مرۆڤی بە زیندووی کەوڵ دەکرد و قورقوشمی داخی لە گڕووی نیارانی خۆی دەکرد. ئەوان لە کتێبە کۆنەکانیان، باسیان لە هۆشت و ئاکاری خۆیان دژ بەوانی تر کردووە و ئەم ئابووردوی خۆیان بە شارستانیەتی چەند هەزار ساڵە بە خەڵکی جیهان فرۆشتووە!
ئەوان پێ بە مێژوویان ئاکاری نامرۆڤانەیان دژ بە مرۆڤی کورد و وڵاتەکەی ئەنجام داوە. ویستوویانە و دەیانەوێ ئەو نەتەوەیە لە ناوخۆیاندا بتاوێننەوە، یان لە ناوی بەرن. ئەوان توانیان کورد بەرەو ئێرانی بوون بکێشن، کە خۆ دیتنەوەیە لە ناو زمان و فەرهەنگ و مێژوو و کیانی فارس. کورد هەیە خۆی مێژووی خۆی چەواشەکارانە نووسیوەتەوە، خۆی بە ئێرانی هەسێن بەوان فرۆشتووە، خۆی منداڵەکەی خۆی ئاسیمیلە کردووە!
لەم وڵاتە حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن و ئاڵترناتیڤەکان، بە یەک زمان، بە یەک فەرهەنگ و بە پێی یەک ئیدئۆلۆژی دەدوێن، ئیدئۆلۆژی یەک چەپەک، یەک خودا، یەک ئایین، یەک وڵات، یەک نەتەوە. چ ئەو کەسەی پەت دەخاتە ملی حەبسکراو، چ ئەو کەسەی حکووم بە زیندان و ئیعدام دەردەکات، چ ئەوەی بە ناوی زانست هاواری نەمانی ئەوانی تر دەکا و چ ئەوانەی بە ناوی هونەر و فەرهەنگ خۆیان بادەدن. هەموو بە یەک زمان دەدوێن، زمانی تووانەوەی ئەوانی تر! ئەوان لە هەموشتێکی نوێ و کۆنی جیهان کەڵک وەردەگرن، بە ئەوەی نەگۆ و ناشارستانی و نادەموکرات بمێنن. ئەوان لە هەر بەرگ و جامێکدا، بە هەگای باپیرانیاندا دەڕۆن!
وەرگرتنی زمان لە ئینسان بە هەر شێوەیەک و بە ناوی هەر ئایین و ئیدئۆلۆژی و لەژێر هەر تێگەیشتن و بۆبیانویەک، جنایەتە و بە پێی یاسا و هەسای سەردەم لە ژێرپێنانی مافی بنەڕەتی مرۆڤە. حکوومەتی ئیسلامی کە زیاتر لە چل ساڵە بە ناوی خودا و ئایین موژدەی ڕزگاری ئینسان و موژدەی یەکسانی و بەرابەری نێوان موسڵمانان جاڕ دەدات، بێ ئاسایی و قانوونییە، زمانی ئینسانەکانی تر یاساخ بکات، بێ ئاساییە هەگریی لە زمان بکات. بێ ئاساییە خەڵک لە مافەکانی بێ

بەری بکات و لە زیندان تووندیان کات و بەرەو پەتی سێدارەیان بەرێت؟
حکوومەتی ئیسلامی زمانی نەتەوەکانی تر بە زمان نازانێ و زمانی فارسی بە سەر خەڵکانی نێ فارسدا سەپاندووە و فێربوونی زمانی خەڵکانی تری یاساخ کردووە. دژگای قەزا و داد و عەدالەت، کە کراوەتە لقێک لە دژگاکانی ئەمنیەتی و مافیا(سیاسی-نیزامی-ئابووری- ئیدئۆلۆژیک)، بە پێی فەرمانی شاراوە، بەیار لە سەر خەڵک دەردەکەن.
قازیەکانی حکوومەتی ئیسلامی، فەرکردنی زمانی کوردی، وەک دژایەتی" ئەمنیەتی نەتەوەیی" خەیان دەبینن و حووکمی دە ساڵ زیندان دەردەکەن، هەر وەک چۆن دە ساڵ زندانیان بە تاوانی پارێزگاریی لە "مافی مرۆڤ" بە سەر سەدیق کەبوودوەندا داسەپاند، هەر وەک چۆن حکوومی سێدارەیان بە سەر فەرزادی دەرسوێزدا داسەپاند، هەروەک چۆن لە درێژەی حکوومەتیان هەزاران هەزار کەسیان بە سووچ، بە بیانووی "تهدید ملی، مفسد سەر ئەرز" لە ژیان بە بەش کرد.
ئەم تێگەیشتنە فێربوونی زمانی کوردی و کوردبوون بە "تهدید" دژ بە کیانی خۆی دەزانێ. گەر منداڵی کورد داوای مافی خۆی بکات، خۆشویستی بە دار و شاخ و بەردی وەتەکەی بنوێنێ، حکوومەت و دژگاکانی ئەمنیەتی و سیخوری و داد، بە "تهدید" دژ بە خەیان وەری دەگرن و لە کاتاڵگی ئەواندا منداڵی کورد ئەو کاتە ئازیز دەبێت، کەخۆشویستی و داوا لە خەیدا بکوژێ و خۆی لەوان و زمان و مێژوو و کیانیاندا ببینێتەوە!
سیاسەتی حکوومەتی ئیسلامی لە سەرەتا هەتا بەمڕۆ، تووانندنەوەی فیزیکی و گۆڕینی ناسنامێ و پەروەردەکردن و بە ئەرانیکردنی کورد لە کوردستان بووە. بە بەمباران، وێرانکردن، ئاونان، چۆڵکردنی گوندەکان، کووشتن، مەحروومکردن دەستیان پێکرد و لە هەمان کات بەشکی بەرچاو لە خەڵکی کوردیان بە لای خەیان ئاکۆشا و لە ژێر سایەی خەیاندا پەروەردە و پەروار کران. ئەو کەسانە و منداڵ و نەوەکانیان، لە درێژدا بوون بە دەست و چاو و گوێ و تانەت سەری حکوومەت لە کوردستان و ناو سیستەم. بەشکی زەر لەو کەسانە دەور و ئاڵی خەیان لە هەموو ئاست و لە هەر بوارێکدا دەگۆڕن و لە ناو و دەرەوەی حکوومەت کورسی و شوێنی خەیان هەیە. هەندێک لەوانە وەک سەردەمی ئازاشا دەوری تئەریسین دەگۆڕن و لە هەمان کات بە شارەزایی تەواو کاری ئێکخستن ئەنجام دەدەن، ئەم کەسانە لە ناو کورد لە دەرەمانەوە لە بەرگی جیاوازدا هەبوون، جار ناسراون و جار نەناسراو ماونەتەوە!
لە تئەری، تێگەیشتن، سیاسەت و بەرنامەی حکوومەتی ئیسلامی-دا،

ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، گەشەساندن و گەشەدان، پەشکەوتنی خەڵک و وکەمەگا و هەر وەها بە هەسمی ناسینی نەتەوەیەک بە ناوی کورد، جگای نەبەتەوە و بە پەی هەموو بەگەکان، بەرنامەژی، ئامار و کردەوەیان، کەلەکتیوەک بە ناوی کوردستان کە چەند"ئوستان" لە خەگرێ، بە عەمد و بە پەی پلان هەسمیەتی نەبووە. دەیان نموونە هەیە کە بودجە، پرۆژە بە ناوی ئوستانەکانی کوردنشین وەرگیراوە و لە دەرەوەی کوردستان جێبەجێ کراوە. بوودجەی ساڵانە و پێنجساڵانەی هەموو ئوستانەکانی کوردنشین لە هیچ بوارێکی سەنعەتی، کەمەایەتی، ئاموزشی، فەرهەنگی، هونەریی، عومرانی، بنیاتنان، ئابووریی، لە گەڵ ئوستانگەلێک ئیسفەهان، فارس، خوراسان، تاران، ئازەربایجانی هەژدەهات بەراوەرد ناکرێ. گەلێک لەو پرۆژانەی کە لە بواری فەرهەنگ، زمان، هونەر لە لایەن موستەشارەکانی هەماهەنگی حکوومەت لە کوردستان بە ناوی نوێنەر، ئوستاندار و فەرماندار و شاردار و شوڕا و رییسی فەڵان شوێن و فەڵانە ناوەند و شیرکەت و دامودەزگا و تاکە کەس لە ماوەی چل و یەکسال پروپاگەندەیان بە کراوە، یان هیچکات تەواو نەبوون، یان هەر لە سەرەتاوە پرۆژەکە لە سەر کاغەز بووە، وێنەی لەو چەشنە لە نێوان زانستگای کوردستان و ئوستانداری کوردستان لە ساڵانی پەشوو هەبووە، هەروەها زانستگاکانی شارەکانی کوردنشینی ئازەربایجانی هەژئاوا، کرماشان و ئیلام تەکەڵ مامەڵاتی لەو چەشنە بوون.

حکوومەتی ئیسلامی سەرجەم دەزگای تەبلیغاتی، مەدیا، سیستەمی"ئاموزش و پەرورش"، ئیرشاد و سەرجام دامودەزگای نیزامی و ئەمنیەتی خەی بە کونترۆڵی مەشک و زمان و بەلاڕەدابردن و چەواشەکاری مرۆڤی کورد بەکارهێناوە. شانۆ، سینەما، مەدیا، کتێب، هەژنامە، گۆڤار، هادیۆ، تەلەویزیۆن و هەرچی هەیە لە ژێر کونترۆڵ دایە و هونەرمەندە، نووسەر، فەرهەنگساز، پسپۆڕی ئەم بوار و ئەو بوار خەیان هاهەناوە، کە چۆن بنووسن، چۆن قسە بکەن، چۆن بەرهەمی هونەریان بە پەی نەخشەکانی دەزگاکانی کونترۆڵ و سانسەر و ناوەندەکانی ئەمنیەتی جێبەجێ بکەن! لە جیاتی گۆرینی بارودۆخ، بەرهەم و کەسەکان گۆڕاون!

لە وەاتەکدا کە بەرهەمی فیلم، شانۆ، کتێبی هاوردە لە دەرەوە، دوور لە هەر پێنسیپک تەک دەدرێ، دەبێ چۆن مامەڵە لە گەڵ زمانی نەتەوەیەکی وەک کورد بکرێ، کە سەرجەم حکوومەت و دەزگاکانی لە خەیانی نازانن و بەردەوام دژ بە هەموو پەکاتەکانی بوون و پلان و بەرنامەیان لە دژی دارشتووە.

زمان کە سەرەکیترین سیمای کەسایەتی کەسەکانە، لە دەرزەمانەوە هووبەووی تەنگ و چەمە بووە و بە حکوومەتی ئیسلامی دەستی

پەنەکراوە، بەڵام لە حکوومەتی ئەواندا سەرەڕای ئیزنی چاپی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، بەردەوام ناوچەیی مامەڵەی لە گەڵ کراوە، ئەوەش هەمان سیاستە کە لە حکوومەتی پەهلەویی بە حکوومەتی ئیسلامی بەجێ ماوە. زمانی کوردی تەنیا لە بازنەی جوغرافیای ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی گردوکێ ناکرێ و بە چەند کەس لە ژێر چاوەدێریی دەزگای ئەمنیەتی حکوومەتی ئیسلامی "چاکە" بە خێیەوە نابینێ. زمانی ٥٠ میلیۆن کورد لە کۆکی چەند کەسیدا جامەی ستاندارد ناکرێتە بەری. ئەوەی حکوومەتی ئیسلامی و حکوومەتەکانی بەر لەوان بە سەر زمانی کوردیان هێنا، ئیسلام و عەرەب بە سەر زمانی فارسیان هێنا و ٢٠٠ ساڵ نیانهەشت زمان و پێنووسیان بە فارسی بگۆڕێ، ئەوان دەبوو دەرس لەو مەژووە و مەژووی خێیان وەرگرن. کارەساتە کە ئیسلام و عەرەب بەسەر ئەوانی هێنا، ئەوان بە سەر کورد و ئەوانی تریان هێنا!

ئەو ترس وەحشەتەی بە خەڵکیان ساز کردووە، ترس و وەحشەتی ناوخێیانە کە دەریدەخەن و هێدی هێدی لێیان دەبێت بە کابووس. سەڵەی بەر لە ئەوانیش تووشی ئەو کابووسە هاتن، ئەوان ڕێشتوون و مناڵی کورد بەردەوام زۆرتر لە جاری جاران بە زمانی کوردی دەنووسن و دەخوێنن. ئەمجارە ڕۆژەی کورد بە پێنووسەکانیان لە گۆڕیان ڕووبەڕوو دەبن. ئەوانەش کە لە ئەوە دەترسن و دەنگ هەڵنابڕن و داوای مافی خێیان ناکەن و خێیان کلا ناداەگرن، هەر وەک ئەوەن، تەوفیریان نییە.

مناڵانی کورد، پێویستیان بەو مامۆستایانە نییە، کە داموودەزگاکانی ئەوە، بەوانامەیان پێدەبەخشن. دەرسوێژانی زمانی کوردی بەوانامە لە دەزگاکانی ئەمنیەتی، نیزامی، ئیدئۆلۆژیک، سیخوڕیی وەرناگرن! دەزگاکانی ئەمنیەتی، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک سەڵاحیەتی زانستییان نییە، ستاندارد بە زمانی کوردی دیاریی بکەن. مەشرووعیەت لە لای دەزگاکانی حکوومەتی ئیسلامی نییە! هەر کات زانستگای سەربەخۆ، پشت ئەستوور بە زانست، دوور لە ئیدئۆلۆژی- دەزگاکانی ئەمنیەتی- نیزامی- سیخوڕیی، سیاسی دامەزرا، دەرسوێژ، بە مەیلەوە پشت بە زانستی زانستگاکان ئەبەستن.

ناوەندەکانی فەرهەنگی و دەرسوێژەکانی زمانی کوردی تاوانبار نیین، ئەوە تاوانبارن کە قانوونی دەستنووسی خۆتان ژێرپێ ناوە و ئەرکی ئەوە کەوتە ئەستۆی ئەو کەس و ناوەندانە کە کاری نەکەردەی ئەوە دەکەن. زانستگا و وەزارتخانەکانی ئەوە تاوانبارن کە بە ئەرکی خێیان هەڵناستن و بەرد دەخەنە سەر ڕێگای ئەو کەس و ناوەندانە کە کاری نەکردەی ئەوە دەکەن. داموودەزگاکانی ئەمنیەتی و نیزامی و سیخوڕیی و ئیدئۆلۆژیک و ئایینی ئەوە تاوانبارن کە هەر جوڵەیەکی

مرۆڤی کورد لە کۆبەرەوە هەتا دەرسۆڕی زمان، گرانیبڕ، نووسەر،شاعیر، پێکەرساز، کارمەند بۆ چاوی ئەمنیەتی سەیر دەکەن و کوردستانتان کردۆتە پادگان و مۆگەی شۆخوازی خۆتان. ئەوە تاوانبارن کە هەر کەس جگە لە خۆتان بە تاوانبار دەزانن. ئەوەن کە فەزای ئەو وڵاتەتان کردۆتە ئەمنیەتی و لە هەر سووچێک دەستەی گشتاپۆتان بەدوویە.
بەشکم لە زمانی ئەم نووسینە، کە زمانی کوردییە، تێبگەن!

برایم فەشی
ئاگۆستی 2020

خۆزگەی زیـــــخ شیعـــــر … جەلال عەبدوڵا ساڵح

زۆر جار ویستووم شیعر نەنووسم بەڵام کاتێک شەو گازی لێگرتووم پەنام بردۆتەوە
بۆ لای ئەم دەلالەتی ڕاستگۆی شاعیرە لە گۆڕ وشە و دنیایی نوسین، نهێنیەکە لەوەدایە
من بۆ پەی مامەم و ناسیاوەم لە گۆڕ دەقی شیعریدا بۆ ماوەی ٤٠ساڵ کەچی هەشتا
نایناسم هەر جارەی بۆ جارێک خۆیم پیشان ئەدات، جوانی شیعر لەوداییە سنووری
نیشتمان و جیهان تەدەپەڕێنێت.

شیعر دەکرێت مەرگی کارپێکی بێت پێش لەدایک ووونی یان شەشەک بێت دژی شتێ
ناشیرینییەکانی ژیان، دەکرێت تەماشاکردنی تەرمی غوربەت بێت لەسەر تەختەشۆری
مانفا، یان خۆزگەیەک بێت بۆ دونکێک "زیخ" کاتێک مرۆڤ هەشماندانە هەست دەکات
بووتە کاڵا.

خۆزگەی زیخ
شیعر {جەلال عەبدوڵا ساڵح}
تەرەنتە_ کەنەدا
١
ئەگەر
لە "ماڵ"ی ئاوەدانی
دەنکەک "زیخ " دەبووم
'پیاو'ێک
وەک سەبەری 'برا'کەم
بە "تفەنگ'ی تەقەوە
دووام نەدەکەوت
جانتاکەم پەنەدەبوو
لە 'قالەنچە'ی 'غەریب'ی
ڕۆژی دەجار
لە بەردەم
'گوێ'ی 'ژن'ێکدا
نەدەنووشتامەوە
بە تەزەک پێکەنین
بە مشتێک دەنەوایی
٢
ئەگەر "چاو"ەکی
ڕەنگ خەڵەمێشی دەبووم
هەموو ڕۆژێک
خەمی باخچەم نەدەبوو
نەمدەوت:
ڕەحانە
بە بەنی ناخۆش؟
بە شاو بە تریفە"
میوانی دەبەرە؟
بە دەبەت
بە پەیژەی "مەنفا"دا
سەرکەوم
تا قەپێک
لە سەوی
"ئادەم"ی

شە بگرم
٣
ئەگەر" زیخ"ی
ناو باوەشی
چەمک دەبووم
نەمدەناسی
"تفەنگ"ی مەرگی کەترەکان
نەدەبووم هاوبەشی
"جەنگ"ی
"مرۆڤ"ە گەشتخەرەکان
کەسان بە کەسان
'سەگ'ی حیزب
دوام نەدەکەوت
بەنی نەدەکردم
لە بەردم کەلاوەی ژیان دا
"ئەو"ی
مەزهەب
٤
ئەگەر
لە کەناری چەمک
دەنکەک زیخ دەبووم
"ئاین"ی
بە دیاری نەدەکردم
"باوک"م
نووشتە"ی " فە"ی
هەنەدەواسی
بە شانی تەمەنم دا
"دایک"م
نەیدەیخستمە گەوە
"دەست"ی جەلادی باەندە
نەدەگریام
بەلای باخی سووتاوی
گوندەکەم و
درەختی مەژووی
'شەهید'ەوە
هەمنەدەمژی
ژەهری "شار"ی باپیرم

لە بەرچاوم دا
سەریان نەدەی
بە شمشێری ئایەت
تاوسی
" زەردەشت"م
٥
ئەگەر دەنکێک "زیخ"ی
ئەسمەر بوومایە
لەسەر پشتی گۆڵایەک
قاقا پێدەکەنیم
بە پشتی کووی
"با"ی لێکەوت
مژدەی ژیانەوەی ئاوی
بە دەهێنام
باران
کراسی ئاسوودەیم
لە بەر دەکرد
لەگەڵ گەرانی هەتاو
دەچووم بە شایی
چەو و لم
٦
ئەگەر "زیخ"ی
ناو "تاق"ی
کەنارێک دەبووم
نە هێزی کارم دەناسی
نە حەپەحەپی
خاوەن گارگێ
نە هەشمەندیم
دەبەخشی بە پارێ
نە دەبووم هاوڕێی
"سەگ"ی مەنفا
چارەنووسم نەدەبووێ
کەفی دەمی سەگێ
کاتێک
لە خاوەنەکەی دەوێ
٧
ئاخ ئەگەر "زیخ"ی

ناو ‘حەوز’ی باخ دەبووم
نە چاوی
پڕ لە فرمێسک و
نە بریەنی پشتی
‘دڵ’ەکم دەبینی
نە گوڵم لە ‘مەچەکچ’ی
‘دەم’ی تووتڕەکانی دەبوو
نە پێیان دەوتم:
باخەوان
باروت دەخاتە
ناو میوەوە
دەرخواردی
‘ورچ ‘ی
دووگیانی ئەدات
٨
ئەگەر “زیخ” ی
ناو “دە”ی
دەریا دەبووم
ئەوکاتە
دایکم
کتێبی گۆڵای
بەرزنەدەکردەوە لەم
لەزەت لە میووەی
باخ نەبینم
براکانم
نەیاندەخستمە
سەر پشتی ‘با’ی ئەژگار
لە تەنەکەی “دڕە” یان نەئەدا
لە ناو شاری گەمژەیی دا
منا ڵەکانی عەشیرەتم
نیشتمانیان ‘نەدەفرەشت’
بە پەکەنینەکی
” گەمژانە”ی
ئاخوون
“هاوڕە”کانم
لە گۆڕەکی بیرەوەری دا
نەدەگریان

بەدوای تەرمی غەریبیم دا
٩
ئەگەر "زیخ"ی
ناو دەی ئەقیانووس دەبووم
ئەوکاتانەی بەتاقەتی
گەوجی دەکردم
دەستم دەکردە ملی
"لم"ی هاوەم
ئەواران کاتێک شنەبا
ماچی بانەدەکانی دەکرد
سەردانی
'کچ'ی 'چەو'م دەکرد
هەواڵی
باڵی شکاوی
شەپۆلم
ەەدەپرسی
دەچووم بە گەەکی قەوزە
گەەم دەگرت
لە گەرانی بەق
یاریم بە "سمەل"ی
مەشوولە دەکرد
خەم هەەئەدایە
سەر پشتی کیسەەی پیر
لەم کەنارەوە دەیبردم
بە ئەوبەری قەراغ چەم
لەسەر برەی قرژاڵ
دادەنیشم
تا بمگەیەنێتە
بنی ئەقیانووس
بەئەوەی تەماشای
شایی
"کیسەە" ی پیر بکەم
دەچووم بە ئاهەنگی ماسی
هەەدەپەەیم
لەگەە قرژاڵی حەوت سەر
بە "حووت"م دەوت:
بمهاەە

قووتم بدێ
تێ لێ مرۆڤ جوانتریت
"چۆک" ت نییە بمکوژیت!

ژمارە ٦ی رۆژنامەی هاوت

بۆ خوێندنەوەی ژمارە ٦ی رۆژنامەی هاوت ... کلیکی ئێرە بکەن ...

لوبنان دوای تەقینەوە گەورەکەی بەیروت ... محمد باپیر

دوای تەقینەوە گەورەکە، تەمەتبارکردنی وڵاتان و حیزبەکانی لەکەوتەوە، بۆتایبەت تەمەتبارکردنی حیزبوڵا لە لایەن بەشێکی زۆری هاووڵاتیاتی بەیروت، کە فرۆ ئاینن، هاوکات شۆش وڵاتی عەرەبی داوایانکرد کە گەمارۆی چۆک لەسەر ئیران تووندتر بکرێت.
دواجار خۆکی لوبنان خۆپیشاندیان ئەنجمدا و سەرۆک وەزیران دەستی لە کار کێشایەوە.
قسە گەورەکە ئەوەیە، ئایا فۆنسا هەوڵدەست و خەمخۆریکەی بە لوبنان و هاووڵاتیانی لوبنان چی دەبێت، کە لە هەمان کاتژ نیگەرانی خۆی ڕاگەیاند، لوبنان کە پێشتر لەژێر دەستی فۆنسا بوو، لەدوای خۆی کاریگەری و کەلتورکی لەدوایخۆی بەجێ هێشتبوو، کە بەیروت پایتەختی پێکەوە ژیان و نەش و نمای پێشکەوتنی گەشتیاری و پەروەردە و خوێندنبێت، هاوکات گەلی عەرەبی هاوسۆزی و دڵخۆشی زۆریان بە بەیروت هەیە، ئەو بەیروتەی هۆگ و ێیشۆی لەناو نوسەر و ئەدیب و فیکرزانکان و هونەرمەندانی عەرەبی و جیهانیدا داکوتاوە. بەیە بەیرووت گرینگ و قوربانیکان و وڕانکاریکانیشی

بەهەمان شێوە گرنگن، بەڵام بەهۆکاری جوگرافی ونزیکی لەگەڵ ئیسرائیل و سوریا و ئیران کاریگەرییکی نەرێنی خراپی لەسەر، لە دەربارەی دەست تێوەردانی وڵاتان گواستنەوەی چەک و پلانگێڕی، هەربۆیە دورخستنەوەی دەستی ئێران و وڵاتان لە مەسەلەی لوبنان گەورەترین هاوکارییە بۆ گەلی لوبنان کە بەبێ مەترسی بژیتن، چارەسەری سیاسی بریتیە فەدانی چەکی لەلایان حیزبوئڵڵا و گروپە تووندڕەوەکان، هاوکات باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی لوبنانە کە ماوەیەکی زۆرە خەپیشاندانی بەردەوامیان هەیە.
گەلی لوبنان و پایتەخت کە بەیروت، وشیارییکی زۆر باشیان هەیە لە هەموو هەڵوێستێکی ئاوەژو پێیوانەدی بۆ گەشتیاری و تەکنەلۆژیای ئاینەکان و کەلتورەکانە، ئاوەژو خەڵکی گرنگە کە دوبارە لوبنان خۆی ڕزگاربکات لەدەست کەمەک فاکتەری نەرێنی کە ژیانی هاوڵاتیان لەمەترسیدابێت، ئەو وشیارە لە بچوکترین شتبوو کە شاریان پیس ببوو لەبەر پاشماوەکان خەپیشانەدانیانکرد، یاخود کاتێک لە پەگرامی خوێندن گرانیبەڕ (فەیرز) لە پەگرامی خوێندن هیندرایە دەرەوە، ئەوا خەنیشاندان و ناڕەزایی هەبوو، ئێستاشی لەگەڵبێت بەیرووت تێکۆشانی بۆ ئازادی و تاک سەروەری و ڕەتکردنەوەی دەستبەسەری بەردەوامە.
دەکرێت بە هاوکاری فەمینسا و وشیاری خەڵکی بەیرووت و کەمەک خەمخۆری وڵاتانی عەرەبی، لوبنان لەناو کەمەک قەیرانی ترس و تەقینەوە و دەستبەسەرداگرتنی لەلایان هێندێک گرووپی لاساری بکرێگیراو ڕزگار بکرێت و لوبنان بگەڕێتەوە بۆ ڕێوەک، بەڵام ئەو پارچانەی لوبنان کە دابەش بوونە بەسەر کەمەک لایەن و کەس دووبارە پاکبکرێنەوە، کە ئاوەژو پێویستی بە بڕداریکردنی نێودەیەکگرتوەکان و خەڵکی ڕاستەن و ڕۆشنبیری لوبنان دەکرێت.

محمد باپیر چاودێری سیاسی

پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیار

لە کورتە چیرۆکی " نەنکم (کۆتان)" ی جەلال قادر داعەبدوڵا سەلمان (مەشخەڵ)

دەق و لێکدانەوە

دەقی چیرۆکەکە

نەنکم (کۆتان)

لەسەرەتای ساڵانی حەفتەکان منداڵێکی بچکۆلانە بووم، لەگەڵ براو خوشکەکانم لە خانوویەکی بە خشت دروستکراو لە گەڕەکێکی هەژارنشینی پێ لە قوڕوچلپاو دەژیاین . نەنکم (کۆتان)ش کارەکەری ماڵەدەوڵەمەندەکانی دەکرد، بە تەنەکە و خشت وکەرتە بلێک ژوورێکی لە گۆشەیەکی خانوەکەمان دروست کردبوو.
لە سەردەمی منداڵیم بە پرسیارکردن هەموو کەسێکم بێزار دەکرد ، لەبیرمە نەنکم لە گیرفانی سەتەکەی شیرینیەکی دەردەکرد و پێیدەدام ، دەیگوت : دەمت داخە چیتر پرسیار مەکە.
وەک لەبیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو . دەمگوت : دەبێ خەنگیان چەن بێت و منداڵەکانیان بەچی یاری کەن ؟ هەمیشەش خەیاڵم لای ئەوە بووە هۆڕێک لە هۆڕان نەنکم لەگەڵ خۆی بمبات ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بۆنی چەشتی ناو مەنجەڵە کەم.
هەموو بەیانیانێک بەدوای نەنکم (کۆتان) هاودەکرد و دەگریام ، دەمگوت بمبە لەگەڵ خۆت. تا هۆڕێکیان دێی نەرمبوو پێکەوە سواری (تەمسەکانی) شار بووین، چووین بۆ گەڕەکی (عەرەفە) کە کۆتەتە قەراخ بیرە نوێکانی شارەکەم .
نەنکم ژنێکی قەڵەو و بەخێو بوو کاتێ هێی دەکرد ئۆژنەکانی ئازاریدەدا ، من لەبەردەمی هەبەزهەبەز هاودەکرد و دەمەوانیە ئەو لقە دارانەی کە سۆو و پرتەقاڵەکانیان بەسەر دیواری دەرەوەی ماڵەکان شێ ببوونەوە.
وتم : نەنە ئەرە بەهەشتە ؟

- ئەی پەنەگەی …پەمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە!
- نەنە دایکم پێیگوتم بەهەشت پێ لە سۆو و پرتەقاڵە!

نەنکم وەتا مامی نەدامەوە .. بەس من و براکانم ئەو خواردنانەی نەنکم بە مانی دەهێنایەوە ناومان نابوو (خواردنکانی بەهەشت) ..چونکە لەماڵی ئێمە بە مانگیش بەنی گۆشتمان نە دەکرد، بە ساڵیش جل و بەرگی جوانمان نەدەپۆشی. جەژن بەجەژن باوکم لە توانای بوو پارە کە بکاتەوە و کراسکی نوێ بە برا و خوشکەکانم بکڕێ. من نەگبەت بووم هەرچی کراسی برا گەورەکەم هەبوو بیان هەدەگرتم و دەبوایە لەبەری بکەم. خوا خێری نەنکم (کەتان) بنووسێ جار جار کراسی ڕەنگینی بە دەهێنام .
لەبەردەم دەرگایەکی مەزن ڕاوەستاین نەنکم شارەزا بوو دەستی بە دوگمەیەکەوە نا دەرگا کرایەوە. یەکەم جارمبوو چاوم بە حەوشە و باخچەیەکی وا فراوان بەن خۆش بکەوێت. چوار ئەوەندەی ماڵی ئێمە دەبوو وتم : نەنە بە دەرگاکەیان ئەوەندە گەورەیە ؟ وتی : کوڕم ئەوە ئەتەمبیلی پێ دەتە ژوورێ !
لە باخچەکەیان جێلانێک دانرابوو بەپێلە ڕامکرد تا سواری جێلانەکە بم کەچی پێم لە فریزی باخچەکە خزا و بەسەردەم کەوتم . خەریک بوو بگریم، کاتێ نەنکم بینی پێشیمان بوومەوە گوتم گەر بەزاری کەم جارێکیتر نامهێنتەوە بە ئێم بەهەشتێ !
نەنکم وتی : کوڕم پێێ مەکە ئێمە تا ئێوارێ لێرەین .
ئێمە تەنیا ڕۆژانی جەژن دەچووین بە سەیران و سواری جێلانە دارینەکان دەبووین، کەچی لێم ماڵێ هەموو ڕۆژێک سەیرانە. بەیە گوتم ئەگەر بگەڕێمەوە ماڵ بەدایکم دەڵێم با فڕێ نوێژم بکات بەکو خوا ئێمەش بنڕێ بە بەهەشت. بەو خەیاڵەش نوێستام دەمگوت منداڵانی گەڕەکیش فڕێ نوێژ دەکەم تا ئێوانش کشکەکیان هەبێت و تێربن لە خواردن و میوە خۆشکانی بەهەشت !.
نەنکم بینی دەستی کرد بە گیرفانی سەتەکی و کلیلکی بچکۆلانەی زەردی دەرهێنا و دەرگای ژووری ماڵەکی کردەوە و چووە ژوور ..منیش جێلانەکەم بەجێهێشت و بەدوای نەنکم خەم کرد بە ژوورا .
ناو ماڵەکە هەڵکی فراوانی لێبوو، لەناوەڕاستیدا مێزکی دار ساجی درێژ و پان، شەش کورسی بەدەور دانرابوو. بە نەنکم وت : نەنە ئێم ماڵێ لێرە دادەنیشن و نان دەخۆن و دەنوون؟
وتی : نا کوڕم ، لێرە نان دەخۆن ، ژووری نوستنیان جیایە!.
لە ژێر پەنجەرەی چێشتخانەکە مەخسەلێکم بینی چەند

پەرداخێکی شووشەیی گوڵداری لەسەر بوو . نەنکم دەستیکرد بە شەرینی پەرداخەکان ، منیش لە پەنجەرەکەوە دەمتوانی کەپرێک ببینم بە بەفر داپۆشرابوو ، مەزوکورسی قەفەز داری لە ژێرا بوو .
لە بیرمە دایکم دەچوو بە ناو زەڵکاو قامیشەڵانی دەم خاسە هەرچی لقە قامیش و حەیزەران هەیە کەی دەکردەوە. پاشان بە پەنجەکانی پێی دەیچنی و حەسیری لە دروستدەکرد و لەسەری دادەنشتینن، سەبەتەیەکشی دروستدەکرد بە نانە ڕەق .
نەنکم دەرگای دەلابەکی کردەوە پڕ بوو لە میوە و شەربەت. ئنجا دەلکەیەک ئاوی ساردی دەرهێنا و پەرداخە ئاوی ساردی خواردەوە ..نیوەی پەرداخەکەی پڕ لە ئاو کرد و دایە دەستم .
منیش ئاوەکەم خواردەوە بەڵام پەرداخەکە بەنەکی سەیری لەوە دەهات .
ئەمە لە ماڵی خەمان بە جامی فافۆن ئاومان دەخواردەوە. لە جیاتی دەلکە شەربەیەکمان هەبووا!.
بە نەنکم وت : نەنە ئەم دەلابە سپییە چییە ؟
- : کۆم ئەمە سەلاجەیە ، شت بە ساردی ڕادەگرێ!
ئەمەش لە ماڵەوە لە ژێر نەردەوانەکەمان کوپەیەکمان هەبوو ئاوی بە فەنکی ڕادەگرت!.
ئنجا نەنکم هەڵشەی لەکردم وتی : نابێت دەست لە هیچ شتێ بدەیت ..چیت ویست داوا لە من دەکەی. ئەگەر عاقڵبیت دوو چوکلێتت دەدەمێ .
دڵی خۆشکردم ..بەچوکلێتەک دەممی شیرین کرد .
ژوور بە ژوور منی لەگەڵ خۆی گردا ..ژووری خۆوی منداڵەکان پڕ لە بوکەلانە و جۆرەها یاری بوو.
- : نەنە من تا ئێوارە لەم ژوورە یاری دەکەم و نایەمە دەرێ .
- : نا کۆم نابێت تە دەست لەو یارییانە بدەیت. ئەمانە هەمووی یاری کوڕە گوندەکیانە ، دایکی بە یادگاری بۆی هەڵگرتوون .
بە دیواری ژوورەکە وێنەی منداڵەکم بینی وتم : ئەوە نییە نەنە منداڵیان هەیە .
نەنکم وتی : نا کۆم ئەوە وێنەی منداڵیەتی ..ئێستا ئەم کوڕیان گەورە بووە .
- : ئەی نەنە بە ئەمە هیچ وێنەیەکمان نییە لە ماڵەوە.
- : نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!
لە بیرمچوو بەڵێنم دابوو لەم گشتەم دەمم داخەم. ئاخر چۆن دەکرێت ئەم شتە سەیروسەمەرانە ببینم و پرسیارنەکەم !.

وەنەکە وەک لەزگە بە قەد دارکاوە نووسا بوو، کوەکە فانیلەیەکی شینی خەت سپی لەبەردابوو . هاتە یادم هەمان کراس بوو براکەم لەبەری کردبوو بە هەژی جەژن . پێکەنیم .. بەم ئاشکرا بوو کە براکەشم کەنە کراسی ماوە دەوەمەندکان لەبەر دەکات .
لە ژوورکانیتر کەمەک وەنەی ئەندامانی خەزانکە هەواسرابوو ..یەک وەنە سەرنجی زەر ڕاکێشام پیاوێک بە دەرپێ قوندیەکەوە دەستی بەرز کردبووەوە ،لاموابە خاوەن ماڵەکە بوو. لە نەنکم پرسی : توخوا نەنە بەزار مەبە ..پەمبەڵە ئەم پیاوە لە خوا دە پاڵتەوە .
نەنکم وتی : نا کوەم ..ئەوە مەڵەوانی دەکات ..نابینی دەیەوە زەرگ بهاوێتە ناو حەوزی ئاوەکەوە !.
بەم ڕوونبوونەوە هەموو لەکدانەوەکانم هەژن ، چونکە من لەو هەژەوەی چاوم کردووەتەوە باوکم بینیوە دەست بەرز دەکاتەوە و لە خوا دەپاڵتەوە !.
چوومە نهەمی خوارەوە لە ژووری دانیشتن تەلەفزیۆنەکی شاشە گەورە دانرابوو . ئەمە نەک لە ماڵ بەکو لە گەژکش کەس تەلەفزیۆنی نەبوو ، دەچووین بە چایخانەکان سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد .
لە پشتی تەلەفزیۆنەکە پەنجەرەیکی شەش چاوی لەبوو . ڕوانیمە دەرەوە حەوشە و باخچەیەکیترم بینی کەوتبووە پشتی ماڵەکەوە ، ڕامکردە لای نەنکم وتم : نەنە بچمە باخچەکەی پشتەوە ؟
نەنکم وتی : دەرگای پشتەوەم لەترسی تە داخستووە نابێت بچیتە ئەو پشتە !

- : بە ؟

وتی : لەبەرئەوەی حەوزی مەلاوانەکە لەوێیە، تەش مەلەوانی نیت و دەخنکێی!
ڕامکردە ژوورکانی سەرەوە لە پەنجەرەیکەوە سەیری حەوشەی پشتەوە م کرد، حەوزی مەلەوانەکە بە درەخت داپۆشرابوو ئاوەکەی نەرمە شەپۆکی دەدا چەند گەڵا و شکڕە سەوو پرتەقاڵەکش وەک بەلەم بە قەراخ ئاوەکەوە لەنگەریان گرتبوو و دەلەرینەوە .
تا قەدەڕە بە دیار پەنجەرەکەوە وەستام، خەونم بە مەلە کردنی ناو حەوزەکەوە دەبینی .
لە ناکاو بانی خواردنەکی خەش بەر لوتم کەوت ، خەرا دەرپەیم بەرەو چەشتخانەکە، بە تەقلە لەدان لەسەر

نەردمانەکە کەوتمە خوارەوە. دەست وپێم ژان گرتی لە ترسی نەنکم فزەم نەکرد. وەک پشیلە بە ئاسپایی لە بەنەکە نزیک بووموە .
نەنکم دیار نەبوو، منیش بەم نەبوو دەست لە هیچ بدەم ..لە هەی دانیشتنەکە نەنکم بینی ەووی لە قیبلە کردووە لەسەر هەمان بەرماڵ نوێژی دایکم، نوێژ دەکات ..دانیشتم تا لە نوێژ کردن بووەوە ..هەر کە ئاوەی دایەوە وتم : نەنە ئەی ئەم ماڵە بەرماڵ نوێژیان نییە ؟
وتی : نا کوڕم کەس لەم ماڵە نوێژ ناکات !
لە دڵی خۆمدا وتم : کەواتە لە سەر ئەم زەویەش خوا بەهەشتەکی داناوە بەس ئەمە تا ئێستا نەماندزیوەتەوە ..ئەگەر بگەڕێمەوە گوندەک بە هاوڕێکانم دڵێم وەرن با بگوازیینەوە بە گوندەکەکانی بەهەشت ، چیمان داوە لەم گوندەکە پە لە قوڕوچلپاوە .
چوومە چێشتخانەکە لەسەر کورسیەک دانیشتم ..نەنکم وتی : چاو برسی ..(قاپێک پە لە برنج و قەیسی بە دانام). دەبخە!
نانەکەم لەسەرخۆ دەخوارد بە ترس لە براو خوشکەکانم ، چونکە هەموجارێک نەنکم چێشتی بهێنایەوە براکانم خۆدریان لەمدەکرد بەشکی کەمیان بە دادەنام ..ئێستا بە ئارەزووی خۆم وەک کوێی پاشا دانیشتووم و نان دەخۆم .
نەنکم وتی : خۆراکە کوڕم ئێستا خاوەن ماڵ دەگۆڕێتەوە .
نانەکەم تەواو کرد نەنکم دەستی خستە ناو قووتیەکەوە چوکلاتێکی دامێ، وتی : بگرە ئەم شیرینیەش لەبەرئەوەی عاقڵ بوویت ..ئەگەر ئەوانش هاتنەوە هەمن بەو لە شوێن خۆت نەجوولە و تا پرسیارت لێنەکەن ، دەنگ دەرنەکەیت!.
گوتم : بەسەر چاو نەنە گیان .
دەنگی گۆڕینی ئۆتۆمبیلەکە هات، دەرگای حەوشە کرایەوە ئۆتۆمبیلێکی ڕەشی زەبەلاح هاتە ژوور ەوخساری ژن و مێردێک بە دیار کەوت .
سەرتا زەر ترسام ..سەاویان کرد و ژنەکە نزیکم بووەوە لە باوەشی کردم و وتی : تۆ گەرانی یا سەرانی؟
منیش لەشەرما وەڵامیم نەدایەوە .
نەنکم وتی : ئەمیان گەرانە ..سەران لەم گەورەترە و دەچێتە خوێندن .
ژنەکە دەستی کردە ناو قووتوە چوکلاتەکە ویستی چوکلێتیکم بداتێ نەنکم وتی : شیرینی مەدەرێ ..لە بیانییەوە دووجار داومەتێ .

ژنەکە وتی : لەگەڵی با بخوا .
مەردی ژنەکە شەبقەکەی سەری لابرد و خستیە بان سەرمەوە و وتی : سەرت بە ئەوەندە بچووکە لەناو شەبقەکەم ونبووە…پاشان پێکەنی و گوتی : نا ئەوە سەری منە زەر زلە .
منیش پێکەنیم ، ترس و شەرمم لەگەیان ڕەوایەوە .. وتم : چەند ماڵەکی باشن .
ئنجا کابراکە وتی : میم کەتان نانت داوەتە گەران ..
نەنکم وەڵامی دایەوە : خەمت نەبێت ئەم منداڵە وەک تە نەوسنە و بەشی خەی خواردووە .
هەستم کرد نەنکم لەگەڵ خاوەن ماڵەکە وەک دەست و ئاشنا ڕەفتار دەکات
لە دیار تەلەفزیۆنەکە دانیشتم و گوێم لە گەرانیەکان دەگرت، لەزمانی گەرانی بژێکە تێنەگەیشتم. دام لە پەمەی گریان ..گوتیان بە دەگری؟ گوتم من لەم گەرانیە تێناگەم ئەوان بە پێکەنینەوە وتیان : قەینا کوەم ئەوە بە زمانی تە گەرانی نالێت ! .
بەو منداڵیەم بیرم دەکردەوە دەمگوت : چیدەبوو ئەگەر هەموو مرۆڤەکانی دونیا یەک زمان ئاخاوتنیان بکردایە.
کاتێ نان دانرا کوڕە هەرزەکار و کچە کیان هاتنە ژوور، جانتای مەکتەبیان هەلدایە سەر کورسیەکان و دەستیان شۆری و دانیشتن ، لەگەڵ دایک و باوکیان بە ئارامی نانیان خوارد .
لە بیرمە جارێکیان دایکم نیسکەوای لێنابوو، منیش خەزریم و گوتم من ئیلا نیسکەکەی دەستی نەنکم دەخەم. بە دزی منەوە قاپێک نیسکیان بردە ژووری نەنکم وهەنانەوە .. گوتیان : دە بخۆمەش نیسکی نەنە..ئەوەندە جوان خواردم تا ئێستاش خوشک وبراکانم گاڵتەم پێدەکەن .
پێش ئەوەی ماڵەکە جێبهێلین بینیم نەنکم هەرچی بەرماوەی خواردن هەبوو بە جوانی خستیە ناو قاپە پلاستیکەکەی ئنجا لە ناو بوخچەکەی پێچایەوە .
لەم کاتە کوڕە هەرزەکارەکەی ماڵەکە تەپکی (تەپی پێی) بە دیاری داپێم ..کە لە ولاتانی دەرەوە باوکی بێ هەنابوو ..منیش لە خەشیا تەپکەم توند لە باوش گرت.. دایکی کوڕەکە هات و دووبارە لەباوشی کردم و چەند دلۆپە فرمێسکێک بە چاوکانی ڕژانە خوارێ .
لە ڕێگا لە خەشیا نەمدەزانی چبکەم ئەوەندە پڵەم بوو بگەمە هاوڕێکانی گەڕەک تا ئەم تەپە جوانیان پیشان دەم ..کەمێک دەترسام دەمگوت : زەر جوانە تە بڵێی بتەقێ..ئاخر

ئەم بە تەپی لاستیک یاریمان دەکرد. تەنانەت تیپی گۆڕکش تەپکی ئاوا جوانیان نەبوو تا یاری پێبکەن.
لە نەنکم پرسی : نەنە بچی ژنەکە گریا ..
وتی : لەبەرئەوەی کوڕکی هاوتەمەنی تەی هەبوو (دووربەت خوایە) لە حەوزی مەلەوانەکە خنکا !.
- : بەس ئەو ژنە بەنی دەکردم. ماچی دەکردم خە من کوڕی ئەو نیم ؟!
نەنکم وتی : لەبەرئەوەی ئەو کراسەی بەرت هی کوڕە مردووەکەی بوو!
- : کەواتە خەکی دەوڵەمەندش دەتەنگ دەبن؟
نەنکم تووڕە و ماندوو دیار بوو ..وتم : نەنە گیان بەخوا چیتر پرسیار ناکەم …بەس پەم بلە ئەوە پیاوەی ئەو ماڵە پیشەی چییە ؟
وتی : کوڕم ئەو هەموو تانکیە مەزن و بڕیە نەوتانە دەبینی ..ئەو کابرایە بەڕەوبەریەتی !
من بیستبووم لە برا گەورەکەم کە قوتابخانە بەڕەوبەری هەیە، نەمدەزانی ئەو ئاگرە نەوتەی شەوانە شارەکەمی ڕوناک دەکرد… بە ڕەژیش پیسی دەکرد بەڕەوبەری هەبەت .. بەڕەنمدا بە باوکم بڵەم تا ئەویش لە کەمپانییەی نەوتەکە ئیش بکات، بەڵکو ئەمەش ببینە خاوەن کەشک و ئۆتەمبیلێکی سووری جوان !
کاتێک نزیک ماڵ و گەڕەکی بووماوە تەپەکەم لەژێر فانیلەکەم شاردەوە. خوا خوام بوو کەس نەیبینە !
بە دزییەوە لەگەڵ نەنکم چووینە ماڵەوە. برا و خوشکەکانم بەدوام کەوتن وتیان : دەزانین ئەوە تەپە لە ژێر فانیلەکەت، دەریخە تا بە زەر لەمان نەسەندوی .
منیش بە گریانەوە لەیان دوور کەوتمەوە. لەم کاتە نەنکم بوخچەکەی کردەوە بەنی چەشتەکە ماڵەوەی پە کرد .
برا و خوشکەکانم لە من دوور کەوتنەوە و وتیان : ئەرەوەڵا نەنە خواردنی بەهەشتی لەگەڵ خەی هەناوە!..
ئەمجارەیان نەچووم بەڵای خواردنەکە چونکە هەموو شتەکم بە ئاشکرا بوو ..چەشتەکە بەرماوەی ماڵە دەوڵەمەندەکان وکراسەکانشمان کەنە جلی مردووەکان بوو!
تەپەکەم تووند لە باوەش کرد و چووم گەڕەک تا لەگەڵ هاوڕەکانم یاری بکەم !. پرسیارکردن و ماهیەتی پرسیار لە کورتە چیرۆکی " نەنکم (کەتان)" ی جەلال قادردا

چیرۆکی نەنکم (کەتان) حەوتەمین کورتەچیرۆکی نوێترین کەچیرۆکی

چیرکنووس جلال قادر (١). چیرکنووس هاوسی داوە لە زمانی کارکتەرکی منداڵەوە (گەران) بەسەر پانتایی نەستالیژیا سفەرکی کورت، بەڵام پڕ مانامان پڕ بکات بەرەو دوورگەکانی حەقیقەت. بەرەو تێگەیشتن و فێربوون، بەرەو ئەودیو دیوارە پڕنهانەکان کە چاوی بینینی ئاسایی نایبینێت. گەڕانەوە کە کەسی یەکەمی تاکە لە عەوداڵیەتێکی بەرفراواندا دەژێت. کارکتەری گەڕانەوە کە تەواو لەلایەن نەنکە(کەتانە)وە سەپێرت دەکرێت، بە پرسیار ئاڕاستە دراوە. پرسیارەکانی کارکتەرکە پرسیارگەلی تایبەتی نین کە بەربەستی بایەلۆژی و ژینگەیی ڕێگر بن لە گەیشتن بە وەڵامەکانی، بەڵکو پرسیارەکان گشتین، کەمەڵەیەتین، هەمان خەون و خولیای برا و دایک و باوک و کەسوکار و خەڵکی گەڕەک و شار و وڵاتە. بەڵام چیرکنووس هاتووە لەزمانی منداڵەکەوە پرسیارەکان دەوروژێنێت کە بایەخی ستاتیکی دەقەکە دەباتە ئاستێکی بەرز کە خوێنەر دەگیری چۆڵەوەرگرتن دەکات. هەڵبژاردنی منداڵێکی هەشت نە ساڵیی بە پرسیارکردن ڕەنگە چەند هەکارێکی لە پشتەوە بێت .
یەک : لەووی بایەلۆژیەوە (گەران)ی حیکایەتخوانی چیرکەکە نەگەیشتە ئاستی بالقبوون و توانای درککردنی لەئاستی پەویستدا نییە. ئەو هەشتا لە جیهانی منداڵی خەیدا دەژێت، بەیە ئازادە چی دەپرسە و چۆن دەپرسە، بەئەوەی سانسۆرکی کەمەڵەیەتی لەسەر بێت. ئەمەش مانای وایە هیچ بەرپرسیارێتێک لە پرسیارکردنەکانیدا نییە.
دوو : نەستالیژیای کردەتە پردێک بە خەداتکاندن لە هەر ئینتمایەکی ئایدیەلۆژیی کە سبەینێ وەک ئایدەندەتی دەقەکان و نووسەری پێ بناسرێتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەی ئایدیەلۆژیا بەسەر دەقەکەوە دەبینرێت. واتە دەقەکە بە ئایدیەلۆژیا نییە. پرسیارە ئاشکرا و شاراوەکانی کارکتەرە منداڵەکە گەلێ ئاماژەیان تێدایە کە دەتوانین بە ئاماژەی چینایەتی ناوزەدیان بکەین.
سێ : منداڵە هەڵبژاردەیەکی گونجاوە تا ترس و شەرم لە پرسیارکانی بئاڕەنێت. ڕێگری لەبکرێت و هەندجاریش لەسەر پرسیارکردن سزا بدرێت کە ئەمە لەگەڵ مرۆڤی پێگەیشتوو(بالق)دا ناکرێت.
لەم گۆشەنیگایەوە هەوڵدەدەم شێوازێکی ڕێخنەیی بە پرسیارکانی حیکایەتخوان بکەم و مانای پرسیارکان لە کەدی ململانێی کەمەڵەیەتی ناو چینەکانی کەمەڵگەوە بخوێنمەوە.
" لەسەردەمی منداڵیم بە پرسیارکردن هەموو کەسکم بێزار دەکرد." (٢) ئەمە ئەو ستایە کە ئەرکی دەروازەی گرتەتە ئەستۆ. ئەمە هەر خەناساندنێک نییە، یان ئاشنا کردنی خوێنەر نییە بە ڕابردووی حیکایەتخوان، بەڵکو کۆشکردنی هەشی خوێنەرە بە ئامانجە

کۆمەڵایەتییەی کە چیرۆکەی لێپێناودا خوڵقاوە. کارەکتەری نانکە(کەتان)یش هەڵبژاردنەکی گونجاوە بۆ ئەو کارە وەک سێپارتەکی تەکنیکی لێپێناو گێیشتن بە ناوەڕۆکی مەبەست.
یەکێک لە هونەرەکانی ڕازاندنەوەی ستراکتەری چیرۆک بریتییە لە هەڵبژاردنی کارەکتەر و ماتریاڵی گونجاو بۆ شوێن و مەبەستی گونجاو. جەلال قادر لەڕێی هەڵبژاردنی تەکنیکی گونجاو باڵادەستی خۆی لە داڕشتنی ساختمانی چیرۆکەکە دەنەخشێنێ. ئەو هەر بەوشێوە ناوەستێ، بەڵکو دێت کارەکتەرەکەی لە پرسیارکردن هەڵدەکۆشێ.

وەک لە بیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دوورەماندەکان بوو. دەمگوت : دەبێ هەنگیان چۆن بێت و منداڵەکانیان بە چی یاری کەن؟(٣) ماناکانی پرسیارکردن لە چیرۆکی نانکم کەتان هەڵگری چەند ئاماژەیەکن، لەوانە مەغزای چینایەتی و ئامانجی کۆمەڵایەتی. ئەم ئاماژە چینایەتییە کۆمەڵایەتییانە زیاد لە جۆگایەک و زیاد لە بنەیەک لە چیرۆکەکە نیشان دراون. چونکە لە کۆمەڵگەکانی هەژدهەات بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەتی پرسیارەکانی منداڵ لەژێر چەپۆکی " وسبە، بەدەنگ بێ، قسە مەکە، پرسیار مەکە، بیبەوە، مەشکت بردم" دایە. ئینسانەکانی هەژدهەات کاتیان بە منداڵەکانیان و پەروەردەی تەندروست و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان نییە.
وتم : نانە ئەڕە بەهەشتە؟
ئەی پەنەگەی.. پەمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە.(٤)
یان
ئەی نانە بۆ ئەمە هیچ وێنەیەکمان نییە لە ماڵەوە؟

- نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!(٥)

سەرکوتکردنی کارەکتەری پرسیارکەر، گەرچی نائومێدیەکی بەرفراوان بە منداڵەکە دەنێتە ئاراوە، لەهەمان کاتیشدا لەووی دەروون شیکاریەوە منداڵەکە دووچاری توند و تیژی و بەهەزی و دوایش کائینەکی شەرمن و ترسنۆک و کە گەورەش دەبە یان مرۆڤکی بەدەسەڵات یان جەللادی لێدەردەچێ.
لە چیرۆکی نانکم (کەتان)دا، ستایە یان میتەدی پرسیارکردن یارمەتیدەرەکی باشە بۆ خەدزینەوە لە خستنەووی زانیاری و چوونە ناو وردکاری هەندە بابەت و پرسەوە کە چیرۆکنووس دووچاری بەرپرسیاریێتەکی بەرفراوان بکات. نازانرێت چیرۆکنووس چەند ئاگایانە ئەم ستایەی بەدەستەوە گرتووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەست بەبردنەکی باشە بۆ چنینی هەوداوەکانی نەو دەقەکە. شانبەشانی پرسیارەکانیش کە سیانزە

پرسیاری ئاشکرا و چەند پرسیارێکی نهێنین، هەندێ لە پرسیارە نهێنییەکان بەشێوەی مەزەندە یان (Wonder) خراونەتە ڕوو. سروشتی پرسیارەکان و ماهیەت و ماناکانیان دەکرێ لە چەند خاڵێکدا ڕوون ببێتەوە.
یەک : ماهیەتی پرسیارەکان ماهیەتێکی کۆنە یان نوێنە. پرسیارەکان کچانە یان مێینە نین. چونکە چارنووسی ئینسانەکان لە ڕێژەیەکی بەرچاو هەندە فاکت و کلتوور و ئایین و دابونەریت بەستراوەتەوە. ئەو هەڵەی لێژیان بە کوڕێک هەڵدەکەوێ لە هەڵسوکەوت، بە کچێک نایەتە دی. بەیە کە (گەران) دەبێتە کارەکتەر و گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەم حوکمی واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بووە نێک بە ئارەزووی نووسەر. ئەگەر لە بری گەران خوشکێکی گەران بوایە دیارە ڕێگەوی پرسیارەکان بە جۆرێکی تر دەبوو و ماهیەتی پرسیارەکانیش ڕەنگە پێ بوونایە لە بزەیی و فرمێسک و ئاکتی مینانە.
دوو : پرسیارەکان ئاگایانەن و لە نەستەوە هەڵدەقوڵێن. سروشتی پرسیارەکان خەسکیی نین، ئەوەندەی پلان و نەخشەی داڕێژراوی لەپشتەوەیە. ئەمە خاڵی بەهێزی دەقەکەیە کە نووسەر باڵا دەستی خۆی تیا بە خەرج داوە. باکگراوندی نووسەر و بنەماڵەکەیان و جێگاوڕێگای چینایەتی نووسەر لە کەمەگە ئەو دەرفەتەی بە نووسەر خوەقانەدووە کە بکەوێتە سەراغی هەقیقەتە تاڵەکانی ژیان. بە ئەم مەبەستەش ئەدەب ئەو مەیدانەیە تا ئەم ئەزموونەی تیا تاقی بکرێتەوە.
سێ : پرسیارەکان بە دیوارێک لە ترس دەورە دروان. کارەکتەر بە هەی کەم تەمانە لایەک و تامەزرۆیی لایەکی تر ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی قوورس بێتەوە تا ئەو بڕیارە بهێنێتە دی کە بە نێنکی داوە. ئەویش پرسیارنەکردن و ئاقڵ بوون و بێعاری نەکردن و بزەو نەبوونە. ئەم بڕیارە بە ئەوەی لە تامی چوونە (بەهەشت)ی نەکا، جۆرە ترسێک و وریابوونێک لە پرسیار کردن و تێنانەت قسەکردنی (گەران)یش لە ئارادایە کە بێتە چوارچێوەیەک بە ئازادی ئەو کارەکتەرە. ئەم ترسە ترسێکی جوانە چونکە گواستنەوەی واقیعی تاڵی ژیانی منداڵێکە کە خۆن بە خۆشی و جوانییەوە دەبینێت.
چوار : هەکارێک بە زانینی زانین و فێربونی شتە نەزانراوەکان، هەکارێکی سەرکییە بە ئەوەی کارەکتەرە سەرکییەکەی چیرۆکی (نێنکم کەتان) لێنەو دەریای پرسیارکردنداسەوە لێبدات. (گەران) لەم سەفەرێدا لەگەڵ نێنکی کەتان تووشی شۆک دەبێت و بە نیمچە ڕاستەوخۆیی ئەو

شک بوونە نیشان دراوە. سەرسوڕمان و ئەقبووونی کارکتەر بەهای بینینی شتە غەریب و سەیر و نامۆلوفکانەوە، بەگەی ئوپێرای بێئاگایی کارکتەرە لە جیهانێک کە ئاسایی بە چینی بورژوازی و لەلای کارکتەرە کەمان و هاوچینانیشی بەهشتە بە هەموو مانای خولیا و ئارزووکان.
بەم پێیە دەبینین پرسیارکان بە وەکدا گوزەر دەکەن کە پێویستیان بە هەندە ئاسانکاریی هەیە تا بگەنە شوێنی مەبەست. بە ئەم مەبەستەش نووسەر هاتووە تەواوی تەکنیکی خستەتە خزمەت ئەو ئامانجەوە. شێوازی حیکایەتخوان و گێڕانەوەی چیرۆکەکە تا بڕێی سادە و ڕاستەوخۆیە. ئەم جۆرە ڕاستەوخۆییە گەرچی لەلای نوخبەی ڕەخنەگران و نووسەرانی بورژوازییەوە بە ئاریش ناو زەد دەکرێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لای من هەکارێکی دواندن و گفتوگۆی نووسەرە لەگەڵ خوێنکارێک کە تا ئێستاش نامەی بە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی بەرهەمکانی نوخبە. ئەم خاڵە نێک خاڵی لاوازی نییە، بەڵکو خاڵی بە هێزی لەوە هەستانی نووسەرە بەرەو تێکشکاندنی ئاستەنگەکانی نوخبەی بورژوازی و گێڕانەوە بە لای هاوچینەکانی. ئەم ستایڵە لە گێڕانەوە ستایڵی ڕیالیزمە. دامەزرێنەرانی ئەم مەدەلە گرووی سەرکەوتنیان گێڕانەوە بووە بە ئینسان. من سەرنجم داوە ستایڵی چیرۆکنووس جەلال قادر بە بە گێڕانەوە بە ڕەگەز و توخمە تەکنیکییەکانی تری ئەدەبی گێڕانەوە، هەر بەوەندە قایل بووە کە ئامانجەکەی بهێنێتە دی، ئەویش گەیاندنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دەقەکەیەتی بە خوێنەر.
زمانی چیرۆکەکە سادەیە، بە پێچ و پەنا و بە گەمەیە. تا ئەندازەیەک لە زمانی سادەی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیکە. ئەمەش یانی نووسەر لە زمانی ئاسایی نووسین لە هەندە پەرەگرافدا دوور دەکەوێتەوە و پەنا دەباتە بەر شێوازی ئاخافتنی ڕۆژانە و سەرجادە. ئەم جۆرە شیفت گەیەنەی زمان هەندجار پێویستن و زەرجاریش ئاریشەن. چیرۆکنووس ئەگەر هەوە نەدات زمانی نووسینی بباتە ئاستێکی بەرز، ئەوا لە ڕەی دەقەکانییەوە ناتوانێ ئەو چێژەی هەیانە ببەخشێت بە خوێنەر. من ئەوەم لا بوونە کە زمانی کارکتەرکان هەمان زمانی جۆشوخۆشنی کۆمەڵایەتی و ئابووریین. بەڵام ئەوەی من باسی دەکەم خۆشکە بە نووسینی چیرۆکنووسەوە و پێویستە کاژی لاوازی زمان فەی بدات و توانای زمانی نووسینی بەرێتە سەر.
مەغزای چیرۆکەکە هەر بەراوردکردنێکی سادە نییە لە نێوان دوو دونیای جیاوازدا، لە نێوان ئازارستان و بەهەشت، بەڵکو

پەنجەخستنە سەر لایەنە شاراوە و جوانییە پەنهانەکانی جیهانەکە کە بە حیکایەتخوان وەکو خۆک وایە و زوو دەبێتەوە. " لە دڵی خەمدا وتم : کەواتە لەسەر ئەم زەویەش خوا بەهەشتەکەی داناوە بەس ئەمە تا ئێستا نەماندزیوەتەوە."(٦) حیکایەتخوان (گێران)ی منداڵ کە هەر چیرۆکنووسێشە دەستاتی هەبە لەو بەهەشتە نایەتە دەرەوە. بەڵام هەم ناچاری و هەم پەویستی دەری دەکەنە دەرەوە و فڕێی دەدەنەوە جیهانە پڕ لە قوڕ چڵپاوەکەی خۆی کە تاموچێژەکی تایبەتی بە منداڵ تێدایە. ئەو تاموچێژەی کە بەشکە لە کەی جوانی و یادەوەری گەورەوە.

سەبارەت بە کورتچیرۆکی " ئەنکەم (کەتان)" دەتوانم بە کورتی خوێندنەوەی خۆم بە چەند خاڵە نیشان بدەم "
یەک : ستراکتێری ئەم چیرۆکە لەسەر پرسیارکردن وەستاوە. پرسیار بەتە پردی گەیشتن بە مەبەست. لەڕێی پرسیارکردنەوە پرسێی گەڕان بەدوای زانین و زانیاری و تەقەللای بەدەستهێنانی نهێنییەکانی ژیان دەست پێدەکات. ئەم چیرۆکە هەوەدانەکە بە نیشاندانی جیاوازی چینایەتی کەمەگەی چینایەتی کوردستان و پەنجە خستنە سەر خوون و خولیای مرۆڤ بە ژیانێکی باشتر و جوانتر.
دوو " زمانی چیرۆکەکە سادە و ڕەوان و بە پێچ و گۆمایە. جگە لەو ئاخاوتنە ڕۆژانەییەی (گێران)ی منداڵ کە دواتر دەبێتە چیرۆکنووس و نەتوانینی تێپەڕاندنی ئەو شەوە ئاخاوتنە لە نووسینی دەقدا. نووسەر وابەستەیە بە نووسینی ستاندارد، بەڵام لەژێر جۆگادا لە زمانی کارەکتەرەکانەوە ئەو وابەستەیە فەرامۆش دەکات و پەنا دەباتەوە بە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژانەیی یان بازاڕی کە هەندجار پەویستن و هەندجاری تریش پەویست نین و دەبنە بار و خاڵی لاواز بەسەر زمانی نووسین.

سێ " بەدەستەوە گرتنی ستایلی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ پەلکەشکردنی خوێنەر بە جیهانی چیڕۆ، گرێنتی دەستەنگینی نووسەر نیشان دەدات لە گێاندنی ناوەڕۆکی کەمەڵایەتی دەق. ئەمە جگە لە هەڵبژاردنی گونجاو و دەستبردن بە مەتریاڵاکانی ڕازاندنەوەی چنینی دەق و بە ڕوون نیشاندانی مەبەستی کەمەڵایەتی دەق.

چوار : ئینتمای دەق ناکۆتە دەرەوەی ئینتمای ئایدیەلۆژیا و هەرچەندە نووسەر ناچار نییە و نەبووە خۆی بە ئایدیەلۆژییەک ببەستێتەوە. بەڵام تا ئەو جۆگەیەی کە خزمەت بە ئینسان دەکات، لەڕێگەی ئاماژەوە دەیتوانی هەندە ڕەشنایی بخستایە سەر پەیوەندی

□□□□وی بەرەوپێشچوونی ژووداوەکان. بەڵام کەتایی هاتنی چیرۆکەکە خۆی وەڵامی یەکەک لە پرسیارە میژووییە گرنگەکانە.

پێنج : ئامادەکانی □□خنە و □□تکردنەوە لەم چیرۆکەدا بوونیان نییە. بەمەش زیاتر وەکو فۆتۆگرافێرێک کاری کردووە نەک زمانی ئاماژە بکاتە ئەلتەرناتیف. مەتیقی جووڵەی □□□□وی ژووداوەکان لەم چیرۆکەدا بە جۆرێکە نووسەر سەربەستی داوەتە کارەکتەرەکان و نەیویستووە کەشیان بکاتە نەو بەرپرسیارێتییەوە. بە بۆچوونی من ئەمە هەڵی جیاکارەوەی دۆق و نووسەرە لە دونیای واقیع. یان بە وشەیەکی تر ئەمە شوێنی ونبوونی ئایدێندتی دۆق و نووسەرە.
شەش : ماهیەتی پرسیارەکان کە چنینی ژووداوەکانی لەسەر بەندە □□گەزی نەرینەییەکان هەیە و بە تەرس و شەرم دەورە دراون و لە نەستەوە هەڵدەقووڵن و ئامانجیش دەستاگەیشتنە بە زانین و نهێنییە نەزانراوەکان. ئەمەش دەرخەری بارێکی کەمایەتی و سایکۆلۆژی و هەروەها چینایەتی کارەکتەرە.

دواجار چیرۆکی (نەنکم کەتان) ی جەلال قادر دەکرێ لەچەند لایەن لەی بکۆڵدرێتەوە و لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشا بکرێت. دەشێ □□خنەگرێک تەنها ناوەرۆکی بخوێنێتەوە و کەسێکی تر تەکنیک هەڵسەنگینێ یان زمانی چیرۆکەکە بداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. من تەنها پرسیارم هەڵبژرادووە و لایەنەکانی پرسیارکردن و ماهیەتی پرسیارەکانم خوێندۆتەوە. نووسەر لەڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ئەوەمان پێدەڵێ کە کەمەڵگە دوو چینە و شەوازی ژیانی ئەم دوو چینە جیاوازن. کەمینەیەک لە خۆشگوزەرانی دژێت و زەرینەی خۆکیش لە ژیانێکی فەلاکەتبار و مەینەتباردا دژین. حەز و خولیای خۆک ئەوەیە ئەو خۆشگوزەرانییەیان بە دەستبەر بکرێ بەڵام نە ئاماژەی پێ دەکا و نە پەمان دەڵێ چۆن؟

حوزەیرانی ٢٠١٧

سەرچاوە و پەراوێزەکان :
١- پشیلەکەی بریژێت جەلال قادر کەچیرۆک چاپی یەکەم چاپخانەی کارە ٢٠١٧ لاپەڕە ٥٦ تا ٦٩.
٢- پشیلەکەی بریژێت جەلال قادر کەچیرۆک چاپی یەکەم چاپخانەی کارە ٢٠١٧ لاپەڕە ٥٦ تا ٦٩.
٣ -هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە
٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە
٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە

٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە

تێبینی : ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٩ بڵاو بۆتەوە.

چەند دێڕێک سەبارەت بە (ڕەمانی بەفر)ی ئورهان پاموک... راستی بەهادین

ناوی کتێب: بەفر
نووسەر: ئورهان پاموک
خەڵاتی نۆبڵ, ساڵی 2006

"بەفر" ڕەمانێکی سیاسییە، پەنجەرەیەکە ئورهان پاموک نووسەری کتێبەکە بەووی ئەمەی خوێنەر دەیکاتەوە و هەندەدا تورکیەی ئەمڕۆمان نیشان بدات. ڕەمانەکە باسی گەڕانەوەی کا، شاعیرێکی نیشتەجێی هەندەرانە کە دوای دوانزدە ساڵ دووری سەردانی وڵات دەکات. کا، دوای مردنی دایکی و بێ دیتنەوەی شاری سەردەمی منداڵیی سەفەردەکات کەچی بە پێشنیاری هاوڕێیەکی ڕۆژنامەوانی و بێ نووسین لە سەر هەی خەکوشتنی کچە گەنجەکان لە شارچکەیەکی سەرسنوور سەفەرێکی تری تووش دەبێت کە سێ چوار ڕۆژ دەخایەنێت و ناوەڕۆکی ڕەمانەکەشە.

ئورهان پاموک لە "بەفر"دا هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش و بێ ئەوەی پشتگری لە لایانێک بکات ڕەخنە لە تورک و کورد و موسلمان و مەسیحی و کۆمۆنیست و سوسیالیستەکان دەگرێت و زۆر بە وردی لایانە نالەبارەکانی هەموو دینەکان و سیاسەتی هەموو حیزب و گروپە سیاسییەکان زەق دەکاتەوە. پاموک وێنەیەک لە "بێ سەروبەری سیاسی" دەدا بە خوێنەر و کەمێک درەنگ بەڕەام بە ڕوونی دەردەکەوێت کە باس تەنیا لە سەر "باوەڕ و بێ باوەڕی" بە خوا نییە کە مەبەستی نووسەرە. لێرە تورکیەی موسلمان و تورکیە مۆدێرن ڕووبەروو دەبنەوە. شەڕ بێ پاراستنی داب و نەریتە کۆنەکان لە لایەک و

داسەپاندنی "مۆدرنیتت" بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دەسەڵاتدارەکانەوە لە لایەک. ئورهان پاموک هەوڵ نادا وەڵامی هیچ پرسیارێک بداتەوە بەڵام زۆر پرسیار دەخاتە(وە) ڕوو لە وان: مافی ژن لە وڵاتێکی سێکولار، مافی ژن لە حکومەتێکی ئیسلامیدا، یان بوونی مافی هەڵبژاردنی جۆری جل و بەرگ و شێوەی ژیان بۆ ژن لە هەرکام لەم سیستمە حکومەتییانەدا. نووسەر لێرە و لەوێ باسی هەڵمسێکسوالیەت، جێنوسایدی ئەرمەنییەکان، بۆ سەروشۆن چوون و پێشێ کردنی مافی کوردان و … دەکات. بە کورتی "بەفر" وێنەیەکی بچووکی تورکیەیە و گێرانەوەیەک لە شەڕی دەسەڵاتە لە نێوان هێزە چەکدارەکانی وڵات دەگەڵ کوردە ناسیونالیستەکان، تورکە سێکولارەکان و ئیسلامیستەکان و وێنەیەکی بە هێزە لەوەی ئەو شەڕە چۆن داوێنی خەڵکی ئاسایی بە گشتی و ژنان بە تایبەتی دەگرێتەوە.

پیاوێک لە تاریکییەوە بۆ تاریکیی… نێوزاد بێندی

غەریبیێک لێ ناخمدا
ئێهات و ئێچوو ..
بێ بێ کێس ..
وێک شارێکی بێ ناونیشان
یان کێشتیێکی
بێ ئێدرێس ..

ئێهاتم ..ئێچووم ..
ئێمپرسی :
لێ کوێێ شاری ێوناکیی ؟
هیچ وەڵامێکم
دێس نێکێوت ،
مامەوە
بێ تێنیا و تاکیی ..

ئێمویست

لەلای هەموو کەس
باسی ئەو پیرۆزنە بکەم ،
بە منداڵیی ،
ەوناکی چاوکانمی
کوژاندەوە ..
ئەو تاوانبارەی ناینناسم ،
کە بەناوی دەرمانەوە ،
دانوستانی
من و بینینی
بە ئەبەد
دابەی و هەوشانەوە

شەقام بە هیچ کوێی
نەبردم ..
لە نادیارەوە
بۆ نادیار ..
هەرچەند بوو بووم
بە هاودەمی
دەستی بچووکی کچەکەم و
شەقامە ماتەکانی
شار ..

دواجار چاویلکەیەکی
ەش ،
بە کەس و تەنیا مایەوە ..
دوا جار دەستەکی
کچەکەم ،
ئازاد بوو ..
کە هەموو عەسرە
لە سلەمانی
لەگەما ئەخولایەوە ..

ئەگەام ..
بە شیعرەکی نوێ ..
بە ئاوازە ..
بە دەنگە لە ناخما بەوە ..
کەس
نەبوو

چاوەوانی بم ..

(من غەریییییبم
من غەرییییبم
من غەرییییبم
من غەریب ..
عاشق و
دڵ بریندار و
بێ تاقەت)

⋆ دڵەکانی ناو دوو کەوانەکە ، گەرانیەکی هونەرمەندی کەچکردوو : سابیر کوردستانێ

شیعر/ گۆگانی هەورێ یاخیەکان … کاوێ عوسمان عومەر

نەتتوانی…
باڵ گەینەکانی هەور..
لە ئامێز گری،،
بەیە وازت لێ نوسینی..
شیعرێ یاخیەکان،،
لە جوانی ئاوێنەی…
ڕەحی ئەو هێنا،،،
کوا باڵکانی تێ..
وا دروست کراون،،
لە کوڕی گەپرژەی…
ئاسمانا نەسوتێن ؟،،
……
کاتێک ویستت بڕیت،،،
ویستم لە ژیر بارانی،،
وەرزەکی وەیشووما،،
مەمکانت بێ داگیرسێنم،،

گرفتی من،،
تەنها دەریایەک،،
لە زمانی ڕەشتنی تۆ تۆدەگا،،
دەشزانم هەموو مرۆڤەکان،،
مەلی باکراون،،،
دەست و قاچیان،،
بە ماشینەکانەوە بەستراون،،،
تونێلەکە ،،
بە تروسکەی دەرجوون،،،
سەفەر بەرەو مەنفا،،
گەر وازیشت لە خوەندنەوەی…
شیعری سەر باڵی..
نەورەسەکانم هەنا،،
باش بزانە،،
ڕوخساری قژەنگیشت،،
پەڕە نەنوسراوەکانی شیعری منە،،،
بریننی ئەو گوڵانەش،،
لەویان خوێن و گریان و وشەی نەوتراوە،،
بانگم دەکات بۆ گەڕانەوە،،
بە شارەک لە خەوو خەیاڵی…
ئەمەی کۆچەرا،،
قەتیس ماوە،،،
بەڵام هەرگیزا و هەرگیز،،
لە گەشتەک،،،
بەرەو دەزەخەکی خۆش،،
پشت دەریا زومردەکانی…
تەنیایی پێشیمان نیم،،،
هەرگیز لە چاوەڕوانی..
سەناتای بوونی تۆش بەزار نیم،،،
ئای لە گەکانی ئاسمانی سەر کەنار ،،،
چەند حەز ئەکەم خەمی تیا بشەم،،،
ئەی هەورە گەینەکان،،،
هاوڕێحم بە،،،
لەم تەقینەوەی دڵە بە ئەقرەیە،،
تەنها گرفتم ،،،
هەڵگرتنی دارستان و ڕوبار و چەم …
و بەستان و مەرگ و کێو و دەشت و چیایە ،،،

لە پریسکەی سەفەرما،،،
گەر نەشگەیشتینە...
شارە سیحریەکانی عەشقیش،،
چاوە کزەکانی ئەستێرەت...
بە دائیگیرسێنم ،،،
بەبام ئەسپە سپیەکانی کات ،،،
بەلامانا تەپەین و..
ئەمش هەر لە کاروانێکی وونا،،
بەمان گرتوە،،،
هەر تەناگەم بەچی دەبەت،،،
تە لە فرمێسکی منا بییت،،
منیش لە فرمێسکی تەدا.

.....

وێنەکە کارێکی هونەری فۆتۆگرافەر >
(Johannes Plenio)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە.

بووکە سەماکەرە (داوەکە) .. رێزا شوان

لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ باڵندەکان، لە نێوان شێوە و ئاشتیدا جیاوازی هەیە، مرۆڤ حەزدەکا خۆی لە باڵندە دەنگخۆش و رووخسار جوان و پەڕ ڕەنگینەکان نزیک بکاتەوە، گوێ لە دەنگی خۆشیان بگرێ و بە بینینیان دڵخۆش و چاوەست ببێ. وەکو: کەو، بولبول، کەناری، چۆلەکە، تووتی، تاوس، کەشکەشێر، قەتی، قوڕنگ،... هتد. هەنراوەنووسان و چیرۆکنووسان بە سەدان هەنراوەیان بەسەر جوانی و دەنگخۆشی و پەڕ ڕەنگینی و فڕینی ئەو باڵندانەدا هەڵداون، یا کردوویانن بە پاڵەوانی سەدان چیرۆکی خەیاڵی بە منداڵان.. یا بەسەر ئازایەتی و بەرزی فڕینیان، هەنراوەیان هەڵداوە و کردوویانن بە پاڵەوانی چیرۆکی خۆش بە منداڵان، لەوانەش: هەڵە

و باز و شەهن. هەشیانە مرۆڤ لە کاتی تەوکردن و بەرگرتنی باخ و بەستاندا، خۆشیی پێیان نایات، لەوانەش: قەلەمۆش و کوندەپەپوو، کەلار، ریشەکە، دار.
مرۆڤ گەلێ باندەش بەخۆو دەکات لە پێناوی گەشتەکەی و هەلکەکەی و پێکەکەشی، لەوانەش: مریشک، کەشەر، عەلەشیش، قاز، مراوی، وشترمل.
هەشیانە لە کاتی تەوکردنی دانەوێلە و بەروبووم و پگەیشتنی بەری باخ و بەستان و رزدا، زیان بە جووتیارەکان دەگەیەنن تەو و بەروبووومی کشتوکاڵیانی دەخەن، لەوانەش: قەلەمۆش و ریشەکە و چەلەکە.. بەجگە لە باندەش کوللە زیانەکی زۆر بە دانەوێلە و بەروبووومی باخ و بەستان دەگەیەنێت.
جووتیارانی بەرچاوتەر و باندەدەست، باندەکان بە هاوباشیان دەزانن، کە مافیان بە زۆییەوە هەیە. لە کوردستان دا، جووتیارانمان بەرچاوتەنگ و قرچەک نین، لە کاتی تەوکردنی دانەوێلەدا، بەکی زیادەش دەژێنە سەر زۆی و دەڵێن: ئەمەش بەشی باندەکانە.. کە گوزارشتە لە خۆشویستییان بە باندەکان.
لە هەنراوەیەکی زۆر کۆنەدا، کە دەگەڕێتەوە بە چاخی باوباپیرانمان، جووتیارەکان لە کاتی تەوکردنی گەنم و جەدا، بە گەرانی و بە زەردەخەنە و رووخۆشییەوە، دەڵێن:
چنگەک بە کرمەکان.. چنگە بە قەلەمۆشەکان.. چنگە بە ریشەکە چەلەکەکان، سە چنگیش بە شین بوون.
چەکی مرۆقیش لە شەی دژ بە باندەکان، چەکەکی کوشندە نییە و هیچ ئەزیەتێک بە باندەکان ناگەیەنێ، تەنیا بە ترساندن و دوورخستنەوەیانە، لە باخ و بەستان و رز و مەرزەی برنج و گەنگەکانیانە، واتا شەکی بە قەستییە. ئەو چەکەی کە مرۆڤ لە دژی باندەکان بەکاری دەهێنێت، بە کوردی پێی دەڵێن (بووکە سەماکەر).
لە زمانی کوردیدا، ئەم وشانە هاومانن (بووکە سەماکەرە، داوکە، داهێنەر، بووکە ترسێنەر) لە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن (سکارە) لە زمانی عەرەبیش (الفزاعة).
بووکە سەماکەرە چییە و لە چی دروست دەکرێ؟
شێوە کلاسیکییەکەی بووکە سەماکەرە، کە تا ئەمڕۆش بەکاردەهێنرێ، بە تایبەتیش لە لادێکانی کوردستان دا بریتییە لە بووکەیەکی باڵابەرز لە شێوەی بژنی مرۆڤ دایە، کە لە دار، یا لە قامیش، یا چیلکە و پووش ق قەسەڵ، قوارکەی دروست دەکرێت و لە شێوەی دەموچاوی مرۆڤیش دەموچاوی دەنخشێنن. بە زۆری لە دوو دار لە شێوەی (خاچ) بە یەکەوە دەبەسترێن، سەرکی دارە درێژەکە لە زۆی

دڕچەقێنرێ، دارکەی تر، کە لە شێوەی باڵ کراوەی مرۆڤ دایە. کراسێکی کەنی ڕەنگاوڕەنگی کچانەی لەبەردەکەن و بە پێکەنین و پاڵ دەیەازێننەوە. دەسماڵێکی تەنکیشی لەکەڵ دەکەن، لە ناوەڕاستی باخ و بەستان و ڕەز و مەرزە و کێگەدا دایدەنێن، لە دوورەوە وەکو شێوەی کچێکی باڵابەرز دیارە. کە باڵی دەدا، دەکەوێتە جووڵە و دەسماڵەکەی و جلەکانی دەشکێنێتەوە، بە شێوەیەکیش دایدەنێن کە بە هەموو لایەکدا بسووڵێتەوە. کە باڵندەکان دەیبینن وا هەست دەکەن کە مرۆڤێکی ڕاستیە، بۆیە لێی دەترسن و دوورەدکەونەوە. بەهام قەڵەشێ و چەڵەکەکان زیرەک و وریان، زۆری پێناچێت، تێدەگەن کە بووکە سەماکەرە، بووکێکی ڕاستی نیە و قەستینەیە، ترسیان لێی دەشکێ و لەسەر سەری و باڵەکانی بووکە سەماکەرەکەدا دەنیشنەوە. مەرجێکی قورخکراویش نیە، کە بووکە سەماکەرە، هەر لە شێوەی مێینەدا بێت، دەشێش لە شێوەی کوڕدا دروست بکرێت و بە جلوبەرگی کوردی کوڕانە بەازێنرێتەوە.. شایەنی باسیشە هەر نێتەوەیەک شێوەی جیاوازی بووکە سەماکەرەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بە جلوبەرگی نێتەوایەتی تایبەتی خۆیان، بووکە سەماکەرەکانیان دەڕازێننەوە.

لە ئەمەدا، بووکە سەماکەرە، بووە بە هەمایەکی گرنگی کولتووری گەلە لە گەلان. لە بەشێکی زۆری وڵاتان دا، ساڵانە لەژێر ناوی (بووکە سەماکەرە) دا، جوانترین و خۆشترین کەنەڤاڵی خۆشی و شادی سازدەکەن و چەندین جۆری جوان و ڕازاوەی بووکە سەماکەرە پێشاندەدەن. بووە بە بەشێک لە کولتوور و داب و نەریتیان. ئەوەش بە بیردێنەوە، کە مەرەق ئازاری باڵندەکان نادات، بەڵکو تەنیا بە دوورخستنەوەیان لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بووکە سەماکەرە بەکاردەهێنن.

مەژووی دروستکردنی بووکە سەماکەرە:

دەربارەی، بە یەکەمین جار لە مەژوودا، فەرعەونییەکان "میسرییە کۆنەکان" چەند سەد ساڵێک لە پێش زایینیدا، بووکە سەماکەریان داهێنا. بەڵام من پێموایە کە گەلێ کوردمان یەکەمین گەلە لە جیهاندا کە بە یەکەمین جار، بووکە سەماکەریان داهێناوە. چونکە یەکەمین دەی کشتوکاڵی لە جیهاندا کورد دروستی کرد کە دەی (چەرمو)ە، کە دەکەوێتە باکووری شاری (چەمچەماڵ) لە باشووری کوردستان، کە تا ئەمەش شوێنەواری ئەم دێیە کۆڕاوە نەبووە. مەژووەکەشی بۆ نزیکەی دە هەزار ساڵ بەر لە ئەمە دەگەڕێتەوە. دوور نیە کە بە پاسکردنی گەنم و جۆکانیان لە

مڵ و باڵندە، بووکە سەماکەریان داهێناوە و بەکاریان هێناون. کە لە دار و قامیش و گڵەای دار دروستیان کردووە و پێستی ئاژەڵیان لەبەر کردووە.
گریکەکانیش"یەنانییە کۆنەکان" لە داری ئەستوور، لە شێوەی پەیکەری مرۆڤی ئەفسانەیی (پریاپس) یان دروست کردووە، کە بە شێوەیەکی ناشیرین و بە ڕەنگی سوور بۆیەیان دەکرد، تەنایەکی داریشیان بە دەستیەوە دەگرت، تا زیاتر باڵندەکان لێی بترسن و لە کێڵگە و باخ و بۆستانەکان دوور بکەوننەوە.
ژاپۆنییەکانیش، بووکە سەماکەریان بە پاسکردنی مارزەکانی برنج دروست کرد، کە بریتیبوو لە ڕاژەیەکی دار یا لە قامیشێکی درێژ، کە لە ناوەڕاستی مارزەی برنجدا دەیانجەقاندن، بە قەدی ڕاژەکان و قامیشەکاندا، لاشەی ئاژەڵی تەپیوی بەگڵن یا ماسی بەگڵنکردوویان هەڵدەواسی، کە بۆن بەگڵنییەکی زۆریان لێوە دەهات، لەبەر بۆنی ناخۆشی بەگڵنی ئەو لاشانە، باڵندەکان لە مارزەکان دوور دەکەوتنەوە. بە بووکە سەماکەرەشیان دەوت "کاکاشی" کە واتاکەی بە ژاپۆنی "بۆن بگڵن" دەگەیەنێت.
بەڵام لە دوای سەردەمانێک، لە شێوەی مرۆڤ، لە دار و پووش بووکە سەماکەریان دروستکرد و شێپقەیان لەسەری دەکرد، هەر هەمان ناوی پێشوویان پێی دەوت، بەڵام بۆنی بەگڵنییان لێوە نەدەهات.
جووتیارانی ئەوروپاش، لە سەردەمەکانی ناوەڕاست دا، کە هێشتا فەری دروستکردنی بووکە سەماکەرە نەببوون. بە پاسکردنی باخ و بۆستان و کێڵگەکانیان، لە باڵندەکان، منداڵانیان بە کەرەدگرتن، هەر منداڵێک تووڕکەیەک بەردی لە مل دەکرد، بە ناو و بە قەراغی کێڵگەکاندا دەسووڕانەوە، هاواریان دەکرد و کشیان دەکرد، هەر باڵندەیەک نزیک بوایەتەوە، بە دەرکردن و دوورخستنەوەی، بەردیان تێی دەگرت و دەیان ترساند.
بەو منداڵە پاسکەرانەیان دەوت" ترسێنەرانی باڵندە"
لە ساڵی (١٣٤٨) دا، کە پەتای رشانەوە لە ئەوروپادا بڵاوبووەوە، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەو پەتایە مردن. ژمارەیەکی زۆر کەم لە "ترسێنەرانی باڵندە" رزگاریان بوو.
بەیە جووتیارانی ئەوروپا، بیریان لە ئێنتەرناتیفێکی تر کردەوە بە پاسکردنی کێڵگە و باخ و بۆستانەکانیان. بووکە سەماکەریان دروستکرد، کە بریتی بوو لە جۆاڵێک پەیان لە پووش و قەسڵ دەکرد، و سەر و دەموچاوێکیشیان لە شێوەی دەموچاوی مرۆڤ پێوە قایمدەکرد و دەیان نەخشاند، لە ناوەڕاستی کێڵگەکانیان قایمیان دەکرد، تا ترس بخاتە دڕوونی باڵندەکانەوە.

دانیشتوانی ڕەسەنی باکووری ئەمریکا، ئەوانیش فەری دروستکردنی بووکە سەماکەرە نەبووون، بە پاسکردنی کەگە کشتوکالییەکانیان، پیاوەکی بە تەمەنیان بە کرە دەگرت و لەسەر سکالیەکی بەرزی ناوەڕاست کەگەکەدا دەوەستا، دارەکی درێژیشی بە دەستەوە دەگرت، کە لە شوەی ئاهادا، پێنجی ڕەنگاوەڕەنگی پێوە بەستبوو. هەر مەل و باڵندەیەکی بدیبایە کە لە کەگەکە نزیک بەتەوە، هاواری دەکرد و دەیقیژان و دارەکەی ڕادەوشاند و باڵندەکەی دەترساند و دووری دەخستەوە.
ئەو ئەوروپاییانەش، کە کەچیان بە ئەمریکای باکوور کرد و لەی نیشتەجێ بووون، ئەوانیش هەر وەکو خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا، نەیاندەزانی بووکە سەماکەرە دروست بکەن. ئەوانیش بە خەزانی و بە نەرە، پاسی باخ و بەستان و کەگەی تەوکراوەکانیان دەکرد. بەڵام هەندە لەو ئەوروپاییانەی لە دوایدا کەچیان بە ئەمریکا کرد، بە تایبەتیش ئەمانییەکان، بیرەکەی دروستکردنی بووکە سەماکەریان لە ئەمریکای باکووردا باوکردەوە. کە بە دوو دار لە شەوەی خاچدا، کراسی کەن و پێیان لەبەردەکرد و ملپەچکی تەنکی درێژیان لە مل دەکرد، دوو فەقیانە یا هەموچکی تەنکی درێژیشیان لە قەد دەکردن، کە با لەیانی دەدا دەشکانەوە. بە ترساندن و دوورخستنەوەی باڵندەکان. بەم بووکە سەماکەریان دەوت (بەتسامون) یا (بەگیمان) زەر جاریش لە شەوەی خەزانەک درووستیان دەکرد، ژن و پیاوەک و منداڵەک لە نەوانیاندا.. زەربەی ئەم داهێنانەش هەر بە پاسکردن و ترساندنی باڵندەکان نەبووون، بەڵکو بە جوانی و بە خێشی دروستیان دەکردن و دایان دەنان.
چینییەکان لە ساڵی (١٩٥٨) دا لە سەردەمی شەشی ڕێنبیری (ماوی) دا، شەڕەکی سەرتاسەریان لە دژی باڵندەی چەلەکە ڕاگەیاند. وا لەکیان دایەوە کە هەر چەلەکەیەک لە ماوەی ساڵەکدا، چوار کیلە گەنم و برج دەخوا، لە هەمان کاتدا، ژمارەی دانیشتووانی چین لە زیادبووندا بوون. کە پەویستییەکی زیاتریان بە خواردنی دانەوێڵە هەبوو. ئەو دروشمەیان ڕاگەیاند "نا بە بەشداریکردنی چەلەکە و جرج و مشک لە خواردنەکانیان"
لەم شەڕەشدا، کریکاران و جووتیاران و قوتابیان بەشداریان کرد، هەریەکەش ڕەکەتی تایبەتییان پێ سپاردبوون. هەموویان ڕژانە سەر شەقامەکان و لە مەنجەڵ و قاپ و تەنەکەیان دەدا و ئاهای سووریان بەرزدەکردەوە و دەیان شکاندەوە، بە ترساندن و دەرپەڕاندنی چەلەکەکان لە هەلانەکانیان. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا زیاتر لە (١٠) ملیۆن چەلەکە لە چین تاران. بەڵام ئەم جەنگە زوو

کەتایی هات.. کاتێک کە زاناکانی چین، لە دوای هەڵدەین و پشکنینی سکی چەند چەلەکە و باڵندەیەک و چەند جرج و مشکێک بۆیان دەرکەوت، (دوو لە سەی) ئەو شتانەی وەکو خۆراک لەناو سکیاندا بوون، بریتیبوون لە مەروو و کرم و گیانەوەری زیانگەیەنەر بە گەنم و جۆ و برنج و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، تەنیا (یەک لە سەی) ئەو خواردنانەی لەناو سکیاندا بوون، بریتیبوون لەو خواردنانەی کە مرۆڤ دەیخواردن.
چینییەکان باجێکی زۆری ئەم هەڵەیان دایەوە، ناچاربوون بە لە ناوبردنی مەروو و کرم و جانەوەری زیانبەخش لە ناو باخ و کەشگەکانیاندا، بە دوای ئەنتەرناتیڤێکی دیکەدا بگەڕێن، بە پاراستنی کەشگەکانیان، ئەوەبوو لەناوبردنی کیمیاویان بە لەناوبردنی ئەو کرم و مەروو زیانبەخشانە بەکارهێنا. کە چەندین ملیۆن دۆلار لەسەریان کەوت.
سەرەڕای داهێنانی بووکە سەماکەرەی ئەلیکترۆنی تازە و بەکارهێنانی ماددەی کیمیاوی لەناوبەر. بەڵام تا ئەمڕۆش بووکە سەماکەرەی کلاسیکی بەکاردەهێنرێ و خانەنشین نەکراوە.. بووکە سەماکەرە بووە بە هەمای کەلەپووری یا گواستنەوەی داب و نەریتی جووتیاران و باخەوانان و ڕەزەوانان کە وەکو کەتەکێکی جوان لە ناو کەشگە و باخ و بەستان و باخچەکاندا، دایان دەنێن.
_
ئامانج هەرچییەک بێت لە دروستکردن و دانانی بووکە سەماکەرە، لە ڕاستیدا مەبەست تەنیا دوورخستنەوەی قەڵەڕەش و باڵندەکان نییە، بەڵکو بووکە سەماکەرەکان جوان و ڕەنگاوڕەنگن، خۆشی و شادی بە مرۆڤ دەبەخشن، چونکە هەر زوو قەڵەڕەشەکان و چەلەکەکان بیان دەردەکەوێت، کە بووکە سەماکەرە، مرۆڤی ڕاستی نییە و پێکەرێکی دروستکراوە، ترسیان لێی نامێنێ و دەچن لەسەر سەری و شان و باڵەکانیدا دەنیشنەوە و دەنووکی لێدەدەن و گاڵتەیان پێی دەکەن.
ئەمریکییەکان بە هەی بووکە سەماکەرەوە ژمارەیەکی زۆری قەڵەڕەشەکانیان پاراست. چونکە لە ناوەڕاستی نیوەی سەدەی ڕابردەیەمیندا، جووتیارەکان بە تاران و بە کەمبوونەوەی قەڵەڕەشەکان، سزای خەیاڵیان وەرگرت. بەروبووم کشتووکاڵییەکانیان. کەوتنە ژێر هەڕەشەی خواردن لە لایەن کرم و مەروو زیانبەخشەکانەوە، زیاتر لە هەڕەشەی باڵندەکان. بەیە وازیان لە دوورخستنەوەی باڵندەکان هێنا. بە ئەوەی کرم و مەروەکان بخۆن. تەنیا لە ماوەیەکی پێگەیشتنی بەروبووەکانیان پاسی کەشگەکانیان دەکەن. لە ڕاستیشدا قەڵەڕەشەکان زیانێکی ئەوتۆیان نییە. چەلەکەکانیش لە کەنەوە

تا ئەم نزیکترین بەدەن لە مرۆڤەوە. مرۆڤ لە هەرکوێ بێ چالاکیش لەوێ هەیە.

بووکە سەماکەرەی ئەلیکترۆنی:

بووکە سەماکەرەی ئەلیکترۆنی، لە شێوەی دەزگایەکی قەوارە گەورە دایە. لە شێوەی رادار دەچێت. بە دوورخستنەوەی باڵندەکان، لە سەر زەوی لە ناوەراست باخ و بەستان و رەز و کێڵگە و باخچە و شوێنە گشتیارەکاندا دادەنرێت، نزیکەی مەتر و نیوێکی دووجا شوێن دەگرێت.. ئەم دەزگایە پشت بە (لەزەری تیشک سێوز) دەبەستێت، کە لە رەنگی گیا و گڵا سێوزەکان دەچێت، باڵندەکان بە رووتی لێکی ناکەنەوە. هەرکە مەل و باڵندە و چۆلە و رەوی و بەراز و گیانلەبەرێکی تر، گەر لە کێڵگەکان نزیک ببنەوە، تیشکە سێوزەکە دوایان دەکەوێ و بەزار و ناچاریان دەکات و لە کێڵگەکە دووریان دەخاتەوە.. ئەمانەش جیاوازییەکانی بووکە سەماکەرەی ئەلیکترۆنی یە:

١ـ هیچ زیانێک بە باڵندەکان ناگەیەنێت، تەنیا ئاگاداریان دەکاتەوە و بە هەواشی لە کێڵگەکە دووریان دەخاتەوە.

٢ـ پێویستی بە وزەی کارەبا و هیچ مادەیەکی دیکە نییە، بە وزەی رەژ کاردەکات.

٣ـ دەزگای لەزەرەکە تەنیا مەتر و نیوێکی چوار گۆشە جێ دەگرێ، بەڵام پاسی هەموو لایەنەکانی کێڵگەکە دەکا، تا ماوەیەک دوای باڵندەکان دەکەوێ و دووریان دەخاتەوە.

٤ـ هیچ کارتێکردن و زیانێکی بە ژینگە نییە.

٥ـ دەکرێت لەناو باخچە و لەناو کێڵگە و لە زەر شوێنی تردا دابنرێت.

چەندین جۆری جیاوازی تری بووکە سەماکەرەی ئەلیکترۆنی هەیە، بە نموونە، بووکە سەماکەرە هەیە، لە شێوەی (کوندەپێووی ئەلیکترۆنی) قەوارە گەورە دایە، کە زەر دەگمەنەت و هەمیشە باڵەکانی دەلەرێنێتەوە.. باڵندەکان لێی دەترسن.

لە هەندە لە سەربانەکانی کارگەکان و فەرمانگاکانی شار و شارۆچکەکانی ئەوروپا، بووکە سەماکەرەی لە شێوەی قەلەڕەش، کە لە کاغەزی نایلۆنی رەشی تەنک دروستکراوە، تا باران تێی نەکات، بە پێتەکی درێژ و بە دارکەوە دەیبەستن، کە با لێی دەدات بەرز و نزم دەبەتەوە.. کە بە جوانی و بە خەشی دایدەنەن. لە هەمان کاتیشدا باڵندەکان لێی دوور دەکەونەوە.

ڕەزا شوان

نەرویج: ١١/ ئاوگوست/ ٢٠٢٠

دڵخوێنمەوە ... ڕێستەم خامۆش

دڵخوێنمەوە ، دڵخوێنمەوە
پەرتووکی باش دڵخوێنمەوە

منی زارۆی ژێر و بچووک
هەردەم هاوڕێم لەگەڵ پەرتووک

هەتا بیرم فروان بێ
ژیانم ڕەنگ و جوان بێ

دڵخوێنمەوە هەر بۆی شێدام
لەگەڵ پەرتووک من هەر ئاشنام

ڕێستەم خامۆش

دیموکراسی یان کلێپتۆکراسی؟ ... ئەحمەد ساڵح

ئەگەرچی ووشەی دیموکراسی وەک چەمک یان دەستەواژە، نامۆ نەبێت لەلایەن زۆرینەی کەمەگاوە، چونکە زۆریان بەگوێدا دراوە. بەڵام تێگەیشتن لەنەرمی دیموکراسی، وەک دیاردەیەکی کلتوری، فکری، هزری، مەعریفی و مرۆیی، لە ناو چڤات و کەمەگای کوردیدا، تاهەنوکە، وەک ئاخاوتەی سیاسی و کەمەیاتی و فەرهەنگی غایبە. کاتێک، ستەمکارێک، سەرۆک خزانێک، خوێنمژێکی خاوەن هێزی چەکداری ئامکراو، بە تووندترین ئاستی داپڵەسین، لەڕەگەی هێزی مرۆڤی بە هەست و بەکارهێنانی زەبرو زەنگ، بونی خۆی و شەرعیەتی خۆی بەسەر چڤاکدا دەسەپێنێت، وای وێنادەکات پاپشتی گەلی بەدەسهێناوە، لەژێر ناوو بەکارهێنانی ووشەو چەمکی دیموکراسی.
مەعریفەی دیموکراسی (دیموکراسی نیە)، وەک چەمک و بیر، وەک

کەلتورو هەشی عەقڵی پێگەیشتوی ئازمونکراو، داهات و بەرهەمی، ئاخاوتن و گفتوگۆو وتووێژی چاکیین. جڤات و کۆمەڵگایەك کەمڕاقی پێشکەتنی فرەڕەنگی و جوانیناسکانی جڤاتێ، وەك ئامانجی هاوبەش و هەستی گشتگیر، کار دەکات بۆ پێشخستنی ئەم جۆرە لە چالاکی چاکی و، گیان بەبەراکردنی خەمی هاوبەش لای زۆرینەی کەمەڵگا، وە سەرپێ خستنی چاکی کەمەڵگای مەدەنی و چالاکی ژیاری بۆرو ئاستی باشتر بۆکەی گەمەڵگا. پێچەوانەی ئەم بۆچونە، لەکۆمەڵگایەکدا کە زۆرینە خەڵپرست بێت و بەوای بە پێشخستن و پێوکردنی گیانی گشتی نەبێت و، زۆرینەیان، ئاوێتەی بیری یەکتا پەرستی بن و، خەمی لەپێشینەیان تێنیا خەیان بن و لەهیچ دەخەکدا ئازاری هاونیشتیمانی و هاوچاکییەکەی بۆ ئازاری خۆی نەزانێت، ڕۆژگارو ئایندەی هەمیشەو بەردەوام، ئاستی بۆرو هەڵدەر لەنگەر دەگرێت. چاکەك زۆرینەی قبووڵی بێت، ئەوانەی نوێنەرایەتیان دەکەن، خاوەنی هیچ بنەمایەکی مۆراڵی و ئەسیکی نەبن، ئایندەو داهاتووی هەمیشە بۆرو تاریکتر بون دەچێت. چاتەك، زۆرینەی پاڵپشت و بەرگریکار بێت لە کەسانەك، کە خاوەنی هەزی بکوژو داپڵۆسینی ئامکراون، ئەبێت هەمیشە لە ناسۆری و نەهامەتیدا بژین.

چاتی مەدەنی کۆنکریتی بەهەز (سترەنگ سیڤڵ سۆسایەتی) مەرجەکی گرنگی سەرپەخستنی بونیادی کەمەڵگای دیموکراسییە. خەمی گرنگی پرۆژەی دیموکراسی، پێویستە هەزەکی پێوەی کەمەڵگای مەدەنی بێت. میتۆدی سیاسی و بەهەزکردنی چاکی مەدەنی بۆ گرنگێ بۆ دیموکراسی؟ جۆن کین پرۆفیسۆر و دامەزرێنەری ناوەندی دراسات بۆ دیموکراسی لە زانکۆی وێستمنستەری لەندەن بەوای وایە " کردەو ئەرکی سەرەکی هاونیشتیمانی، لە مەدەلی دیموکراسی پلوراڵدا، دامەزراند و دەستپێشخەریکردنی فۆرمی جیاوازی کەمەڵگای مەدەنییە، تاکو بتوانن لەگەڵیەو وەك پلاتفۆرم، تەکەای کارکانیان یەکخەن و فشاری گۆرەو کاریگەر دروستبکەن، لەسەر هەربیارو پێیەو ێیساو یاسایەك دەتەبون"

جورگن هابەرماس، فەیلەسوفی ئەڵمانی، پێیوایە، " کرێك و ناوکی پێکهاتەو دامەزراوەی گەمەڵگای مەدەنی کەسانی خەبەخش و ئەو تاکانەی ناو کەمەڵگان، کە ئامانجیان خزمەتی گشتییە، شوێنی گفتوگۆو، کەبونەو دانیشتنی ئەم دامەزراوانە، دەبێت لەدەرەوەی سودو دەخی دارای حوکمەت بن، وەك کەمەڵو چاتی ئازادو سەربەخۆ بۆ تاوتوێکردن (دبەیت)، کەمەڵی کەلتورو فەرهەنگی بۆ فشار دروستکردن، کاری پێکەوەیی، گروپ و دەستەی نیوتراڵ و ڕاستقینە، خاوەنی بیرکەو هەڵوەستی چاکەی گشتی، کەمەڵ و دەستەو پەلی مۆراڵی خاوەن خەمی گشتگیر، ڕێکخستن و دەزگای هاونیشتیمانی و ێیشەیی لەهەموو

پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا، بەبێ هەڵچاوکردنی هەڵگۆڕ، ئاین، ئامیاری، ڕەنگ و باگراوندی خۆزانی تاکەکان.
زۆرینەی بیرمەندان و هۆشیارانی ئەم کۆمەڵگە، هاوفکردن لەسەر گرنگی ئەم بوارەو بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی دەکەن.

دیموکراسی. پێشینەیەکی کورت لەمەڕ دیموکراسی.

دیموکراسی، پێکهاتەی دو ووشەی (یۆنانی)ە دیمەس بەواتای (خەڵك یان گەل) و کراتەس بەواتای (فەرمان ڕەوایی یان هێز) واتا هێزی گەل یان فەرمان ڕەوایی گەل. بەشێوەیەکی بنچینەیی، لە فەرمانڕەوایدا، گرنگترین و بەرزترین هێز، بەگەل چەسپاوە، بەپێی یاسا. لەهەندێک فەرم و شێوازی دیموکراسیدا، دەکرێت ئاستەوخۆ لایەن گەلەوە بەکاربهێنرێت، بەڵام لەکۆمەڵگایی فراوانەدا گەل لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەرایەتی خۆی دیاری دەکات.
بیرمەند ئەبراهام لینکۆڵن پێی وایە "دیموکراسی واتا حوکمی گەل، لەلایەن گەلەوە بۆ گەل". مێژوونوس و بیرمەندی سیاسی (بەرناد لویس) پێی وایە " دیموکراسی واتا پێڕەوکردنی دەستورو حکومەتی نوێنەرایەتیکردن، ئەمەش مانای وایە ئەوانەی دەسەڵاتیان لەدەستە، بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ و تووندوتیژی دەبێت قایل بن، بە قبوڵکردنی سیستەمی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، بەپێی یاساو ڕێسای دیموکراسی، کەزانراوقبوڵکراون". بیرمەندی سیاسی سامیە هەنتینگتۆن جەختدەکاتەوە لەوەی " بنەڕەتی پرسەکە وەك سیستەمێکی دیموکراسی چەسپیو هەژماربکرێت، ئەم پرسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، دەبێت لانی کەم دوجار ڕووبدابێت". ئازادی و دیمەکراسی(فریدەم و دیموکراسی) زۆرجار لەبری یەکتر بەکارهێنراون، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکرێت یاخود هەڵچاوبکرێت، بەڵام ئەم دو ووشەیە هاو واتا نین. بەگومان دیموکراسی، بەمانای بنیاندانی کۆمەڵگەلێك، ئایدیاو سەرچاوەو بناغەی ئازادی دێت، لەگەڵ ئەوشدا، دیموکراسی پێکهاتەیەکی پراکتیزەکراو و ڕێبازێکی مەدەرنەو گەشەکراوی هەیە، لەدیرەکدا ڕەگەیی پێچاوپێچوو نادیکی زۆری بەخۆوە بینیوە. دەکرێت بەیین دیموکراسی کۆمەڵێک دامەزراوەیە بۆئامانجی دەستەبەرکردنی ئازادی. دیموکراسی، فەرمەکە لە نەرمەتیق پاوەر (هێزی لەیەکگەیشتن و گتوگۆکردن واتا هێزی نەرم) بەمانایەکیتر نەرمەتیق پاوەر، وەك پرۆفیسەر ئیان مانارس دەڵێت "ئەم نەرمە واتا گرنگیدان بە ئاشتی، ئازادی، مافی مرۆیی، سەروەربونی یاساو، لەسەرووی هەموشیانەوە گود گۆڤەرنەنس واتا فەرمانڕەوایکردنی باش"

تایبەتمەندی دیموکراسی چیە؟

دیموکراسی، زۆر زیاتر، لەتەنیا کۆمەڵك دامەزراوەی حوکمی نا دیموکراسی، دیموکراسی پشت ئەستورە بەکۆمەڵگەلێك تێگەیشتن وەك مەعریفەی ژیریی، نرخاندن، ڕێزگرتنی تاك، و گرنگیدان بەگروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ڕەفتار و پراکتیزەکردن و بەکارهێنانیان. دیموکراسی واتا پێشێل نەکردنی مافی خەڵك و ڕەخساندنی هەلی هاوبەش و چون یەك، لەهەموو کایەکانی ژیاندا هەر لە مافی جودا بیری فکری، سیاسی، ئاینی، فەلسەفی، پەروەردەیی، عەقڵانی، ژینگەیی و مافی کارو سەدان مافی تری، مرۆیی و ژینگەیی. هەموو ئەمانە فەرمی جیاواز وەردەگرن، بە دەرخستن و بەرجەستەکردن لەڕێگەی کەلتورو کۆمەڵگاوە. دیموکراسی فەرمانڕەوایەکردنێکە، کە تواناو ووزەی بەرپرسیارێتی شارستانی بەکاردەهێنرێت، لەلایەن کەی هاووڵاتیانی پێگەیشتووە، ئاستەوخۆ، یاخود لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادیی نوێنەرایەتیکردنەوە. دیمەکراسی بەخێی، جەڕەکە لەبەرگریکردن دژبە حکومەتی سێنترالی بەهێز(ناوەندی بەهێز)، دیسێنترالایز (شڵەکردنەوەی دەسەڵات لەناوەندەوە بە ئاستی هەرێمی و ناوچەیی. سیستەمی دیموکراسی پێوویستی بەتێگەیشتن هەیە، بەجۆرێك، بە ئاستی هەرێمی و ناوچەیی شڵەبێتەوە، بەئاوەی دەستی هەموو هاووڵاتیەکی بگاتێ، وەئامدەرەوەی ئاستەقینەی داخوازیەکانی کۆمەڵگا بێت، بەشێوەیەکی بەرفراوان و گشتی. یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی دیموکراسی، دەکرێت وەك بەبەی پشتی دیموکراسی قسەی لەسەربکرێت، بەرگریکردنە لەمافەکانی مرۆڤ، وك؛ ئازادی ئادەربڕین، مافی یەکسانی بە هەموان بەپێی قانون، بواری یەکسان فەراهەمبکرێت بە هەموان بە بەشداریکردن لەژیانی سیاسی و ئابووری و کەلتووری لەکۆمەڵگادا. گۆشەو بەرەوپێشچونی مافەکانی مرۆڤ، تەنیا کاتێك هەستی پێدەکرێت، کە دیموکراسی بونی هەبێت، وەك ئیان مانارس ئاماژەی پێکردوە لەڕوانگەی هەزی نەرمی دیموکراسیەوە.

گومان هەڵناگرێت، بە شیکارکردنی هەر بابەتگەلێك، تایبەت، بابەتێکی ئەجگار گرنگی وەك دیموکراسی، ناکرێت کۆمەڵگەلێك تەڕوانین و ئاخاوتنی سیاسی و تێبینی بیرمەندانی ئەم بوارە وەرنەگیرێ و نەخرێتە شرۆڤەوە. فیلەسوف و سایکۆلۆجیستی ئەمریکی سەدەی پێشوو جۆن دیوی پێیوایە" ئامانجی هەرگرنگی بەرهەمهێنان، نابێت بەرهەمهێنانی شتومەك بێت، بەڵکو دەبێت بەرهەمهێنانی مرۆڤی ئازاد بێت، لەڕوانگەی یەکترقبوڵکردن و یەکسانی". ئەو و گرنگی پەروەردەش ناکرێت نادیدە بگرین، چونکە

(جۆن دیوی)ش مەبەستی سەرەکی لە بەرهەمهێنان، پەروەردەی نەک شتگەلێکیتر. پەروەردەی تەندروست، ئازاد، کۆمەڵگا، ئۆگەر بەشێوەیەکی باش و سیستەماتیك بەکاربهێنرێت، بە بزواندن و تێرکردنی بیری تاک، بیرشنگاری، فکرو هزری بنچینەی بەبونیادنانی ئینديڤیجوالیکی دیمەکراتیك. وەك چۆن فەیلەسوفی بەریتانی بەرتاند ڕووسێل دەڵێت " پەوویستە، ئاوات و ئامانجی پەروەردە، گرنگی و بایەخدان بێت بەشتەکان، نەك کۆنترۆلکردنیان، بۆئەوەی هاونیشتیمانییەکی، ژیرو ئازاد بهێتەبوون لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا، وە هاندان و پاڵپشتیکردنی هاوڵاتی، بە بیری سەربەستی، ئازادی و ئینديڤیجوالیکی داهێنەر، واتا ئەمەی مرۆ، دەبێت ڕۆفتارمان بەپەروەردەکردنی تاك وەك ئەو باخەوانە بێت کەچۆند گرنگی بەنەمامەکی تازەپێگەیشتوو لەناو باخەکەیدا دەدات، بەخزمەتکردن و چاودێریکردنی". ئەمەش دەکرێت والێکبدرێتەوە کەنابێت، ئەمەی مرۆق پەروەردە بەشتەکی بە بەها ببینین، یاخود تەنیا وەك پەکردنەوەیەك ببینین، بە نمونە وەك پەکردنی گوداننك لەئاو، بەکو دەبێت یارمەتیدەربین بە ئەوەی گوێی ناو گوداننکە بەسروشتی و ڕەگەی تەندروست گەشەبکات. بە شرۆڤەکردنەکی دروست و گونجاوی شکۆماندانەو مرۆیی باش، دوورلەفیکری یەکتاپەرستی، بە تێگەیشتن و ئەزمکردنی، دید و تەوانینی، ئەم بیرمەندانەی، بواری دیموکراسی، لەسەرەو ئاماژەیانپێکراوە، یان ووونتربوونەم بەدیسکەرسی فیکری هەموو بیرمەندانی بواری دیمەکراسی بەتایبەت بەرناد لویس، سامیوێل هەنتینگتۆن، جۆن دیوی، ئیبراهام لینکۆڵن و سیدانیتر، دەتوانین خوێندنەوەیکی ژیرانە بە سیستەمی دیمەکراسی بکەین و تێبگەین، کە ئایا سیستەمی هەرەمی کوردستان سیستەمەکی(دیموکراسی)ە یاخود، بەپێچەوانە سیستەمەکی(کلێپتۆکراسی)ە.

کلێپتۆکراسی چییە؟

کلێپتۆکراسی ووشەیەکی (یونانی)ە لەدوو ووشە پێک دێت: کلێپتۆس واتا (دز) کراتۆس بەمانای (پاوەر یان هێز) پاوەر واتا هێزیان دەسەڵات، هێز واتا فەرمانڕەوایی، یاساو ڕێسا. بەمانایەکی تر واتا (دەسەڵات و هێزی دز یان فەرمانڕەوایی دز). بیرمەندی سیاسەتی ئابوری هەرسچیل گرێسمان پێیوایە" ئەم جۆرە دەوڵەتە واتا دەوڵەتی کلێپتۆکراتیك، لەڕێگەی یارمەتییە بەرفراوانەکانی درێژە بەمانەوەی خۆی دەدات بە فەرمانڕەواکانی و ئەوانەی ڕەوایی پێدەدەن". بانکی نێودەوڵەتی کە ناسراوە بە (ئینتەرنەشنال مۆنیتەری فەند) پێیوایە

لەو ڕوانگەیەوە هەوڵیداوە کار لەسەر چەندین تێکست بکات، لەوانە شانۆگەریەکی ئیلیێت هەدەبژارت، ناوی دەبات بە "هەڵبژاردنەکان" کە لە شەش هەڵبژاردن بەرجەستەی دەکات، یاخود کارەکانی گروپی وێستەر بەتایبەت لەشانۆگەری "گەشتی ئۆژێکی درۆژ بۆ قوڵایی شەو" ی یۆژین ئۆنێل کە لەماوەی 13 دەقیقەدا نمایشکراوە، کە پەرفۆرمەرەکان تەنیا دیارترین دەیاڵگەکانی ناو شانۆنامەکەیان هەڵبژاردووە بۆ کارکردن.
هەر هونەرمەندێك بەپێی تێگەیشتنی بۆ کارەکەی خۆی هەوڵیداوە ئاگایی کولتوریی و جوانیناسیانەی ببێتە هۆی ئەوەی چۆن سەر لەنوێ فۆرم بەو نمایشە دەبەخشێت، لەو کاتەدا ئەوەی نایکاتە ڕەسایەك پەیوەستە بەو ڕووحە ئەزموونکاریەتەی هەمیشە لەناو گەڕاندایە کە شوێنێکی نیە بۆ وەستان و بەخشینی وەك ستایلێك، بەڵام هەمیشە تێگەیشتنێکی فیکری قووڵ لەپشت کارەکانەوەیە، بەواتای بەتەنیا هەستی ڕووکەش بۆ دیاردەیەك یان گرفتێك ناکەنە هۆکار بۆ خولقاندنی کارە هونەریەکە، هێندەی دەیانەوێت لەپاڵ ئەو تێگەیشتنە هونەریە قوڵاییەکی فیکریی و بیرکردنەوەی فەلسەفی پێ ببەخشن، ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ نەبێت ژمارەی پەرفۆرمەرە، بەڵام گرنگە کە ئەوە لە نمایشی سونەتی شانۆ کاریگەری زیاتر بخوڵقێنێت، گەر وانەبێت ڕوو دەکرێتە نمایشت کردنەوەی تێکستەکان لەسەر شانۆ، بەڵام چونکە مەودا و ڕووبەرێکیتر دەخوڵقێنن بۆیە بەو شێوەیە دەیخەنە ڕوو، هیچ کاتێکیش لە نمایشی شانۆیی وەك ئەوەی هەیە بە کەمتر سەیری ناکەن، وەك چۆن ژنە پەرفۆرمەر کارین فینلی لەڕگەی نمایشی مۆنۆدرامیەوە دەیویست کامێرا و وێنەی فۆتۆگرافی بەشداری لە گۆڕانەوەی

تاوانەکان بکات، ئەو گەنجانەوەیە بۆ خۆقاندنی مەودایەکی فیکریی بوو بە تاوان، بەواتای ووداوەکانی ڕۆژ بۆ ووروژاندن نیە لەسەر شەقام و ئەو شوێنانەی کە پڕۆفەرمانسەکەی تیا ئەنجام دەدرێت، بەڵکو لەپێناو چێنیەتی داشتنەوەیە لەناو یەکەیەکی جوانکاریی و فیکریدا.

ڕەنگە لەو شێوە پڕۆفەرمانسەدا نمونەی پڕۆفەرمەری زۆر لەبەردەستدا بێت، بەڵام دەشێت لە نوسینی کورتە وتارێکدا گەنجانەوە بۆ تەواوی هەوڵەکان ئەو گرنگیەی نەبێت بەقەد ئەوەی تیشك خستنە سەر شێوەی پڕۆفەرمانسەکە بۆ خۆی گرنگی تایبەتی هەبێت بۆ ئەوەی ئاگایی و مەعریفەیەکمان لەبارەیەوە هەبێت، ئەمە بەر لەکۆتایی هاتنی بەو وتارە هەوڵدەدەین لەسەر شێوەیەکیتری پڕۆفەرمانس بۆینە قسەکردن، کە پێم وایە گرنگی تایبەتی خۆی لەئێستادا هەبێت و بەردەوامی و گەشەسەندنی هەمیشەیی بەخۆیەوە بینیبێت، ئەویش پڕۆفەرمانسی جەستەییە، کە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی شانۆکارانی پێشەندی بەتایبەتی لەکارەکانی گرتۆفسکی و کانتور و گیگیۆفسکی و ئەوانیتردا.

پڕۆفەرمانس سەرباری دەرکەوتنی لەناو هونەرەکانی شێوەکاری و شانۆ و سەما، بەڵام بوونی ئەو هونەرە لەلایان شانۆکارانی پێشەندیەوە لەڕاستیدا ووبەرو پانتاییەکیتریان پێ بەخشی، هۆکاری سەرەکیش ئەوە بوو زۆربەی شانۆکارانی پێشەندی کە بە ئەزموونکارە نوێیەکان ناویان دەرکردبوو، پشتر لەهونەری شێوەکاری وەك شێوەکار ناسرابوون و دواتر ووویان کردبووە شانۆ، بۆ ئەوەش توانیان لە کاری پڕۆفەرمانسیدا پەیوەندیەك بخوڵقێنن لەنێوان هونەری شێوەکاری و شانۆدا.

دژینەوەی ئەو پەیوەندیە خاڵی نەبوو لەو قەیرانەی کولتوریەی مرۆڤی پێشەندی خۆی کە بەهۆی نازیەتەوە ووبەرووی ببووە، کە جەستە لە فۆنەکانی نازیزم دەسووتێنرا، ئەو بۆبەها بەخشینە بە جەستەی مرۆڤی پێشەندی، بۆ خۆی توانی ئەو پرسیارە ووبەرووی ئەو کەمەگایە بکاتەوە: جەستەی من بوونی چیە؟

گەنجانەوە بۆ ناو گفتوگۆکانی شانۆکارێکی وەکو یۆزیف شاینا کە چۆن ڕۆژێك بەر لەوەی بخرێتە فڕنەوەو بسووتێنرێت چۆن بە پەرجوویەك ڕزگاری بووە، بۆ خۆی پرسیاری جەستە لەلای شانۆکاری پێشەندی دەکاتە پرسیاری کولتوریی ئەو کەمەگایە، هەر بۆیە جەستە چەندە پەیوەستە بەو ئاگاییە شێوەکاریەی شێوەکاران کە دواتر پەینەوە ناو شانۆ، لەهەمان کاتیشدا پەیوەستە بەو ئاگاییە کولتوریەی مرۆڤەکانی ئەو کەمەگایە.

ئەو کەمەگایە لەبەردەم هەوڵە شانۆییەکانیشدا گەیشتبووە خاڵێك کە

پەینەوە و ڕووە و شانۆیەکیتر بوو، چونکە شانۆ وەك ئەوەی هەبوو ئیتر پێویستی بەوە بوو لەڕووبەرێکیتردا وەڵام بە پرسیارەکانی ئەوان بداتەوە، بەتایبەت ئەو دەمەی گرۆتۆفسکی ووتی "ئێمە لەسەردەمی ئەودیوی شانۆداین"
ئەو ووتەیە زادەی گەڕان بوو بەدوای هونەرێك کە چیتر لەڕێگەی کەرەستە شانۆییەکانی سەر تەختەی شانۆ گوزارشت لەخۆیان نەکەن، ئەوە بۆخۆی بانگەشە کردنێکی پڕفۆرمانسیانە بوو کە لەڕێگەی جەستەوە بنیاتی دەنا، ئەو تێگەیشتنەی گرۆتۆفسکی بۆ ئەودیوی شانۆ، هەمان تێگەیشتنی ڤاتیمۆ یە بۆ فەلسەفە کە بەدوای تازەگەری فەلسەفە پێویستی بە پاش تازەگەریە، چونکە تازەگەری کۆتایی دێت، هەنگە پڕفۆرمانس بۆ خۆی لەبەردەم پەینەوە بێت بۆ دۆخێکیتر، کە دۆخی پڕفۆمانس بێت، هەبەت ئەوە بۆ گرۆتۆفسکی بەتەنیا کارکردن نەبوو بۆ شێوە ئەزموونێکیتر هێندەی ڕووبەرێکی فەلسەفیانەی شانۆ بوو، ئەگەر ووردبینانەتر قسە بکەین دەبێت شێتی ئاڕتۆ بگەڕێنینەوە بۆ درك نەکردنی کۆمەکای خۆرئاوایی بۆ هونەرێکی پڕفۆمانسی، بەڵام سەرەنجام ئارتۆ بەو فەیلەسووفە شانۆییە دەمێنێتەوە کە زەمینەی گوتاری ئەلتەرناتیڤی لەشانۆدا بنیاتنا.
ئەو زەمینەی ئاڕتۆییە گرۆتۆفسکی بەتەنیا نایهێنێتە دی، بەکو ئەو دیدە فەلسەفییەش تیایدا دەخاتە ڕوو، بۆیە پڕفۆمانس مانای نەدۆزراوە بۆ ئەو هەوڵە دەدۆزێتەوە.
لێرەدا نمایشی شانۆیی دەگۆڕێت بۆ پڕفۆمانس و ئەکتەریش ناو دەبات بە پڕفۆمەر، لەو بارەیەوە گرۆتۆفسکی دەڵێت "پڕفۆمەر پیاوی کردارە.. نەوەك ئەوەی ڕۆڵی پیاوێکیتر دەبینێت, ئەو سەمازانە, جەنگاوەرە, لەدەرەوەی هەموو چوارچێوەو ڕەگەزە هونەریەکانەوە, سروتیش پڕفۆمانسە, یا کردەیەکی تەواوکەرو کردەیەکی تەواوە, نمایشیش تێکشکانی سروتە, لێرەدا لەو ڕگەیەوە نامەوێت, شتێکی نوێ بدۆزمەوە, بەکو کەشفی شتێکی لەیادکراو بکەم" کەواتە پڕفۆمەر بوونی ئامادەبوونی خۆیەتی نەك نوێنەرایەتی کردنی کارەکتەر, ئەو نوێنەرایەتی کەس ناکات, ئەوە سروتێکی شانۆییە تیایدا پڕفۆمەر ئامادەبوونی وەك مرۆڤ لەتەك ئامادەبوونی مرۆیانەی وەرگر یەکەیەکی ڕیتوالی پێکدێنن, کە مۆتیڤێکی چەمکە لەڕووبەری پڕفۆمانسدا.
جەستە بۆ گرۆتۆفسکی ڕووبەرێك نیە کە تێکست لەسەر شانۆ ملکەچی پێبکات بەکو وەك دەڵێت "جەستە یادەوەری نییە, بەکو خۆی یادەوەریە, ئەوەی دەبێت پێی هەبستێت لابردنی بەربەستەکانی جەستەیە" ئەوەش ئەو کردارەیە کە پڕفۆرمانسەکەی تیا ئەنجام دەدرێت، ئەو پەیوەندیەی جەستە و باەتگەڕێتی دەیخوڵقێنێت، چونکە

جەستە وەك جۆرێك لە یادەوەری دەبینێت، ئەو یادەوەریە لەتەك ئەو زەمەنە هەنوکەییەی پڕفۆرمێر گوتاری ئێستای من بنیات دەنێت، ئەو منە کێشەیەکی فەلسەفی ووبەرووی دەکاتەوە بەوەی (منی جەستە) و(جەستەی من) دوو تێگەیشتنی پڕفۆرمانسیانەیە بێ جەستە، ئەگەر لەو کارە پڕفۆرمانسیانەی ناو تێکستەکان کە سەرەتا وەك گۆڕانەوەی پڕفۆرمانسی ئاماژەمان بێ کرد من تیایدا ببێت بە منی جەستە، ئەوا من لەڕێگەی چەند دەیالۆگێکەوە دێت بێ خۆنمایشکردن جەستەشی دەخاتە خزمەتی ئەو نمایشەوە، ئەوەش تەنانەت لەلای شانۆی زیندووی جۆدیت مالینا وژۆلیانا بیکیش هەستی پێ دەکەین.
بەڵام ئەو دەمەی جەستەی من ئامادەبوونی هەبوو، مانای وایە جەستە نەخراوەتە ژێر دەسەڵاتی فەزای تێکستەوە، بەڵکو جەستە بۆخۆی ئازادبوونی گوتارە، کە توانای بنیاتنانی ئێستای هەبێت لە ساتەوەختی پڕفۆرمانسەکەدا.
لێرەدا دەتوانین شێوەیەکی جیاواز لە کاری پڕفۆرمانسی بەدی بکەین، کە ئەو ڕوانینەی گرێتڤسکی ئەمڕۆ کاریگەری لەسەر زۆر ئەزموون و کاری پڕفۆرمەرەکان بەجێ هێشتووە و دەشێت لەداهاتووشدا دەرگا بێ زۆر کاری تر بکاتەوە، ئەوە بەو مانایە نیە کە لاسایی بکرێت، بەڵکو بەو واتایەی کە کاری پڕفۆرمانسی لەو دیدە تیۆریەوە هەوڵی خۆقاندنی مانا و شێوەی تر بدات بێ چۆنیەتی ئامادەبوونی جەستەی پڕفۆرمەر لەناو پڕفۆرمانسدا.

نیهاد جامی/ پێندا

ژن و منداڵە ئێزیدیەکانی قوربانی داعش .. هەوڵ بۆ سکۆنی

ئەگەرەژووی کورد پەبێت لە داگیرکاری و تاڵان و چەوسانەوە و لەناوبردن، بگومان ئەوە بێ ئێزدییەکان سەخت و دوارتر بووە، چونکە بەدرێژایی مێژوو تائێستاش لەسەر دەستی دەسەڵاتە جیاوازەکانەوە زۆم چەوسانەوەیان بەرامبەرکراوە، چەوساندنەوەی ئەوان دووسەرە بووە، هەم وەکو ئایین و هەم وەکو کوردبوون چەوساونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی تووشی ئازار و ئەشکەنجە و نەهامەتی

و کۆمەکوژی بوونەتەوە، دەیان فتوای کوفرانە بۆ کوشتوبڕ و قڕکردنیان دەرکراوە.
بەهۆی نەزانی و بیری تەسکی دوژمنەکان ئێزیدیەکان بە لادەر و کافر لەقەڵەم دراون، ئەمەش خۆنی حەڵاڵ کردوون و چەندان فەرمانی کۆمەکوژی و لەناوبردنیان بۆ دراوە، لەئەنجامی ئەو فەرمان و هێرشانەدا هەزاران کوڕ و کیژ و ژن و منداڵیان کوژراون و بەدیل براون و خراپترین مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، لەهەموو ئەو فەرمان و شاڵاوە نەگریسانەی کراوەتە سەریان، ژنانی ئێزدی قوربانی یەکەم بوون و زۆرترین زوڵم و چەوسانەوەیان دەرهەق کراوە.
وەك خۆیان دەڵێن و مێژوو گەواهی دەدات 74 جار فەرمانی قڕکردنیان بۆ دراوە و دواترینیان ئەوە بوو، لەئەنجامی خیانەتی دەسەڵاتی کوردی و لە 3- 8- 2014 لەشەنگال ڕوویدا، کە مێشك وشك و دەروون نەخۆشەکانی داعش هێرشان کردە سەر ئێزدییەکان و لەژێر سایەی کەمتەرخەمی و خەمساردی هێزی پارێزەریان، بەهەزاران ژن و منداڵ بوونە قوربانی ئەقڵیەتی داگیرکەری دەروون نەخۆشی داعش، کەسیش نەبوو بەرگری بکا لە نەهامەتی و بەدیل گرتنیان، بەپێچەوانەوە ئەوانەی بانگەشەی پاراستنی کۆمەڵگا و ئێزدییەکانیان دەکرد، لەکاتێکدا ئێزدییەکان پێویستیان بەپاراستن هەبوو، ئەوان هەڵاتن و لەگەمەیەکی سیاسیدا پشتیان کردە ئێزدییەکان و لە دووڕەوە بوونە بینەری ڕووداوە دڵتەزێنەکان.
لەو پەلامار و هێرشانەی داعش بۆ سەر شەنگال هەزاران ژن و منداڵی ئێزدی بوونە قوربانی ئەو جەنگە ئایینیە و کەوتنە ژێر دەستی داڵاشەکانی داعش، ژن و کچە پاکیزەکانی ئێزدی دووچاری ناخۆشترین و دڕندانەترین شێوەکانی دەستدرێژی و بەکۆیلەکردنی سیکسی بوونەوە و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیان پێوە کرا.
دیمەنەکانی ئەو داگیرکارییە هێندە ترسناك و ناخەژێن بوون، مرۆڤ بەزەحمەت دەتوانێت ئەو ڕووداوانە فەرامۆش بکات، کە لەکاتی دەستگیرکردنی ئێزدییەکان بەدەستی داعش تووشی چ نەهامەتی دەردەسەریەك بوون، لەیەکەم هەنگاودا هەموویان لەیەکتر دابڕین، دایك لەمنداڵەکانی جیا کرایەوە و ئاگایان لەیەکتر نەما، ئافرەتی گەنج و بەتەمەن، جوان و منداڵکار، بۆ منداڵ و منداڵدار، سەڵت و خێزاندار، لەیەکتر جیاکرانەوە، دایك لەمنداڵ، کچ لەدایکیان دابڕین و کۆمەکانیشیان لەوان جیا کردەوە، ئەوانەی جیادەکرانەوە دەیانبردن و بەڵاکشان بەدوای خۆیاندا ڕایاندەکێشان، منداڵ هەبوو دامێنی دایکی دەگرت و نەیدەویست لێی جیابێتەوە، قیژەی ژن و گریانی منداڵ دنیای پڕکردبوو، ئەو دیمەنە سامناکە بەردی دەهێنایە دەنگ، دەتوت ڕۆژی حەشرە، بەجۆرێك کاریگەری لەسەر ئەوان داناوە

ئەستا ژنە ژگاربووەکانی دەستی داعش دەن کاتێك دەکەوێە بەردەستی داعش ژی سەدجار مەرگ بەئاوات دەخوازی، بەاستی مەرگ لە ژیانی ژەر دەسەاتی داعش ئاسوودەترە، لەو سنگەیەوە لەکاتی دەستگیرکردنی ئزدییەکان وابەاوکرایەوە یەکك لە ژنە ئزدییەکان بەهەر شێوەیەك بووە لەشونی دەستبەسەرکردنیەوە پەیوەندی بەمردەکەیەوە کردووە، بەام بە ژگار بوون نا، بەکو بە ئەوەی داوا لەهزەکانی ئەمریکا بکەن، ئەو شونەی ئەوانی تداددەستبەسەر کراون بەفکە بردومانی بکەن، بە ئەوەی بمرن و لەدەست داعش ژگاریان ببت، ئەوە باشترە لە دنیای پ شەرمەزاری دوای ژگاربوون لە دەستی داعش، ئایا ئەمە چ نەهامەتیەکی ژیانە، مەرگ بەئاوات بخوازیت.

ئەو هەوا و چرکانەی دوای دەستبەسەرکردنی ژن و منداە ئزدییەکان باوەبوونەوە، بەشێوەیەك ترسناك بوون، تەنانەت مژووش شەرمەزارە لە دووبارە کردنەوەیان، کە داعشە دەرون نەخش و دەشەکان بەوپەی دندایەتیەوە مامەیان لەگە ژن و منداە ئزدییەکان دەکرد، دوای دەستبەسەرکردن و جیاکرنەوەیان بەشك لەومندانە ناچارکراون چەك هەبگرن و بەب ویستی خیان بەشداری جەنگ و کردەوە تیرڕستیەکان بکەن، بگومان ئەگەر سەرکشیان بکردایە ب بیرکردنەوە دەکوژران، هەربیە لەپناوی مانەوە لەژیان ناچاربوون، قبوی بکەن، ببنە چەکداری داعش و بەشداری جەنگ بکەن، بەشکی تر لەو منداە و کچە هەرزەکارانەی لەو ماوەی لای داعش دەستبەسەر بوون، ئەگەرچی زەر منداە بوون و هیچ هەستك گابەوە نادا، بەام ئەوان دەستدرژی سیکسیان کراوەتەوە سەر و ناچارکراون شووبە داعشەکان بکەن، دواتریش چەندین جار بازرگانی و کین و فرشتنیان پوە کراوە، بەاستی ئەستەمە ئەو ژگارە تاە وا بەئاسانی لەبیر خیان بەرنەوە.

ئەو منداە ئزدیانەی پشتر لەلای ئەو گروپە تیرڕستیەی داعش دەستبەسەر بوون، کوەکان بەشداری شە بوون و کچەکانیشیان دەستدرژی کراوەتەسەریان، لەووی دەروونیەوە لەوپەی ماندووبوون و شەکەتیدابوون، کەلەدەستی ئەو گروپە تیرڕیستیە ژگاریان بووە و گەاونەتەوە ناو خزانەکانیان، بەام سەدان کشە و گرفتی دەروونیان هەیە، نەیانتوانیوە وەکو منداکی تەندروست بگەنەوە ناو کمەگا و خزانەکانیان، شونەواری ئەشکەنجە و دەستدرژی و ناچارکردنی بەشداری شە و کردەوە تیرڕیسستیەکانیان بەسەر جەستە و دەروونیانەوە دیارە، پویستیان بە چارەسەری دروونی و جەستەیی هەیە، بگومان خزان و کەسوکاری ئەو منداانە ناتوانن وەك پویست چارەسەری دەروونی و جەستەیان ب بکەن، لەوانەیە بەهی

نەشارەزاییەوە هەندێك جار لەجیاتی چارەسەر زیاتر دەروونیان ئاڵۆز بکەن، بۆیە پێویستە بەرپرسانی حکومەت و ڕۆکخراوە مرۆیی و نوودەوڵەتیەکان خەمخۆرانە بە دەنگیانەوە بێن و خەمیان بخۆن.

ژنانی ڤێندراوی ئێزدی یەکێکی ترن لەو قوربانیانەی دەستی تیرۆرستانی داعش، بەتایبەت ئەو ژنانەی لەئەنجامی دەستدرێژی سیکسی تیرۆریستانی داعش دووگیان بوون و بێ خواستی خۆیان منداڵیان بووە، ئەو ژنانە دووجار قوربانین، لەلایەك دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر و لەلایەکی تریش بوونەتە دایکی منداڵێك، کەلەناو خۆزان و هۆزەکەیدا قبوڵکراونیە و بەپێی دابونەریتی ئێزدی ئەو منداڵانەی دایکیان ئێزدی و باوکیان داعشن، قبوڵکراو نین، لەبەرئەوە ئەو ژنانە ناچاربوون دەست لە منداڵەکانیان هەڵگرن، ئەمەش جورێك ستەمی بەرامبەر بەو منداڵانە تێدایە، کە دایکیان ستەمی لێکراوە و دەستدرێژی کراوەتەسەر، بەڵام ئەم منداڵانە تاوانیان نیە، ڕاستە ئایینی ئێزدی هاوسەرگیری لەنێوان ئێزدیەك و یەکێکی تر قبوڵ نیە، بەڵام دیارە ئەو ژن و کچە ئێزدیانە بەویستی خۆیان شوویان بەداعشەکان نەکردووە و بەبێ خواستی خۆیان منداڵیان هێناوەتە دنیاوە، بۆگومان نەدایکیان و نەمنداڵەکان گوناهێکیان نییە، هەروەك یەکێك لە ژنە ڕزگابووەکانی دەستی داعش داوای لە خۆزانەکەی و هۆزەکەی و جیهان دەکات، لەوە زیاتر ئەشکەنجەیان نەدەن، چونکە ئەوان بەویستی خۆیان نەبوونەتە دایك و دەستدرێژیان کراوەتەسەر، داوا دەکات ئەو منداڵانە بەهۆی دابونەریتەوە لە باوەشی دایکیان دوورنەخرێنەوە، لەبەرئەوە پێویست بوو بیر لە ڕۆگاچارەیەکی نەرم و هێمنتر بکرایەتەوە، بۆیە ئافرەتانی ڕزگاربووی دەستی داعش پێویستیان بە چاودێری ورد هەیە، کە پسپۆڕی دەروونی بەردەوام ڕۆنمایی دەروونیان پێ بدات.

بەداخەوە ئەو بارودۆخەی ژن و منداڵانی ڤێندراوی ئێزدی هەم لەلایەن ڕاگەیاندنەکان و هەم لایەنە پەیوەندیدارەکان جاری واهەیە بەهۆی پیشاندانی نادروست و مامەڵەی نەشیاو و بەزەیی هاتنەوە پێیاندا هێندە دەروونیان ئازار دەدەرێت، نەبوونی باشترە، وەك ژنێکی ڕزگاربووی ژێر دەسەڵاتی داعش داوای دەکرد لەوە زیاتر ئازار و ئەشکەنجە نەدرێن، بۆیە پێویستە ڕۆزیان بگیرێت و هاوکاری بکرێن و بەهانایانەوە بێین، تا لەووی کێشەی جەستەیی و دەروونی ئەگەر بتوانن لەماوەیەکی دووریشدا بێت، بگەڕێنەوە دۆخی ژیانی ئاسایی خۆیان.

بیروڕیەک لەگەڵ مامۆستا شەرکۆ بەکەس ... نووسینی: ستیڤان شەمزینی

وا بزانم یەکەم جار مامۆستا "شەرکۆ بەکەس"م ناسی، ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان بوو. هەرچەندە مامۆستا لە گەنجییەوە ئاشنای باوکم بوو، هەر بەیەکیشەوە نەفی خواروویی عێراق کران، بەڵام ناسینی خۆم لەگەڵیدا وەک وتم لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بوو. جیا لەوەی مینا گەنجێک زۆر سەرسام بووم بە توانا شیعرییە لە رادەبەدەرەکەی، هەمیشە هەوەستەکانی ئەم پیاوە مەزنە سەرنجی ڕاکێشاوم. بە تایبەت کاتێک دەستی لە وەزارەت هەڵگرت و بە دەنگێکی دڵەڕوتی "چۆن دەتوانم وەزیری ڕۆشنبیریی بم و سنگی وشە و ڕۆژنامە بە قەڵەم هەڵدەن".

هەر لە نەوەدەکاندا کە بەرەو ڕووبوونەوەی هەڕەکان بە تایبەت لایەنگرانی کولتووری باو و کونسەرڤاتیزمەکان و هەڕە نوێباوەکان ببوونە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی، شەرکۆ بەکەس هەمیشە لە سەنگەری هەوەستدا بوو لە بەرانبەر ئەو ڕەوتانەی پارێزگاریان لە سەنگەری دواکەوتوویی دەکرد. لەسەر مەسەلەی ژن و عەلمانیەت و ئازادیی بیروڕا و مەدەنیەت و دیموکراسی هەوەستی ڕوونی هەبوو، داکۆکی ئەو لەو بەهایانە قابیلی هیچ جۆرە سازشێک نەبوو. ئەمە هەقیقەتێک نییە تەنیا من هەستم پێ کردبێت، بەڵکو ڕاستییەکە وەک ئەماس دەدرەوشێتەوە.

بیرم دێتەوە ساڵی 2000 لەو ساتەوەختەی یەکێتی بە سەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا پەلاماری حزبی کۆمۆنیستی دا، من و هاوڕێیەکی ترم کە پەیامنێری ڕادیۆی حزبی کۆمۆنیست بوو، چووین بۆ لای مامۆستا بۆ دۆزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ویستمان هەوەستی بزانین لە بارەی ئەو ڕووداوە، ئەوەی ئەمە بینیمان مامۆستا لە ئەمە تووڕەتر بوو، لە ئەمە نیگەرانتر بوو، بەڵێ ڕەنگی سەرکی بینی لەو پرۆتستۆیەی کە لایەن 40 نووسەر و ڕۆشنبیری شاری سلێمانییەوە دژ بە ئەو پەلامارە دەرچوو، کە دواتر مام جەلال ئەو 40 ڕۆشنبیرەی بینی و لەوەش مامۆستا بە تونديی ڕەخنەی لەو هەوەستەی یەکێتی گرت. بەڵام مام

جەلال بەئاگایی خەی لە شەوازی ئەو پەلامارە نیشاندا، بەگوومان دوای ئەو سەردانە لەسەر بەیاری مام جەلال کوشتاری کۆمۆنیستەکان کۆتایی هات.
من ئەم شاهیدییە بە مێژوو دەدەم، هەر ئەو کاتەی یەکێتی بەاوکراوە و ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیستی قەدەغە کردبوو، من و هاوڕێکەم بەردەوام سەدان رۆژنامەی بەپشەوە و بەاوکراوە و بەیاننامەی حزبمان دەبردە ناو دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و بەاومان دەکردەوە. جگە لەوەش خودی مامۆستا سپانسەری رۆژنامە و بەاوکراوەکانی دەکرد. هەموو مانگێک مامۆستا شەرکە بەی 100 دیناری سویسری "کە بە ئەو رۆژگارە کەم نەبوو"، دەدایە دەستی ئەمە بە مەبەستی سپانسەریکردن بە رۆژنامەکانی حزبی کۆمۆنیست، هەر لەناو دەزگای سەردەم هەریەک لە بەڕێزان "کاک ئازاد بەرزنجی، کاک ڕەبین هەردی، مامۆستا ڕەئوف بێگەرد، ئاسۆ جەبار" ئەوانیش بە بڕێک پارە سپۆنسەریی رۆژنامەکانیان دەکرد، بەڵام ئەوەش هەمووی بە ئازایەتی و چاولێکردنی شەرکە بکەس دەگەڕایەوە.
ئەوارەیەکی پایزی ساڵی 2000 هەشتا سەفەرم نەکردبوو بە تورکیا، لە کوردستان بووم، زیاتر لە 100 ڕۆژنامە و 200 بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستم پێ بوو، هەستم دەکرد لە نزیک گەڕەکی خەمان چاودێریی دەکرێم، بە خەرایی خەم فڕێدایە ناو پاسەکی گەڕەکی بەختیاری کە بەرەو بازاڕ دەڕۆیشت، دوو لە ئاسایشەکان بە خەرایی خۆیان هەڵدایە ناو پاسەکەوە، بەڵام چاوەڕوانیان دەکرد، لەگەڵ دابەزینم دەستگیرم بکەن. هەر ئەوەندە گەیشتمە ئاستی فولکەی یەکگرتن، ئافرەتێک لەو مەوقیفە دابەزی و منیش لە جامی کەستەرەکەوە خەم هەڵدایە خوارەوە و بەرەو دەزگای سەردەم هەڵهاتم کە 200 مەترێک لەمەوە دوور بوو، بە شەڕەشەق خەم گەیاندە ناو دەزگای سەردەم و یەکسەر بەرەو ژووری مامۆستا ڕامکرد، خوا بێوە ڕوحمی کرد خەی لەوە بوو، دوو ئاسایشەکەش لە بەردەم دەرگای سەردەم وەستابوون، حاڵ و وەزعەکەم لە مامۆستا گەیاند و ئەویش هاتە دەرەوە و ئاسایشەکانی ئیحراج کرد، یەکێک لە ئاسایشەکان وتی: مامۆستا لەبەر خاتری تۆ پیاویشی کوشتبێت وازی لە دەهێنین. ئیتر ئەو ئەوارە دەعوەتی مامۆستا بووم و شەوەکەشی پێکەوە خواردمانەوە.
شتێکی تر کە لە بیرم ماوە ئەوەیە، مامۆستا هەمیشە دەیووت ئەم ستیقانە و هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەی وەک سیکەتین وان پێتەوە دەلکێن تا چاوپێکەوتنت لەگەڵ نەکەن وازت لێناهێنن. چیرۆکی ئەمەش دوای ئەوەبوو ویستمان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەنجام بدەین، بەڵام لەسەر سەفەر بووە، وا بزانم بە سوێد، ئەمەش وتمان دەی قەینا دوای سەفەرەکە، دوای دوو مانگێک چووینەوە بە لای، وتی ئەی هاوار چەنتان

بیر ماوە، ئەم جارە هەرچی چەنەک بوو خۆی لە چاوپێکەوتنەکە دزییەوە، ڕۆژنامەی چووین میوانێکی زۆری هەبوو، پەموابەت میوانەکان عەرەبی غەیرە عێراقی بوون، هەرچی چەنەک بوو هەڵکەمان قسەوە و دیمانەکەمان لەگەیدا ئەنجامدا. دوای ئەوەی دیمانەکەش تەواو بوو رووی کردە کاک ئازاد بەرزنجی و بە دەم پێکەنین و نەفەسێک قوولی جگەرەکێشەوە وتی: کەس نییە لە دەستی ئەم دووانە ڕزگاری بێت، ئەمانە سیکەتینن کە پێتەوە لکان هەر دەبێت دیمانەکەیان بە بکەیت. دوای ئەوەش دایە قاقای پێکەنین و وتی ئەوەم خشدەوە زەر دەمکە دەزانم سەرقاڵن و کەڵە نادەن.

تێبینی: ئەم وتارە ڕۆژی 8-8-2013 نووسراوە و پاشتر لە بەرگی دووەمی کتێبی "قوتووی عەتار" لەلایەن 224-226 چاپ و بڵاوکراوەتەوە

کوشتارگای بۆنی قوڕیزەو ئەزداییەکان دوو وەحشیگەریی هاوشێوەن، بەڵام لەدوو سەردەمی جیاوازدا ... تاهیر عیسا

ئەگەر زیاتر لەچواردە سەدە لەمەوبەر، هەزی بۆنی قوڕیزەی شاریی مەدینە (یەثریب)ی نیمچە دورگەی عەرەبیی، بەبیانووی پەیمانشکێنیان لەجەنگی خەندەق و دوای ئابووقەیەکی بیست وپێنج ڕۆژی ناچار کرابن، خۆیان ڕادەست وتەسلیم بە سوپاکەی ئیسلام بکەن ودواتریش لەسەر دەستی محەمەدو بەداوەریی و قەزاوەتیی "سەعدی کوڕی مەعازی" بریندارکەوتووی جەنگی خەندەق(ئەحزاب)، بەیاریی قسابیی کردنیان بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان لەنێوان شەشسەد بۆ نەسەدکەس دەرکردبێت و محەمەدیش بەبیارەی خونەویەکەی سەعد بڕیت:- اللەش هەر ئەم داوەریی دەویست، دوای بیارکەش عەلی و زوبەری کوڕی عەوامی دوو لەدە مژدەپەدراوەکەی بەهەشت، یەک بەدوای یەک لەسەر چاڵکەدا سەریان وەک مەڕیی قوربانی لەلاشە جیا دەکەنەوەو تانانێت ئەم

کۆمەڵایەتیی ئەم لێکۆڵینەوە بانگەشەکارانیدا پێی دووترێت ئەحمەدولئەحیمین، منالەکانی نێرینەی تازە باڵغ بووش لێژنەر چەقی بە بزێوانەیاندا دەربازیان نەبووە و پۆلێریشیان بە باڵغ بوون تووکی بەریان بووە، چەند تاقمۆوێک لە بەریی ناوگۆیاندا بە دادگای محەمەدی بەس بووە بە بەیاردان لەسەر قسابیکردنیان، هەرچی کچ وژنەکانیشیان بووە وەک ئێسترو مێو ماڵات وەک وماڵ لێنەوان خۆیاندا دابەش کراوە و تەنانەت محەمەد لەوەدا بەپێی ئایەتی ئیلاهی، یاسای خومسیی بە خێی لێناو شەریعەتەکەیدا جێگیرکردووە، واتە لە پێنج بەشی تاڵانیدا بەشکی بە خێی بردووە.
ژنەکانیشیان وەک وسەبایا (کەنیزەک، کەیلە)ی جەنگی مامۆیان لەگەڵدا کردوون و تەنانەت محەمەد، یەکە لەجوانترینی ژنەکانی هەزەکەی کەناوی ڕەیحانە بووە، دوای سەربڕینی مێردیی و تەواوی کەس وکارەکەی دەکاتە ژنی خێی و بەپێی سەرچاوەکان هەر ئەو شەوە لێناو بەنی خوزەیمە قسابیکراوەکانیدا سەرجەمیی لەگەڵدا دەکات، سەرچاوەکان دەڵێن ڕەیحانە لەیادداشتەکانیدا گەڵاوێتەوە کە قەزەونترین کەسەک لەژیانیدا بینیبێتی ئەم پێغەمبەرەی ئیسلام بووە چونکە گووتوویەتی دوای قەتل عامی هەزەکەی بە کەسە ئازیزەکانی خۆشیەوە ناچاردەبێت وەک کەیلەیەک مامۆیەکی تائەوپەیی غەریزەحەیوانی قبووە بکات، هاوشێوەی کچانی شەنگالی ئەمڕۆ.
کوشتارگای بەنی قوزەیزە، دادوەریی محەمەدو اللەکەی بەتەواویی دەخاتە ژێر پرسیاریی هەر مرۆڤەکی خاوەن عەقڵ ویژدانی ئەمڕۆو داعش و کردەوە وەحشیگەریەکانیشیی لەوانگای گشتی موسوماناندا وەک هەزەکەی مەشروعیی ئیلاهی لەپەناوی ئاگرتنی پەیداخەکەیدا، ئاسایی دەکاتەوە.
هەر کەسەک ئاگاڕ بە چەند چرکەیەک چاویلکە دینیەکەی دابنێت و بە چاویی مرۆڤەکی بەدینەوە لەوداوەکە و دادوەریی پێغەمبەرەکەی بخوانێت، کە بەسەدان کەسی بەتاوانی تەدا دەکرێتە قسابیی تەنیا بەبیانووی پەیمانشکێنی سەرەکی هەزەکەیان، کە هەر کەسەک دەتوانێت لەوتەبگات و ئەوە بزانێت، کە بەیاردانیی ناوهەزەکان لەدەستی سەرەکی هەزدایە، نەک حەشاماتی خوارەوە کە لەناو هەزەکاندا هیچکارەن لەبەیارو قەرارو مەداردا، چجای بگات بەوەی منالانەکیش تەنیا بەپۆلەری چەند تاقمۆوێکی بەریان، وەک مێو بزن قسابی بکرێن! حەقانیێت و ڕەوایێتدان بەم دادگایەش لەژێر ناوی اللەوە شانخایێکردنەکی ڕوون وئاشکرای محەمەدە لەو تاوانانەی ئەنجامیداون، بگوومان دەستبردن بە ئەم قسابیکردنەو پاڵنەریی سەرەکیش لەلای محەمەد، بەباوەڕی من ئەمانەی خوارەوە بووە:
یەکەم:- مەک وماڵ وسامانی بەئەندازەی هەزی بەنی قوزەیز

لەمەدینەدا، کە دەبوایا بە بەدەستهێنانیان تەنیا بیانوویەکی لەمجۆرەی هەبێت و کەسیان لە نەهێت.
دووەم:- بەکەیلەو سەبایاکردنی کچ وژن و منالەکانیان و فرۆشتنیان لەبازاڕەکانی شام وحیجازدا.
سێیەم:- پیشاندانیی قودڕەت ودەسەڵاتیی بێحمانەی خۆی لەژێر ناوی اللەداو پاکتاوکردنیی نەیارەکانی خۆی.
چوارەم:-دامەزراندنیی دەوڵەتێکی کە لەم پێناوشدا پێویستیی بە پتەوکردنی بنکە ئابووریی وسەربازیەکانی بوو، کە دواتریش هەر یەکە لە هەزەکانی دیکەی وەک بانیی نەزیەو بانیی قینقاعیشی دوای گەمارۆدان وهێرشە بەمەرجی جێهێشتنی تەواوی مەک وماڵ وسامانیان، لەشارەکە دەرکرد.

هێبەتە داعش و هاوشێوەکانیان ئەمڕۆ لەناو هەمان زەنگاوێکدا کە مێژوو بۆی گرتوونەتەوە مەلەدەکەن و دووبارەو چەند بارەی ڕوداوگەلیی وەک شەنگالیش لەناو ململانێ سیاسیی وئابووریی وسەربازیەکانی ناوچەکەو جیهانیشدا، لەبەردەوامیی ئەم عەقیدەتە دەگما دینیدا، زەر چاوەڕوانکراوە.

بەنام کوشتارگای ئەزدایێکان(ئێزیدی) لەمەدا، کە ئابدیت و نوکردنەوەی هەمان مێژووی سەردەمی محەمەدو بانی قوڕەیزە بوو لەسەردەستی داعش و خەلیفەکانیان، ئەبوبەکری بەغدادیی و ئەردەغان و میری قەتەبن حەمەد، بەنام لەم ڕوداوەدا لە جێگای داوەریی" سەعدی کوڕی مەعاز" لەپێیمان وکەین وبەینکی ژەر بژەردا "مەسعودی کوڕی مەلا" قەزاوەت دەکات و دەیانکاتە قوربانی پیلانە ژەر بژەرکانیان، کە دواتر ڕادەستکردنی شەنگال و ئەو هەموو کوشتارو ئاوارەیی و نەهامەتیە بوو کە بەسەریاندا هێنان و ژن وکچکانیشیان بەسەبایا کران و لەبازاڕەکانی موسڵ وڕەقەدا کەین وفرۆشتنیان پێوەدەکراو غەریزەی حەیوانیان تێدا خاڵی دەکردنەوە.
داعش لەڕوداوی شەنگالدا نموونەی ڕوداوێکی قەزاونیی مێژوویی سەردەمی بانی قوڕەیزەی ناو لاپەڕەکانی، بەشێوەیەکی زیندوو لەدنیای واقیعدا پیشانی جیهانداو گووتیی ئا ئەمەیە نموونەی ئیسلامیی ڕاستەقینە!
دواجار من پێم وایە، بە کۆتایی هێنان بەم ڕوداوانەو بە بەرگرتن، بەودان و دووبارەبوونەوەیان، جگە لە تێگەیشتنێکی زانستیانە بە ڕوداوەکانی مێژوو و جگە لەهەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی ململانێکانی مێژوو و جگە لە تێگەیشتنێکی زانستیانەی مێژوو ودیاردە ئایینی و کلتووریی وکۆمەڵایەتیەکانیی و مێژووی سەرهەڵدانیان و هەکارەکانی

سەرهەڵدانیان، کە ئەمڕۆ خوداکان و ئایینەکانیان و بەتایبەتیش ئیسلام و مەزهەبەکانی، کە وەک هەر ئایینەکی دیکەو کلتوورەکی دیکە لە هەواوی مێژووکردانەی خودی مرۆڤەکان خۆیان بەدەر نییەو کراوەتە وەسیلەو ئەداتیی ئەفیونخواردووکرانی ئینسانەکان و لەملانێ سیاسیەکانی ئەم دەورەیەشدا هەم چینی دەسەڵاتدار و سەرمایەداران وەک سەرخانی سیاسیی بۆ درێژدان بەتەمەنی چەوسێنەرانەی خۆی کەڵکی لەسوودگرن و هەم دەوڵەتانی زلهێزیی ناوچەکەو جیهانیش لەناوچەکەدا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیی وئابووریەکان کەڵکیان لەوەرگرتووە و هەزو ئیرادەی ئینسانەکانی لە چوار چێوەی تێگەیشتنی کۆنەپارێزانەی دینی و مەزهەبیدا وردو خاشکردووەو هەگبەی هەر چەشنە هاوەڵدەنگی و هاوەڵنگیەکی مرۆڤکانی بۆ بەدیهێنانی دنیایەکی باشتریی ئازادو یەکسان وخۆشگوزەران، تاریک و لەوناڕەشن کردووە، کە بەدەستبەردار بوونیان لەم تێگەیشتنە خوافیە نازانستیانەیەو تووڕەیی، دەست ئاواڵەترو چاوەشنترو ئاسەدارتر دەبن بۆ دەزینەوەی هەگبەی چارەی یەکجاریی لەدەست بەڕاو شەپۆیی تەواوی گروپ ودەستەو تاقمە دینی و مەزهەبیەکان وتەواوی سەرمایەداران و دەوڵەت و ئامانجە قازانجپەرستەکانیان، کە تەنیا کەڵکەکەی زیاترو زیاتری

سەرمایەکانیانەو لەپێناویدا دەست بە هەر کارەکی وەحشیگەرانەی لەچەشنی بانی قوڕەیزەو شەنگال و تەواوی جەنگە کاولکاریەکانی دیکەی هاوشێوەلە ناوچەکەو جیهان دەبن.

سەرچاوەکان:-

محمدبن جریر طبری، تاریخ الرسل و الملوک، اول، ص۱۴۹۷
صحیح بخاری جلد 5 کتاب 59 شماره 443
صحیح بخاری جلد 4 کتاب 52 شماره 280
صحیح بخاری جلد 4 کتاب 52 شماره 176
دابەزینی ئایەتەکانی ٥٦ هەتا ٥٨ لەسوڕەتی ئەنفال و هەروەها ٢٦و ٢٧ لەسوڕەتی ئەحزاب لەپێوەست بە هەواوی بانی قوڕەیزە دابەزیون.

▪ **تاهیر عیسا/** ٤.٥.٢٠٢٠

میواندارى سەردەمى كۆرنا يا كۆڤيد١٩! ... عبدالرحمن محمد (مەلا رەحمان ئاوارەكان)

دايكم، ئەم جۆرنە، كە تەلەفۆنم بۆ كرد، پێمە گريانى بوو!؟ پرسيارم كرد ئاوە چيە؟ چى ڕوويداوە؟ لە وەڵامدا گوتى: يەك منداڵ سەرى لێم نەداوە و منيان خۆش ناوێت و منيان لە ماڵەكەدا بە تەنيا فڕێداوە!

دايكم، ئاوەندە سادە و ساكارە، ئەگەر ڤايرەسەكەش بكەى بە ميوانى باوەشى پيادا دەكات و خزمەتيكى باشى دەكات و بڕێى دەكات، بە ئاوەى دوايى گلەيى نەكات!

كەمەگاى ڕۆژهەڵاتى بە گشتى و خەڵكە كرێكار و زەحمەتكێشەكە، بە سروشت خەڵكانێكى سادە و ساكارو بە خزمەتن، هەموو كار و كردەوەكانيان تەنها كەمەك و يارمەتى و دەستگرتنى بەرامبەرەكانيانە، پاروەكانى دەمى خۆيان لێ گڕێ دراوسێ و هاوێكانيانداە بەش دەكەن!

ڕۆژانە هەر ئەم هەژارانە، ئەم چينى زەحمەتكێش و كرێكارانە، بە سەر و ماڵ و منداڵەكانيان، لە بەرەكانى جەنگدا دەبەخشن لە پيناو سەروەريكاندا، لە پێناو ڕزگارى كەمەگادا لە دەست هەموو شەوازەكانى چەوساندنەوە، ميللى بێت، چينايەتى بيت، ڕەگەزى بێت. بە ئاوەى خۆيان هەڵكەشن و لە بەرامبەردردا، داواى ئيمتياز و پارە وپولێك بكەن، كە بە شايستەى خۆيانى نازانن!

بۆيە، ڕۆژانە، دۆيان و سەدان هەواڵى دڵتەزێن دەبيستين، لەم خزانانەوە، كە خۆشەويستەكيان لە دەست داوە يا چەند خۆشەويستيك، كە لە كەمەايەتى بوونەوە و تەكەڵاوى و سادەيى و ساكاريان، كە پەيوەى ياساكانى خۆپاراستن ناكەن

منيش دەمەى دايە گيان (مەبەستم هەموو دايكان و خۆشەويستانە):

ميوان لەم ڕۆژەدا، لە پێش چاوى خانەخوێدا يا خاوەن ماڵدا، لە قايرەسى كۆرنا دەچێت!

كام ماڵ، دوايى ڕشتنى ميوانەكە:

ناو ماڵەكەى بە سپراى دژە قايرەس، سپراى ڕۆژ ناكات!؟

شۆن دانيشتنى ميوانەكە، بە فاس و پاككەرەوەكانى تر، ناسڕێتەوە!؟

قاپ و كەوچك و پەرداخى ميوانەكە، بە سێ ڕۆژ ناخاتە بەر خەر، تا

قایرەسکانی لە بەوات!؟
ئاودەست و حەمامەکەی لەی دەبەت بە لوغم ، لەوێ پێیدا بتەقێتەوە!؟
لە زستاندا، هەموو پەنجەرەکانی نەخستۆتە سەر پشت، تا هەوای ناو ژورەکە ئاوگۆ بکات!؟
ئینجا، بە ماوەی دوو هەفتە، دوایی ڕشتنی میوانەکە، هەر
پژمێیەک!
کەکەیەک!
هەناسەساردیەک!
تایەک!
سک چوونەک!
سەر ئێشەیەک!
خاوەن ماڵەکە، لە سەر ئاوازی، ئەرە ناردبووم بە دواتدا، کە ئەم بڕیارەت بەمان هێنا! کەمێک ڕەحمەت و گازندە بە میوانەکە دەنێرەت و لە گەڵ هەر کەکە و پژمێیەکدا، بڕێنی قوربانیەکیش دەدات، ئەم جۆرە شایەتی ئەو قوربانیدانە بوون، کە گەشت وەک گرد لە شارو شارۆچکەکان و لادیکان هەڵدرابونەوە.کەرەنا هەرش دەکاتە سەر مرۆڤ و لە بەرامبەریشدا، مڵۆڤ بە سەر ئاژەڵکان!

azzady22@gmail.com ٠٣/٠٨/٢٠٢٠

خۆشەویستی دوو زەمەنی جیاواز … شیعری: شارا موستەفا

خۆشمویستیت..ئەشزانم.....ئەم ئەوینە
لە ئەزەلەوە جیاوازە..
دوو وشەی دوو دیوانی جیاوازو….
دوو پلنگی دوو جەنگەلستانی جیاواز

ڕۆژێر لەیەک دوورین بڕام
خەیاڵم پڕن لە تارمایی تۆ
هەناسەم پڕن لە بۆنی تۆ

نیگام پەن لە وێنەی تۆ

ڕۆفتارە شێتانەکانیشم خۆشویستی تۆیان لە دڵژە
کە بە نێو چیاکاندا گەشت دەکەم و مەست دەبم
ڕۆخشمەوێیت
کە گوڵی نێو باخچەکەم ئاو دەدەم و پێکەوە دەگۆشینەوە
خشمەوێیت
کە بەدیار قاوە تاڵەکەمەوە خەیاڵ دەمباتەوە
دیسان بزانە کەلای تەم لەبەر ئەوەیە خشمەوێی
کە گوێ لە گۆرانیە درژەکانی عبدالحلیم دەگرم بیر لە تۆ ئەکەمەوە
هێندە کات خۆشویستیت ئێنوسمەوە
هێندە کاتی دی خۆشویستیت ئێخوێنمەوە

ڕۆلەگەل خۆشویستیت پێ ئەکەنم
ڕۆلەگەڵ خۆشویستیت ئێگریەم
ڕۆ
ڕۆئیتر ئاوا کلاسیکیانە خشمەوێیت.

کازمی و بەرهەم صاڵح خەریکی چین؟ … عیماد عەلی

ئەو هەواڵە وردانەی بە خشکەیی لە بەغداو جیهانەوە دەربارەی جموجوڵەکانی دەسەڵاتداران وشەوەی عیراقی داهاتوو دەردەکەون و بە هەواشی ڕوون دەبنەوە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئێران لە زەر شت هاوڕان لە عیراقدا، سەرەڕای ئەو ناکۆکیە ئاشکرایەی لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەر بەرژەوەندیەکانیان یەکبگرنەوە، لەو نێوەندەشدا بەشێوەیەکی ئاسایی و وەکو عادەتی هەمیشەیی خێی؛ بەریتانیا و ئەمریکا، سەرجەم بەرژەوەندیەکانی خێیان لە نێو ئەو هاوکێشانەدا دەپارێزن و هەنگاوی ستراتیجی باش لەو بارودۆخە شەژاو و فەوزایەدا دەهاوێژن و، نیازی سەرەکی ئەم چەند لایەنە نێوخێیی و دەرەکیەش ئەوەیە عیراقێکی یەکگرتووی ملکەچی ئەم وڵاتانە لە دواجاردا بێننە ئاراوە و بۆ ئەو مەبەستەش کارەکتەری ملشێر و خاوەن خاڵی سەلبی و لاوازی

نەوخێیی بەکار دێنن.
ئەوەتا لە مەڕ هەر جۆرەیەکی کازمی ئەگەر دەستوریش نەبێت کەسێك نابینیت بەرەنگاری بکاتەوە جگە لە زۆر کەم لە جەمسەری لاواز کە ئەوانیش دەزانن لە دواجاردا پەراوێز دەخرێن، هەموو جموجوڵێکی کازمی بە سازان لەگەڵ بەرهەم صالەح دەکرێت، دوا بڕیاریش واتە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پێشوەختە کە ئەرکی سەرەکی کۆمارە لەدوای هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و پێش شەست ڕۆژ لە هەڵبژاردن کە دەبێت ڕۆژەکە دیاری بکات، کەچی کازمی لە ئەمرۆوە وەك پێشێلکردنی دەستوریش ڕۆژەکەی دیاریکردووە و هیچ حسابێکی بۆ یاسا و دەستور نەکردووە و سەرەك کۆماریش کە لاف و گەزافی ئەوە دەدات پارێزەری دەستورە لەم فاوڵە نقەی لێوە نەهات، بەکو بەخێی پێشوەختە سازانی لەگەڵ کازمی کردووە لەسەر ئەم پێشێلکاریە.
ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵە کارەکتەرە دەرەکی و ناوەکیەی سیاسەتمەدار و وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی لە عیراق بەم شێوەیەیە و، کازمی و بەرهەم صالەح پێشوەختە هەموو بەرژەوەندیە شەخسیەکانی خۆیان بەوانەوە بەستۆتەوە و دوارۆژی سیاسی خۆیان لەم گرەوکردنەدا دەبینەوە:

- هەردوکیان هەوڵی تەواویان بۆ یەکڵتی خاکی عیراق و لەو نێوەدەشدا لاوازبون یان بەیەکجاری نەمانی قەوارەی هەرێمی کوردستان و مانەوەی خۆیان بەسەر لیستی دەسەڵاتداری لە عیراقێکی یەکگرتووی تەنانەت تۆتالیتاری دەبینەوە.
- جڵبەجڵکردنی فەرمانەکانی وڵاتانی خاوەن هەژمون و بەرژەوەندیخواز لە عیراق لە پێناو خۆبەهێزکردنیانە لەو عیراقەی مەبەستیانە بۆ مانەوەی دەسەڵاتیان لەسەر حیسابی هەموو قوربانیەك بە تایبەتی لە لایەنە کوردەوە درابێت.
- ئەم سازانە سیاسیەی هەردوو سەر دەسەڵات ڕێگە خۆشکەر دەبێت کە لیستێکی یەکگرتووی خۆیان پێکبێنن(ماوەیەکە و ئۆستاش بە نهێنی کاری بۆ کردووە و بۆی دەکەن) و بەو هیوایەی براوەی یەکەم بن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، بۆ ئەوەی ئەجێندا کەیان بە ئاسانی جڵبەجڵبکەن و ئەو وڵاتانەش لە خۆیان ڕازیبکەن(بەکو ئەم کارەیان بە فەرمانی ئەو وڵاتانەیە). ئەمەش لەسەر حیسابی بەرژەوەندی تایبەتی هەموو خەڵکی عیراق بە کوردیشەوە.
- لەم هەلومەرجە هەستیارەدا کە هەڕەشەی تیرۆریستی داعش لە سنورەکانی عیراق لە لایەن کوردەوە هیچ دەرچەیەك بۆ پرسی کوردی تیدا نابینێت و تەنانەت مەترسی گەورە لەسەر قەوارەی هەرێم

و بەندە دەستوریەکانی عیراقە کە لە بەرژەوەندی کورد تێپەڕنراوە.

- ئەگەر ئەم پیلانە سەربگرێت ئەوا شتیك نامێنێت ناوی ناوچە کێشە لەسەرەکان بێت و بەرتیانیا و ئەمریکا و ئێران دەبن بەخاوەنی هەموو فەرمانێك تایبەت بەو ناوچانە و لەو بارەوە نەوتەکەی دەکەوێتە ژێر رەحمەتی کێمپانیا زەبەلاحەکانیان.
- لە کاتی سەرکەوتنیان لە گەیشتن بەو ئامانجە، هەوڵی گۆڕینی دەستور بۆ قازانجی ئەجێندا کەی خۆیان لە عیراقێکی یەکگرتووی تێتالیتاری دەدەن و ئەگەر لە هەبژاردن سەرکەوتن بەدەست بێنن ئەو ئامانجەش بەدەست دێنن.
- بەم شێوەیە عیراقێکی نوێ بە شێوە و روکەش و بەهەمان جەهەر و پلان و رێگەی سەرەتای دروستبونی عیراقی 1921 بە کارەکتەری جیاواز و بەناو کێماری دروست دەکەن و بۆ دەیان دەیەی تر ژێردەستەی بەریتانیا و ئەمریکا و وڵاتانی دەوربەری خاوەن هەژمون دەبێت .

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە کە کورد لای خۆیەوە بۆ ئەوەی حاڵەتەکە لێکبداتەوە و پلانەکان بخوێنێتەوە و ئامانجی کازمی بزانێت و بیر لە هەکاری ئەو کەدەنگیەی لەسەر بوو بکاتەوە کەوتە هەڵەیەکی گەورەتر لە جاران و بە غەشیمی خۆی یەکەم لایەن بوو کە پشتگیری لە کازمی کرد و، ئەگەر ئەم دووانە و ئەوانەی لەپشتیانن سەربکەون ئەوا دەستی کورد بە تەواوی بە بەتاڵی لە بنی هەمبانەکەوە دەردەچێت.

چیرۆک بۆ منداڵان.. گۆڵکی سووری لێخۆبایی … و: ڕزا شوان

لە دارستانێکدا، لە ڕۆژێکی خۆشی بەهاردا، گوڵباخێکی سووری جوان پشکووت. گوڵە سوورەکە لە دەوروبەری خۆی روانی، لە تەنیشتییەوە دار چنارێکی بینی.

دار چنارەکە وتی: چەند گوڵێکی جوانە! خۆزگە منیش وەکو ئەو

جوان دەبووم.
دار بەڕوویەک بە دار چنارەکەی وت: خەمبار مەبە تەش جوانی، ناکرێ کە ئێمە هەموو شتەکمان هەبێت.
گوڵە سوورەکە وتی: لەو بەوایەدام کە من جوانترین گوڵم لێم دارستانەدا.
گوڵە لاولاوەک، سەری هەڵبڕی و وتی: بۆ وا دڵەڕێی؟ لێم دارستانەدا، گەلێ گوڵی جوان هەیە. تۆ تەنیا یەکێکی لەو گوڵە جوانانە.
گوڵە سوورەکە وتی: من دەبینم هەمووان سەرسامی منن و سێبەری من دەکەن.
گوڵە سوورەکە سێبەری روەکی کوڕچکەفیلی (رووەکێکی دەکاوییە) کرد و وتی: ئای لەو روەکە ناشیرینە، ئازای گیانی دڵەکە!
دار چنارەکە، قسەکەی گوڵە سوورەکەی پێ ناخۆشبوو، وتی: گوڵە سوور، ئێم قسەیە چیبوو کردت؟ کە دەزانێت بۆ کە جوانی چییە؟ تەش دەکت هەیە.
گوڵە سوورەکە بە تووڕەییەوە سێبەری دار چنارەکەی کرد و وتی: هیوادارم کە چەڕکی باشت هەبێت. تۆ هیچ لە جوانی نازانی. ناتوانە دەکەکانی من بە دەکەکانی گوڕچکەفیل بەراورد بکەی.
دار چنارەکە: تۆ لەناو ئێم دارستانەدا، گوڵێکی لەخەبایی.
گوڵە سوورەکە هاوێیدا کە ڕەگەکانی لە گوڕچکەفیل دوور بخاتەوە، بەڵام نەیتوانی لە شوێنی خۆیدا بجووڵێ. گوڵە سوورەکە بە درێژایی ڕۆژگار، هەر لە گوڕچکەفیلەکەی دەڕوانی، تانەی لەدەدا و قسەی ناشیرینی پێ دەوت، وتی: روەکی لێم جڕە هیچ سوودێکی نییە. بە داخەوە کە من بووم بە هاوسێی ئێم دەکاوییە ناشیرینە.
گوڕچکەفیلەکە، گوێی بە توانج و بە قسە ناشیرینەکانی گوڵە سوورەکە نەدا. بەڵکو هاوێیدا کە ئامۆژگاری و ڕێنمایی بکات، وتی: خودا هیچ شەوێک لە شەوەکانی ژیانی بابە مەبەست دروست نەکردووە.
بەهار کۆتایی هات، باران نەباری، کشوهەوا گەرمبوون، ژیان لە دارستانەکەدا سەخت بوو. گوڵە سوورەکە لە توینەتیدا بەرەو سیسبوونەوە دەچوو.
ڕۆژکیان گوڵە سوورەکە، چەلەکەکانی بینی، کە لەسەر گوڕچکەفیلەکە دەنیشتنەوە. دەنووکەکانیان دەچەقاندنە گیا سەوز و ئەستوورەکانی گوڕچکەفیلەکە و تەر ئاویان لێیان دەخواردەوە، دوایش بە گەشی و خۆشییەوە هەڵدەفڕین و

دوورد□ک□وتن□و□.
ئ□م کار□ی چ□ل□ک□کان، ب□ لای گو□□ سوور□ک□و□ ج□ی س□رسو□مان بوو.
گو□□ سوور□ک□ ل□ دار چنار□ک□ی پرسی: ئ□و ب□ندان□ چییان د□کرد؟
دار چنار□ک□ ب□ی روونکرد□و□، ک□ ب□ند□کان، ئاویان ل□ گ□□اکانی گو□چک□ فیل□ک□ د□مژی.
گو□□ سوور□ک□: ئایا ئ□ز□تی پ□ ناگات، ک□ گ□□اکانی کون کون د□ک□ن؟
دار چنار□ک□: ب□□ی، ب□□ام گو□چک□ فیل□ک□، ح□ز ب□ یارم□تیدان و ب□خشین د□کات، ح□زناکات ک□ ب□ند□کان ل□ توین□تیدا پ□ریشان ببن، ز□ری پ□ی خ□ش□ ک□ ئاوی ناو گ□□اکانی بخ□ن□و□.
گو□□ سوور□ک□ ب□ س□رس□□مان□ک□و□، چاوی کرد□و□ و هاواری کرد: گو□چک□ فیل□ک□ ئاوی ه□ی□؟
دار چنار□ک□: ب□□□ ئاوی ه□ی□، ت□ش ئ□گ□ر داوای یارم□تی ل□ گو□چک□ فیل□ک□ بک□ی، د□توانیت ئاوی ل□ بخ□یت□و□. چ□ل□ک□کان د□توانن یارم□تیت بد□ن.
گو□□ سوور□ک□ ه□ستی ب□ ش□رم□زاریی□کی ز□ر کرد، ک□ داوای ئاو ل□ گو□چک□ فیل□ک□ بکا، ل□ دوای ئ□و ه□موو قس□ ناشیرینان□ی ک□ پ□ی وت. ب□□ام ز□ری توینی بوو. ل□ دواییدا داوای ئاوی ل□کرد.
گو□چک□ فیل□ک□ ز□ر ب□ ن□رمی و رووخ□شیی□و□ رازی بوو ک□ ئاوی بدات□. چ□ل□ک□کان هاتن و د□نووک□کانیان ل□ گ□□اکانی گو□چک□ فیل□ک□، پ□ ل□ ئاو د□کردن و د□یانکرد□ س□ر ر□گ□کانی گو□□ سوور□ک□ و پاراویان کردن.. گو□□ سوور□ک□ ی□کس□ر گ□شای□و□.
گو□□ سوور□ک□، ز□ر سوپاسی گو□چک□ فیل□ک□ی کرد و داوای ل□بووردنیشی ل□کرد. ز□ریش سوپاسی چ□ل□ک□کانی کرد.
وان□ی□کی باشیش ف□ربوو، ک□ جار□کی تر ل□خ□ی بایی ن□ب□ت.. ک□سیش ب□ رووخسار و ب□ دیم□نی ه□□ن□س□نگ□ن□ت.
□□□□□□□□□□□□□ □□□□□□ □□ □□□□□□□ □□□ □□□□□□□□□□□□ □□ ()
□□□□□□□ □□□□□□ .□□□□ □□□□□□ □□□□□□□□ □□□□ .□□□□□□□□□□□
□□□□□□□□ □□□□□□□□□ □□□□□□□ □□ (□□□□ □□□□□□□□□□) □□ (□□□□□□□□□□□□□)
□□ □□□□□□□□ □□ .□□□□□□□□ □□□□ (□□□□□□□ □□□□□□□□) □□□ □□□□□□□ □
□□ □□□□□□□□ ..□□□□□□□□□□ □□□□□□□□□□□ □ (□□□□□□□□) □ □□□□□□□□□□□□ (□□□□□□□□) □□□□
□□□□□□□ □□□□□□□□ □□□□ □□□□□□ □□ □□□□□□□ □□□□□□ () مندا□□ ژیر و
ژیک□□□کانی کوردستان، ئ□و□ی خو□ن□ری ئ□م چیر□ک□..

بیربکەنەوە.. کە چی سوود و وانەیەک لەم چیرۆکەوە فێردەبن؟
رزا شوان

هەسارەی زەوی سایی سێ هەزار(۳۰۰۰)… هەزان اسماعیل کەریم

زەوی بە شکەتی هات
سلاوکی نەرمی کردو
چایەکم لێ پێشی دانا
دەتگووت کوری شەهید بووە
هەموو گیانی دوکەڵ بوو
بەدەنگ هەر سەیری دەکرم
چایی دووەمی خواردو رەیشت
تێگەیشتم کەتاییمان زۆر نزیکە

بیرکی قوولم لێداو
هەتا توانام هەبوو درەختم چاند
کارگەکانم کوژاندەوە
یەتەمبەل و فرۆکەم راگرت
بە فایلێک خستمە پشتەو بە زەوییم نارد
تا لە سالی سێ هەزار (۳۰۰۰)
زەوی وەلامی دامەوە
بەقەد مژووی کەون
بیرم لێ یەکەوە کردەتەوە
بەڕام تا یەستا تێنێگەیشتم
بە توشم بوو بە توشی یەکەوە
یەکی هاوار یەکەوە چ مشخۆرکی بە سوودن

هەزان اسماعیل کەریم

مەلا عوزێر: سەرکجاشی بکوژ و قوربانیەکانی لێوەنێیەکی باوکراوی کوێی تاوانباردا

شاخەوان شەرش...

لەم دۆزانە وێنەیەکم کەوتەبەرچاو کە لایەن کۆمکی مەلا عوزێروە باوکراوەتەوە، لەم وێنەیەدا کە لەساڵی ١٩٨٠دا گیراوە، مەلا عوزێر بەرلەوەی ببێتە جاش و کەمکە پیشمەرگەی دشتی هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان هەن، لەوانە ئیبراهیم شورتە و ئەمزان عەبدولڕەحمان کە هەردووکیان بەدەستی مەلا عوزێر خۆی کوژراون. واپەدچی وێنەکە بەمەبەستی پیشاندانی لایەنی شڕشگێڕیی مەلا عوزێروە باوکراوەتەوە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە دوو لە پێشمەرگەکانی ناو وێنەکە بەدەستی مەلا عوزێر خۆی کوژراون.
عەزیز حەمەد مەولود شێخانی ناسراو بە مەلا عوزێر یەکێ لەو سەرکجاشانەیە کە کەمکە تاوانیان دژی پێشمەرگە و هاوڵاتیان ئەنجامداوە و لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا بەشداریکردووە. بەپێی لیستەکی دادگای باڵای تاوانکاری ئێراقی کە ناوی تۆمەتبارانی تاوانی گەلکوژی ئەنفال و تاوانکانی دیکەی گرتبووخۆی، ژمارەی تۆمەتباران ٤٢٣ کەس بوون لە لیستەکەدا و لە ژمارە ٢٢٩ دا ناوی مەلا عوزێر هاتووە. لە دادگای باڵای تاوانکانی ئێراقدا ١٠ سکاڵای لەسەردا تۆمارکراوە. لەلایەن دادگاوە فەرمانی گرتنی بە دەرکراوە.
دادگای باڵای تاوانکانی ئێراقی لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا دەستیپێکرد، تەنها چەند تاوانبارێکی دادگاییکرد، ئەوانیش سەدام حوسێن، عەلی حەسەن مەجید، سوڵتان هاشم، سابر عەبدولعەزیز و فەرحان موتەلگ بوون. سەدام حوسێن لەسەر کەیسی دوجەیل سزای کوشتنی بەبایەوە و زوو کوشتیان، بەمجۆرە لەسەر تاوانی ئەنفال سزای بە نەبایەوە. هەروەها عەلی حەسەن مەجید کە لەدوای سەدام حوسێندا تاوانباری هەرە گەورە بوو ئەویش لەسەر تاوانی شۆعبانیە سزای مردنی لەساڵی ٢٠١٠ دا بەسەردا سەپێندرا. سوڵتان هاشم کە چوار سزای مردنی لە سەر تاوانی گەلکوژی ئەنفال بە دەرکرابوو، بەهۆی نکۆلی ئەنجومەنی

سەرکایەتی بەسەرپەرشتی مام جەلال لە واژوکردنی سزاکە، سزاکەی مردنی لەسەر جەبەجە نەکرا و لە زیندانێکی ناسرێدا لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بە مردنی خەی مرد. سەرکجاشکان و زۆر لە تەمەتبارکان هەرگیز ڕاپەچی دادگا نەکران، ئەو تەمەتبارانە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەند و کوردیەوە پەنادران. دەسەڵاتی کوردی بەشبەحاڵی خەی دژی دادگایی سەرکجاشکان وەستایەوە لەگەڵ ئەوەی بەفەرمی لە ساڵی ٢٠١١ دا لە دادگای باڵای تاوانکانەوە داوای ئەو تەمەتبارانە کرا. هەروەها لەگەڵ ئەوەی کەسوکاری قوربانیان دەیان سکاڵایان لەسەر ئەو سەرکجاشانە تەمارکردبوو، بەنمونە ٤٧ کەیس لە دژی سەرکجاش عەباسی باڵو ئاغا تەمارکرابوو بەناڕەوا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پارێزگاری لێکرا و ڕادەستی دادگا نەکرا. پارتی و یەکێتی لەبووردنەکەی ساڵی ١٩٩١یان کردبە بەڵگەی یا بیانووی بەتکردنەوەی دادگاییکردنی سەرکجاشکان. بەبێ گومانە مافە یاساییکان یا گەورەیی تاوان لە ئاستی تاوانی گەلکوژیدا.
جگەی بیرخستنەوەیە سەرکجاش مەلا عوزێر لەساڵی ١٩٨٠ دا دەچەتەوە ناو ژنم و دەبەتە جاش، هەندە دەڵێن مەلا عوزێر پیاوی ژنم بووە و بە سیخوڕی ڕەوانەی ناو پێشمەرگە کراوە و دواتر گەڕاوەتەوە ناو ژنم. مەلا عوزێر سەرەتا سەرکی مەفرەزەخاسە و دواتر سەرکی فەوجی ١٣٠ بووە، لەو ساتەوەی کە گەڕاوەتەوە ناو ژنم دەست دەکات بە ڕاوە پێشمەرگە بەتایبەتی ڕاوی پیشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان. مەلا عوزێر بارەگای لە قوشتەپە هەبووە، هەروەها لەگەڵکی مەنتکاوەی شاری هەولێر بارەگای جاشایەتی هەبوو، دەیان تاوان لە مەژووی جاشایەتیدا ئەنجام دەدات و بەگومان یەکە لە سەرەک مەفرەزەخاسە هەرە دەندەکانی شاری هەولێر بووە. تاوانکانی زەرن و نازاندرە ژمارەی تاوانکانی چەندن، زۆر لە کەسوکاری قوربانیان یا لەبەگەی سولحی عەشایەری بەدەنگکراون یا بەبەرتیل ڕازیکراون، یا لەبەر مەترسی لەسەر ژیانیان ناوەرن دەنگ بکەن، یانیش لەناو یەکێتی و پارتی بەرژەوەندیان هەیە و بەدەنگیان هەبژاردووە. دەگوترێت دەوروبەری نزیکەی ٧٠ پێشمەرگە و ئەندامی حزبی سۆسیالیست لەیەن مەلا عوزێرەوە یا بەهەی ئەوەوە لەناوچووین، ئەوجا یا ئەو گرتوونی و ڕادەستی کردوون و دواتر لەسەدارە دراون یا ڕاستەوخە لە بەسەکانی ئەودا کە بەتایبەتی هەندجار لەگەڵ معاون ئەحمەدی ئەمنی قوشتەپەدا لە دەشتی هەولێر دایدەنان کوژراون. ئەوە جگە لە قوربانیکانی دیکەی دەستی ئەو.
لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بەڕەی کوردستانی لەبووردن بە جاشکان دەردەکات، لەژێر ئەو بانگاشەیەی کە وابکات بەکو بەشداری یا هاوکاری خەڵک لە ڕاپەڕین لە دژی ژنمی بەعسدا بکەن. بەڵام

لەراستیدا پارتە گەورەکان بەرژەوەندی خۆیان لەم هەنگاوەدا هەبوو. لە ئاپۆیندا هەندە سەرکجاش هاوکاریان کرد بەڵام زۆریان نەیان کرد. لەڕاستیدا کە خەڵک ئاپۆین ئەو لەبوونەوە نەشیایە هیچی لە بارەکە نەدەگەیی، چونکە زۆربەی چەکدارەکانی سەرەک جاشەکان ئاکردووی سەربازی بوون یا لە ناچاری چەکی جاشایەتیان هەڵگرتبوو، ئەوانە خۆیان سروشتی دژایەتی خەڵکیان نەدەکرد ئەگەر نەشهاتبانە ئیزی گەل، هەندە لەو چەکدارانە کەنە پێشمەرگە بوون و لە دەرفەتێک دەگەڕان دژی ئژم بوەستنەوە. سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی لە واقیعی بارەکە نەشارەزا بوون و ماوەیەک بوو لە شارەکانی ئێران کەوتبوون و دووربوون لە رووداوەکان. بەنموونە لە خواروی ئێراق خەڵک ئاپۆی و توانیان دامودەزگاکانی ئژم ئامان، هیچ سەرکجاشیش نەبوو "هاوکاریان" بکات. لەلایەکیتر دەکرێ ئەو لەبوونەوەی بەرەی کوردستانی بە زیانبەخش لەکەدرێتەوە، وەکو لانیکەم بووەهەی پاراستنی سەرکجاشەکان لە سزای گەل (دەکرێ لەسەر ئەو بابەتە زیاتر بنوسرێت).

لە دوای ئاپۆین پارتەکانی کوردستان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتیمانی کوردستان پیشبەکیان بوو لەسەر وەرگرتنی سەرکجاشەکان و پێنادانیان لە ئاق و تەڵەی کەسوکاری قوربانیان. حزبی سۆسیالیستی کوردستان ئەویش هەندە لەو سەرەک جاشانەی گرتەخەی. پێشبەکێی پارتی و یەکێتی لەسەر سەرکجاشەکان لەبەر بەرژەوەندی خەڵک و کوردستان نەبوو بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی حزبەکانیان بوو، وەکو دواتر دەرکەوت بە چی بوو. لەوساوە هەرجارە گوتن لەدادگایی سەرکجاشەکان دەکرێت هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەبوونەکەی ساڵی ١٩٩١ دەهێننەوە بەرگوتن. ئاشکرایە بەرەی کوردستانی دامەزراوەکی یاسایی نەبوو بەڵکو بەرەی چەند پارتێکی بەرهەڵستکاربوو، ئەگەر ئەو دامەزراوە ناهەڵبژێردراوە لەبوونیش دەرکات، لەبوونەکە تەنها دەکرێ مافی گشتی ئەو پارتانە بگرێتەوە کە ئەوان لەڕگەی ئەم لەبوونەوە لەخشبوونی خۆیان ئاگەیاندووە. بەڵام ئەوان ناتوانن لەبوون لەجیاتی کەسوکاری قوربانیان دەرکەن، چونکە مافی کەسیی کەسوکاری قوربانیان مافەکە تەنها ئەوان خۆیان لەی بەرپرسیارن، لەلایەکیتر لەبوردن ناتوانی لە بوونی تاوانی دژبەمرۆڤایەتی یا گەلکوژیدا وابکات گەلی قوربانی لە تاوانباران خۆش بێت. هیچ دامەزراوەکی سیاسی توانای ئەوەی نییە لەبوردن بە تاوانبارانی گەلکوژی دەرکات. تەنانەت پەرلەمان ئەگەر ڕەواش بێت ئەو توانایەی نییە ئەو جۆرە لەبوونە دەرکات، چونکە ئەو بابەتە چارنوسساز و پێوەندی بە هەموو گەلەوە هەیە. بۆیە ڕەتکردنەی بەدادگایاندنی سەرکجاشەکان

سیاسیە و نایاسایی.
لەدوای هاپەینی ساڵی ١٩٩١ دا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان مەلا عوزێر وەکو زۆر سەرکجاشیتر پەنا دەدا و دەگرتەخۆی، یەکێتی موچڕی باڵای بە دەبنەوە، دواتر بە وەاتی هەاند دەربازی دەکەن. مەلا عوزێر لە هەاند دادنیشە و جار جارە دەگەتەوە کوردستان و لەایەن یەکێتیەوە دەپارێزرێت و پشوازی گەرمی دەکرێت. دەگوترێت زۆری وەرگرتووە و خانووی گەورەی لەسایەی یەکێتیدا هەیە.
هەندە لە تاوانکانی مەلا عوزێر:
ئیبراهیم بەکر سەفی محەمەد ناسراو بە ئیبراهیم شورتە لە ساڵی ١٩٧٧ ببووە پشمەرگە کە ٣ کلاشینکۆفی ژەمی بەعسی لەگەە خیدا هەنابوو کە بووە پیشمەرگە، ئەوسا چەک زەر کەم بووە و نرخی بە پشمەرگە زەر بوو، ئیبراهیم شورتە لە هەککەوتی ٢١/٤/١٩٨١ دا لە گوندی مورتکەی قوشتەپە بەدەستی مەلا عوزێر سەرکی مەفرەزە خاسە دەکوژرێت.
لە بەسیەکدا لە گوندی قەپە قوەان لە ساڵی ١٩٨٢ دا، سە پشمەرگەی حزبی سەسیالیستی کوردستان دەکوژێت. (پەویستی بە پشتاستکردنەوە هەیە)
لە بەسیەکدا کە لە شەوی ١٥/١/١٩٨٣ لە دەشتی هەولێر کە لەگەە ئەمنی قوشتەپە بە پشمەرگەکانی دەشتی هەولێری حزبی سەسیالیست دایانابوو ١١ پیشمەرگە دەکوژن. ناوەکان: هەمەزان عەبدولەحمان، هەشاد بەردینە، شەرزاد هەینی، ئەکرەم مەولود، موزەفەر عوسمان، نوری خورمەلە، هەمەزان ئەحمەد، هەحمان ئیسماعیل، سالم عومەر، ئیسماعیل نوەردین و هەحمان سەعید. تەرمەکانی پشمەرگە هەمووی دەکەونە دەستی جاش و ئەمنەکان و دەیانبەن بە قوشتەپە. دەگوترێت ئەکرەم مەولود بەبریندداری گەیشتە قوشتەپە، مەلا عوزێر لەوە گولەبارانی دەکات.
لە هەککەوتی ٣١/٧/١٩٨٢دا بەسیەک بە کەمەە ئەندامی هەکخستنەکانی حزبی سەسیالیست دادنە و ٩ کەسیان دەستگیر دەکات، لە نەویاندا ئەبوبەکر عومەر هەشید ناسراو بە دیار هەروەها نەجمەدین … کە دواتر لەلایەن ژەمی بەعسەوە لە هەککەوتی ١٤/٤/١٩٨٥دا لەسەدار دەدرێن. دیار بەرپرسەکی بەتوانا و باڵای هەکخستنەکانی سەسیالیست بوو لە شاری هەولێر و دەوروبەریدا.
لە بەسیەکدا لە گوندی سابلاغی سەربە شارچکەی قوشتەپە لە ٢١/١٠/١٩٨٢ پێنج پشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەناوەکانی نادر سمایل (نالە قەشقەیی)، محەمەد غەفور ئەحمەد، عوسمان عەلی محەمەد، محەمەد مەحمود قادر و حەمید سەعید حەمەئەمین دەکوژێت. نالە قەشقەیی فەرماندەیەکی ئازا و ناودار بوو. مەلا عوزێر بە

شەڕلەتەکەی تەرمێ کوژراوەکان بەبەرچاوی خەڵکی گوندی سەربەش و مورتکەدا دەبات و ڕادەستی ژەمیان دەکات.
خالید عەزیز و حەمەدئەمین عەزیز کە دوو کوڕی عەزیز قەمبەر بوون و ئاکردووی سەربازی بوون، لایەک کەسەکی سەربە مەلا عوزێر و ڕادەستی مەلا عوزێر دەکرێن، کە ئەویش وەکو دەستکەوتێک یەکسەر ڕادەستی دائیرەی ئەمنیان دەکات و دواتر لە سێدارە دەدرێن. (پەیوەستی بە پشتئاستکردنەوە هەیە)
عەریف ئەکرەم پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە بەسیەکی هاوبەشی جاشکانی مەلا عوزێر و هەندێ مەفرەزە و فەوجی دیکەدا لە نزیک گوندی کەردز لە ٢٨/٢/١٩٨٢ دا دەکوژرێت. (پەیوەستی بە پشتئاستکردنەوە هەیە)
لە گوندی نەرگین ١٤ کەسی گرتووە و ڕادەستی ژەمی کردووە (پەیوەستی بە پشتئاستکردنەوە هەیە).
بەگوتنی یەکێک لە کەسوکاری قوربانیان کەناوی خۆی ئاشکرانەکردووە، برایەک و دوو مامی ئەو کەسە کە خەڵکی گوندی نەرگینن لە دوای ئەنفالدا لەلایەن مەلا عوزێرەوە ڕادەستی ژەم کراون و دواتر گولەبارانکراون.
مەلا عوزێر وەکو هەر سەرۆک جاشکی دیکە بەشداری تاوانی گەلکوژی ئەنفالی کردووە، چەند جار و لە کوێ و کوێ زانیاری تەواوم نییە، بەڵام بەپێی زانیاریەکان لەگەڵ جاشکانی مامەند قەشقە (یەکێ لەو سەرکجاشانەی کە پارتی گرتیەخۆی و پەنایدا) لە ئەنفالی گوندەکانی بەستی شەرغەی دەشتی هەولێر وەکو سەگرتکان و نەرگین یا دەشتی کۆیە بەشداری کردووە، خەڵکیان کوشتووە یا گرتووە و ڕادەستکردووە.
لە ٧/٥/١٩٨٨ دا لەهەڵەمەتێکدا لە شارچکەی قوشتەپەدا مەلا عوزێر و جاشکانی ٥٤ کەس دەستگیر دەکەن، هەندێکیان ئاکردووی سەربازی دەبن. مەلا عوزێر خۆی هەندە لەوانە ڕادەست دەکات. لە گیراوەکان ١٢ ئازاد دەکرێن، ١٢ دانەرنەوە بە سەربازگەکانیان، ئەوانیتر فەرمانی کوشتنیان بەسەردا دەسەپێندرێت و گولەباران دەکرێن.
ئەوانەی ئاماژەمان بە کردن بەشکن لە تاوانکانی مەلا عوزێر، بەگومان تاوانی دیکەش هەن کە ئەمە زانیاریمان لەسەریان نیە. بەیە گومان لەوەدا نییە کە ئەو تاوانبارە و دەبە بدرێتە دادگا.
مەلا عوزێر لە کوردستان نییە تاکو دەسەلاتی کوردی بتوانن بیپارێزن، ئەو لە وەاتی هەڵاند دەژی، کەیسی لەسەر هەیە و پۆلیسی هەڵاندی دەزانن ئەو تەمەتباری تاوانی گەلکوژیە، بەڵام پۆلیس پەیوەستی بە شایەدحاڵ و دەکومێنتی کنکریتی هەیە تاکو بتوانێ کەیسی لەسەر دروستکەن. کەسوکاری قوربانیان دەتوانن چاکانە سکاکانیان پێشکەش بە پۆلیسی هەڵاندی بکەن، یا شایەدکان دەتوانن شایەدی

لەسەر تاوانەکانی بدەن.
لەنەو هەموو گەلەکدا تاوانباران دەدرێنە دادگا، ئەو تاوانبارانەی کە لەپێزی ژێمدا بوون و تاوانی دیار و گەورەیان ئەنجامداوە بەپێی یاسای تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و گەلکوژی دەگیرێن و ئادەستی دادگا دەکرێن، بەپێی یاسا دادگاییدەکرێن و سزای خەیان وەردەگرن.
تاوانی واگەورە کێن نابەت و هەمووکات دەکرێ تاوانبار ئاپێچی دادگا بکرێت. بەنمونە لەسەر تاوانی گەلکوژی هەلەبجەست کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەلایەن نازیەکانەوە دژ بە جووەکان ئەنجامدرا، لە هاوینی ٢٠١٥ دا دادگایەکی ئەلمانی لە شاری لونەبەرگ کەنە نازیستەکی ئەڵمانی بەناوی ئەسکار گرەنینگ تەمەن ٩٤ ساڵەی بە چوار ساڵ سزادا، ئەو کەسی نەکوشتبوو، تاوانی ئەو ئەوەبوو شمەکی وەکو پارە، سەعات، چاویلکە و شتیتری زیندانیەکانی کەدەکردەوە. دوای نزیکەی ٧٣ ساڵ لەدوای تاوانکە سزای دادوەرانەی بەسەردا سەپێندرا. ئەم ساڵ تاوانبارێکی دیکە دەزرایەوە بەناوی برونە دەی کە لەکاتی تاوانەکەدا پاسەوانی زیندان بووە و ئەوسا تەمەنی ١٧ ساڵ بووە، دوای ٧٥ ساڵ درایە دادگا و دادگای هامبەرگ سزای دوو ساڵ زیندانی بە بڕیەوە.
لە باشوری کوردستاندا لەسایەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا بەپێچەوانەی هەموو گەلانی جیهان، سەرکجاشە تاوانبارەکان پەنادران، قاچاخ و بەهەزکران، پلگە و دەسەڵاتیان زەر لەوە بەرزتر و زیاترە کە لەسەردەمی ژێمی بەعسدا هەیانبوو. خەڵکی باشوری کوردستان دەبە لەچاوەڕوانیدابن تاکو ئەو ژێرەی خەڵکی باشوریش وەکو گەلانیتر دەبنە خاوەنی دەسەڵاتی نیشتیمانی هێوا و تاوانباران ئاپێچی دادگا دەکەن. ئەوە ئەمە خەونە بەئام دەکرێ بەتەدی.

تێبینی: هەندێ لە زانیاریەکان سەبارەت بە تاوانەکانی مەلا عوزێر بەپێی سەرچاوەی بەاوکراوە کە لە خوارەوە داندراون نوسراون. دەکرێ زانیاریەکان تەواو نەبن. ئاگەر زانیاری گونجاوتان لەسەر ڕووداوەکان هەیە ئاگادارم بکەنەوە، سوپاستان دەکەم.

سەرچاوەکان:

وەکیپیدیا: ئیبراهیم ئەحمەد سەفی ناسراو بە ئیبراهیم شورتە
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20141005101458116586&lng=12;

ئەحمەد عەبدولعەزیز عەبدولکەریم زەمان، کوردپێدیا
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150609203011121533&lng=14

یەکێتی ئۆگەر دەیەوێ دەسزی خۆی بە خەلکی کوردستان بسەمێنی با مەلا عوزێر بداتە دادگا
https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=48443

تاوانبار بە ژینەسایدە، بەڵام سەربەست لە هولێند
http://www.derbendixan.net/kurdish/item_detail.php?id=391#.XyXDzCgzbIU

پیاوێکی کەمەکوژ لە هەندا سەربەست کرا
https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=77393&skeyword=%D9%85%DB%95%D9%84%D8%A7+%D8%B9%D9%88%D8%B2%DB%8E%D8%B1

مام ئەمەر پیشمەرگەیەکی دێرین، "دەستخۆش بە دەسەلاتی کوردی کە دەیان تاوانباری وەک مەلا عوزێر و قاسم ئاغا لێژێر دەسەاتی خەیدا ئەحوەنەتەوە"
https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=63983&skeyword=%D9%85%DB%95%D9%84%D8%A7+%D8%B9%D9%88%D8%B2%DB%8E%D8%B1

Former Nazi Guard Is Convicted in One of Germany's Last Holocaust Trials
https://www.nytimes.com/2020/07/23/world/europe/holocaust-trial-nazi-guard-germany.html

Oskar Groening, 'Bookkeeper of Auschwitz,' convicted of war crimes, dies at 96
https://www.washingtonpost.com/local/obituaries/oskar-groening-bookkeeper-of-auschwitz-convicted-of-war-crimes-dies-at-96/2018/03/13/49517c5a-26ce-11e8-b79d-f3d931db7f68_story.html

شاخەوان شەرش
٢/٨/٢٠٢٠

کتێبی شیعرکانی پاول سیلان … و: رزگار شێخانی

پێشکی

دوو ساڵی ڕەبەق لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، پاول سیلان، Paul Celan بە پاشناوی Anczel لە ٢٣/١١ -١٩٢٠ لە شاری شێرنیڤتسی، کە ئەوکاتم شارێکی ڕۆمانیایی بوو و ئێستا شارێکی ئوکرایناییە، لە دایکوباوکێکی جووی ئەڵمانیزمان لە دایک بوو. لەدوای شەڕی نێوان ڕووس و تورکدا لە کۆتایی سەتەی هەژدەدە، نەمسا شارەکەی داگیر کرد. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیش شارەکە بوو بە بەشێک لە ڕۆمانیا. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیشەوە بوو بە بەشێک لە یەکێتیی سوڤیەت و هەتا ساڵی ١٩٩١ ئوکراینا سەربەخۆیی ڕاگەیاند و بوو بە بەشێک لەو. لەگەڵ هەر داگیرکردنێکیشدا ناوی شارەکە گۆڕاوە. هەر لە کۆنەوە شێرنیڤتسی شارێکی فرەنەتەوە و

فرەکولتووری. هەتا پێش جەنگی دووەمی جیهانی، هەموویان بە هیچ کێشەیەکی ئایینی و کولتووریی، بە یەکەوە دەژیان. کە شەو هەڵگیرسا هەموو شتێک تێک چوو.
ساڵی ١٩٤١، دوای ئەوەی سوپای ئەڵمانیای نازی و هەمانی شاری شەرنیڤتسیان داگیر کرد، گەتێیەکیان لە شارەکە دروست کرد و تێیدا جووەکانیان کۆ کردەوە. لە حوزەیرانی ١٩٤٢ هەمەتێکی زۆر گەورەی گواستنەوەی جووەکان بۆ ئەردوگای زیندانیی بۆ کەمەڵ دەستی پێ کرد. ئەوانەی کە گواستراندەوە، دایکوباوکی پاول سیلانیشیان تێدا بوو. سیلان توانی خۆی بشارێتەوە، دواتر دەگیرێت و دەیبەنە ئەردوگایەکی سوغرەکردن. لەوێ بە خواردنی کەم و کاری گرانەوە، ١٩ مانگ سوغرەی پێ دەکەن. لەوێ بوو هەواڵی مەرگی دایکوباوکی پێ گەیشت. دایکیان کوشتبوو و باوکیشی بە نەخۆشی مردبوو. سیلان لە ئوردوگاکە هاوڕێکات و دۆستە ناو سوپای سووری سۆڤیەتی و لەناویدا وەک خزمەتگوزاری تەندروستی کاری کرد. کە ساڵی ١٩٤٤ سوپای سوور شارەکەی ئازاد کرد، سیلان توانی بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی و دەست بە خوێندنی بکاتەوە. هاوڕێکانی باسی گەڕانەکی گەورە و بنەڕەتیان لای سیلان دەکرد؛ پەند و چیرۆکی بە زمانی جیدیش دەگێڕایەوە و باسی جوانیی زمانی عیبری دەکرد، ئەو زمانەی جاران بە لایەوە گرنگ نەبوو. هەر لەو سەردەمیشەوە دەستی بە خوێندنەوەی ئایینی جوو و چاسیدیزم کرد.
کە ساڵی ١٩٤٥ جەنگ کۆتایی هات، سیلان چووە بوخارست، لەوێ لە دەزگەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەک هەسەنگەنەری کتێب و وەرگێڕ خەری دەژیاند. یەکەم شیعری لە ساڵی ١٩٤٧ لە گۆڤاری (ئەگورە)دا بڵاو کردەوە. لەم یەکەم بڵاوکردنەوەیەدا، پاشناوی خۆی گەیی، دووحەرفی سەرەتای Anczel ـی هەڵگرت و لە کۆتایی ناوەکەی دانا، کردی بە Celan و بەمەیش ناوێکی شاعیری بە خۆی مسۆگەر کرد. لە ئایاری هەمان ساڵدا، گۆڤارێکی ڕۆمانی، بە تەرجەمەی ڕۆمانی، شیعری (تانگۆی مەرگ)ی بڵاو کردەوە، دواتر ناوی شیعرەکەی گەیی بە (فوگەی مەرگ)، کە بە بەناوبانگترین شیعری سیلان دادەنرێ. ئەوروپای دوای جەنگ، ئەوروپایەکی وێران بوو. ڕاونراوەکان و ئەوانەی لە قەکردنەی بە کەمەڵ زگاریان بووبوو، بەماڵ و سەرگەردان دەسوڕانەوە. هەر ئەو کاتە بوو، سیلان لە وڵاتی خۆیدا هەستی بە دڵنیایی نەدەکرد و بۆیاری دا پەڕاگەندەی وڵاتان ببێ.
لەنێوان ساڵی ١٩٤٧- ١٩٤٨دا ماوەیەکی کەم لە ڤیەنا بوو. ئەوەم لەوێ یەکەم دیوانی: (لمی گەزەکان Der Sand aus den Urnen) بڵاو کردەوە. کە چەند هەڵکارییەکی سووریالیشی تێدا بوو. لەوێ یەکەمجار شیعری (فوگەی مەرگ)ی لە پیشانگەیەکی سووریالییەکاندا خوێندەوە.

هەر ئەودەمیش پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ئینگەبەرگ باخمانـــدا بەست، باخمان لە نەمسا لە دایک بووبوو. باوکی ئەندامێکی چالاکی نازیـیەکان بوو، سیلانـــیش پەناهەندەیەکی جووی ڕوومانیا بوو. باخمان دوای ئەوەی لە چەند زانکۆیەک دەروونناسی و قانوونی خوێندبوو، لە ڤیـیەنا دەژیا، لەوێ بەشی فەلسەفەی دەخوێند و خەریکی نووسینی دکتەرانامەکەی بوو لەسەر هایدگەر و هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە سیلان ئاشنای فیکری هایدگەر دەبێت، دەست بە خوێندنەوەی بەرهەمانی دەکات و ئاشنای فیکری دەبێ. پاشان سیلان چووە پاریس و لەوێ ژیا، بەڵام بە نامە پەیوەندیی لەگەڵ ئینگەبەرگ باخمان هەر هەبوو. هاوکات لەگەڵ کارکردن لە گارگێ و وەرگێڕاندا، زمانی ئەڵمانی و زانستی ئەدەبی دەخوێند. پاشان وەک مامۆستای ئەدەب کاری دەکرد. ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ ژنە هونەرمەندی فەرەنسی، گیسێل لەسترانژ بوون بە ژنومێرد و دوو کوڕیـان بـــوو. لە کۆتاییەکـانی ساڵـانی شەســتدا، لەیەکـدی جودابوونەوە.
سیلان لە ئابی ١٩٤٨، تازە هاتبووە پاریس. شیعر دەتوانێ چی لەبارەی ئێم دەخێی زەمەنەوە بڵێ؟ یان چۆن سیلان، وەک ڕزگاربوویەک بتوانێ ئێم ئەزموونە بە هەی زمانەوە بنووسـێتەوە؟ ئەو تـوانی لە هەشت دیواندا ئێمە بکا. ساڵانی پەنجاکان خەی لە پاریس و دیوانەکانیشی لە ئەڵمانیا باڵاو دەکرێنەوە. ناوەندە ئەدەبییەکانی ئەڵمانیا وەک شاعیرێکی زۆر گەورە پێشوازی لە دەکەن و خەڵاتی دەکەن. پەیوەندیی دەستایەتی لەگەڵ هایدگەر دروست دەبێ و لە ماوەی نزیکەی بیست ساڵدا بە نامە پەیوەندییەکی گەرمیان لەگەڵ یەکدی دەبێ.
کتێبیان بە یەکدی دەنارد و لەبارەی شیعر و فەلسەفەوە گفتوگۆیان دەکرد. وردەوردە ئێم پەیوەندییەی سیلان و هایدگەر ساردیی تێکەوت. سـیلان بە بەرهەمەکـانی ئەو سـەرسام بـــوو، بەڵـام پەی بـــوو لە لایەنگریی ئێم بیرمەندە گەورەیەی ئەڵمانی لە نازیـیەکان. هایدگەر قەت لای سیلان ڕەخنەی لە ڕابووردووی خەی نەگرت، یان پێشیمانیی خەی پیشان بدا.
لە ٢٤ تەموزی ١٩٦٧ لە شاری فریبـرگ گەورەترین بیرمەندی سەردەم پێشوازی لە گەورەترین شاعیری سەردەم دەکات. فێلسوفەکە ناوی هایدگەر بوو، شاعیرەکەیش پاول سیلان بوو. هایدگەر ڕابووردوویەکی نازیی هەبوو، مامۆستایەکی نازیی زانکۆ بوو، ١٢ ساڵ ئەندامی حیزبی نازی بوو. سیلانـیش جوویەکی ڕزگاربووی بەردەستی نازیـیەکان بوو. دایکوباوکی بە دەستی ئەوان کوژرابوون. ئەوان دوو کەسی ڕابووردوو تەواو پێچەوانەی یەکدی بوون، بەڵام تێگەیشتن لە فەلسەفە و شیعر بە یەکەوەی دەبەستنەوە.
سـیلان داوەتکـراوە لە پاریسـەوە بـێت و لە هەڵە زانکۆی فریبـرگ،

هەمان زانکۆی تیبدا هایدگەر کاری دەکرد، شیعر بخوێنەتەوە. ئەوەم چەند ساڵێک بوو، سیلان باری دەروونی تەواو نەبوو. ئەو کاتیش سیلان لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی لە پاریس بوو و بە مەبەستی هاتبووە دەرەوە. زۆتر لە هەزار کیس هاتوون و هایدگەریش لە ڕێزی پێشەوە دانیشتووە. لەم کاتەدابوو دەخەکە گرژی تێکەوت. سیلان بە شێوەیەکی ڕاق گوتی نامەوێ وێنە لەگەڵ هایدگەر بگرم.
دوای خوێندنەوەی شیعرەکان، هایدگەر ڕووی لە سیلان کرد و گوتی کە حەز دەکات داوەتی خانووی هاوینەی خۆی لە توتناوبێرگ بکا و لەوێ پیاسە بکەن و گفتوگۆ بکەن. سیلان بە داواکەی ڕازی بوو. هەڤێی دوایی، ٢٥ی تەمووز بە ئوتومبیل دەچنە ئەوێ. ئەم سەفەرەی ئەوان زۆر گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، زۆر کیس پێیوایە، دوای ئەم سەفەرە سیلان لە هایدگەر هەناسەسارد و بێهوا بووە. ئەوان دەگەنە خانووی هاوینەی هایدگەر لە توتناوبێرگ، کە بیرەکی ئێستێریی تێدابوو، ئاوی بیرەکە دەخەنەوە و دەچنە ژوورەوە. سیلان لە دەفتەری میواناندا دەنووسە – "بە ناو دەفتەری میوانان بە نیگا لەسەر ئێستێری بیرەکە، بە هیوای هاتنی وشەیەک لەناو دڵەوە. ٢٥ی تەمووزی ١٩٦٧. پاول سیلان."
ئەوان لەم دەشتودەرە بەدەم پیاسەکردنەوە لەبارەی زۆر شتەوە دەدوێن. سیلان چاوەڕوانی ڕوونکردنەوە بوو لە هایدگەر، کە بە لایەنگری سەرسەختی نازیەکان بوو، بەڵام هایدگەر هیچی نەگوت و لەم بارەیەوە نوتقی لێوە نەهات. سیلان زۆر لێی بێهیوا بوو. لە گەڕانەوەیاندا بۆ فریبێرگ، لەناو ئوتومبیل سیلان ڕوونتر لەگەڵ هایدگەر دەدوێ. لەمبارەیەوە لە نامەیەکدا بە گەسلی ژنی نووسیویەتی – هایدگەر نایەتوانی قەدەم بەدەستەوە بگرێت و هەشیاری لەبارەی نازیزمەوە بدا؟
سیلان لە فریبێرگەوە دەگەڕێتەوە نەخۆشخانەی دەروونی لە پاریس. شیعرێکی زۆر کورت بە ناوی (توتناوبێرگ)ـەوە دەنووسێ. ئایا ئەم بێهیوایی ئەو بوو لە هایدگەر؟ لە شیعرەکەدا ئەو وشانەی کە لە دەفتەری میواناندا نووسی، هەیە: – "وشەی لە دڵەوە هاتووی بیرمەندێک".
ئەم دوا یەکدیبینیان نەبوو. هاوینی ساڵی دواتر، سیلان دەگەڕێتەوە فریبێرگ و لەگەڵ هایدگەر بەناو دەشت و چیاکاندا بە پێ دەگەڕێن. بەڵام لەبارەی ئەم سەفەرەوە هیچ زانیارییەک نییە. ئەوان دووجاری تریش یەکتریان بینی. کە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ بە دواجار یەکتریان بینی، سیلان باری دەروونی تەواو تێک چووبوو، زۆر لە هایدگەر تووڕە بوو و بەسەریدا هاواری کرد. هایدگەر گوتی: "نەخۆشە – بەچارەیە".

شیعرەکانی سیلان، پەوستیی ژیان و ئەو ئەزموونانەی خەیاتی لە سەردەمی شەدا– زیان، ڕاکردن، پەناهەندەیی و تاسەی ئەو کەس و شتانەی نەیبینیوە، بەڵام باسی عەشقیش دەکەن. ئەندامی ئەکادیمیای سوەدی پرۆفیسەر ئەندرس ئولسەن، کە هەم شیعرەکانی تەرجەمەی سوەدی کردووە، هەم بەردەوامیش لەکۆینەوەی زانستی لەبارەیانەوە دەنووسە. ئەو کاتەی بە ئەندامی ئەکادیمیای سوەدی هەڵبژێردرا، لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەوانێکدا گوتی: "بە نموونە زۆر پەم گوناهە خەڵاتی نوبەل نەبەخشرا بە تومەس بەرنرهارد. یان پاول سیلان". ئەو لە پێشکیی تەرجەمەی (شیعرە ڕۆمانییەکان)دا بە سوەدی، نووسیویەتی: "بەگومان سیلان نەک تەنیا میراتی تازەگەریی بە زمانەکردنەوەی بوەر گواستووەتەوە، ئەو بە شێوازێکی بێهاوتا شیعری کردووە بە ساختومانێکی شاهەدیی لەبارەی ئەزموونی تۆندوتیژیی، عەشق و پەناهەندەییەوە لە مێژووی سەتەی بیستی ئەوروپادا".

سیلان بەهرەی فەربوونی زمانی هەبوو، ئەڵمانی، عیبری، ڕۆمانی، فەرەنسی و ئینگلیزی دەزانی. ئەڵمانی زمانی دایک بوو، هەر زوو لە دایکوباوکییەوە فێر بوو. ئەو هەر بە ئەڵمانیش دەینووسی و دژی جووتزمانی بوو – »تەنیا بە زمانی دایک مرۆڤ دەتوانێت ڕاستیی خەی دەربڕێت، بە زمانێکی بێگانە شاعیر درۆ دەکات.« ئێگەرچی ئەڵمانی زمانی جێلاد بوو، بەڵام سیلان باوەڕی وا بوو، کە دەبە تەنیا بە ئەڵمانی بنووسە. بەڵام لە بەرهەمەکانیدا ماوەیەک حاڵەتی شاز هەیە. ئەو کاتەی چووە بوخارست و لەوێ ژیا، نزیکەی چل پەخشان و شیعری نووسی، هەندێکیان بە شێوازی سووریالی، شازدە لەم تێکستانەیش بە ڕۆمانی نووسراون و بە شیعرە ڕۆمانییەکانی ئەو ناسراون. پاشان گەڕایەوە سەر زمانی ئەڵمانی. لەوێ لە بوخارست بوو، ناودارترین شیعری "فوگەی مەرگ" بە ئەڵمانی نووسی، تەرجەمەی ڕۆمانی کرا و لە ئایاری ساڵی ١٩٤٧ لە گۆڤارێک کە لە بوخارست دەردەچوو بە ڕۆمانی، بڵاو کرایەوە.

سیلان هونەرمەندێکی زمانەوانی بوو و بەوە ناسرابوو، وشەی نوێی دادەهێنا، کە لە زمانی ئاخافتندا نەبوون. ئەو بە ئەڵمانی دەینووسی، ئێگەرچی زمانی نازیزە تاوانکارەکانیش بوو. بە ئەوەی بتوانێ بە ئەڵمانی شیعر بنووسە، هەستی کرد پێویستی بە دەزینەوەی زمانێکی تایبەت بە خەی لەناو زمانی ئەڵمانیدا هەیە، – زمان لەناو زماندا. بە ئەوەی پێیەوە بتوانێ باسی قەکردنی جووکان و ئەو هەموو تاوانانەی نازیزەکان لە سەردەمی شەدا کردیان، بکا.

"فوگەی مەرگ" Todesfuge/Dödsfuga شیعرێکی زۆر ناوداری "پاول سیلان"ە. لەنێوان ساڵی ١٩٤٤/١٩٤٥ نووسراوە. یەکەمجار ساڵی ١٩٤٧

تەرجەمەی ئەمانی کرا و بە ناوی "تانگۆی مەرگ" بڵاو کرایەوە. ساڵی دواتر لە یەکەم دیوانیدا، بە ئەمانی بڵاو کرایەوە. خاسیەت و پێکهاتەی شیعرەکە وەک سەدا و تەبەقەی جودای مۆسیقا، فرەدەنگیە. فوگە Fuga وشەیەکی لاتینییە و واژەیەکی تیۆری مۆسیقایە، ئاماژەیە بە ئاو هەموو دەنگ و سەدا جودایانەی ژە و ئامۆری مۆسیقا، کە دووبارە دەبنەوە. شیعرەکە باسی ڕووداوی واقیعیی قەکردنی جووەکان دەکات لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا. ئەوسا نازیەکان لە زەر ئەردوگا، لە کاتی کوشتن و سووتاندنی جووەکاندا ناچاریان دەکردن گەڵە بە خەیان هەڵبکەنن و هاوکات بەشکیشیان ناچار دەکران مۆسیقا بژەنن. بەم جۆرە مۆسیقایەیش دەگوترا "تانگۆی مەرگ".
لە شیعرەکەیشدا دەنگ و سەدا و بابەت دەگۆڕێ. "ئەمە"ی زیندانی هەیە، کە بەشیکیان مۆسیقا دەژەنن و هاوکاتیش بەشکیان گەڵەی خەیان هەڵدەکەن. "جەللاد"یش هەیە، کە ناوە بە "مارگەریتا"ی خۆشەویستی دەنووسێت و فەرمان بە بەندکراوەکان دەکات گەڵەی خەیان هەڵبکەنن. "سولامیت"ـیش، ئەو کچەیە کە حەزرەتی سولەیمان ئاشقی بوو و لە "غەزەلی غەزەلان/ گۆرانیی گۆرانیان"؛دا، بە شیعر عەشقی خەی بە دەربڕیوە. لەوە لە شیعری ژمارە ٦، کەپڵەی ١٢ ناوی هاتووە. وەک دەبینین، شیعرەکانی پاول سیلان لە تراژیدیاکەوە هەڵقوڵاون، کە ئاسەواری بەسەر ئەدەبی ئەورووپایی دوای شەڕەوە هەیە.
تیۆدۆر ئەدۆرنۆی فەیلەسوف (١٩٠٣ – ١٩٦٩) پێیوابوو – بەربڕیە لەدوای ئاوشویتس شیعر بنووسرێ. ئەمە تێگەیشتنێکی ڕاستە، چونکە سەختە بە هەی نووسینەوە، یان تەنانەت گەڵانەوەیش، تەواو لە نەهامەتییەکانی شەڕ نزیک ببینەوە. بەڵام ئەم تێگەیشتنەیش ڕاستە کاتێ وەرگری خەڵاتی نوبێل، ئەمرە کەرتێز (١٩٢٩ – ٢٠١٦) ئەم گوتەیەی ئاوی هەڵگەڵاندەوە و گوتی: – "لەدوای ئاوشویتس مرۆف دەتوانێ شیعر تەنیا لەبارەی ئاوشویتسەوە بنووسێ".
لەڕەدا کە ناوی "ئاوشویتس" دەهێنێ، مەبەست کات و شوێنێکی دیاریکراو نییە، مەبەست هەموو ئەورووپا و سەردەمی شەڕە، کە تێیدا بە شێوەیەکی سیستەماتیک جووەکانیان قڕ دەکرد. ئایا زمان توانای هەیە وێنەی ڕووداوەکان بکێشێ، وەسفی هەستی کوژراوەکان و بکوژەکان بکا؟ ئەگەر وەڵام نەخێر بێ، ئەدی چۆن بتوانین لە نەهامەتییەکانی ئەو سەردەم تێبگەین؟
بە ئەم مەبەستە، سیلان شەوازی تایبەت بە خۆی دەزیێوە. هەر بەڵاستی وەک دەگوترێ زمانی ئەمانی تێکشکاند و زمانێکی تایبەت بە خۆی داهێنا، کە پڕ لە کەد و وشەی نهێنی، تەنانەت حەرف و خاڵبەندکانیش ئەرکیان هەیە. ئەم شێوازە زەر سەختەی سیلانێ، وا دەکات تێگەیشتن و تەرجەمەکردنی زەر سەخت بێ. هەم لەکەڵەر و هەم

وەرگێڕ تووشی شیکردنەوەی هەڵە و وەرگێڕانی هەڵە ببن. باشە هەر لە ئێستاوە ئەوە بڵێم، کە- ئەم وەرگێڕانەی من، هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە جیهانی سیلان، نەک چوونەناو جیهانەکەوە.
ئەوجا بۆ ئەوەی لە مەتودی نووسین و جیهانی سیلان نزیک ببینەوە، هەڵە نییە ئاگادار بۆ ڕێگایەکی تردا بڕۆین، بچین مەتودێکی تەواو پێچەوانەی ئەو بدۆزینەوە. مەتودێک کە جیاوازییەکەی وەک جیاوازیی نێوان شەو و ڕۆژ و ڕەش و سپی بێ. ئەم مەتودە جودایێش، شاعیری ئەمریکایی چارلس ڕیزنیکۆف (١٨٩٤ – ١٩٧٦) لە کۆتایی ژیانیدا دۆزییەوە، کە تەواو پێچەوانەی مەتودی نووسینی سیلانە و ئەو خەی بە (مەتودی دەستکاریکردن) ناوی دەبا. مەتودێک کە دەتوانرێ پێیەوە بە زمانێکی ئاسان، باسی بابەتی ئاڵۆز و سەخت بکرێ و زۆر لێیان نزیک ببێتەوە. ئەو هەات بە شیعرنووسین و زۆر نزیکبوونەوە لە ووداوەکانی قەکردن، سوودی لە بۆگەنامە و پرۆتەکۆلی گوتەی شاهێدەکانی دادگای نورنبەرگ وەرگرت. هەڵەی بڕیار ئەو دەڵێ و وشانەدا دەکەشا، کە بە شیعر دەگونجێن و هاوکاتیش وێنەیەکی واقیعیی نەهامەتییەکانیان دەکەشا. ئەو هات و ئەم ماتریالانەی کردووە بە شیعر و ساڵی ١٩٧٥ لە دیوانێکدا بە ناوی (قەکردن/ Holocaust) باڵاوی کردۆتەوە.
مەتودەکەی ئەو خەی لەم پێنج خاڵەدا چڕ کردووەتەوە:

1. هەموو ئەو دەڵانەی جوان دیارن بنووسەوە.
2. ورد سەرنج لە هەموو وشەکان بدە و وشە لاتینییەکان و هی ناپێویست دەربهێنە.
3. ورد سەرنج لە مانای هەموو ستەکان لە ڕیزبەندی دیاریاندا بدە.
4. ورد سەرنج لە ڕیتمی هەموو دەڵەکان بدە.
5. پاشان بۆوردی دەستکاریی بکە.

چارلس ڕیزنیکۆف پێیوایە، شاهێدەکانی دادگا ووداوەکان وەک خۆیان دەگێڕنەوە و ئەمەیش ماتریالەکە زۆر گونجاو دەکات، چونکە بەم شێوەیە خوێنەر هەتا دەکرێ لە ڕووتی ووداوەکان نزیک دەبێتەوە. ئەم دوو کۆپلە شیعرە، نموونەن لە شیعرەکانی.

”لە ناکاو سێیان هەڵبژارد
سێ جووی ڕیشن
کە پیاوی سێیەمیان هەڵبژارد
کوڕەکەی گوتی: لە باوکم گەڕێن

من دەمە شونی ئاو
من ببن!
ئاو س سەی باوکی ئاوی هەبژاردبوو گوتی:
"تەیش وەرە!"
گوللە بە پشتەملی هەر چواریانەوە نرا:
گوللەکان لە نەواچەوانیانەوە دەرچوون."

"ئەمانیەکەی کە خوشکی ئاوی کوشتبوو
ووی لەو کرد و
پرسی: "لە پشان کامتان بکوژم؟"
ئاو دەستکانی کچە بچووکەکەی گرتبوو و وەڵامی نەدایەوە؛
ئاو بینی چۆن ئەمانیەکە منداڵەکەی لە سەند
منداڵەکە قیژاندی و کوژرا."

لە بەرسبەری قەکردنی جووکاندا، سیلان زمانکی بە ئاو شتانە دەزیوەتەوە، کە ناوهەنانیان سەختە. میکایل قەیس لە لەکەینەوەکەیدا- دوا شاعیر. گوتارک لەبارەی خەمشی پاول سیلانەوە، کە بە سودی نووسراوە، باسی ئاوە دەکات چۆن سیلان لە شیعرکانیدا بە وشە و حەرف، وشەی نهەنی بە ووداوە مەژووییەکان دەزیوەتەوە. ئاو لە سەرەتای کتبەکەیدا دەپرسە "شیعر چییە؟" و لە کۆتایی کتبەکەیدا وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: -"شیعر، بە دنیاییەوە زیاتر ئاوییە تە ناتوانی پشبینی بکەیت. /.../ شیعر لە دەرەوەی زانینەوە دەپەیڤە، بەڵام هەندە بەهەز دەدوە تە پلەهاویشتنی ئاوەتە کە هەمیشە بتوەڵە بزانیت".
پاول سیلان لە شیعرکدا دەڵێ:
(خەمشە.
خەمشە، خەمشە.
شاو.
شاو-و – شاو. – بە
لای چاوکە، لای شدارکە.)
خەمشە، ئەم وشە بەرە دەتەنگکەرییە، (بە ئەمانی Asche) کە جار لەدوای جار لەرە و لە زەر شیعری تردا دووبارە دەبتەوە، ئاماژەیکی دیارە بە قەکردنی جووکان. ئەمە ئەم تاوانە گەورەیە، کە زمان توانای دەربینی نییە و ناتوانرە وەسفی بکات. وشەی خەمشە بە ئەمانی "Asche" و پاشناوی سیلانیش Antschel بەر لە جگەینی هەردوو حەرفی An، لەناوانیاندا لە ووی فەنتیکەوە – (ئەشە – ئەنشە) لەیکچوونکی سیر هەیە. هەنگ

ئەم هەیەک بە لە جەنگەکەی دوو حەرفی پاشناوی.
ئەدی چاسیزم چەن لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا دیارە؟ شیکارەوەی وا هەیە پێیوایە کە سیلان لە هەمان بناغەی چیرەکی چاسیزمەوە شیعری نووسیوە. هی وایش هەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەمای نەریتی جووی تەدایە. سیلان خەی لەم بارەیەوە هەشیاریی لە بەستنەوەی شیعرەکانی بە ئایینی جوو، یان قەدەری جووەکانەوە داوە، هاوکات لەبارەی پەویستیی هەبوونی زانیاریی وردی پەشوختە لای خوێنەر بە تەگەیشتن لە شیعرەکانی، زەرجار گوتویەتی – زانیاری لەبارەی ئایینی جوو، یان چاسیزم لای خوێنەر گرنگن.
ئەو ناخەشی و دەمەقاڵییەی لەسەر شیعری (فوگەی مەرگ) لەنەوان پاول سیلان و ئیمانوەل وایسگلاس (١٩٢٠ – ١٩٧٩) دروست بوو و ەەژنامەکانیش ەەەی خراپیان لە تەشەنەکردنیدا هەبوو، پاول سیلانی زەر دەتەنگ و خەمبار کرد. ئیمانوەل وایسگلاس، ئەویش وەک سیلان، شاعیرەکی جووی ئەمانیزمانی ەەمانیا بوو. هاوەەی قوتابخانە بوون. ئیمانوەل وایسگلاس شیعری (ئەو ER)ی نووسیبوو، بابەت و چەند دەەەکی شیعری (فوگەی مەرگ)ی سیلانیش وەک ئەو بوو. دوای ئەوەی کە ئاشکرا بوو، شیعرەکەی ئیمانوەل پەش (فوگەی مەرگ)ی سیلان نووسراوە، زەر کەس سیلانیان بەوە تاوانبار کرد، کە لەوی وەرگرتووە. بەەام ئیمانوەل هەرگیز سیلانی هاوەەی دەرینی بەوە تاوانبار نەکرد، بەپەچەوانەوە، ئەو زەر سەرسام بوو بە توانای سیلان. ەاستیش ئەوەیە، کە سیلان هەرگیز لەوی وەرنەگرتبوو. هەندە کەسیش پێیان وایە، خەکوشتنەکەی سیلان تا ەادەیەک پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەیە.
سیلان بە شیعرەکانی ئەو بەچوونەی فەیلەسوفی ئەمانی، تیەدەر ئادەرنەی بەتاە کردەوە، کە گوتبووی: – "بەربەریە لەدوای ئاوشویتس شیعر بنووسرێ". ئاوشویتس گەورەترین ئەردوگای زیندانی و لەناوبردنی جووەکان بوو. ئەو پێیوابوو، تەنانەت شیعریش ئەو توانایەی نیە، باسی مەژووی خوێناویی سەردەمی جەنگ و قەکردنی جووەکان بکات. پاول سیلان ئەم تەگەیشتنەی پێ هەە بوو، ئەو پێیوابوو – لەدوای ئاوشویتس، چەن شیعر بنووسرێ؟
لەدوای شەی دووەمی جیهانیدا، کەمەەک نووسەری جوو، ئەو کارەساتەی بەسەریاندا هات، نەیانەتوانی فەرامشی بکەن. زیندەخەونەک بوو، لە کاتی بەئاگاییاندا. ئەوان بەرگەی ئەم ئازارە دەروونییەیان نەگرت و خەیان کوشت. پاول سیلانیش وا بوو، نەیدەتوانی ەابوردووی خەی فەرامش بکات. تا وای لە هات باری دەروونی شەوا. چەند ساەەک بەر لە مردنی، بە تەنیا و بە خەزان و هاوەە دەژیا. باری دەروونی باش نەبوو، کەوتبووە ناو حوزن و خەمەکییەکی گەورەوە. دوا شیعرەکانیشی لە دەخەکی وادا نووسیون.

لە کۆتاییدا حوزن و خەمەکی بەسەریدا زاڵ دەبن و ژیانی لە دەستنەنەوە.
شەوی ٢٠ی نیسانی ١٩٧٠، لە ماڵەکەی، لەسەر شەقامی ٦، ئەمیل زۆلا لە پاریس، دەچێتە دەرەوە. چەند هەڤڕێک پێشتر، دەبوو لەگەڵ ئەریکەی کوڕە مەرمنداڵەکەی، چووبان نمایشی شانۆنامەی- لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا-ی بێکت ببینن، بەڵام نەچووبوون. کاتێک ژنی پێشووی، گیسێل دەچێتە ماڵەکەی، ئەڤەق و سەعاتی دەستی پاول سیلان لەسەر مێزی ژووری نووستن دەبینێ. ئەمە نیشانەیەکی هوونی ماڵئاوایی بوو، کە پێشتر بە ئەوی گوتبوو. سیلان ئەو شەوە خەی هەڵدابووە ناو هووباری سێن و خنکابوو. دوای هەفتەیەک تەرمەکیان دەزیەوە.
ئەمە پاول سیلان بە شاعیرێکی زەر گرنگی ئەمانیزمانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی سەرنجی لە دەدرێ و ئەدەبناسەکان بە یەکێک لە شاعیرە گەورەکانی ئەمانیزمانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی دادەنێن.

زگار شێخانی
ستۆکهۆلم، تەمووزی ٢٠٢٠

دە هەزار شوێنپێ بەشێک لە شیعرەکانی (کو ئون) … بەکر ئەحمەد

بەر لەخوێندنەوەی ئەم شیعرانە، ئەم پێشکێیە کورتە پێویستە.
(کو ئون) بە یەکێك لە دەنگە گەورەکانی شیعری جیهانی و کەریای باشوور لەقەڵەمدەدرێت و هەموو ساڵێک لە لیستی ئەو ناوانەدایە کە بە وەرگرتنی خەاتی ئەدەبی نۆبێ دەپاڵەورێت.

سالانی دەسەلاتدارێتی سەربازی (چونگ دوو هوانس) (١٩٧٩ تا ١٩٨٨) لە کەریای باشوور، ئەو زەمانەیە کە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە نووسینی (کو ئون)دا. لەم ساڵانەدا بوو کە ئەو لە زیندانداا بەڵێنە گرنگەکەی خەی رادەگەێنە:"گەر ئازاد بم، مەرج بێت شیعر بە هەموو ئەو کەسانە بنووسم کە بینیوومن یان دەیانبینم). لە ساڵی ١٩٨٢دا

کون بەر لەبووردنی گشتی دەکەوێت و ئەم پەیمانە دەکەوێتە فازی جەبەجێکردنەوە. دەرئەنجامەکەی ٣٠ کتێبی گەورەی شیعریی لە ژیر ناونیشانی(مانیفێستبو)، یان ١٠ هەزار شوێنپێ.
هەڵکەی بینراو کە بە ناو شیعرکانی (١٠ هەزار شوێنپێ)دا هەستی پەدەکرێت، تەمارکردنی ئەو تاقیکردنەوە بەدەنگانەیەی کە تراجید کەمکی لەدەتکە، گێرانەوەی ئەو حکایەتە بچکووکانەیە کە زەر جار خەی دەپچڕێتەوە لە چیرکە گەورەکانی ئینسانەوە.
سەرنجراکێش نییە کە ئەم شاکارە گەورەیە بە شیعری داپیرە (سام مان) دەستپەدەکات کە داپیرە گەورەی دێیە و هەوونەری گێرانەوە زیندوو رادەگرێت.

وەختێک مرد، وا دەزانرا ئەو لە گێرانەوە بەردەوامە
ئاخر ئەو بە مردوویش دەمە هەشتا کراوە بوو
چەند هەوێیاندا دەمی داخەن، دیسان دەمی دەکرایەوە.

کو ئون لە شوێنکدا دەنووسی:" لە زەمەنی کۆلۆنیالیزمدا، ئەمە تەنها لە شێودا دەمانتوانی بە زمانی خەمان بپەیڤین. ئەمە لە رێگای بە چپەدوانەوە بە کەریایی گوبیستی ئاخاوتنی دایک و باوکمان دەبووین."
چەند ساڵکی ژیان وەک راهیبکی بوزی و لە دەستدانی زمانی دایک بەو شێوەیەی کە کوئون لە منداڵیدا دووچاری دەبێت، شیعری کون وا لەدکات کە بە کەمترین وشە و بە دیقەتکی وردەوە زەرترین مانا بدرکێنێ.
شیعری کو ئون بە شیعری بەرهەڵستکاریی بەدەنگ وشیعری لەپەراوێزدا بووندا دەناسرێتەوە. ئەم بیست شیعرەی کە لەردا دەیخوێننەوە، بەشکی کەمی شیعرکانی (١٠ هەزار شوێنپێ)یە.
ئەم شیعرانە لە لایەن (کارلین هەرمەلین) و (ئینگا هیرزگ هان)ەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی سویدی.
Ko Un Maninbo Tiotusen Fotspår Atlantis 2018

سا هاینگ

لە کێناری چەمی (میجیی)
ماسیگرێک راوەستابوو
ئەو، (ساهاینگ)ی لەق درێژ بوو کە خەریکی تەهەڵدان بوو
لەوبەرەوە، (چیل سەنگ)ی کور، بەهەڵداوان گەیشتە جێ
"باوە، باوە!
دایکم مرد، ئەو بە چاوی کراوەوە گیانی دەرچوو"

ئەو هێند دوور بوو، دەنگی نەگەیشتە ئەمبەر.

لەبەینیاندا، شەپۆلەکان ئارام ئارام
بەرەو خەیان، بە هەمیشە لە یەک جودا.

باوک

بە یەک تەزیش گرنگ نەبوو چەند هیلاک بوو
کاتێک بە ڕێگەدا دەڕۆی، لە ڕووباردا دەپڕیەوە
بەسەر هەموو (نائیپە)دا ڕۆی تێدەکرد
لە بازاڕی (تایچەن)ەوە تا دەگەیە بازارەکانی (ئیسان) ، (سەسان)
ئەو چەندەها خەونی هەبوو
وەختە کە باران دەباری
دەستەکانی بە دەپەکان بەرز رادەگرت
بە تاسەوە دەیووت: ئایجو*، ئایجو
پەخشحالم بە بینینیت.

- ئایجو لە زمانی کوریدا بە دەربەینەکی پە هەست و سۆزی ناخەکی بەکاردەبرێ.

(دە سەنگ)ی مارگر

(دەنگ سەنگ) لە گوندی (پانگ جونک) بوو
ئەو مارگربوو
ئەو هەمیشە ماری دەگرت، کەوی دەکرد، سوەری دەکرد
دواتریش بە کەیفەوە دەیخوارد
ئەمە ئەومان پە سامناک بوو، بەیە زوو لێیهەلدەهاتین
ئەو بەهەر شوێنە بەشتایە
بە بینینی،
زەردە مار و گەزمار و هەموو جۆرە مارێکی دی، لە شوێنی خەیان وشک
دەبوون
بەرلەوەی دارەسا تیژ و نووکدارەکەی لێیان بگرێ
مارەکان گشتیان گیرابوون.
ئەمە گشتمان لە ێگای ئەو لاماندەدا
دەترساین نەک بەتە خەومان
کەچی سەرباری هەر هەمووی، چ دەپاک بوو
ئەگەر کەسێک لە ماڵەکدا بمردایە، چی کاری قورسی ناو ماڵ بوو
(دە سەنگ) دەیکرد
ئەو دەیناڵاند و دەگریا

لەو ڕۆژەیشی، قوربانی بە مردوو دەکرا
لە سێ ڕۆژی دوای ناشتندا، لەوێش ئەو عەزای خەی دەگرت
ئەو مارگر بوو، بەلام چ دەکی هەبوو

(چەنگ)ی دەربەندی (ئەکجەنگ)

کە (چەلگەنگ) لە دەربەندی (ئەکجەنگ)دا
یان لەوبەر چیای (یەنگ تەل ری)دا
یان لە دەربەندکەی خەرئاوا، بە بە ترپە و بە ئەسپایی
دەهات ، دەچوو
خەک بە گاتەوە دەیانووت: ئەها شتە کەوتتە ڕە!
بەهام (چەکەنگ) خەمی نەبوو، وەک هەمیشە پەدەکەنی
لەو شەوە تاریکانەیشی گووڵە سپییەکانی کالیباس
تاریکی سپی دەکردەوە، (چەلکەنگ) بە خەی پەدەکەنی
بەس ئەو ڕۆژەی کە پەلیسە ژاپۆنییەکە
بە قەمچی بەربووگیانی باوکی (کیل موو) و تا لەواری مردن بردی
ئەوە تەنها ئەو ڕۆژە بوو، (چەلکەنگ) تیایدا پەنەکەنی.

پەنجەی (جای هاک)
(جای هاک) هاوڕێی نزیکی باوک بوو
باوک، (جای هاک) و (کیەنگ سەپ)ی ئامەزا
سوێندیان بە یەکدی خواردبوو کە وەک برای شیری وابن.

دەساڵ دواتر، (کیەنگ سەپ) مرد و
باوکیشی گەلەک نەخۆش بوو
(جای هاک) پەنجەی خەی بە بەیی وخوێنی خەیشی وەکو دەرمان
دایە باوکی
کە (جای هاک) دەهات بە سەردان
لە دوورەوە، بە ڕلەوەی نزیک بتەوە،
نەک یەک کەرەت، چەندین جار هاواری دەکرد: برای گەورە!
ئەوساکە باوک کە خەریکی قوشڵان بوو
بە قاچی قوڵاویەوە و دەموچاوی پڵڵە خەندە
ڕایدەکردە پیشوازی و دەیوت: برالە ، ئەمە تەی!
توانای (جای هاک) لە دروستکردنی عارەقدا
لە ناوچەکانی (کونسان) و (ئوکوگو)دا لەسەر زاربوو.
کارگەکانی عارەقخانە بە پەرشبوون ئەویان هەبە
بەلام ئەو زەر وەفاداربوو
قەت نەیدەویست ، ژوورەکانی پشتەوەی عارەقخانەی (مەیجی) بە

جەبهەە
(جای هاک) دەیووت: گەر من بەەم، برایەتیمان زەربە دەخوا
ئەو کاتەک بە شیوازی خەی، بە دەستی چوار پەنجەیەوە
کەوچکی لە تەکەلەکە دەدا،
تامی شەرابی برنج و عەرەقەکەیش، لەسەر زار قەت لانەدەچوو
کاتەک باری سێ چوار کارتەن شەرابی برنج بە کەگەیەکی دی دەنەردرا
ەادەوەستا و سەیری دەکرد
وەک ئەوەی بەشیک لە جەرگی خەی لەکەنەوە
ئەوارەیەک کاتەک لەزمەی باران دایکرد
وەک وەی دونیا سەرەوژوور بەت
(جای هاک) بە هەلەداوان هات و
هاواری کرد: برا گەورە، برا گەورە!
لە مەودوا من مەشروبی بەهەز دروستناکەم
ئەوانەی شەرابەکەی منیان خواردبووەوە
ببوە شەریان
(هەنگ سەنگ دەک)ی دەی (ەندان ری)
بە چەقەی (پاک کوانا سو) کوژرا
ئەوان هەر هەندەی مەست بووببون ، بەچەقە لەیەک بەربببوون

(پەنگ تای)

من و تە کەبەکەمان بوو، کەمان باشترین قوتابی پەل بە
تە لە ماەی خانەدانەکەوە هاتبووی
هەمیشە جلکی جوانت بوو
پەنج قەپچەکان، چەندە پاکبوون
هەموو رۆژە، هەلکەیەکی سپی کوەاو
لە زەمبیلەی خواردنەکەتدا کە تەکەەە لە جە و برنجی تەدا بوو
تە هچ فیزت نەدەزانی
ئەمە مەرزەیەکمان هەبوو بە تەنیشت ئەوی ئیوەوە
رۆژیک وتت: با هاوەە بین!
ئەوەت وت و نانبرنجی وشکت دامە
بەەام (پەنگ تای)!
یەکەمجار باوکت مرد
کاتەک سوورەکان بەرەو دوا و بەرە و باکوور کشانەوە
خەکی هاتن و تەیان لە کەلاندا کەشکرد
لە ئەشکەوتە، لە چیای (هامی)، لەوە مردی
بەدەست سەربازەکی ەەشپەستی یوئەن کوژرای

شەوێکی مانگەشەو بوو
لە ئەشکەوتێکی تاریکدا
ئای (پەنگ تای)!
من نەمتوانی ڕزگارت کەم
تە ئەوسا حەقدە ساڵان بووی
منیش هەروا.

گەخەرکە

ئەو تەمەنی شەش ساڵێکە و ئەستێرەکانیش دژمەرە
ئەوارەکان زەر دەگیرن
ڕژێکانیش گەلێک گران
باپیرە چووە بە کێگە
باوک لەسەر مەرزەیە
مەرزەی کەسانی دیکەش
بە ڕژ، لە دوای تاوە باران
لە ژێر داری گوێسوانەدا، لەگەڵ کرمی گەخەرکەدا وازی دەکا
ئاوا منداڵێکی شەش ساڵە، (دە سووپی) ئوقرەنەگرتوو
ئیواران چاوەواندەکا

(پائێک)ی بەوەژنی خەلکی (هادەمێک ری)

(کیم کی هو)، بەڵەموانێکی (هادموک) بوولە دوورگەی (چیجوو)
بە بەڵەمێکی ماسییەوە
لەگەڵ مامە (جەنگ هەنگی)دا چوونە دەریا
ڕووبەڕووی زریان بوونەوە، بەڵەم بەملاو لادا دەچوو
بەڵام قەت نەگەڕانەوە
(پائیک)ی ژنی (کیم کی هو)، ژنە مەڵوانێکانی هاوێیی کەکردەوە
بەشوێن تەرمی پیاوەکاندا کەوتنە گەران
ماوەی هەشت ڕۆژ، لەو دەریا فراوانەدا ، شوێنە نەما نەیپشکنن
بە بە هوودە
ڕاهیبەکیان بانگ کرد نوێژ بە پاشای ئەژدیها بکات
بە بە هوودە
(پائێک) کە ببووە بەوەژن هەشتا بیست و پێنج سالان بوو
خەی تەواو خاوێن کردەوە و خەی بە نەو قووڵایی دەریا هەڵدا
لە نەوانی دوو گابەردا ، لاشەی مەردەکەی دەزیەوە
یان وەک دەڵێن ئەوەی کە لە لاشە دەچوو
ماسی بە گازشیواندبووی

ئەو هاتە دەر، تەرمەکە لە باوەشیدا و
دواتر، بە ئەوەی کات بدا بە پرسە گرتن
ئەوی مابوو کفنی کرد و خستیە تابووتە سنەوبەر
لە شوێنکی موکەکەیدا و لە جێ بەرز، تەنها ناشتی
هەموو سەرلەبەیانییەک
لەبەردەم گەردا دەوەستا
ئەم و ئەوەی بە باسدەکرد کە دەبوایە بە ڕێز بکرێ
ئەوارانیش دەچوونە سەر گۆڕ تا بەووردی ئەو باس کا
چی فریا کەوتبوو بیکا
دواتریش دەگەڕایەوە ماڵ تا چاوی لە کوڕەکەی بێت
(پایک) لە ژیانی رازی بوو
لە جیاتی مەرد، ئەو ژیانی دا بە کوڕەکەی.
ئەوارانیش کاتێ ئاوی دەریا دەکشایەوە
سەیری شکانی شەپۆلی دەریای دەکرد
کاتێ دەگەیشتنە کەنار
لە شەپۆلەکان و دەنگیاندا، گوێی لە دەنگی مەردەکەی بوو

گەڕیک لە کەرەستەی کارکردن

نزیک ڕووباری (مانکینگ)،
دەریا سەری کردو گردە خۆکانی ئاماەی
پیرە (سو گیل)ی دەهەلکوت
چوو بوو بە خۆ هەنانەوە
ڕووبار لەو شوێنەی خولدەخوا، لوولی کردوو و
جیا لە تەنها تاکە پەناو، لاشەکەشیان نەدەزیەوە.
برا گەورە و خوشکانی شووکردووی (سوگیل)
باسیان کردو بەیاریان دا یادەکەلەکی بە بکەن
تەشوە و تەورداس وشەنەکەی (سوگیل)ی پیری تەبخەن
لە گۆڕستانەکەی باپیران، (سوگیل)ە پیریان ئاوها ناشت
قەبرە بە سندوقی شتەکان
لەبەر هەر هەکارەک بووبێ، هیچ منداڵێکی گووندەکە
خەی لە قەڕەی گۆڕ نەدەدا
سەبەب چی بێ ، ئەم قەبرە درێنەیە، تەقەنەر بوو.
کە دەکرێ بە خەیاڵیا بێ
سێ ساڵ دواتر، (سو گیل)ی پیر گۆڕایەوە
براکانی هەموو تەقین، دەیانزانی جندەکەیە
کاتێک سوگیل بە چەند جارێک هاواری کرد:

منم خەمم، جنۆکە نیم.
ئەوسا ئیتر، هەموو لە ئامێزیان گرت و تەر تەر گریان
ئەمە خەونە، سوپاس دێژی! وایان دەووت.
ئەو هەوبار تا قولایی دەریا رایمالی بوو
دەستی گەیبووە تەختەیەک
ئەوەش رزگاری کردبوو
شەپۆلەکان تا کەنارەکانی (چیلسان)، تا ناو دەریایان بردوو
لەوە کەشتییەک بینی بووی
دەریاوانەکان دەیانووت: چوون ئەمە رزگارمان کردی،
دەبە پاداشتمان بدیتەوە و کارمان بۆ بکەی
ئەو سێ ساڵە، ئەو چیشتلێنەری کەشتی بوو
لە نزیکی (پەپسانگ پۆ)دا، ڕۆژێک توانی بوو هەڵبەت و
زرپ و زیندوو هاتبووەوە ماڵ
(سوگیل)ی پیر گەرەکەی هەڵدابووی و
سندووقەکەی دەرهێنابوو.
دەسکی تازەی بۆ کەرستەکان کردبوو
کاتێ یەکەکیانی لە زەوی تووند کرد
ئەو وتبووی: ئەوە زیندوو و منیش زیندوو
وەک هەمیشە، گەلێک کار ماوە تا بکرێ.

شەش پەنجە

لە تەمەنی سی ساڵیدا، شەش پەنجە هەشتا بە ژنە
پەنجەیەکی زیادی هەیە، تا بتوانێ زیاترکار کا
دەستی ڕاستی، هەمیشە بەخشندەترە
ئەو هەروا لەدایک بووە و ئەم پەنجەیە، دەستەوستانی نەکردووە
شەش پەنجە بەو دەستیەوە، جانتای شان و
زەمبیلە زەر وەستایانە دەچنێتەوە
دوای نیشینی پەرداخە شەرابی برنج، کەمێک مەزە
بە بەدنگی دادەنیشە
هەردوو قاچی درێژکردەکا
دنیا لەسەر سەر وەستا بە یان لەسەر قاچ
وەختێ شەقاوێک دێت وبە بە چرپە
خەی لە نزیک دەکاتەوە و بە دەنگێ زل
خوازیاری تێقاندنییەتی
ئارام ئارام، شەش پەنجە بە خەی هەر دەچنە
دواتر دەڵێ: بە هیچ جۆرێک نامتەقێنی

وەرە بخۆ!
ئەو بە نیگای داوەتی پەتاتەی دەکا،
پەتاتەی سارد، هینی دوێنێ
باوکی (شای بەنگ)، بە هەڕەوە:
کونجی دڵی بوودای گەرمک چنێ،
شەش پەنجە بە ئەمە وایە.
ئەو وا دەڵێ
بەڵام دەکرێ باوکی (شای بەنگ)
یەکێ لەو دوو کچەکەی خۆی بات؟
بەگوومان نا.
ئەو بە وا بکات؟
خەرمانی زەر وبوودەکان، بەس هەر وشەن.

جەگەڵە بچکۆلەکە

وەرە و سەیری ئەم جەگەڵە بچووکە بکە
ئاوەکەی چەندە ئاشنایە وەکو نانێ و وەکو پوورە
کە سەختی ژیانیان دیوە
بەڵام ئا ئەمە دڕیە!
کارەکەرە وردیلەکەی ناوچەی (چاینامس)
کاتێک بە ئیشی (گاسەمی)
گەیشتبووە لای جەگەکە
ئەو کەوتبووە ناوی و خنکابوو
منداڵێکی بە ناو
منداڵێکی بە دایک باوک
ئەو هەمیشە ، خاوەنماڵ چاوی لەسەربوو
بەیەش شوێنکی دی نەبوو تا ووی تە بکاو تەر تەر بگری
ئەم منداڵە، قەت بە دڵی خۆی نەگریابوو
سەیری ئەم جەگەڵەیە بکە!
ئەویش لەم منداڵە دەچێ
ئاوی جەگەش کە منداڵەکەی تیا خنکا
ئەویش لەم منداڵە دەچێ.

سەرچاوە بچکۆلەکە

گەر (یونگ تون) بە چاوگی خۆی بێ؟
نەدەکرا ببە بە دە
بەفر بە وچان دەبارێ

دەبارەتە ناو قوڵایی ئاوی ڕەشی ئەم چاوەیە
لووتکەش بەدەنگ دەتوانتەوە.
ئەم ئارامییە چەندە قووڵە.
کاتێ هاوسەرەکەی (یانگ سو) دەتەوێ دەر تا بچێ ئاو بهێنێ
ئەو لە ناو بەفردا داپشراو
گەڕەی ئاوەکەی دادەنێ
یەک سەعات ئاو هەڵدەکێشێ و بیری دەچێ بیکاتە ناو گەڕەکەوە
پرووشبەفرەکان دەبینێ چۆن لە سەتڵەکەدا دەمرن.
ئارامییەک قوڵ

نزرگەی ڕەحێ پیرەژنەکان

گەر بخوازی، کەسێ سەفەرێکی خۆش کا
دەبێ بەردێ بگرێتە نزرگەی ڕەحێ پیرەژنەکان
ئەمە شتێک نەبوو کەس لە باوکەوە فێری بێ
وەک منداڵێکی سێ ساڵە، تێ واتدەگەرد
وەختێ بەردێ دەگیرایە شوێنی ڕەحێ پیرەژنەکان
دوعایەک لەو کەسە دەکرێ تێ چارەت لە چارەی نایە
بەو نیازەی ، کارێکی باش نەیەتە ڕێ
بەڵام ئینسان دوعا ناکا کەس بمرێ، ئەمە ئیتر سنوورەکێ ونابڕنەر
تووڕەیی جوتیارەکان، ناکرێ لەوە زیاتر بەوا.
بەڵام کاتی داگیرکردنی ژاپۆنییەکان، لە دوارۆژەکانی شەردا
وەختێ سکەکان برسی بوون،
خەڵک جگە بەئومێدی چی دی نەبوو
ئیتر زۆر جار لەو کاتەدا کە بەرد دەگیرایە شوێنی ڕەحێ پیرەژنەکان
ئینسان بێ ترس دوعای دەکرد: منااڵی کەسێکی دەوڵەمەند بمرێ!
یان باوکی کەسێ دەوڵەمەند، بەیانییەکی خۆشی نەبێ!
بەیەش بەردی کەڵەکەبووی نزرگەی ڕەحێ پیرەژنەکان
بەرز و بەرزتر دەبوویەوە
هاوسەرەکەی(پاک تان کون)یش دەچووە ماڵی دەوڵەمەندان
دەچووە ئەوێ و حەکایەتی ئەو نوێژانەی دەگێڕاوە.
(سونگ دێ)ی هەژار کە نوێژێک ودوعایەکی وای خوێند بوو
بانگکرابووە باخچەی ماڵی (کانیەکاس)ی زۆر دەوڵەمەند
کارەکەرو و(تارە)ی کوڕە گەورەکەی کانیەکاس
بە گەپاڵ تۆرلیان دابوو.
زۆری نەبرد
لە جیاتی بەرد بگرێتە نزرگەی ڕەحێ پیرەژنەکان

(سو دونگ) لە شەوێکی دڕدا، بەردی گرتە ماڵەکەی(کانیکاس)
ئەو لەجیاتی بەرد هەلبات و دوعا بکات
وەک جنۆکە بەردی گرتە گەلا برنجی سەر دڕگای
ژووری نووستنی کابراوە.
بەلام دەستبەجێ گرتیان و خرایە زیندان
بە مانگێک لە زیندانداا بوو
کە هاتە دەر، ئەو بە هەمیشە دڵگریا.
سەگەکانیش دەوڕین

وانگ ساناک

کاتێ قامکی لەسەر تاڵی کەمانگەنسەکە نەرم دانا
قوڵنگێکی ڕەش سەماکەر، هات و فڕی
کەگەریە میللەتێکی جەنگاوەر بوون
هەر لەوەش بوو، کەمانگەسزنە بە بە وەزیر
وەزیری ژەردەسەلاتی مەلیک کوانگکانت
ئەو بە تەنی کومەنگەکەی، ببووە پاشای ئەم مەملەکەتە گەورە یە
سەدان ئاوازی دانابوو
کاتێ مەملەکەت گەشەی کرد، مەسیقای کومەنگەش هەروا
بەگوومان ئەم مەسیقایە پەریەوە بە چین، بە ولاتی جین،
بە پائێکجێ لە باشوور
بەسەر دەریادا بە ژاپەن
دەڵێن قوڵنگ بەسەماوە بە دوای تەنی کەمەنگەکەدا فڕیوە
لە باکووردا ، وانگ ساناک
لە باشووردا، ووروک
گوومان نییە، ئەم موزیکە لە خولقاندنی دەنگی زیندوو و
تەنانەت دەنگی مردووشدا، لەسەر زەوی دەووری هەبووە.

داوە

لە پایزدا، داوەکە لە میوان دەچێ
لە زستاندا لە سواکەرێک
نا
وەختێ سەرژمێری گووندەکان دەکەی،
دەبێ داوەکانیش بژمێری!

جنۆکە

تا تەمەنی دەسالیشم، لە بەینی مەرگ و ژیاندا هاتووچەم بوو

لەو ماوەدا، من زەعیف و پیریش بووبووم.
وەختێ چاوانم دەچووە خەو، نیوەشەوان، جنەکێیەک دەهاتە لام
بەدەم ئارەقکردنەوە دەمقیژان
باوکم هەلدەسا، بە هووتی و بە پەلە دەچووە دەر
داسی سەردیوارەکەی دادەگرت: گەر بێتەوە، من بەم داسە بێت دەکووژم.
ئەو شەوانەی جنەکەکە
بەملاو ئەولادا دەگەرا چەند درێژ بوون
تا تەمەنی دەساڵیشم ، من جنەکە هاویدەنام
گزنگی بەیانییەکی دیکە، گژو گیاو دارو سەوزایی و
گردە روونەکەکانی شوێنە دوورەکانی ئەوبەریش
ترسیان نەدەرەواندمەوە
ئەوەی جنەکەکەی لەدەرهێنام
تەنها ئەوە بوو کە وایکرد ئیتر چیدی برسی نەبم
کاتێک توانیم لە رێژەکدا سێ ژەم بخەم
بە منەک کە بە هەی کرمەوە نەخەش بووم
ئەو کرمانەی لە سکمدا خەیان لووڵدابوو
بەڵام ئاخر جنەکە چییە؟
من دەزانم، برستییە
من دەزانم

ئەکایای خانمی کەشک

لە ژێر دەسەلاتی بنەماڵەی (ئی)دا
ژنەکانی کەشک دەبوایە دەستداخراو وبەرزکراوە بە لای چاویان
لە حاڵەتی ملکەچکردندا بخەوتنایە
وەک ئەوەی چەمابنەوە
ئاخر ئەگەر پاشا هەموو عومری بە یەک جاریش
بێتە دەر و خەی پیشانبات
دەبوایە ژنانی کەشکیش
بەرزە پێ هەبسنە سەرپێ و هەردوو دەست تووندداخراو تا لای بڕێ چ هەسایەکە، پەم ناڵێن.
لە ژێر دەسەلاتی بنەماڵەی (کەڕی)دا
هەمان بارودۆخیان هەبوو
گەر پاشا کوڕی نەبوایە
پیاوانێکی زرپ و کۆتیان هەڵدەبژارد
تا لە ژنانی کەشکیان جووتکەن و سکیان پڕبێ
بەڵام لەو هەموو منداڵە، دانیەکیان لەهەڵدەبژارد

دایکان، باوکان، هەموو منداڵەکانی دی، گشت دەکوژران
بۆلام (ئوکیا)ی خانمی کۆشک
لە هۆلۆمۆرجێکی واهیدا، کچێکی بوو وتوانیشی کە رزگاری بێ
وەک هاولاتییەک، خۆیی و کچەکەی، دوور لە چاوەکانی کۆشک
سادە ژیا.
ماوەی نەوان دەسڵاتی بنەماڵەی (کۆریە) و(ئی) دا
بەخت و ناوچاومان وای دەنا
یەک لە هەزار
یەک لە سەد ملیۆنەکدا

باپیرە

(چووی هەنگ کوانگ)ی باوکی دایکم
هیند درێژ بوو، شەپقە گەورە و درێژەکەی دەگەیە بنمیچی ماڵ و
دەیدا لە هەڵانەی چاڵەکەکان
ئەو هەمیشە پەدەکەنی
ئەگەر نەنکم شتێکی بدایە بە کەسێ تا کو بیخوا
باپیرە بوو لە هەمووان زیاتر پێی دڵشاد بێ
ئەگەر نەنکم، ڕەقتر لێگەڕیا بدوایە
ئەو بە خۆی هەر پەدەکەنی و گوێی نە دەدا تووڕەبوونی
بیرم دێ کاتێ منداڵ بووم
باپیرەم وتی: گوڵم لێگرە!
ئەگەر باخچەکە خاوەن کەی، باخچەش بۆتە پەدەکەنە
ئەو پێکەنە
پەرژینی دەوری باخچەکەیش پەدەکەنە
تەنانەت تیشکی خۆری درەوشاوەی سەر پەرژینیش
ئەویش دێت و پەدەکەنە

(بون ری) نابینا

کچەکەی (مون چونگ ئان)ی خاڵکی (چایتەنگ جی)
لە تەمەنی دوو ساڵیدا، چاوەکانی خۆی لە دەستدا
تەمەنیشی بیست و شەش بوو، هەشتا کەس نەدەچووە داوای
ئەو قالدرمەکانی گسک دەدا، نەک هەر جارێک لە ڕۆژەکدا
یان دەبوو ئاگای لە ماڵ بێ
کاتێک دایک و باوک هەردووکیان لەمەزراکێ لەسەر کارن
ئەو دەبوو ئاگای لە ماڵ بێ
کاتێک ماڵ هیچی تیا نییە ئاگات لێی بێ
منداڵی هار دەنە ژوور و قرژاڵەکیان بەدەستەوە

دەپرسن: چەرکی دەخی، دەمکەرەو!
قرژاڵ دەخانە نا ودەمی ولەو هەدەن
پیاوانی بەتەمەن دەن و بەدزەو دەست دەبەن
بە (بون ری) کوەر و بە چپە دەەن: چەندە جوانی!
دەست دەخانە سەر مەمکانی و ژەر کراسکەی
(بون ری) دەیەو رایانگرە، سەیرە ئەو هیچ ناقیژنە
بە بەدەنگی زەجری ئەم هەموو و شتی دی دەکیشەت و
وەختەک ئا ئەم بەرازانە، هەشیان دیتەو بەر خەیان و ماڵ جەدەن
وەختەک ئەو تەنها خەیەتی، لە پرمەی گریانی دەدا
ئاخر ئەو چاوانەیشی کە نابینن، فرمەسکی خەیانیان هەیە
ئەو هەر دەگری
جاجاەکەیەک بە کەتایی داوکەیدا
بە جوولە خەیهەواسیو

قەبری منداڵکەی (گالمو)

عومری قەت نەگەیە ساەک
منداەکی بە ناو

لە دایک بوو، چەند هەناسەیکی هەلمژی
دوای ئەو مرد
پەش ئەوەی فریا بکەون لە نفووسدا قەیدی بکەن

دایک فرمەسکی پە نەبوو
گلەیی لە بەختی خەی نەکرد
دەزانی؟
ئەو رەژگارە برسەتی بوو
سەگەک هات و بە دەوری قەبری منداەدا لمەزی لە زەوی دەخشاند
بە چنگ گەرەکەی هەکەند و
چی لە گەردا مابوو خواردی و هار بوو

سەگی هار بوو دوو کەسی گەست

ئەم منداەە
کە هیشتا ناویشی نەبوو
هاتە دنیا و
توانیشی سەگەک هار بکات
دەەن پیاوەکی ناوچەی (میجیی) بوو
توانی سەگەکە دەستگیرکا

(شیم)ی نابینا

لە کۆلانەکی پشتەوەی شاری (سەنگ بانگ)
پیاوەکی نابینا دەژیا
بە (شیم)ە کویر بانگیاندەکرد
لە راستیدا ناوی باپیرەیشی (کیم) بوو
بەڵام خەڵکی بە هەی چیرۆکەکی مەشهوورەوە،
بە (شیم)ە کوڕ بانگیاندەکرد
بە کەمکی گەچانەکەی، هەموو ئەوارانەک دەچووە
ویستگای شەمەندەفەر و بە تەنیا لەوە دەوەستا
گەچان لە دەستی راستیدا
کەمکی دی دەیگەاستەوە بە دەستی چەپ
ساڵەک دەبە، کچە چواردە ساڵانەکەی، لەگەڵ ژنەکی دراوسێ
خەریکی فرەشتنی ڕەبیانی لە قووتووکراودان
بەوەی ڕەبیان لە (چانگ هانگ) زەرەرزانترە،
لەوە دەیکرن
سەبەتە بەسەر سەرەوە، ، لەو ناوچانەدا دەیفرەشن
بەرلەوەی تاریکی دابە، دەگەیتەوە بە (چانگ هانگ)
جارەکی دی، سەبەتەپەدەکاتەوە و
سواری دوا قیتار دەبەت و بەرەوە ماڵ دەگەڕێتەوە
کاتیك قیتار لە ویستگاکە رادەوەستێ
یەکەک لەو موسافیرانەی دادەبەزێ، کیژەلەکەی (شیم)ە کوڕە
ئەو بانگ دەکا: باوە، باوە
دەنگی دەنگ بەردەسوزەکەی (یادەی) یە *
تاریکی ناو چاوەکانی (شیم)ی کوڕیش،
لەبەر شەپەلی ڕووناکی دەنگی کچدا بەچەکدا دێ.

بەردی یادەی. بەردەکی گرانبەهایە لە چەشنی دەسکەک کە بەردەکی سەوزی لووس بەسەرکیەوەیەتی بە مەساژی دەموچاو بەکاردەهێنرێ.

باوک و دایکانی چالاک لە پڕۆژەی منداڵکانیاندا … وەرگێڕان و ئامادەکردنی: مەحمود حەمە چاوش

دامەزراوەی پێستالۆتسی (Pestalozzi Stiftung) بە یارمەتی لاوان و منداڵان و کەمئەندامان لە هەرێمی نیدەرزاکسن ی ئەڵمانیا کەرسکی هاهنانی پڕۆژەیی ئامادە کردبوو، کە تێیدا دایکان و باوکان مشقیان لەسەر پڕۆژەیەکی هاستقینە و سەلمێندراو پێ دەکرا. خاڵکانی ئەو بەرنامەیە بە هاهنانپێکردنی دایکان و باوکان لەسەر ئەو جۆرە پڕۆژەیە کە پسپۆڕانی تایبەتی لەو کەرسەدا ئەنجامی دەدەن، بریتین لە:

- ئەرکی دایک و باوکان وەک مشقکەرێک
- چۆن دایک و باوکان دەوری مشقکەرێک دەبینن
- پلان و هەڵسوهانی سیستەمی خەزان و بەڕێوەبردنی، ستراتێجی بە پلانی ئەرکەکانی ڕۆژانەی خەزان
- تواناکانی منداڵان و پشتیوانی کردنیان لە ئەرکەکانی ناو ماڵدا. ئایا منداڵەکەم ئەتوانێت چ کارێک بە باشی بە ئەنجام بگەیەنێت؟
- دروستکردنی هەمای پیوەندییەکان لە ڕێگای چاوەڕ، واتە پیوەندی بە شێوازی نیگاکردن،. گوێگرتن و لێکتر دواندن
- باو و نەریتە کەمەایەتییەکان، چۆن پێویستن و چۆن پێویستمان پێیانە؟
- سنووردانان لە نێوان جیاکردن و سزادانی منداڵدا، چۆن مامەڵەگەڵ لادان لە یاساو و بەندەکانی خەزاندا ئەکەین
- ماندووبوون و کۆنتڕۆڵی ستڕەس "فشار" و بەلاوەنانی ئەو ماندووبوونە
- ئەرکەکانی قوتابخانە دەبێتە هەکاری پلەی یەکەمی ماندووبوونی ناو خەزان
- دایک و باوکان دەبە چی بکەن، ئەگەر …
- هەندێک سەرچاوە لەسەر ئەم بابەتانە

پێشکی

"ئەو کەسانە کە پێیان وایە پەروەردەیەکی بە هەڵەو بە گیروگرفت بوونی هەیە، لە خەیاڵێکی قوڵدا دەژین".
ئامانجی سەرەکی ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەی سیستەمێکی پەروەردەییە، کە تێیدا دایک و باوک لە قۆناغی جیاوازی ژیانی خێزانیدا توشی ئەرک و ماندووبوونێکی کەمتر لەگەڵ منداڵکانیاندا دەبن. هەبەتە دەکرێت ئەم سیستەمە پەروەردەییە لە ڕێگەی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیر و ڕاکانەوە ڕوونتر بکرێنەوە، کە چۆن دایک و باوک لە ڕێگەی پەروەردەیەکی ڕاستەقینەوە هێز و توانای خۆیان و منداڵکانیشیان پتەو بکەن و ڕێگەکانی لێکترتگەیشتن ئاسانتر بکەن.

ئامانجەکانی ئەم جۆرە پەروەردەیە بەم شێوەیە ڕوونکرێنەوە:

- بەهێزکردنی ڕێگەکانی لێکترتگەیشتن لە نێوان دایک و باوک و منداڵکانیاندا
- توانای پەروەردەیی دایک و باوک زیاد بکرێت و پشتگیریی لێبکرێت.
- جۆری بەلاوەنان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لە نێوان ئەم دوو نێوەیەدا
- کەمکردنەوەی ستڕەس، واتە ماندووبوون و هیلاکیی دایک و باوک لەگەڵ منداڵکانیاندا

چۆن دایک و باوک دەتوانن بە پەروەردەیەکی ڕاستەقینە و مێتەدی تایبەتی منداڵکانیان زانستیانە پەروەردە بکەن و بەهێزەوە ئەرکی ڕۆژانەیان ئاسانتر بکەن.

چۆن دایک و باوک ڕێگەی خەیان وەک مەشقکردنێک لە پەروەردەی منداڵکانیاندا دەبینن؟

دەبێت سەرەتا ئەوە بڵێین، کە هیچ پەروەردەیەک بەبێ ئەرک و زەحمەتکێشان نایەتە ئەنجام و باوەڕکردن بەوە کە گەورەکردنی منداڵان کارێکی ئاسانە، تەنیا خۆن و خەیاڵێکی گەورەیە. لەڕەدا مەبەستمان لە پەروەردەی تووندوتیژی، ئەتەڕەتی، نەرموونیان و دژە ئەتەڕەتییە. دایک و باوک زۆر جار دەکەونە ژێر فشاری دەروونییەوە، ئەویش بەهۆی کاریگەری میدیاکان لەسەر بیروڕایان. ئەمە وا دەکات، کە ئەوان بەهۆی گەورەدا بچن و خاوەنی بیروڕاکانی خۆیان نەبن. هەکارەکەشی ئەوەیە، کە ئەم دایک و باوکانە لەو بڕوایەدان، بە پاکتیزەکردن و گەیاندنی زانیاریی میدیاکان بە منداڵکانیان کارێکی باش لەگەڵ منداڵکانیاندا بۆئەنجام دەگەیەنن و ڕێگای

ڕاستەقینەیان پێشان دەدەن. هەندێک جار ئەوان دەکەونە هاوڕێی گەورەتر و لەژێر ئەم کاریگەرییەدا خۆیان بە هاوڕێی منداڵکانیان لەقەڵەم دەدەن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە مەترسیدارە بۆ پەروەردەیی هاوڕێیەتی، چونکە دایک و باوک ناتوانن ببنە هاوڕێی منداڵکانیان، بەڵکو دەتوانن هاوڕێ بدەن ببنە ڕێنیشاندەر و نموونەیی بۆیان. ئاخر ئەمە نە لە تەمەنی منداڵکانماندایە و نە دەتوانین وەک هاوڕێیەک لەگەڵ منداڵکانماندا ڕەفتار بنوێنین و مامەڵە بکەین، چونکە بەم جۆرە ڕەفتارە سەریان لە دڵشۆنین و ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لە ژیانیاندا سەختتر دەکەین، کە دڵشۆت زۆر جار توشی هاوڕێی گەورە لە کەمەڵگەدا ببن.

کەواتە دایک و باوک دەبێت هەمیشە نموونە و ڕێگەنیشاندەربن. بە پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیە ئەوان ڕۆژی خۆیان وەک پەروەردکار بزر دەکەن و منداڵکانیشیان ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستدەدەن. بە نموونە هەندێک دایک و باوک لە لایەن منداڵکانیانەوە بە ناوی خۆیانەوە بانگ دەکرێن، ئەمە کارێکی ڕاست نییە. منداڵ دەبێت هەست بەوە بکات، کە لە خەزانەکەیدا دایک و باوک خاوەنی بەیاردانن، نەک منداڵ، ئەگەر نا، ئەوسا ئەو منداڵە سەری لە دڵشۆت. بەگومان ئەم تێوانینە دژی ئەو بیروڕایە ناوستتەوە، کە منداڵ حەز و ئارەزووکانی خۆی دەرنەبڕێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە، کە دایک و باوک ڕۆڵی خۆیان وەکو مەشقکارێکی (Coach) دووگیانی (تەپەن) ببینن.

مەشقکاری تەپەندەبێت بە مەشق یاریزانکانی ڕابهێنێت و ڕێگەکانی یاریزانییان پێشان بدات، هەروەها بۆیان ڕوونبکاتەوە، کە چۆن ئەوان لە مەیدانی تەپەندا سەرکەوتوو بن. کەواتە دایک و باوک دەبێت چۆن لە بواری پسپۆری (پرۆفیشیناڵیتی) و چۆن لە بواری سەزداری (عاتیفی)دا ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەر بن، ئاخر ئەوان دەبێت پلانی خەزانی دابنێن و کاروباری پەروەردەی منداڵکانیان لەئەستۆ بگرن، هەروەها بەرپرسیارێتی خەزان وەک ئەرکێکی سەرشانیان ببینن. ئەمە وادەکات، کە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لە نێوان دایک و باوک و منداڵکانیاندا دروست ببێت.

پەیوەندییەکە لەسەر بناغەی ئەم چوار خاڵە پتەوتر و بەهێزتر دەبێت:

- هەموو ئەندامێکی خەزان دەبێت بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ڕێزی یەکتریگرتن پەیوەندییەکان بەهێز دەکات،
- کاتی خۆش لەگەڵ منداڵدا ببڕێتە سەر، بەتایبەتی لە کاتی پشودا کاتی خۆش بردنەسەر لای منداڵ بەوا بەیەکتریکردن بەهێز

دەکات،

- ئەمش توانای بەوابەخبوون لە منداڵدا بەهێز دەکات، هاندانی منداڵ بۆ زیاتر بەوابەخبوون لە تەمەنی منداڵیەوە دەست پێ دەکات
- هەموو منداڵێک کە هەست بە خۆشویستی لایەن دایک و باوکیەوە دەکات، ئارامی دەروونی و جۆرێک لە پشتیوانی دەچێژێت.

خۆشویستی دەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشانی منداڵ بدرێت.

پێنج ستراتیژی زۆر گرنگ لە پەروەردەدا:

1- پەیوەندی تۆندوتۆڵ لەگەڵ منداڵدا دروست بکرێت، بەڵام ئەو پەیوەندییە لە یەک ئاستدا ناوەستێت، واتە هاوسەنگ نیە. دایک و باوک هەڵگری بەرپرسیارین و منداڵانیش دەبێت هەست بە ماف و ئەرکەکانی ناو خێزان بکەن.
2- کات پێکەوە بەسەربردن، بە تایبەتی لەگەڵ منداڵی بچووکدا.
3- لەگەڵ منداڵ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە "پێچوپەنا" گفتوگۆ بکرێت، "درێ باش نییە لەگەڵ منداڵ". منداڵ پێویستی بە سیستەمێکی پەروەردەیی ئەوتۆ هەیە، کە بە پلان بەڕێوە ببرێت و ڕەگەی پێشان بدات.
4- ئەرکەکانی منداڵ لەناو خێزاندا بەڕووبی دیاری بکرێن، کە چۆن بتوانن ئەرکەکانی ڕۆژانەی خێزان ئەنجام بدەن. نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، کە دەستخۆشی و ستایشکردن تواناکانی منداڵ بەهێز دەکەن.
5- بە شێوەیەکی کەنکرێتی لەگەڵ منداڵدا هەڵسوکەوت بکرێت. ئەگەر ئەم بڕیارەکمان پێیان دا، دەبێت بۆچی بەڵێن و لێی پەشیمان نەبینەوە.

دایک و باوکیش مافی ئەوەیان هەیە کاتێکی دیاریکراو بۆ ئارەزووکانیان تەرخان بکەن. دایک و باوک پێویستیان بە پشوی خەیان و کاتی خۆشی خۆیان هەیە و نابێت هەموو ژیانیان بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن.

پلان و ڕێکخستنی سیستەمی خێزان و بەڕێوەبردنی
دابەشکردنی ئەرک و ڕێکخستنی کاتەکانی ناو خێزان

"بۆ ... دەی ... تەزەک خەراکە، دەی ... خەراکە، کاتمان بەدەستەوە نەماوە". ئەم ڕستەیە ڕۆژانە لە لایەن چەندین دایک و باوکەوە دەبیسترێت، نزیکەی هەموو کەسێک ئەم ڕستەیی بەرگوێ کەوتووە. لە ڕاستیدا کارەکانی ڕۆژانەی خێزان بە شێوەیەکی زۆر خراپ بۆئەنجام

دڵگیرانەن و ماوەی بیرکردنەوەش بۆیان کەم. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە پەستانێکی زۆر بخرێنە سەر منداڵەکانمان. ئەم پەستانەش دروستکراوی دەستی گەورەکانە، چ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و چ لەکاتی ئیشکردنیاندا. ئەم دیاردەیەش لە زۆر خۆزاندا دووبارە دەبێتەوە. کار و سەقامگیری خۆزانەکان هێندە زۆرن، کە تەنانەت 24 کاتژمێرەکەی ڕۆژ بەشیان ناکات. سەرۆکایەتی ئەوە زۆربەی خۆزانەکان لە نەوان کاری بەدەستهێنانی خەرجی ڕۆژانە و خۆزانەکانیاندا دەکەونە ژێر پەستانێکی دەروونی ئاڵۆز و گرژیی ئەوتۆوە، کە تەنانەت کاتەکانی حەوانەوە و خۆشبردنەسەری خۆزانیش دەبنە ستڕەس.
بەیەک لەم بارودۆخەدا دابەشکردن و ڕێکخستنی کارەکانی ڕۆژانەی خۆزان دەبنە ئەرکێکی گرنگ و وامان لێدەکات، بیر لە پلان و سیستەمێکی تر بۆ خۆزانەکەمان بکەینەوە. مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە، کە خۆزان کاتی زۆرتر بۆ بۆ ئەنجامگەیاندنی کارە گرنگەکانی خۆزان تەرخان بکات و بۆ شێوەیەکی هوشیارانەتر پلانی بۆ دابنێت. بەڵام ئەم واژەیە کەمێک سەرسامیمان لا پەیدا دەکات، چونکە کات شتێکی دەزراوە و دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی و ناتوانێت کاتەکان بە ویستی خۆی ڕێکبخات و دابەش بکات، بەڵکو مرۆڤ کاتی وەک پەوەرێک دروستکردووە بۆ ئەوەی کارەکانی پێ ڕێکبخات و جێبەجێیان بکات. بە واتایەکی تر ئێمە خەمان کاتەکانمان دروستکردووە، نەک کاتەکان ئێمە. لەم بارودۆخەدا خۆزان ئەبێت چاودێری ئەوە بکات و بیر لەوە بکاتەوە، کە ئەم دیاردەیە لە لایەن خودی مرۆڤەوە بۆئەنجام گەیەندراوە و بۆ کاتژمێری ناوەوەی خۆیان دەیپێون.

چۆن منداڵ دەتوانێت لە کاتەکانی ڕۆژانەی خۆی بگەیەت و هەستیان پێبکات

بۆ منداڵ زۆر سەختە، سیستەمی کاری ڕۆژانەی بۆ پەوەری دابەشکردنی کاتەکانی هەڵسەنگاندنت و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. هەی ئێمە لەوەدایە، کە لە تەمەنی منداڵیدا هەست بە دابەشکردنی کاتەکان ناکەین و بۆ سەربردنیان بەلامانەوە گرنگ نییە.

- تا منداڵ نەگاتە قۆناغی چوونە قوتابخانە، هەست بەوە ناکات کە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ئەوان ڕووددەن. بۆ نموونە پاسی قوتابخانە چاوەڕوانی منداڵان ناکات، ئەگەر هاتوو ئەوان لەکاتی خۆیاندا نەگەنە وەستگەی پاسەکە. واتە جارێ لەم تەمەنەدا ئاگایی منداڵ بە دابەشکردنی کاتەکان کامڵ نەبووە، کە ئیتر لەوە بائاگا بێت ئەو پەیوەستە لەکاتی گونجاودا لە جێگەی گونجاودا بووەستێت و چاوەڕێ بکات .

- بە شێوەیەکی زانستی سەلمێندراوە، کە منداڵ لە سەرو تەمەنی 10 ساڵییەوە دەتوانێت پەوانەی خەرایی هەستەکانی بکات، بۆیە دەبێت زۆر بەوریایییەوە منداڵەکانمان ئاگاداری سیستەمی هاتووچۆی خۆیان بکەین و هەوڵی ئەوەش بکەین، کە توشی هەڵە نەبن.

پلانی هێزانە وەکو ئاسانکارییەک و یارمەیدەرێکی خێزان

ئەگەر دایک و باوک نەوەکانیان، واتە لاوان و منداڵان، لە هەڵکەوتنی کات و پلانی هێزانەی خێزاندا هەڵچاو بکەن و جەختیان لە بکەن، ئەوە دەبێت بە یارمەتیدانێکی باش بۆ خێزانەکە. ڕاستە کە پلان و سیستەمی بەڕێوەبردنی کارەکان هەموو پەداویستییەکانی خێزان بۆئەنجام ناگەیەنن، بەڵام ئاسانکارییان تێدا دەکەن. بۆ نموونە:

1- ئاسانکاری لە کاری هێزانە و دووبارەبووەکانی خێزاندا، بەتایبەتی پاککردنەوە، شوشتن و پاککردنەوەی ناو ماڵ، کەینی بژێوی ژیان، ئامادەکردنی خواردن و ئەو کارانە کە هێزانە لە خێزاندا بۆئەنجام دەگەیەنرێت.

2- ئەو کارە جیاوازانە، کە لە خێزاندا بۆئەنجام دەگەیەنرێن، بۆیەکەوە بییانبەستینەوە، واتە بەپێی توانای ئەندامەکانی خێزان کارەکان دابەش بکەین. لەبەرا گرنگە، کە کارەکان بەگوێرەی تەمەنی ئەندامانی خێزانەکە دابەش بکەین.

3- کاتی پشودانی خێزان و بەسەربردنی کاتە خۆشەکان هەڵبخەین، وەک سەیران و چوونەدەرەوە لەگەڵ هاوڕێکاندا، ئاهەنگەکانی وەک جەژنی لەدایکبوون و زەماوەند و زۆر ئاهەنگی تریش.

کاری هێزانە:
بە منداڵی بچوك (کەم تەمەن)

- لەخۆوەهەسان
- خواردنی بۆیانیان، کە زۆر دایک و باوک کەمتەرخەمن لە دانی خواردنی بۆیانیان بە منداڵەکانیان، ئەمەش بۆیان دەبێتە هۆی گیروگفتی زۆر لە فڕگە و قوتابخانەدا
- قوتابخانە
- خواردنی نیوەڕۆ و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە، پاشان کاتی پشوو و حەوانەوە.
- یاریکردن و کاتی پشوو

- خواردنی ئێوارە
- بردنی منداڵ بۆ جێگای خەوتن

هەموو خێزانێک بە ئەوەی تووشی ناڕەحەتی و ستڕێس نەبێت، پێویستی بە پلانێکی وردژانە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک ئامێر و سیستەمی تایبەتی هەن، کە یارمەتی خێزان دەدەن بۆ ئەوەی نەکەونە ئێو بارە ناڕەحەتییەوە، وەک:

- وردژمێر بۆ ئاسانکاری پلانی وردژانە
- خشتەیەک بۆ تەمارکردنی تێبینیکانی وردژانە "Pin board"
- دابەشکردنی کارکانی وردژانە بەسەر ئەندامانی خێزاندا
- ئێوارەی پێشتر پلانی کارکانی وردژی داهاتوو دادەنرێت

ئایا لە چەند ساڵییەوە منداڵ دەتوانێت ئەرک و کاروبارکانی ناو ماڵ و خێزان بگرێتە ئەستۆ؟

1 منداڵی باخچەی ساوایان و کەم تەمەن

- خاڵیکردنەوەی سەتڵی کاغەزی کەن
- یاریکانی خۆی لە پاش بەکارهێنانیان لە ژوورکانیاندا کۆبکاتەوە
- یارمەتی بە کۆکردنەوەی هەندێک شتی وردی ناو ماڵ

٢ منداڵی قوتابخانەی سەرەتایی

- شتن و پاککردنەوەی قاپ و ئامێرکانی خواردن
- ژوورەکەی خۆی کۆبکاتەوە
- جێگای خەوتنی وردکبخات
- یارمەتی کۆکردنەوەی قاپەکان لە دوای نانخواردن بدات
- بە گسکی کارەبا تەپ و تەزی ناو ماڵ لابەرێت
- یارمەتی کۆکردنەوەی حاجەتکان لە چێشتخانە بدات

٣ لاوان و گەنجان

- خواردنی سوک و ئاسان ئامادە بکەن، یان دروستکردن و ئامادەکردنی کەک
- کەل و پەلی خواردەمەنی بکەن
- پێشاکی خۆیان بشۆن و ئوتوی بکەن
- کۆکردنەوەی کەل و پەلی چێشتخانە

ئەمە دەبێت بە منداڵکانمان ووبکەینەوە، کە بچێ یارمەتیدانی دایک و باوک لە کارکانی وردژانەی خێزاندا

کارەکی گرنگ و پەداویستیەکی بەنرخ.

یارمەتی و کارکردن دەبێت لەگەڵ تەمەنی منداڵ و لاواندا بگونجێن و ئەمەش بیریان بخەنەوە، کە کارکانیان ئەنجام بدەن. نابێت ستایش و دەستخۆشیمان لێ بیربچێت. بەم پێژەیە دەگوترێت "بوون بە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی" یان "بەکۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ"

پەداویستیە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی منداڵان و لاوان

بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بە شێوەیەکی باش و بە سیستەمێکی پەروەردەیی ڕاست پێبگەیەنین، دەبێت ئەمەی دایک و باوک هەندێک پەداویستی سەرەتایی بۆ منداڵەکانمان دابین بکەین. لەپاڵ خۆشەویستی و پاراستن و ڕاگرتنی باری تەندروستییاندا، دەبێت دایک و باوک لەم بوارەدا ڕێچاوی ئەم خاڵانەی تریش بکەن:

- هەست بە خۆشەویستیکردن و پاراستنیان لە ئاگاری مەترسییەکانی دەوروبەریان
- دان بە کارە چاکەکانیاندا بنێن و ستایشیان بکەین
- یارییان بۆ ئامادە بکەن و ئازموونی یاریان لەگەڵدا بکەن
- بەوابەخکردن و هەستی بەرپرسیاری بخەنە سەر شانی خۆیان (Verantwortung übernehmen)
- بواری ئەوەیان بدەنێ، خۆیان سەربەخۆ کار بکەن و چالاکییەکانی خۆیان بۆئەنجام بگەیەنن
- پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان بە منداڵان تۆندوتۆڵ بکەن و ئاسانکاریان لەم بوارەدا بۆ بکەن.
- کاتی تایبەتی بە سەرقاڵی و کاتبردنسەر هەبژێرن تاکو ئەوان چالاکی خۆیانی تێدا بکەن

سنوور لە نەوان جێختکردن و سزادانی منداڵدا

جێختکردن لەسەر بەیارەکانت، بەڵام چۆن؟

منداڵ پێویستی بە ڕێگەپیشاندان و ئامۆژگاری هەیە، بەیە ئەرکی دایک و باوک، کە بەرپرسیاری بەرامبەر بەم شێوازە لە پەروەردەی منداڵەکانیان لێئەستێ بگرن. بە نموونە کاتێک منداڵێک داوای شتێک دەکات، چۆن هەڵوەستە بەرامبەر ئەم پەداویستییە دەکەین؟ بۆ نموونە منداڵەکە پرسیار لە تۆ دەکات و دەڵێت: "من دەمەوێت ئەمڕۆ بچم سەردانی هاوڕێکەم بکەم و تاکو کاتژمێری هەشتی ئێوارە لەوێ دەمێنمەوە"

ئایا دەبێت هەوەستی دایک و باوک لەم بارەیەوە چی بێت ئەگەر ئەم پێشنیارەیان پێ باش نەبێت؟

جۆری یەکەم سزادانی منداڵەکەت

"تۆ ناتوانیت یان بڕت نییە سڕدانی هاوڕێکەت بکەیت". ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەمە هیچ ئاڵتەرناتیفێک بە منداڵەکەمان ناخەسڕنین و مەودای گفتوگۆ و دیالۆگ پشتگوێ دەخەین.

ئەگەر و پێشنیار

- بە داوای لێبوردنەوە خەمان میوانمان دێت و پێویستمان بە تەیە
- لەبەر ئەوەی خەمان دەچینە دەرەوەی شار

یان: دەتوانیت بڵێیت، بەڵام تکایە کاتژمێری چوار لە ماڵەوە ئامادە بە، لەبەر ئەوەی زستانە و دنیا ساردە.

بەم شێوەیە دەتوانین منداڵان و لاوان لەسەر سیستەمێکی پەروەردەیی ڕاست و تەندروست ڕابهێنین و ئامادەیان بکەین، کە سەربەخۆیی و بەیاردانی ئەوانیشی تێدایە و یارمەتییان دەدات، زیاتر باوەڕ بە خۆیان بکەن.

لێکاتی گفتوگۆشدا باش دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

1- بەهەواشی لەگەڵ منداڵدا گفتوگۆ بکرێت
2- گوێ لە بیروڕاکانی ئەوانیش بگیرێت، چونکە گفتوگۆ نیوەی تێگەیشتنە لە لایەن هەردوو لاوە.
3- پێش ئەوەی دایک و باوک بڕیار بدەن و جێخت لە بڕیارەکەیان بکەن، باش دەبێت لەسەرخۆ بیر لە کۆشکە بکەنەوە، ئەوجا بڕیار بدەن، چونکە پێشیمانبوونەوە منداڵەکانیان دەخاتە گومانەوە و ڕێگە ڕاستەکانیان لە دەشێوێنێت. بەم شێوەیش منداڵەکان ڕێنمایی پەروەردەی ڕاستەقینە گوم دەکەن.

"منداڵ پێویستی بە سنوورپێشاندان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی دادپەروەرانە"
هەندێک دایک و باوک سنوورەکی تایبەتی بە نەوەکانیان (چ منداڵ و چ لاو) دیاری ناکەن و پێیانوای ئەم جۆرە پەروەردەیە ناکەن، بەڵکو نەوەکانیان گەورە ئەبن، ڕێزی کەسانی تر ناگرن و سەرکەش و لاسار دەردەچن. ئەم جۆرە لە پەروەردەی منداڵ بە تەواوینەکی

پەروەردەیی ڕاست نییە و ڕێنمای منداڵەکانمان گوم دەکەن.

ئێگەر منداڵ لە وشەی "مەکە و نێ" تێنەگات، ئەوسا لە وشەی "ئەرێ و بکە" تێناگات.

لەم ڕووشەدا دایک و باوک دەبنە کێبڵەی منداڵەکانیان. نابێت ئەوش لە یاد بکەین، کە دایک و باوکیش دەبێت بە شێوەیەکی نەرم و نیان و پڕ بەرپرسیارێتی لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەڵسوکەوت بکەن، چونکە شەوازی ڕەق کارەکتەری منداڵەکە بریندار ئەکات و فەری ترس و بەباوەڕیی دەکات.

دایک و باوک دەتوانن چی بکەن، ئێگەر:

لە پەروەردەی منداڵەکانیاندا کەمتر سەرکەوتن بەدەست بهێنن؟ لە خوارەوە چەند ڕێگایەکی پەروەردەیی یان سیستەمی پەروەردەیی پێشان دەدەین، کە ئاسانکاری بە دایک و باوک لە پەروەردەی منداڵەکانیاندا دەکەن:

1- کاری پێکەوەیی یان هەڵوەزی لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە منداڵەکانەوە نزیکن و بەرپرسیارن لە پەروەردەکردنیان، بە نموونە دایک و باوک، مامۆستایان، پەروەردەکاران، باپیر و داپیرە و کەسانی تری خێزان. ئەم کەسانە دەبێت پێکەڵا کار بکەن بە ئەوەی بیروڕاکانیان لەبارەی پەروەردەی منداڵەکان بگۆڕنەوە و زیاتر بە هەڵوەزی کار لەم بوارەدا بکەن.

2- ئێگەر دایک و باوک پێویستیان بە دەروبەریان هەبوو، با شەرم نەکەن و یارمەتی لەو کەسانە وەربگرن کە جێگەی متمانەیانن، بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا. لەڕەدا گۆڕینەوەی بیروڕاکان زۆر پێویستە و کاریگەریی پۆزەتیف لەسەر منداڵەکان دەنوێنێت.

3- دایک و باوک پێویستیان بە کاتی تایبەتی خۆیان هەیە، کە دوور لە منداڵەکانیان بەسەری بەرن و تەیدا بحەوێنەوە، وەکو چوونە دەرەوە پێکەوە، ئەوە بە مەرجێک منداڵەکان لەژێر چاودێری کەسێکی جێ متمانەدا جێبهێڵن. لەڕەدا گرنگ ئەوە نییە کە ئەمە چەند کات لەگەڵ منداڵەکانماندا بەسەر دەبەین، بەڵکو ئەوە گرنگە، ئەمە چەند چڕوپڕ (Intensiv) و چەند بەخشی کات لەگەڵیاندا بەسەر دەبەین.

4- گیروگرفتی خێزان و بگزێکداچوون لە بەردەمی منداڵدا باش نییە، با دایک و باوک بە تەنیا و لە کاتی تایبەتیدا باسی ئەو

گرفتانە بکەن

-5 وازهێنان لە شتی ئایدیا و کامیلەتی (پەرفێکسیۆنیزم)
دایک و باوکیش توشی هەڵەی پەروەردەیی دەبن و دەبێت بەو قۆناغەدا بڕۆن، چونکە کەس بێ کەم و کوڕی نییە.

-6 دایک و باوک هەوڵ بدەن پێوەندییەکی باش و توند لەگەڵ منداڵەکانیاندا دروست بکەن، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر گیروگرفتی خێزانی دروستبوو، دەبێت بڕیارێکی دیالۆگ (گفتوگۆ) و بەواهێنان بێ یەکتر چارەسەر بکرێت.

دایک و باوکان چی بکەن، ئەگەر گیروگرفتەکان لە دەستیان دەرچوون؟

